

# بەشێک لە وتار، لێدوان و نووسراوەکانی

## هاوڕێ ڕەحیم نزهت زادە

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی = جوونی ٢٠٢٦ی زایینی

# پێڕست:


١- ناوەندگەرایی و ڕۆڵی پەراوێز لە پێناسەکردنەوەی ئێراندا ..... ٥
٢- دژایەتیی وەکیەک لەگەڵ مافی گەلانی غەیرە فارس ..... ٨
٣- سەروەریی یاسا و پێوەندی بە دێموکراسیی ڕاستەقینە ..... ١١
٤- جوگرافیای حەقیقەت و سنوورەکانی خەیاڵ ..... ١٤
٥- ئاوی کوردستان؛ ئامرازە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی ئێران و تورکیە بۆ سنووردارکردنی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان ..... ١٨
٦- دەریاچەیەک کە هاوار دەکات ..... ٢٣
٧- ئێران و هەڕەشەی بەردەوام بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە ..... ٢٦
٨- چۆن کۆماری ئیسلامی لە ڕاوچییەوە کتا بە نێچیر؟ ..... ٢٩
٩- ڕێژیمی ئێران لە دووڕێیانی تەسلیمبوون یان تێداچووندا ..... ٣٢
١٠- کۆتایی فۆردۆ و نەتەنز، سەرەتای دارمان ..... ٣٦
١١- بێدەنگیی خەڵکی ناوەند و ئێمەی نەتەوەکانی ستەمێکراو ..... ٣٩
١٢- داهاتوو بەدیاری نایەت، دەبێ بنیات بنرێت ..... ٤٢
١٣- بەرەبەیانی حەقیقەت لە ئاوابوونی درۆدا ..... ٤٥
١٤- یەکیەتی نەتەوەیی لە سایەی ناسیۆنالیزمی کورد؛ زەروورەتی ساتەوەختی مێژوویی ئێمە ..... ٤٨
١٥- قاسملوو: دەنگی بێگەردی حیکمەت لەنێو جەنجاڵی چەکدا ..... ٥١
١٦- تاڵان و داگیرکاری ..... ٥٤
١٧- ساڵرۆژی خیانەت ..... ٥٧
١٨- قاسملوو، دەنگی مرۆڤایەتی ..... ٦٠
١٩- شەهیدانی ژینگە و پەیامی خەڵکی کوردستان بە داگیرکەران ..... ٦٥
٢٠- زیندووکردنەوەی پرۆژەی سەرکوتکردن لە دەرەوەی سنوورەکان ..... ٦٨
٢١- لە دزینی ئاوەوە، بۆ لابردنی ناسنامە ..... ٧٢
٢٢- لە ئاگری ئاویەرەوە هەتا هاواری گەل ..... ٧٦




سەرچاوە Serchawe

٢٣- ٢٨ی گەلاوێژ لە یادەوەری و مێژووی خەباتی کورد لە ئێران........................................................ ٧٩

٢٤- چوار گەوهەری پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانج........................................................ ٨٢

٢٥- کۆماری ئیسلامی: ئیمپراتۆرییەتی درۆ و تێرۆر........................................................ ٨٥

٢٦- قەیرانی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی........................ ٨٧

٢٧- قەیرانی ئاو لە بوکان........................................................ ٩١

٢٨- یادەوەری وەک بەڵێن........................................................ ٩٤

٢٩- هەڵاواردنی پەروەردەیی لە کوردستان؛ نایەکسانی ڕوون لە خوێندنی باڵای ئێران........................ ٩٧

٣٠- کۆنفرانسی هاوبەشی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ هەنگاوێکی نوێ بەرەو یەکگرتنی سیاسی................ ١٠٠

٣١- ژن، ژیان، ئازادی؛ مانیفێستێک لە کوردستانەوە بۆ هەموو ئێران........................................ ١٠٣

٣٢- شیکارییەک بۆ شکستهێنانی بڕیارنامە ڕووسی و چینییەکەی ئێرانپارێزەکە لە شورای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا........................................................ ١٠٦

٣٣- پەروەردە لەژێر سێبەری قەیرانە پێکهاتەییەکاندا........................................................ ١٠٩

٣٤- دەستە شاراوەکان لە ورمێ: هاندانی پانتورکیزم و سیاسەتەکانی ئێران و تورکیە........................ ١١٢

٣٥- ریسوایی بەردەوامیی هەڵاواردن (دەستبەسەرکرانی جەهانگیر ڕۆستەمی، و ڕووخساری ڕاستەقینەی ڕەگەزپەرستی حکوومەت، بەرامبەر بە پەروەردەکارانی کورد)........................................................ ١١٨

٣٦- چارەنووسی ناڕوونی ٥٢ میلیارد دۆلار، وێنەیەک لە پێکهاتەی تاڵان و وەڵامنەدانەوە لە ئێران................ ١٢١

٣٧- لێکەوتە ئابووری و ئەمنییەتییەکانی پشتیوانیی ئێران لە گرووپە نیابەتییەکانی لە ناوچە................ ١٢٤

٣٨- نەتەوە بەرانبەر قەوم/خێڵ (دووپاتە خوێندنەوەی پێگەی نەتەوەی کورد لە وێژمانی ناوەندگەرادا)............ ١٢٧

٣٩- پیسبوونی هەوا، ئاوێنەیەک لە خراپ بەڕێوەبردنی پێکهاتەیی کۆماری ئیسلامی........................ ١٣١

٤٠- سیاسەتە شەڕخوازەکانی تاران لە دەرەوە و دارمانی ئابووری لە نێوخۆدا................................ ١٣٥

٤١- خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی "سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان"................ ١٣٨

٤٢- بنبەستی داماڵینی چەک لە حیزبوڵڵا؛ لوبنان لە دیلیی ستراتیژیی بەوەکالەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا.......... ١٤١

٤٣- یەکگرتوویی کورد، زەمانەتێک بۆ داهاتوو........................................................ ١٤٥

٤٤- نەتەوەی کورد زیندووە؛ دەرکەوتنی هۆشیاریی بەکۆمەڵ و ئیرادەی پتەو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان................ ١٤٨

٤٥- شەڕی خامنەیی؛ لە وەهمی سەرکوتەوە بۆ دارمانی دەسەڵات........................................ ١٥١

٤٦- کۆمەڵکوژیی خۆپێشاندەران و قەیرانی بەدیل؛ پێویستیی گوتارێکی بەرپرسیارانە لە ئێراندا................ ١٥٤

٤٧- ئایین لە خزمەت سڕینەوەدا (لە خومەینی و سەدامەوە تا ئەردۆغان و جۆلانی)........................ ١٥٨

٤٨- پێویستیی گۆڕینی پێکهاتەی دەسەڵات لە ئێراندا........................................................ ١٦١




سەرچاوە
Serchawe

٤٩- هاوپەیمانیی پێنج حیزبی کوردستانی و گۆڕانی هاوکێشەکانی دەسەڵات لە ئێران ............................ ١٦٤

٥٠- تێپەڕین لە ناوەندگەرایی؛ کلیلی دێموکراسیی ئێران.............................................................. ١٦٧

٥١- پێویستیی فیدرالیزمی دێموکراتیک و دادپەروەری لە ئێرانی فرەنەتەوەدا........................................... ١٧٠

٥٢- لە فرمێسکی نەتەوە بۆ ئاواتی ئازادی..................................................................... ١٧٣

٢١- توندوتیژیی سیستەماتیک و سیاسەتە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە کورد.............................. ١٧٦




# ناوەندگەرایی و ڕۆڵی پەراوێز لە پێناسەکردنەوەی ئێراندا



ماوەیەکی زۆرە کۆمەڵێک هێزی سیاسی کە بەدوای گۆڕانکاری لە ئێراندا دەگەڕێن، لە ناوەندەوە چاویان لە ڕاپەڕینێکە. ئەوان هیواکانیان لەسەر نوخبەی تاران و چینی نێوەڕاستی شارەکان بنیات ناوە، بەو بیرۆکەیەی کە ڕۆژێک بە هاوکاریی دەسەڵاتێکی دەرەکی یان یاخیبوونێکی نێوخۆیی، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا ڕوو دەدات. بەڵام ئەم چاوەڕوانییە، زیاتر لەوەی واقیعی بێت، لە خەونێک دەچێت کە لە ئاوێنەی ستەمکاریدا ڕەنگ دەداتەوە: خەونێکی ئازادییە کە بڕیارە هەر لەو ڕێکخستنەوە لەدایک بێت کە خۆی هۆکاری چەوساندنەوە و جیاکاری بووە.

## ناوەند وەک هاوبەش، نەک قوربانی

لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا - لە پەیمانی دەستوورییەوە تا شۆڕشی ١٣٥٧ و پێکهاتنی کۆماری ئیسلامی - ئەوانەی هەمیشە ڕۆڵی کاریگەر و چارەنووسسازیان هەبووە، هێزگەلێک بوون کە لە ناوەندەوە سەرهەڵدەدەن. ئەم هێزانە بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئۆپۆزیسیۆن بن یان هاوتەریبی حکوومەتن، هەرگیز لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی ناوەند دەرنەچوون. تەنانەت کاتێک لەگەڵ حکوومەتدا ململانێیان هەبووە، هێشتا ناوەندیان بە شوێنی شەرعیەت و دەسەڵات زانیوە.

لە چوارچێوەیەکی وەهادا چاوەڕوانیی ئەوەی ئەم چینە سەرکردایەتی گۆڕانکاری بکات، شتێکی ناواقیعییە. چینی نێوەڕاستی شارەکان کە سوود لە ئیمتیازاتی پێکهاتەیەکی ناوەندگەرایی وەردەگرێت، زیاتر مەیلی پاراستنی دۆخی ئێستای هەیە بە ڕووخسارێکی "میانڕەو" و "دیموکراسی ڕێگەپێدراو" نەک گۆڕانکاری لە بنەڕەتدا. ئەم چینە لەبری ئەوەی پەیوەندی بە ڕاپەڕینەکانی دەوروبەرەوە بکات، لە ساتەوەختە گرنگەکاندا پاشەکشە دەکات، یان تەنانەت ڕۆڵی ڕێگریش دەگێڕێت.

## دەوروبەر؛ بەردی بناغەی ڕاستەقینەی ئازار و بەرخۆدان

لە بەرامبەر ئەم بەربەستەدا، پەراوێزی ئێران - کوردستان، بەلوچستان، خوزستان، تورکمەنسەحرا و... ناوچە پەراوێزییەکانی دیکە - هەمیشە قوربانیی یەکەمی پێکهاتەی هەڵاواردن و ناوەندگەرایی بوون. خەڵکی ئەو ناوچانە دەیان ساڵە خەباتیان کردوە بۆ سەرەتاییترین مافەکانیان، هەر لە زمانی زگماکی و خوێندنەوە تا گەشەپێدانی ئابووری و بەشداریکردن لە دەسەڵاتدا و زۆرترین باجیان داوە.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٤٠١دا جارێکی تر خوێن لە پەراوێزەوە کوڵاوە، بەڵام وێنەی میدیایی ئەو لە چوارچێوەی تاران و چەند شارێکی نێوەڕاستدا نوێنەرایەتی دەکرا. ئەم وەدەرنانی گێڕانەوەی دەوروبەر تەنیا نیشانەی هەڵاواردنی میدیایی نیە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی هەمان پێکهاتەی ناوەندگەراییە کە تەنانەت لە گێڕانەوەی ئۆپۆزسیۆنیشدا بەرهەم دەهێنرێتەوە.

## ناوەندگەرایی؛ پێکهاتەیەک لە دەرەوەی جوگرافیا

مەرکەزییەت تەنیا بە مانای چڕبوونەوەی جوگرافیای دەسەڵات نیە، بەڵکو ئەو پێکهاتەشە کە گێڕانەوە و شەرعییەت و سامان و شوناس لێیەوە بەرهەم دێت. ئەم ناوەندە بە سەپاندنی زمان و کولتوور و ڕوانگەی خۆی، یان ناسنامەکانی دیکەی لەنێو بردوە یان پەراوێزی خستووە. لە ئەنجامدا ناوەند تەنها شوێنێک نییە، بەڵکوو دۆخێکی بناغەیی کە دەبێت بگۆڕدرێت.

## جووڵە لە خوارەوە؛ دەنگی دەوروبەر، نەک دەنگدانەوەی ناوەند

گۆڕانکاری کاتێک دەکرێت و ڕوو دەدات کە پەراوێز نەک تەنها بیسترێت و گرینگی پێ بدرێت، بەڵکوو وەک هێزێکی بزوێنەر و سەرکردەی گۆڕانکارییش بناسرێت. شوناس و بزووتنەوە کولتوورییەکان کە لە پەراوێزدا گەشەیان کردوە، هەڵگری وشیاریی ڕزگاریخوازن، نەک چینێک کە مانەوەی خۆی لە درێژەی نەزمی ئێستادا ببینێت. ڕزگاری بە پشتبەستن بە

ژینگە مومکینە؛ بە دەنگێکی سەربەخۆ، بە هاوپەیمانییەکی دادپەروەرانە و بە گێڕانەوەیەکی جیاواز لەوەی کە ساڵانێکە لە ناوەندەوە دەرچووە.

## پێناسەکردنەوەی ئێران؛ لە فیدرالیزمەوە بۆ دادپەروەریی ناسنامە

**بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە، دووبارە پێناسەکردنەوەی پێکهاتەی سیاسی و ناسنامەی ئێران، پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە. ئەم دووبارە پێناسەکردنەوە ئەم پێکهاتانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:**

- گواستنەوە لە ناوەندگەراییەوە بۆ فیدرالیزمی ڕاستەقینە
- دانانان بە هەموو گەلان و زمانەکانیان
- دابەشکردنەوەی دادپەروەرانەی سەرچاوە ئابووری و سیاسییەکان
- ڕێزگرتن لە مافی چارەی خۆنووسین بۆ هەموو گەلان
-کۆتاییهێنان بە قۆرخکاریی کولتووری و زمانەوانیی ناوەند

## وشەی کۆتایی؛ با چاومان لەسەر پەراوێز بێت نەک ناوەند

تا نیگاکە لەسەر ناوەند جێگیر بێت، هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی ڕوو نادات. مێژوو چەندین جار نیشانی داوە کە ناوەند هاوبەشی دەسەڵات بووە نەک قوربانییەکەی. ئەمڕۆش ئایندەیەکی ئازاد و بەردەوام تەنیا بە قبووڵکردنی سەرکردایەتی لە پەراوێزەوە و یەکخستنی نەتەوە پەراوێزخراوەکان و پێناسەکردنەوەی چەمکی ئێران مومکین دەبێت. نەک لە چوارچێوەی ناوەندا، بەڵکوو لە دڵی پەراوێزەوە.

**١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٥**

---

## دژایەتیی وەک یەک لەگەڵ مافی گەلانی غەیرە فارس




**(دەسەڵاتی پاشایەتی و ویلایەتی فەقیھ و دژایەتیی هاوبەشیان لەگەڵ مافی گەلانی غەیرە فارس لە ئێراندا)**

### پێشەکی

لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا دوو پێکهاتەی سیاسیی گەورە حوکمڕانی ئەم خاکەیان کردوە: دەسەڵاتی پاشایەتیی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی. ئەو دوو دەسەڵاتە هەرچەندە ڕواڵەتێکی جیاوازیان هەیە -یەکێکیان بە تاج و ئەوی دیکەیان بە عەمامە- بەڵام لە بناغە و جەوهەری سیاسی خۆیاندا، هەردووکیان لە یەک ڕەگ و کانی هزرییەوە سەرچاوەیان گرتوە: چڕبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەند، نەهێشتنی مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و سەپاندنی کولتوور و ئاییینێکی فەرمی بەسەر هەموو فەرهەنگ و نەتەوە جیاوازەکاندا. پرسیار ئەوەیە بۆچی هەردوو ئەم سیستەمە دژایەتیی بنەڕەتی و وەک یەکیان لەگەڵ مافە نەتەوەییەکانی گەلانی غەیرە فارس لە ئێراندا هەیە.

### ١- شانشینی پەهلەوی؛ نەتەوەسازی لە ڕێگەی هێزەوە

سیستەمی پاشایەتی بە تایبەت لە سەردەمی پەهلەویدا، بە ئامانجی بنیاتنانی "نەتەوەیەکی یەکگرتووی ئێران"، شوناسە


سەرچاوە
Serchawe

نەتەوەییە هەمەچەشنەکانی هەموو پێکهاتەکانی غەیرە فارسی سەرکوت کرد. زمانی فارسی وەک تاکە زمانی فەرمی سەپێندرا، ناوە جوگرافییەکان گۆڕدران و هەر پەروەردەیەک یان میدیایەک بە زمانی زگماکی نەتەوەکانی دیکە قەدەغە کرا. شا لە پێگەی خۆیدا وەک "باوکی میللەت" مافی هەر جۆرە هەڵبژاردنێکی لە گەلانی غەیرە فارسی بەربەست کرد. ئەم سیستەمە لەسەر بنەمای ئینکاری واقیعی مێژوویی فرەنەتەوەیی لە ئێران بوو.

## ٢- کۆماری ئیسلامی؛ درێژەدان بە هەمان ناوەندگەرایی بە ڕووخسارێکی ئایینی

شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی هەرچەندە بەڵێنی ئازادی و دادپەروەریی دا، بەڵام هەر زوو کەوتە چنگی سیستەمێکەوە کە تاکە جیاوازی لەگەڵ دەسەڵاتی پاشایەتی، گۆڕینی تاج بوو بە مێزەر. دەسەڵاتی وەلیی فەقیهـ، پێکهاتەیەکی پاوانخوازانە و میراتییە بە شێوەیەکی ئایینی. کەسێک لە لوتکەدایە، لە دەرەوەی هەر لێپرسینەوەیەک و ئەوانی دیکە و کۆمەڵگەکان لە پەراوێزدان. لەم سیستەمەشدا گەلانی غەیرە فارس سەرکوت کران - ئەمجارەیان نەک تەنها لەبەر هۆکاری نەتەویی، زمانی و کولتووری، بەڵکوو لە چوارچێوەی "دژە ئیسلام"، "جیاییخوازی" و "دژە ویلایەتی فەقیهـ" سەرکوت کران.

## ٣- بنەچەی هاوبەش: تایبەتمەندی و ئینکاری فرەیی

ئەوەی هەردوو سیستەمەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ڕواڵەتیان نیە، بەڵکوو جەوهەری کارکردنیانە: چڕبوونەوەی دەسەڵات لە یەک ناوەندا، نەهێشتنی سەروەری جەماوەری، و نکۆڵیکردن لە مافی گەلان. هەردووکیان بنەمای مافی مرۆڤ و پرەنسیپی "مافی چارەنووسی گەلان"یان پێشێل کردوە. دەسەڵاتی پاشایەتی بە ناوی یەکخستنی ناسیۆنالیزم و کۆماری ئیسلامی بە ناوی نەتەوەسازیی ئیسلامیەوە هەوڵیان دا، هەمان تاکە واقیع نەهێڵن:. واتە فرەیی و هەمەجۆریی گەلان لە ئێراندا.

## ٤- هەردوو سیستەمەکە ئامرازی بەکویلەکردنی نێوخۆیین

کورد، بەلووچ، ئازەر، عەرەب، تورکمان و نەتەوەکانی دیکە، نەک هەر لە مافی پەروەردە و ڕاگەیاندن و بەشداری سیاسی و بەڕێوەبردنی خۆیان بێبەش کراون، بەڵکو سامانە سروشتییەکانیشیان تالان کراوە. دەسەڵاتی پاشایەتیی نەوتەکەی بردبوو؛ کۆماری ئیسلامییش هەم نەوت وهەم ئاوی گەلانی ئێرانی بەتالان بردوە و هەم ژیان لە خەڵکەکە زەوت کردوە. لە هەردووکیاندا بێبەشی پێکهاتەیی بەردەوامە - تەنیا ئەوە نەبێت کە زمانی چەوساندنەوە لە کۆماری ئیسلامیدا زیاتر ئایینی و ئاڵۆزتر بووە.

### ٥- نە پاشایەتی و نە ویلایەتی فەقیهـ

ڕێگای دەربـازبوون نە گەڕانەوەیە بـۆ ڕابـردووی شـاهانە و نە مـانەوە بە بەسـتراوەتەوە بە سیسـتەمی ئـایینی. ئالترنـاتیڤ بنیاتنـانی دەسـەڵاتێکی دێموکراتیـک و فرەیـی، سیسـتەمێک کە لەسـەر بنەمـای مـافی چارەنووسـی سیاسـی و خـاکی بونیـاد نرابێت. سیستەمێک کە ڕێگە بە نەتەوەکان دەدات بڕیار لە چارەنووسی خۆیـان بـدەن و بە زمـانی زگمـاکی خۆیـان پەروەردە بکـرێن و سـوود لە سـەرچاوەکانی خۆیـان وەربگـرن. هەردوو ڕژێمـی پاشـایەتی و ویلایەتـی فەقیهـ دژی ئەم بنەمایـانە وەستاونەتەوە؛ وە دەبێت هەردووکیان لە ڕوانگەی دادپەروەری و مافی گەلانەوە ڕەت بکرێنەوە.

### کۆتا وتە:

نیزامەکـانی ناوەنـدگەرا بە هەر نێـوەرۆک و فـۆڕمێکەوە دوو دیـوی یەک دراون: دراوی نکـۆڵیکردن، سـەرکوتکردن و ناوەندگەرایی. گەلانی غەیرە فارس لە ئێراندا بۆ چەندین سەدە باجی ئەم دوو هەژموونییەیان داوە. داهاتوو تەنیـا کاتێک دەتوانێت ڕوون و دادپەروەر بێـت، کە هەردوو سیسـتەمەکە بە ئاگـاداریەوە تێپەڕێنـرێن- و پێکهـاتەیەکی دێموکراسـی و فرەنەتەوەیی و ئازاد جێگەیان بگرێتەوە؛ سیستەمێک کە تیایدا هەر نەتەوەیەک خاوەنی زمـان و مێژوو و خـاک و سـامان و مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی و خاکی خۆی بێت.


٢١ی بانەمەڕی ٢٧٢٥

---



سەرچاوە Serchawe

## سەروەریی یاسا و پێوەندی بە دێموکراسیی ڕاستەقینە




لە هەر کۆمەڵگەیەگ یاسا سەروەر بێت و  لە سەرووی هەمۆ دەستەڵات و پێگە ئیدارییەکان بێت، ئەو یاسایەش بەبێ لە بەر چاوگرتنی پلە و پایە و پێگەی کۆمەڵایەتی حیزب، بۆچوونی جیاوازی کۆمەڵ و تاکەکان، بە تەوازونێکی یەکسان بۆ هەمووان کارا بێت، ئەو کاتە دەتووانین بڵێین کە لەو کۆمەڵگایە دا، بناغەی سەرەکی دیموکراسی جێگیر کراوە. بەو هەنگاو و کردارە گرینگەیە، ئەو کۆمەڵگایە دەتووانێت بەرەو بونیادی کولتورێکی دیموکراتیک و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی هەنگاو بنێت و ئەو کولتورە پەرە پێبدات.

وەکوو ئاماژەیەک بۆ پرەنسیپ و خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەیەکی دێموکراسی; لە کۆمەڵگەیەکی وادا، یاسا بە باڵاترین دەسەڵات و مەرجەع دەناسرێت، هیچ تاک و گروپێک ناتوانن لێی دەربچن. ئەو کاتە، بە بێ گوێدانە پێگەی ئیداری، سیاسی، کۆمەڵایەتی زۆرینە یا کەمینە یان پیشەیی، یاساکە بە یەکسانی و بەبێ جیاوازی بەسەر هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەدا جێبەجێ دەکرێت. ئەو کردارەش، دەبێتە هۆکار بۆ متمانە، بڕوا و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی.

کاتێک هەلومەرجێکی لەو جۆرە لە کۆمەڵگەیەکدا بوونی هەبێت، کە بناغە سەرەکییەکانی دێموکراسی تێیدا پێکهاتووە، ئەم بنەمایانە یارمەتی کۆمەڵگە دەدەن بۆ دروستکردن و بەهێزکردنی ئەو کولتوورەی کە پێناسەی ڕاستەقینەی دێموکراسیە.

لە ڕاستیدا بە ڕەچاوکردنی یاسای دادپەروەرانە و یەکسان بۆ هەمووان، هەنگاوێکی بنەڕەتییە بۆ هەنگاو بەرەو گەشەکردن و پەرەپێدانی کولتوورێکی دێموکراسی جێگیر لە کۆمەڵگادا، کە بتوانێت یارمەتیدەر بێت، بۆ بەهێزکردنی مافی هاووڵاتی بوون و دادپەروەری، ئازادی هزری و یەکسانی کۆمەڵایەتی.

## "لێکدانەوەیەکی کورت"

لەو بۆچونەدا ئاماژە بە پەیوەندی نزیکی نێوان دێموکراسی و سەروەری یاسا کراوە. بەو پێوەرە دێموکراسی ڕاستەقینە تەنها کاتێک بەدی دێت، کە یاسا باڵاترین دەسەڵات بێت و هەموو شتێک لەخۆ بگرێت. بۆ لێکدانەوەی روونتر بۆ ئەو پرسە، دەتوانرێت بەم خاڵانەی خوارەوە لێکدانەوەیان بۆ بکرێت:

### ئا) یاسا وەک کۆڵەکەی دیموکراسی:

لەم بۆچونە دا، یاسا بە بناغە و دەسەڵاتی باڵا لە کۆمەڵگەیەکی دێموکراسیدا پێناسە کراوە. ئەمەش بەو مانایەیە کە بەبێ یاسای دادپەروەرانە و بێ جیاوازی دێموکراسی مومکین نییە. دێموکراسی ڕاستەقینە کاتێک بەدی دێت، کە بە بێ گوێدان بە پێگە و دەستەڵاتی گرووپ و تاکەکان، یاسا بە یەکسانی بەسەر هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەدا بە بێ جیاوازی جێبەجێ بکرێت. ئەگەر یاسادانانەکە دادپەروەرانە بێت و بەبێ جیاوازی هەمووان بگرێتەوە، دەتوانین بڵێین کۆمەڵگە بەرەو سیستەمێکی دێموکراسی ڕاستەقینە و کارا هەنگاو دەنێت.

### ب) پەیوەندی نیوان متمانە و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، لە گەڵ جێبەجێکردنی یاسا

لە بۆچونەکەدا ئاماژە بەوە کراوە،کە جێبەجێکردنی بێلایەنانە و یەکسانانەی یاساکە "متمانە و هاوئاهەنگی کۆمەڵایەتی" دروست دەکات. کاتێک خەڵک ببینن کە یاساکان، بە هەمان شێوە هەموو کەسێک دەگرێتەوە و هیچ گروپ و تاکێک لە سەرووی ئەوەی دیکەوە نییە، ئەوا متمانەی زیاتریان بە دامەزراوەکانی حکومەت و دامودەزگا بە کۆمەڵەکان دەبێت. ئەم متمانەیەش، بنەمای دروستکردنی تەبایی و ئاشتەواییە لە کۆمەڵگەدا. لەو کۆمەڵگەیانەی کە ڕێز لە سەروەری یاسا ناگیرێت، بەزۆری ڕووبەڕووی بێمتمانەیی و دابەشبوونی کۆمەڵایەتی و ناکۆکی بەربڵاو دەبنەوە.

### پ) گەشەپێدانی رۆشنبیری دیموکراسی لە گەڵ سەروەری یاسا:

بۆچونەکە ئاماژە بەوە دەکات، کە ڕەچاوکردنی بێلایەنانەی یاسا دادپەروەرەکان، هەنگاوێکی بنەڕەتییە بۆ پەرەپێدانی

کولتووری دێموکراسی لە کۆمەڵگەدا. دێموکراسی تەنیا پێکهاتەیەکی سیاسی نییە؛ بەڵکو کولتوورێکە کە مافی هاووڵاتیبوون و یەکسانی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری تێیدا جێگیر دەبێت. کاتێک کۆمەڵگە بە بەردەوامی ڕێز لە یاساکان بگرێت و بە شێوەیەکی دادپەروەرانە جێبەجێی بکات، کولتوری دێموکراسی بە تێپەڕبوونی کات، ڕەگ و ڕیشەی لە کۆمەڵگەدا دادەکوتێت.

### ت) دادپەروەری و یەکسانی کۆمەڵایەتی، وەک ئامانجەکانی دیموکراسی


لە کۆتاییدا لەم بۆچونەدا ئاماژە بەوە دەکرێت، کە یەکسانی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری ئامانجی سەرەکی دێموکراسییە. کاتێک یاساکە بە یەکسانی بەسەر هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەدا بە بێ جیاوازی چینایەتی و ئتنیکیدا جێبەجێ بکرێت، جیاکاری و نایەکسانی کەم دەبێتەوە و هەموو خەڵک سوودمەند دەبن لە مافی هاووڵاتیبوونیان. ئەم پرەنسیپانە بناغە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەیەکی دێموکراسین و یارمەتیدەرن بۆ بەهێزکردنی ئەو کۆمەڵگەیە.

### ئەنجام

بە گشتی بۆچونەکە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە دێموکراسی بەبێ سەروەری یاسا و جێبەجێکردنی دادپەروەرانە، ناتوانێت یاساکان نەک هەر بۆ هەموو لایەک وەک یەک بێت، بەڵکو بە شێوەیەک جێبەجێ بکرێت کە متمانەی گشتی بەهێز بکات و ببێتە هۆی هاوپشتی کۆمەڵایەتی و گەشەسەندنی کولتووری کۆمەڵگەیەکی دێموکراسی. ئەم پرەنسیپانە بنەمای دروستکردنی کۆمەڵگەیەکن کە دادپەروەری و یەکسانی زاڵ بێت و مافی هاووڵاتیان بە تەواوی ڕێزیان لێ بگیرێت.

٢٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٥

# جوگرافیای حەقیقەت و سنوورەکانی خەیاڵ



## پێشەکی

بێ گومان مێژووی گەلان تەنیا لە ڕوانگەی جوگرافیای سیاسی ئەمڕۆوە نابینرێت. خاک و ناو و ناسنامەکان بە تێپەڕبوونی کات و لە ڕووبەڕووبوونەوە و کارلێککردن لەگەڵ هێزێکی زۆردا دروست بوون. کوردستان، وەکوو ماڵی مێژوویی نەتەوەی کورد، لەم حوکمڕانییە بێبەری نیە. لەم دواییانەدا کەسایەتییەکی سیاسی دژایەتیی خۆی و حیزبەکەی لەگەڵ بەکارهێنانی پارێزگای ورمێ دەربڕی و کەسایەتییەکی ئاکادیمییش تەنانەت نەخشەی نیشتمانی جوگرافیی کوردەکان و بە کوردستان ناساندنی شاری ورمێی بە "گەمژەیی" ناو برد. ئەو جۆرە دەربڕینانە پێویستییان بە ڕەخنەی بەڵگەدار و زانستی و میتۆدی هەیە. ئەم بابەتە هەوڵ دەدات وەڵامێکی ڕوون و دوور لە سۆز و تەنها لەسەر بنەمای بەڵگەنامەی مێژوویی و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و شیکاری تیۆری بداتەوە.

## ورمێ و کورد: مێژوو، دانیشتوان، و کولتوور

شاری ورمێ، شارێکی دێرینی باکوری ڕۆژئاوای جوگرافیای ئێرانی ئێستایە، کە چەندین سەدەیە نەتەوەی جۆراوجۆر، لە نێویاندا کورد نیشتەجێ بووە. چەندین بەڵگەی مێژوویی شایەدی بوونی کورد لەم ناوچەیە کۆنە:

١- شەرەفنامەی شەرەفخان بەدلیسی (١٥٩٧ز)، کۆنترین مێژووی هەمەلایەنەی میرنشینە کوردییەکان، بە ڕوونی باس لە بوونی کورد لە ورمێ و ناوچەکانی دەوروبەری ورمێ (وەک موکریان، سەلماس، شنۆ، و...) دەکات.

٢- بەڵگەنامەکانی قاجار و عوسمانی نیشان دەدەن کە عەشیرەتە کوردییەکانی شکاک، هەرکی، مامەش و .... دیکە لە دەوروبەری ورمێ دەژیان و تەنانەت لە بەڕێوەبردنی ئەو شارەش ڕۆڵیان هەبووە. (سەرچاوە: *سی.ج. ئێدمۆندز، کورد، تورک و عەرەب، ١٩٥٧)

٣- بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکانی کورد لە سەدەی بیستەمدا، لەوانە شۆڕشی سمائیل ئاغا سمکۆ و دواتر کۆماری مەهاباد (١٩٤٦)، ورمێیان وەک یەکێک لە شارە گرنگەکانی ڕاپەڕینی کورد ناساند. زۆرێک لە فەرماندە و سەرکردە و هێزەکانی سمکۆ و کۆماری کوردستان، خەڵکی ورمێ و ناوچەکانی دەوروبەری بوون.

٤- دیمۆگرافی: تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، کورد لەگەڵ ئاشووری و ئەرمەنی و نەتەوەکانی دیکە، بەشێکی زۆر لە پەیکەری دیمۆگرافیای شاری ورمێ پێکدەهێنا. گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکانی دواتر بە شێوەیەکی بەرچاو بەهۆی کۆچی زۆرەملێ و کۆمەڵکوژی و سیاسەتەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرنی ئێرانەوە بووە. (سەرچاوە: ماکدۆڤاڵ، مێژوویەکی مۆدێرن بۆ کورد)

**بۆیە ناونانی ورمێ وەک بەشێک لە کوردستان بە هۆی "گەمژەیی" نییە بەڵکو ڕەنگدانەوەی واقیعە مێژوویی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم خاکەیە.**

## مافی چارەی خۆنووسین و شەرعیەتی نەخشەی کوردستان

**بنەمای مافی چارەی خۆنووسینی گەلان بنەمایەکی بنەڕەتییە لە یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخدا:**

١. میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان (١٩٤٥)، لە مادەکانی ١ و ٥٥دا جەخت لەسەر ئەم مافە دەکاتەوە.

٢. بڕیارنامەی ١٥١٤ (١٩٦٠)ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان باس لەوە دەکات کە گەلان مافی خۆیانە بە ئازادی پێگەی سیاسیی خۆیان دیاری بکەن و ڕێڕەوی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری خۆیان هەڵبژێرن. لەسەر بنەمای ئەم پرەنسیپانە، نەتەوەی کورد، وەک نەتەوەیەکی خاوەن زمان و کولتوور و خاکێکی مێژوویی هاوبەش، مافی

ئەوەی هەیە خەیاڵ و پلان بۆ جوگرافیای نەتەوەیی خۆی بخاتە بەرچاو - تەنانەت ئەگەر سنوورەکانی ئێستای حکومەتە هەرێمایەتییەکان ئەم واقیعە قبوڵ نەکەن.

**نموونەی هاوشێوە:**

- **تیمۆری ڕۆژهەڵات** (لە ئەندوونێزی جیاکراوەتەوە، ٢٠٠٢)
- **باشووری سودان** (جیابوونەوە لە سودان، ٢٠١١)
- **ئێریترە** (دابڕاوە لە ئێتیۆپی ١٩٩٣)

بۆیە کێشانی نەخشەی کوردستانی گەورە بابەتێکی منداڵانە یان خەیاڵی نیە، بەڵکو مەشقێکی ڕەوایە بۆ بەرجەستەکردنی مافی چارەی خۆنووسین و دانپێدانانی شوناسی مێژوویی.

## ڕەخنەی میتۆدۆلۆژی لە وتارەکەی عەباس وەلی

**هەرچەند عەباس وەلی شیکارییەکانی لەسەر ڕەخنەگرتن لە "ناسیونالیزمی کلاسیکی کوردی" چڕ دەکاتەوە، بەڵام دەتوانرێت لە گوتاری ئەم دواییەیدا چەندین کەموکوڕی دەستنیشان بکرێت:**

١. **بچووککردنەوەی مێژوویی:** پشتگوێخستنی چەندین بەڵگەی مێژوویی سەبارەت بە بوونی کورد لە ورمێ و دەوروبەری، دژی بنەماکانی لێکۆڵینەوەی مێژووییە.

٢. **ناڕوونی لە مانای گەمژەیی:** ئەگەر ئەوەی مەبەستی لە "گەمژەیی"، پشتگوێخستنی واقیعە جیۆپۆلەتیکییەکانی ئەمڕۆ بێت، پێویستە بە وردتر باس بکرێت. بەڵام ئەگەر مەبەست لێی ڕەتکردنەوەی مافی کورد لە ناونانی مێژوویی و ناساندنی بێت، ئەوا ئەم بۆچوونە خۆی هیچ پشتیوانیی تیۆریی نیە.

٣. **دژایەتی لەگەڵ بنەماکانی ڕەخنەی پۆستمۆدێرن:** عەباس وەلی خۆی ڕەخنەگری "ناسنامە ڕەقەکانی ناسیۆنالیستی"یە. بەڵام نابێ ڕەخنەکانی ببێتە کەرەستەیەک بۆ نکۆڵیکردنی گێڕانەوەی گەورەیی شوناسی کوردی. بۆیە لێدوانەکە لە ڕوانگەی میتۆدۆلۆژی و دادپەروەری زانستییەوە، پێویستی بە پێداچوونەوەی جدی هەیە.

## ئەنجام

ورمێ بەشێکە لە جوگرافیای مێژوویی کوردستان؛ ناونانی وەک شارێکی کوردی لەسەر بنەمای بەڵگەنامە مێژووییەکان و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و ئیرادەی بەکۆمەڵی گەلی کوردە. وتارەکەی عەباس وەلی هەرچەندە ڕەنگە لەگەڵ ڕەخنە لە مەیلی توندڕەوی ناسیۆنالیستیدا بگونجێت، بەڵام نابێت ببێتە هۆی نکۆڵی لە ناسنامە و مافە مێژووییەکانی کورد. هاوکات بانگهێشتی هەموو ڕۆشنبیران و ئەکادیمیەکان دەکەین بۆ پێشخستنی دیالۆگ دەربارەی کوردستان بە دادپەروەری زانستی و گرنگیدان بە بەڵگە مێژووییەکان و ڕێزگرتن لە مافی گەلان.

***

سەرچاوەکان:


- McDowall, David. A Modern History of the Kurds. 2004.
- Edmonds, C. J. Kurds, Turks and Arabs. 1957.
- United Nations, Charter of the United Nations, 1945.
- United Nations General Assembly, Resolution 1514, 1960.


٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# سیاسەتی ئاویی ئێران و تورکیە دژی بزووتنەوەی کورد



(ئاوی کوردستان؛ ئامرازە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی ئێران و تورکیە بۆ سنووردارکردنی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان)


## پوختە

سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان، بەتایبەتی ئەو ڕووبارانەی لە چیاکانی زاگرۆس، ئارارات و باکوری کوردستانەوە سەرچاوە دەگرن، سەرەڕای توانایەکی یەکجار زۆریان بۆ گەشەسەندنی ئابووری و ژینگەیی، بوونەتە ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردنی سیاسی و ژێئۆپۆلیتیکیی خەڵکی کوردستان. ئەم نووسینە بە کەلکوەرگرتن لە ڕێبازێکی شیکاری و بەڵگەدار لە سیاسەتی ئاوی حکوومەتی ئێران و تورکیە دەکۆڵێتەوە و نیشان دەدات، کە چۆن ئەم سیاسەتانە بژێوی ژیان و ژینگە و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردیان تێکداوە.


## پێشەکی

کوردستان، ناوچەیەکی شاخاوییە لە دڵی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و سەرچاوەی گرنگترین ڕووبارەکانی ناوچەکەیە: دیجلە، فورات، زێی گەورە و بچووک، سیروان، قزڵئۆزەن و چەند ڕووبارێکی دیکە. خەمڵاندنەکان دەریدەخەن کە زیاتر لە ٦٠%ی

سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەویی ئێران (بەپێی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی وزەی ئێران، ٢٠٢٠) لە چیاکانی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرن. بەڵام لەم دەیان ساڵەی دواییدا، ئەم سامانە سروشتییە بووەتە ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردن و کۆنترۆڵکردن و لاوازکردنی خەڵکی کوردستان.

## سیاسەتی ئاویی ئێران

لە ساڵانی نەوەدەکانەوە ئێران دەستی بە پرۆژەی بەرفراوانی دروستکردنی بەنداو و گواستنەوەی ئاو کردوە، لەوانە ئەمانەی خوارەوە:

## کاریگەری لەسەر کوردستان – هەڵکەوتە – پرۆژە

- کەمبوونەوەی ڕۆیشتنی ئاو بۆ خوارەوە، لافاوگیربونی گوندە سنوورییەکان-ڕووباری سیروان، مەریوان-بەنداوی داریان.
- کۆنترۆڵکردنی ئاوی خواردنەوە و کشتوکاڵی شاری سنە، سنووردارکردنی گوندەکان - سنە - بەنداوی قشلاق.
- گواستنەوەی ئاو بۆ گۆلی ورمێ بەبێ تەرخانکردنی مافی پێویست بۆ ناوچەکە خۆی، - بانە و سەردەشت - گواستنەوەی ئاوی زێی بچووک.

بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی لێکۆڵینەوەی پەرلەمانی ئێران (١٤٠٠) زیاتر لە ٧٥%ی سەرچاوە ئاوییەکانی ڕۆژئاوای وڵات بۆ ناوچەکانی نێوەڕاستی ئێران دەگوازرێتەوە.

## لێکەوتەی ژینگەیی و ئابووری

- وشکەساڵی ڕووبارەکان: کەمبوونەوەی ٤٠ - ٦٠% لە لێشاوی سیروان و زێ. (ڕێکخراوی پاراستنی ژینگەی ئێران، ٢٠٢٢)
- لەناوبردنی تاڵاوەکان: وشککردنەوەی تاڵاوەکانی زرێوار لە تاڵاوەکانی مەریوان و پیرانشار.
- کەمکردنەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکان: دابەزینی ٥٠%ی بەرهەمی گەنم و جۆ لە پارێزگای کوردستان (وەزارەتی جیهادی کشتوکاڵی، ٢٠٢٠).
- کۆچی گوندنشین: چۆڵکردنی ١٣٥ گوندی پارێزگای سنە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦ بۆ ٢٠١٦ (ناوەندی ئاماری ئێران).

## سیاسەتەکانی ئاویی تورکیە

- پرۆژەی گاپ" :(GAP) پرۆژەی گەشەپێدانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ (GAP) "٢٢ بەنداو و ١٩ وێستگەی کارەبای ئاوی لەسەر ڕووبارەکانی فورات و دیجلە لەخۆ دەگرێت کە کاریگەریی زۆری لەسەر ژینگەی کوردستانی عێراق و ئێران هەیە و بەشێک لە ئاسەوارەکانی بریتین لە:

- کەمبوونەوەی ڕژانی فورات بۆ سووریە و عێراق (بە ڕێژەی ٥٠%) لە سۆنگەی بەنداوی ئەتاتورک
- کەمکردنەوەی ئاوی دیجلە بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق (٤٠% کەم بوونەوە)، - ژێرئاو کەوتنی شاری مێژوویی حەسەنکەیف بەهۆی لێدانی بەنداوی ئیلیسو

## ئەرکی ئەمنییەتی و ژێئۆپۆلیتیکی

- ئامرازێکی گوشار بۆ سەر هەرێمی کوردستان: لە کاتی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێم (٢٠١٧)، تورکیە هەڕەشەی بڕینی ئاوی کرد.
- کۆنترۆڵکردنی پەکەکە: لەنێوبردنی ڕێڕەوی شاخ بە دروستکردنی بەنداو لە ناوچە سنوورییەکان بۆ سنووردارکردنی جموجۆڵی هێزەکانی پەکەکە
- بەستراوەکردنی هەرێمی کوردستان: بە سنووردارکردنی ئاو، حکوومەتی تورکیە نفوزی ئابووری و سیاسیی بەسەر هەولێر و سلێمانیدا زیاد کردوە.

## شیکاری ژێئۆپۆلیتیکی: ئاو وەک چەکێکی بێدەنگ

دکتۆر فاتمە ئامان (شارەزای ژێئۆپۆلیتیکی ئاو، ئەنجومەنی ئەتڵەسی، ٢٠٢١) ڕای وایە کە ئاو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنها سەرچاوەیەکی ژیانی نیە، بەڵکوو ئامرازێکی کۆنترۆڵ و تەنانەت شەڕە. سیاسەتی ئاوی ئێران و تورکیە لە کوردستان نموونەیەکی ڕوون و ئاشکران بۆ بەکارهێنانی ئاو وەک کارتی گەمە بۆ گوشارخستنە سەر کەمینەکان و بزووتنەوە مافخوازەکان.

## کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان

- زیادبوونی هەژاری و بێکاری: لەگەڵ لەنێوچوونی کشتوکاڵ، ڕێژەی بێکاری لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران ٢٠-٣٠% لە تێکڕای ئێران زیاترە.

- لەنێوبردنی چەندی سروشتی: کەمبوونەوەی جۆرەکانی ڕووەک و ئاژەڵ و ماسی (سەنتەری جۆراوجۆری بایۆلۆژی کوردستان، ١٤٠٢)

- لەنێوبردنی ناسنامەی کولتووری: کۆچی گوندنشینەکان بۆ لێوارەکانی شار و لەدەستدانی داب و نەریتی ناوچەیی.

## چارەسەر و پێشنیارەکان

- هاوکاریی نێوان کوردستانی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە بە سەرپەرشتی دامودەزگا جیهانییەکان (UNESCO ، UNECE) و پشتبەستن بە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی ئاو.

- بەرهەمهێنانی نەخشەی سەرچاوە ئاوییەکان و ئامادەکردنی بەڵگەنامە و بڵاوکردنەوەی لە میدیای نێودەوڵەتیدا، بە بەڵگەکردن و ئاگادارکردنەوە.

- تۆمارکردنی سکاڵا لە دەزگا نێودەوڵەتییەکان (وەک دادگای ژینگەیی لاهە) بۆ پاراستنی مافەکان و فشاری دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ.

- کەلکوەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای ئاودێریی سەردەم و گەڕاندنەوەی سەرچاوە نێوخۆییەکان بە بەشداریی پێکهاتە کوردییەکان - کشتوکاڵی بەردەوام.

## - کۆتا پەیڤ

سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان سامانێکی ژیان، کولتووری و ناسنامەیە بۆ خەڵکی ناوچەکە. سیاسەتە ئامانجدارەکانی ئێران و تورکیە بۆ کۆنترۆڵکردن و گواستنەوەی ئەو سەرچاوانە، نەک هەر ژینگە و ئابووری ناوچەکەی لەنێو بردوە، بەڵکوو بووەتە ئامرازێک بۆ سەرکوتکردنی ئازادی و سەربەخۆیی. داکۆکیکردن لە مافەکانی کوردستان تەنها پرسێکی ژینگەیی نیە، بەڵکوو مافێکی سروشتی و ئینسانی و نەتەوەیی خەڵکی ئەم خاکەیە.

***

**سەرچاوەکان:**


١- وزارت نیرو ایران، «گزارش منابع آب غرب کشور»، ۱۳۹۹

٢- مرکز پژوهش‌های مجلس شورای اسلامی، «چالش‌های امنیت آب در غرب ایران»، ۱۴۰۰

٢- Tigris & Euphrates Initiative, Final Report, 2022

٤- فاطمە امان، “Water Geopolitics in the Middle East”, Atlantic Council, 2021

٥- مرکز آمار ایران، «مهاجرت داخلی استان کردستان»،۱۳۹۵

٦- سازمان حفاظت محیط زیست ایران، «وضعیت تالاب‌های غرب کشور»، ۱۴۰۱


**١٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٥**

## دەریاچەیەک کە هاوار دەکات




**(چاوخشاندنێک لە کتێبێکی دیکۆمێنتاری و شۆککەر سەبارەت بە کارەساتی ورمێ)**

- لە دونیایەکدا کە سروشت ڕۆژانە گۆشەیەکی خۆی لەدەست دەدات، کتێبێکی قووڵ و ڕاستگۆیانە سەبارەت بە گۆلی ورمێ، وەک ئاوێنەیەکی تەواو، واقیعی تاڵی پشتگوێخستنی ئێمە بە زەوی، برجستە دەکات.

نووسەر لەم بەرهەمە دەوڵەمەندەدا، وێنەیەکی ڕوون بەڵام بە ئازار، لە پرۆسەی وشکبوونەوەی یەکێک لە گەورەترین دەریاچە خوێییەکانی جیهان دەخاتە ڕوو. کتێبەکە لە ڕوانگەی زانستی، کۆمەڵایەتی و ژینگەییەوە، بەدواداچوون بۆ هۆکارەکانی دروستبوونی قەیرانەکە، بەرپرسانی ئەو قەیرانە و لێکەوتەی مرۆیی و سروشتییەکانی دەکات.

### – ورمێ؛ ڕابردوویەکی شکۆمەند، ئێستایەکی بەرەو لە ناوچون

لە بەشی یەکەمدا، خوێنەر ئاشنا دەکات بە مێژوو، باری بایۆلۆژی و ڕۆڵی ژیانی دەریاچەی ورمێ لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. نووسەر هۆشداری دەدات لەوەی، ئەم ئاوە تەنیا دەریاچەیەک نییە، بەڵکو بەشێکە لە شوناس، کەشوهەوا و

هیوای بەکۆمەڵی خەڵکی ئەو خاکە.

**– کارەساتێکی مرۆیی، نەک تەنها سروشتی**

لە بەشی دووەمدا، کتێبەکە بە دیدێکی بەڵگەدارانە، باس لە هۆکارەکانی قەیرانەکە دەکات: دروستکردنی دەیان بەنداوی بەرفراوان، کشتوکاڵی بێ پرەنسیپ، زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی سەرچاوە ژێرزەمینییەکان و نەبوونی ستراتیژییەکی نیشتمانی. نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە، کە وشکبوونەوەی دەریاچەکە دەرئەنجامی تووڕەیی سروشت نییە، بەڵکو دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی کردەوەکانی خودی مرۆڤەکانە.

**– ئازاری خەڵک، ئاوێنەی دەریاچە**

یەکێک لە بەشە گرنگەکانی کتێبەکە بەشی سێیەمە، کە تێیدا لە لێکەوتە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی قەیرانەکە دەکۆڵرێتەوە. هەر لە کۆچی گوندنشینەکان، لەناوچوونی ژیانی کشتوکاڵی، زیادبوونی هەژاری، نەخۆشیەکانی هەناسەدان و پچڕانی شانە کۆمەڵایەتییەکان، هەتا هەستی لەبیرچوونەوە و توڕەیی خامۆشی خەڵکی ناوچەکە.

**– چارەسەر بۆ نۆژەنکردنەوە**

کتێبەکە بە خستنەڕووی ئەزموونە جیهانییە سەرکەوتووەکان، لەوانەش دەریای ئاراڵ و ڕووباری کۆلۆرادۆ، ڕێگەچارە بۆ نۆژەنکردنەوەی گۆلی ورمێ پێشنیار دەکات: کەمکردنەوەی ڕووبەری ژێرخانی چاندن، بەکارهێنانی ئاودێری مۆدێرن، ڕاگرتنی دروستکردنی بەنداوی وێرانکەر، گۆڕینی ڕوانگەی بەڕێوەبردن و بەشداریی ڕاستەقینەی خەڵک.

**– ورمێ؛ هێمای قەیرانێکی نیشتمانی**

لە بەشی کۆتاییدا، گۆلی ورمێ نەک تەنیا وەک پرسێکی ناوخۆیی، بەڵکو وەک هێمای قەیرانی گەشەسەندنی ناپایەدار لە ئێراندا دەخرێتەڕوو. ئەگەر ئەمڕۆ لە بەرامبەر ورمێ بێباک و بێ هەست بمێنینەوە، سبەی ناچار دەبین ماتەمینی بۆ بەختەگان/بختگان و دیکە سەرچاوە سروشتییەکانی ئێران دابنێین.

ئەم کتێبە هاوارێکی ڕاستەوخۆ و ڕاستگۆیانەیە بۆ ڕزگارکردنی سروشت. ڕزگارکردنی ورمێ تەنیا ڕزگارکردنی دەریاچەیەک



سەرچاوە Serchawe

نیـیە، بەڵکـو هەوڵـێکە بـۆ زینـدووکردنەوەی پەیوەنـدی نێـوان مـرۆڤ و زەوی؛ پەیوەنـدییەک کە ئەگەر پشـتگوێ بخرێـت، داهاتوومان دەخاتە مەترسییەوە.

**-پێشنیار**

ئەگەر سروشت زمانێکی هەبوایە، چی دەگوت؟! ڕەنگە ئەم کتێبە دەنگی ئەو بێت.

خوێندنەوە و ناساندن و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە هەنگاوێکی بچووک بەڵام کاریگەرە بەرەو بەئاگاهاتنەوەی بەکۆمەڵمان.


"بختگان" ناوی دەریاچەیەکە لە پارێزگای فارس، لە دووای دەریاچەی ورمێ دووهەم دەریاچەی ئێرانە

هـامون نـاوی دەریـاچەیەکە لە پارێزگـای سیسـتان بوچسـتان، کە لە دووای دەریـاچەی ورمـێ و بختگـان، سـێیەم دەریـاچەی گەورەی ئێرانە.

**٢١ی جۆزەردانی ٢٧٢٥**

---

## ئێران و هەڕەشەی بەردەوام بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە



کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی سەرکەوتنی ئینقلابی ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٧ەوە، نەک هەر پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتی گۆڕی، بەڵکوو بە خێرایی سیاسەتی دەرەوەی خۆی، لەسەر بنەمای هەناردەکردنی شۆڕش، ڕووبەڕووبوونەوەی نەزمی ناوچەیی و جیهانی داڕشت و دامەزراند. لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا، ئەم سیاسەتە بە شێوەیەکی ڕێکخراو، لە ڕێگەی دروستکردن، پاڵپشتیکردنی گرووپە میلیشیاکان و بەهێزکردنی میحوەرەکانی بە وەکالەت لە ناوچەکەدا، هەروەها لە ساڵانی ڕابردوودا، بە گرنگیدانێکی تایبەت بە پەرەپێدانی تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکان، لەوانەش بەرنامەی ئەتۆمی و مووشەکی، پەیڕەو کراوە. لەم نێوەندەدا، بەرنامەی پیتاندنی یۆرانیۆمی کۆماری ئیسلامی، بە تەنیا بە پرۆژەیەکی زانستی یان پیشەسازی نازانرێت، بەڵکوو وەک ئامرازێکیش بۆ شەڕەنگێزی و هەڕەشەی ئەمنی، لە ئاستی ناوچەیی و سەروو ناوچەیی لێکدەدرێتەوە.

### بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران: ئامرازی نفووز یان هەڕەشە؟

ئێران هەمیشە پێداگریی لەسەر ئەوە کردوە، کە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئاشتییانەیە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر بەڵگە کە لەلایەن ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی، دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕۆژئاوا و تەنانەت هەندێک دامەزراوەی سەربەخۆوە

کە بڵاو کراونەتەوە، وێنەیەکی جیاواز دەخەنە ڕوو.

**وەک:**

- ڕاپۆرتە دووبارەکانی ئاژانس، سەبارەت بە نەبوونی شەفافییەتی ئێران سەبارەت بە سەرچاوەی ئەو ئۆرانیۆمەی دۆزراونەتەوە کە لە سایتەکان و ڕاپورتەکاندا ڕانەگەیەندراوە؛

- ڕەتکردنەوەی و ڕێگریکردنی ئێران لە دەستپێڕاگەیشتنی پشکێنەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتی ئەتۆمی بە سەرچاوە گوماناوییەکانی.

- پیتاندنی ئۆرانیۆم تا ئاستێکی زۆر لە دەرەوەی پێداویستییە ئاشتیخوازەکان (بۆ نموونە تا ٦٠%)؛

- چالاکیی و تاقیکردنەوەی هاوتەریب لە بوارەکانی مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، بە توانای هەڵگرتنی سەری ئەتۆمی. کۆی ئەو بەڵگانە، نەک هەر متمانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ئامانجەکانی ئێران نەهێشتوە، بەڵکوو زۆرێک لە وڵاتانی ناوچەکەشی، بەرەو پێشبڕکێی چەک پاڵناوە.

## هێرشی ئیسرائیل: خۆپاراستنی شەرعی، یان دەستدرێژیی سەربازی؟

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ئیسرائیل هێرشێکی ئامانجداری بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران و هەروەها بۆ سەر ئەو بنکە سەربازییانەی کە فەرماندەکانی سوپای پاسداران و زانایانی بەشدار لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی تێدا نیشتەجێن، دەست پێ کردوە. ئەم کارە جارێکی دیکە مشتومڕی یاسایی و سیاسیی لەسەر شەرعییەتی ئەم جۆرە هێرشانە، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا گەرمتر کردووەتەوە.

بە پێی مادەی ٥١ی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەوڵەتان مافی بەرگریکردنیان لە خۆیان هەیە، ئەگەر ڕووبەڕووی "هێرشی چەکداری" ببنەوە. ئیسرائیل بە ئاماژەدان بە هەڕەشەی بەردەوامی ئێران، کردەوەکانی ڕابردووی سوپای قودس و گرووپە بە وەکالەت کە تاران پاڵپشتییان دەکات (لەوانەش حەماس، حزبوڵای لوبنان و حوسییەکانی یەمەن)، هێرشەکەی وەک بەشێک لە سیاسەتی بەرگری و خۆپارێزی خۆی سەیر کردوە. جگە لەوەش، چەندین بەڵگەنامە، لەوانەش لێدوانی گشتی بەرپرسانی ئێران سەبارەت بە "لەناوبردنی ئیسرائیل"، لەگەڵ کردەوە پراکتیکییەکانیان، بووەتە هۆی، لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە، قبوڵکردنی و بێدەنگی شەرعی بۆ هێرشەکانی ئیسرائیل. لە ڕاستیدا کاتێک وڵاتێک بە



سەرچاوە
Serchawe

بەردەوامی هەڕەشەی زارەکی و کردەیی، لە دژی بوونی وڵاتێکی دیکە دەرئەبڕێت و لە هەمان کاتدا خەریکی پەرەپێدانی تەکنەلۆژیا مەترسیدارەکانە، کە توانای سەربازی حاشا هەڵنەگریان هەیە، چەمکی "لێدانی پێشوەختە" لە ئیستسنایەکەوە، دەگۆڕێت بۆ ستراتیژییەکی پێویست.

## کاریگەرییە ناوچەیی و جیهانییەکان

ئەم هێرشە، نەک هەر دەرئەنجامە سەربازییە ڕاستەوخۆکانی لێ کەوتەوە، بەڵکو پەیامێکی روونیشی بۆ ئەکتەرەکانی دیکەی ناوچەکە، بەتایبەت لە کەنداوی فارس، ئورووپا و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی ئاسیاش نارد: درێژەدان بە ڕەوتی ئێستای کۆماری ئیسلامی، بۆ پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی و تێکدانی سەقامگیری ناوچەکە، بەبێ تێچوو نابێت. وڵاتانی وەک عەرەبستان، ئیمارات، بەحرەین و تەنانەت میسر و ئوردن کە هەمیشە نیگەرانییان لە سیاسەتە شەڕەنگێزەکانی ئێران هەبووە، ئەم کارەی ئیسرائیلیان وەک جۆرێک لە هاوسەنگیکردنی ناوچەیی لێکداوەتەوە. لەسەر ئاستی دەرەوەی ناوچەکە، ئەمریکا و زۆرێک لە وڵاتانی ئورووپا، سەرەڕای هەڵوێستە دیپلۆماسییە فەرمییەکانیان، بەکردەوە لە هەندێک حاڵەتدا تەحەمولی ئەو کردەی ئیسرائیلیان کردوە و تەنانەت لە هێندێک حاڵەتدا، پشتگیریان کردوە.

ڕۆڵی تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامی، تەنیا بە بەرنامە ئەتۆمییەکەوە سنووردار نیە. سیاسەتەکانی تاران لە لوبنان، سووریە، عێراق، یەمەن و ئەفغانستان، دەریخست کە ڕێژیمی ئێران هیچ هەوڵێکی بۆ پاراستنی هەژموونی ناوچەیی خۆی لە هیچ ئامرازێک وەک پرچەککردنی هێزە نادەوڵەتییەکان، تا ئۆپەراسیۆنی تیرۆریستی لە دەرەوەی سنوورەکان، خۆی نەپاراستوە. ئۆپەراسیۆنەکانی وەک تەقینەوەکەی بوینس ئایرێس (١٩٩٤)، تیرۆرکردنی نارازییان لە ئورووپا و دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ لە شەڕی نێوخۆی وڵاتانی دراوسێ و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوچەی ڕاست، وێنەیەکی روون لە سیاسەتی دەرەوەی شەڕانگێزی ئێران دەخەنە ڕوو.

## ئەنجام:

هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر دامەزراوە سەربازی و ئەتۆمییە هەستیارەکانی ئێران دەرەنجامی چەندین ساڵ هەڕەشە و سەرپێچیکردنی ئێرانە لە بڕیارنامە نێودەوڵەتییەکان و هەروەها پێداگریی ئێرانە لەسەر ناسەقامگیرکردنی ناوچە. هەتا کۆماری ئیسلامییش لەسەر ڕێبازی ئێستای خۆی بەردەوام بێت، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە گرژی، ململانێ و پێشبڕکێی چەکداری دانامالدرێ. جیهان ناتوانێت بەرامبەر بەو مەترسییە پەرەسەندووانەی ڕێژیمێک، کە پاڵنەری ئایدیۆلۆژی، لێهاتوویی تەکنەلۆژی و مێژووی تیرۆریزمی هەیە، بێلایەن بێت.

٢٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# چۆن کۆماری ئیسلامی لە ڕاوچییەوە کرا بە نێچیر؟



لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، یەکێک لە تایبەتمەندییە بەردەوامەکانی ئەم ڕێژیمە، بەبێ ڕەچاوکردنی سنوورەکان، ڕێزگرتن لە سەروەری نەتەوەیی وڵاتانی دیکە، یان بنەما ئەخلاقی و مرۆییەکان، سیاسەتی "دەستدرێژکردن بۆ هەموو شوێنێک" بووە. وەک ئەوە وایە کۆماری ئیسلامی بە دەستە بەکرێگیراوە خشۆک و چاونەترسەکانیەوە، هەموو دەرگایەکی لە بەیروت، تا سەنعا، ڤییەن، بەڕلین... و ستۆکهۆلم، بۆ دزەکردن و تیرۆر و ناسەقامگیری کردووەتە ئامانج. بەڵام لە چەند مانگی ڕابردوودا ئەم ڕاوە بێ سنوورە، گیرۆدەی ئاشکراکردنی جیهانی، لێدانی قورس لە لایەن ئیسرائیل و ئۆپۆزسیۆنی ناوچەکەوە بووە. پڕۆژەیەک کە ساڵانێکە بە دووڕوویی، خراپ بەکارهێنانی گوتاری بەرخۆدان و ئیسلامیزم بەڕێوە دەچوو، ئەمڕۆ وەک پڕۆژەیەک بۆ هەناردەکردنی تیرۆر، سەرکوتکردنی گەلان و ناسەقامگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کەوتووەتە لەبەردەم چاو و ڕۆشنایی هەموو جیهان.

## دووڕوویی لەبری ڕاستگۆیی، تیرۆر لەبری دیپلۆماسی

سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا، نەک لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی یەکتر و پەرەپێدانی دیپلۆماسی، بەڵکوو لەسەر بنەمای ناسەقامگیری، پشتیوانی لە میلیشیاکان، تێرۆرکردنی نەیارانی سیاسی و ئیستغلالکردنی بۆشاییە ئەمنییەکان بووە. ساڵانێکە ئێران گرووپەکانی وەک حزبوڵڵای لوبنان، هێزەکانی حەشدی شەعبی عێراق، حوسییەکانی یەمەن و

فاتمیونی ئەفغانستانی، بۆ فراوانکردنی سنووره جوگرافییەکانی، کاریگەری و بێدەنگکردنی ڕەخنەگرانی ناوخۆیی و بیانی کەڵکی وەردەگرت.

لەم پێوەندییەدا سەدان لە نەیارانی سیاسی کورد، عەرەب، بەلووچی و تەنانەت تێکۆشەرانی چەپ و ناسیۆنالیستی ئێرانی لە وڵاتانی جۆربەجۆری ئورووپایی و ناوچەیی لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە، بوونەتە قوربانی تێرۆری ئامانجدار. دەزگای ئاسایشی ئێران لە ڕێگەی تۆڕێکی ئاڵۆزی دیپلۆماتکارە نهێنییەوە، کۆمپانیاکانی پەردەپۆش و بریکارە ناوخۆییەکان، پڕۆژەیەکی تیرۆر و ترسی، لە سەرانسەری جیهاندا بەرەوپێش بردوە.

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران: دەنگی خەبات و خۆڕاگری

لەو نێوەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێک لەو کەم بزووتنەوانە بووە، کە نەک هەر بەرەنگاری پڕۆژەی تێرۆر و دووڕوویی ڕێژیم بووەتەوە، بەڵکوو بە بەردەوامی هەڵوێستی ڕوونی گرتووتە بەر، و بە بەردەوامی سیاسەتە تێکدەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئاشکرا کردوە. لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا، حیزبی دێموکرات بووەتە قوربانیی دەیان عەمەلیاتی تێرۆریستی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، تورکیە و ئورووپا، لەوانە تێرۆرکردنی سەرکردەکانی وەک دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، دوکتۆر سادق شەرەفکەندی و دەیان کادری ڕێبەریی دیکە.

بەڵام سەرەڕای سیاسەتی کوشتار و تۆقاندن لە لایەن ڕێژیمەوە، حیزب نەک هەر درێژەی بە خەباتی خۆی داوە، بەڵکوو ئەو پێگەی حیزبی، بەرەو ئاستە نێودەوڵەتییەکانیش گەیاندوە و جێگیر کردوە. ئەمڕۆ سیاسەتەکانی حدکا لە شێوەزی بەرگریکردنە لە نەتەوەی کورد، داوای فیدراڵیزمی دیموکراتیک، مادی وەکیەکی گەلان و کۆتاییهێنان بە پڕۆژە کۆلۆنیالیزمە ناوەندگەرەکانی تارانە.

## جیهان، لە حاڵەتی گۆڕاندا و ڕژێم لە حاڵەتی لەقاودران

لە چەند مانگی ڕابردوودا، بە تایبەتتر دوای هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣، و ئاشکرابوونی ڕۆڵی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی سوپای قودس لە هاندانی گرووپە بە وەکالەتەکان، تێڕوانینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێرانیش گۆڕانی بەسەردا هاتوە. هێرشە ورد و ئامانجدارەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ژێرخانی سەربازی سوپای پاسداران لە لوبنان، سووریە و تەنانەت ئێستا لە قووڵایی خاکی ئێرانیشدا، ڕێژێمی لە پلاندانەری هێرشەوە، خستووەتە سەر پێگەی لێگەرۆکێک بۆ دۆزینەوەی ڕێگای بەرگری بۆ مانەوە.

هاوکات، سیاسەتەکانی یەکیەتیی ئورووپا، ئەمریکا و تەنانەت هەندێک وڵاتی ناوچەیی، لە سیاسەتی هێورکردنەوەوە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزمی دەوڵەتی ئێران گۆڕاوە. هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی هێزی چەکداری سپای پاسدارانی ڕژێم وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی، تا دەگاتە قەدەغەکردنی فەوارەکانی سەر بە ڕژێم لە ئەورووپا، تەنانەت بە ئاشکراکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی سیخوڕی و تیرۆرکردن لە سوید، دانیمارک و ئاڵمان و...، هەموو ئەمانە نیشانەی وەرچەرخانێکی جیهانییە لە دژی ڕژێم.

### سیاسەتی ڕاو بەرەوڕووی شکستهێنان

ڕێژیمێک کە ساڵانێکە بە ڕێکاری تۆقاندن و بێکردەوەیی حکومەتەکانی ڕۆژئاوایی، دەستی درێژی خۆی لە هەموو کونێکدا دەچەقاند، ئێستا ڕووبەڕووی دۆخێک بووەتەوە، کە چیتر بە ساکاری ناتوانێت، لە ژێر سایەی دووڕوویی و لە ژێر پەردەی دیپلۆماسیدا، پرۆژە تیرۆریستییەکانی بەڕێوە ببات. ئەو دەستانەی کە سەردەمانێک بە نهێنی و بە دڵنیاییەوە، بێ سزا کاریان دەکرد، ئێستا یەک بە یەک لە ڕیزی بڕاندان.

هەروەها گۆڕانی گوتار لە نێو نەتەوەکانی ناوچە کە لە نێویاندا نەتەوەکانی کورد، عەرەب، بەلووچ و ئازەری، ئاماژەن بۆ پێکهاتنی ئاگاییەکی بەکۆمەڵن بەرامبەر سیاسەتەکانی سەرکوت و کۆلۆنیالی کۆماری ئیسلامی. داواکاریی نەتەوەیی، دیموکراسی و ئینسانی ئەو گەلانە، چیتر ناتواندرێت لە چوارچێوەی هەڕەشە و سەرکوتکردندا بێدەنگ بکرێت.

### دەرەنجام: کاتی لێپرسینەوەی مێژوویی پێگەیوە

سیستەمێک کە بۆ مانەوەی خۆی، بە بەردەوام ئاگری شەڕ، تیرۆر و دووڕوویی گرداوە، ئێستا ڕووبەڕووی واقیعێکە، کە چیتر ناتوانێت لە ژێر سێبەریدا بژیت. گوتاری بەرخۆدان، کە سەردەمانێک ئامرازێک بوو بۆ شەرعیەتدان، ئێستا گۆڕاوە بۆ دەمامکێکی ڕزیو. نەتەوەی کورد کە هەمیشە قوربانیی ڕاستەوخۆی سیاسەتە تیرۆریستی و ناوەندگەراییەکانی کۆماری ئیسلامی بووە، جارێکی دیکە پێشەنگە لە ڕیزی لەقاودان و بەرخۆداندا.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەم ساتە گرینگەدا، تەنیا دەنگی کوردستانی ستەملێکراو نیە، بەڵکوو دەنگی ئازادی و دادپەروەری و کەرامەتی ئینسانییە بۆ هەموو گەلانی چەوساوە. ئێستا کاتی پێگەیشتووە، کە جیهان بە یەک دەنگ لەگەڵ ئەم گەلانە، دەستە خشۆکەکانی تێرۆر، لە کونی مێژوو دەربهێنێت و بیانخاتە بەر چاوی دادپەروەری.

**٢٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٥**

# ڕێژیمی ئێران لە دووڕێیانی تەسلیمبوون یان تێداچووندا



پێنج ڕۆژ، بەسەر دەستپێکردنی شەڕێکی تەواو عەیار، لە نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و ئیسرائیلدا تێپەڕی. شەڕێک کە دەتوانێت نەخشەی جیۆپۆلەتیکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ دەیان ساڵ دووبارە دابڕێژێتەوە. هەمووی بە هێرشێکی پێشوەختە لەلایەن ئیسرائیلەوە دەستی پێ کرد؛ هێرشێکی گەورە، ڕێکخراو و ئامانجدار کە بە پێی هێندێک سەرچاوە، ئیسرائیل بۆ لەنێوبردنی دامەزراوە هەستیارە سەربازی، موشەکی و ئەتومیی ئێران، زیاتر لە ٢٠٠ فڕۆکەی جەنگی و سەدان فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هێرشبەری بەکارهێنا.

لە بەرامبەردا ئێران، بە هێرشێکی زۆری موشەکی بالستی، کرۆز و فرۆکەی بێفرۆکەوان، شارە سەرەکییەکانی ئیسرائیلی کردە ئامانج، لەوانە تەلئەبیب، حەیفا و .... ئەو شەڕە بێ وێنەیە، نەک تەنها لە رووی سەربازییەوە، بەڵکو لە رووی ڕەمزیشەوە، خاڵگۆڕانی مێژووییە بۆ هەردوولا. ئێستا لە پێنجەمین ڕۆژی شەڕدا، بژاردەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران سنووردارن و تەنیا دوو بژاردەی ماوە: یان تەسلیم بێت و بەرنامە مووشەکی و ئەتۆمییەکانی ڕابگرێت، یان ئامادە بێت بۆ درێژەدان بە شەڕێکی وێرانکەر کە دەرئەنجامە پێشبینینەکراو بن.

## گورزێک کە پێکهاتەی ئەمنی ئێرانی هەژاند

لە ڕۆژە سەرەتاییەکانی شەڕەکەوە، بەپێی هێندێک دانپێدانانی ئێران و سەرچاوە نێودەوڵەتییەکان، دەیان فەرماندەی باڵا وکاریگەری سوپای پاسداران، سپای قودس و هەروەها چەندین زانای ناوکیی ئێرانی، لە بۆردومانە ئامانجدارەکانی ئیسرائیلدا کوژراون. ئەم ئۆپەراسیۆنانە، وەک بەشێک لە ستراتیژییەکی هەماهەنگ، بۆ بڕینی بەڕێوەبردن و تێکدانی کۆنترۆڵی لۆجستی کۆماری ئیسلامی سەیر دەکرێت.

فرۆکەخانە و بنکە مووشەکییەکانی تاران، تەبریز، ئیسفەهان، کرماشان، هەمەدان و زۆر پێگەی دیکە، کراونەتە ئامانج. هەروەها ناوەندەکانی دەوڵەمەندکردنی نەتەنز و فۆردۆ، بەهۆی هێرشی وردی فڕۆکەی F35، فرۆکەی بێفرۆکەوان و ئەلیکترۆنیەوە، تا ڕادەیەکی بەرچاو پەک کەوتوون. ئەو زیانانە، بەپێی شیکاری مانگی دەستکردی دامەزراوە ڕۆژئاواییەکان، توانای بەرگری ئۆپەراسیۆنی ئێرانی لە نێوان ٣٠ بۆ ٥٠ لەسەد کەم کردووەتەوە.

## وەڵامی ئێران: هێرشی مووشەکی بەرپەرچدانەوە و هەڕەشەی پەرەسەندنی ململانێکان

ئێران هەرچەندە لە سەرەتادا تووشی سەرسوڕمان بوو، بەڵام بە هەڵدانی سەدان مووشەک بۆ سەر شارەکانی ئیسرائیل و تێکدانی ژیانی ڕۆژانە لە ئیسرائیل، ئەگەر ئەو تکنیکە بەکار هاتووە پڕ لە کەموکورتی تێکنیکی و سەربازیش بوو بێت، نیشانی دا کە هێشتا توانای ماوە. ئەوەش هەرچەندە، باڵادەستیی تەکنەلۆژی ئیسرائیل لە بەرگری ئاسمانی و شەڕی ئەلیکترۆنیدا، زۆرێک لەم هێرشانەی پووچەڵ کردووەتەوە. وێنەی زیانەکانی ئیسرائیل هەم نیگەرانی جیهانی لێکەوتەوە، هەم فشاری سیاسی لەناوخۆی وڵاتەکەیدا زیاد کردووە.

هەروەها سوپای پاسداران هەڕەشەی ئەوەی کردوە، کە ئەگەر هێرشەکان بەردەوام بن، دامەزراوە نەوتییەکانی هاوپەیمانەکانی ئیسرائیل لە کەنداوی فارس و دەریای سوور دەکرێنە ئامانج و ڕێڕەوی هورموز دادەخات. هەڕەشەیەکی لەو شێوەیە، دەتوانێت زلهێزەکان، لەوان ئەمریکا ڕاستەوخۆ ڕابکێشێتە نێو ململانێیەکانەوە.

## داڕمانی ستراتیژیکی سوریا و کۆتایی سەردەمی "قەڵغانی ناوچەیی

لە کاتێکدا کە ئەم شەڕە درێژەی هەیە، ڕووخانی ماوەیەک لەو پێش حکوومەتی بەشار ئەسەد لە سووریە، کشانەوەی

یەکجارەکیی هێزەکانی ئێران لەو وڵاتە، وەک دارمانی تەواوەتی ستراتیژی "قەڵغانی ناوچەیی" کۆماری ئیسلامی سەیر دەکرێت. تاران چیتر ناتوانێت خاکی سوریا بەکاربهێنێت بۆ ناردنی چەک بۆ حیزبوڵڵا، یان هەڕەشەکردن لە سنوورەکانی باکووری ئیسرائیل.

بەبێ سووریە، کاریگەریی ناوچەیی ئێران، بەتەنها لە عێراق و لوبنانەوە سنووردار دەمێنێتەوە- ئەوەش لە هەلومەرجێکدا، کە ئەم وڵاتانە بەرەورووی فشاری توندی نێوخۆیی، سزا نێودەوڵەتییەکان و دەستوەردانی دەرەکی بوونەتەوە.

## بژاردەی تەسلیمبوون: قبوڵکردنی واقیع یان شکستی ئایدیۆلۆژی؟

لەگەڵ بەردەوامبوونی شەڕدا، زۆرێک لە چاودێرانی نێودەوڵەتی و تەنانەت کەسایەتییەکانی نێو حکوومەتی ئێران پێیانوایە، کە درێژەدان بەم ڕەوتە، ڕێژیم بەرەو لێواری دارمانی نێوخۆیی پاڵ دەنێت. گوشارە ئابوورییەکان، خەسارە مرۆڤییەکان، دارمانی ژێرخان و ئەگەری نائارامی کۆمەڵایەتی، ئەو واقیعە تاڵانەن، کە لە ئاسۆی کۆماری ئیسلامیدا سەریان هەڵداوە.

لەم هەلومەرجەدا، تاکە ڕێگای دەربازبوون، گەڕانەوەیە بۆ سەر مێزی دانوستان و قبوڵکردنی هەلومەرجی سەختی، وەک ڕاگرتنی تەواوەتی لە بەرنامە مووشەکییەکان و بەرنامە ئەتۆمییەکان- بەڵام ئەم بڕیارە بە مانای نکۆڵیکردنە لە سیاسەتی فەرمی، ئایدۆلۆژیای خۆڕاگری و شەرعیەتی سیاسی، دەیان ساڵەی کۆماری ئیسلامی.

## درێژەدان بە شەڕ: قومارێکی مەترسیدار، یان ڕێگایەکی بێگەڕانەوە

لە بەرامبەردا، ڕەوتە توندڕەوەکانی نێو ڕژیم، بەردەوامن لە پێداگری لەسەر درێژەدان بە شەڕ. ئەوان باوەڕیان وایە، پاشەکشە لە هەر حاڵەتێکدا کۆتاییهاتنی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت؛ کە وایە دەبێت تا کۆتایی بەرەنگاری بکرێت، تەنانەت ئەگەر بە نرخی دارمانی وڵاتیش بێت. بەڵام ئەم ڕێبازە دەتوانێت بەکردەوە بگۆڕێت بۆ شەڕێکی ماندووبکەری ناوچەیی، کە ئێران نەک هەر لەگەڵ ئیسرائیل، بەڵکوو لەگەڵ ئەمریکا، سعودیە و ڕەنگە تەنانەت، لەگەڵ تورکیە و یەکێتی ئەورووپاش بیخاتە ململانێیەوە. لەم حاڵەتەدا، نەک هەر سیستەم، بەڵکوو داهاتوو و یەکپارچەیی ئێرانیش گومانی دەخرێتە سەر.


## دەرەنجام: لە لێواری هەڵدێردا

ئێستا کە پێنج ڕۆژ بەسەر ئەم شەڕە بێوێنەیەدا تێدەپەڕێت، ڕوون بووە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە یەکێک لە خاڵە مەترسیدارەکانی مێژووی هاوچەرخی خۆیدایە. ڕێگای سێیەم بونی نیە. یان دەبێت دەستبەرداری بەرنامە ئەتۆمی و مووشەکییەکانی خۆی بێت و تەسلیم بێت، یان ئامادە بێت بۆ درێژەدان بە شەڕێک کە هەر ڕۆژێکی بە تێچوویەکی قورستر، شەرعیەتێکی کەمتر و داهاتوویەکی تاریکترە.

لە کۆتاییدا ئەم شەڕە نەک هەر براوەی نابێت، بەڵکو دەتوانێت بە درێژایی دەیان ساڵ، ببێتە هۆی ناسەقامگیری، شەڕی بە وەکالەت و داڕمانی سیاسی لە ناوچەکەدا. بەڵام بڕیاری کۆتایی لە تاران دەدرێت، لە نیوەی شەوێکدا، کە چیتر تاقە پەناگەیەکیشی بۆ نەماوەتەوە.

٢٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

## کۆتایی فۆردۆ و نەتەنز، سەرەتای داڕمان (شکاندنی تلیسمی سیستەمێکی خۆ بەپیرۆززان)



لە شەوی ١ی پووشپەڕی ١٤٠٤ی هەتاوی لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی سیاسی و ئەمنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەڵدرایەوە. بۆردومانی وردی دامەزراوەی ئەتۆمی فۆردۆ، نەتەنز و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە دەوروبەری تاران، لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی B2 ی ئەمریکی بە هاوکاری ئۆپەراسیۆنی ئیسرائیلەوە، تەنها ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی نەبوو، بەڵکوو پەیامێکی ڕوون بوو بۆ ڕێژیمێک کە ساڵانێکە لە پشت دروشمی "بەرخۆدان" و "سەربەخۆیی" و "وزەی ئەتۆمی ئاشتیانە" خۆی حەشارداوە، گەلەکەی لە تاریکی سەرکوت و گەندەڵی و گۆشەگیریدا هێشتۆتەوە.

ئەم ئۆپەراسیۆنە بەبێ گوێدانە شیکارییە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی لەسەر شەرعیەتی عەمەلیاتەکە، وەڵامێک بوو بۆ ساڵانێک لە چەقبەستوویی لەلایەن سیستەمێکی ئایدیۆلۆژییەوە، کە خۆی وەک میراتگری ئیمپراتۆریەتی سەفەوی دەبینێت، بەڵام بەکردەوە جگە لە خورافاتێکی سیاسی، ناسیۆنالیزمی شیعە سەنتەری و سەرکوتکردنی هەر دەنگێکی ناڕازی، هیچی دیکەی پێشکەش نەکردوە. کۆماری ئیسلامی ئێران کە بەدرێژایی ساڵان، "فۆردۆ"ی کردبووە هێمایەکی ئایدیۆلۆژی -وەک ئەوەی فۆردۆ دڵی خۆڕاگری و دڵی کەرامەتی ئیسلامی بێت- ئێستا دڵی شکا؛ نەک بە ڕاپەڕینی جەماوەری، بەڵکوو بە فشاری دەرەکی. ئەمە بۆخۆی سیمبولی چەقبەستوویی مێژوویی حکومەتێکە، کە گوێی بە داخوازییەکانی خەڵک نەگرت و دواجار تووشی دەرئەنجامەکانی لووتبەرزی خۆی بووە.

## ئەو دەسەڵاتەی کە دەرهێنەری زنجیرەی خۆی نەبوو

ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا شاهیدی بووین، درامایەکی ئاڵۆز بەڵام پێشبینیکراو بوو: سیستەمێکی تائیفی کە بە ناوی ئایین، ئەمنییەتی گەلانی ئێرانی کردە قوربانی ئاسایشی خۆی، بەن اوی سەربەخۆییەوە، وڵاتی بردە گۆشەگیرییەکی تەواوەوە، و بە ناوی وزەی ئاشتییانە، سەدان ملیارد دۆلار لە سامانی نیشتیمانی بۆ ئەو پڕۆژانە خەرج کرد، کە تاکە بەرهەمیان گەمارۆ و هەژاری و لەنێوبردنی ژێرخانەکان بوو. ئێستا کارەکە گەیشتوونەتە ئاستێک، کە کۆتایی ئەم زنجیرەیە نەک لە لایەن گەلانی ئێرانەوە، بەڵکو لەلایەن ئەو ڕەقیبە دەرەکییەکانی یەکلایی دەکرێتەوە، کە سیستەم و ڕێژێم، خۆی بە سیاسەتە سەرگەردانەکانی بوو بە هاندەری کاری ئەوان.

ڕەنگە ئەمە کارەساتی گەورەی ئێرانی مۆدێرن بێت: حکوومەتێک کە بانگەشەی پشتیوانی لە "چەوساوەکان" دەکات، ئەمڕۆ لە پێناو پاراستنی چەند سەنتەرفیوژێکدا پەنای بۆ سەرکوتی ناوخۆیی، سەرگەرمی دەرەکی و قومارە ئەتۆمییەکان برد. دواجار، هەروەک چۆن شا لە ساڵی ١٣٥٧ دارما، ئێستا سیستەمی ویلایەتی فەقیە لە لێواری دارمانی سیاسی و سەربازیدایە.

## سەفەویخوازی مۆدێرن: پڕۆژەیەکی شکستخواردوو

ئاماژەکردن بە "سەفەوییەکان" لە ئەدەبیاتی سیاسی بەشێک لە ڕەخنەگرانی کۆماری ئیسلامیدا، ئاماژەیەک بۆ بەرهەمهێنانەوەی پڕۆژەیەکی مێژوویی ناوەندگەرایی ئایینی، کە ئەمڕۆ لە شێوەی "دەسەڵاتی ڕەهای فەقیە"دا بەرهەم هێنراوە. هەروەک چۆن سەفەوییەکان بە سەپاندنی ئایینێکی فەرمی و سەرکوتکردنی ناسنامە هەمەچەشنەکانی ئێرانی کۆنێ لەیەک جیاکردەوە، کۆماری ئیسلامییش هەوڵی داوە هەموو دەنگێکی ڕەخنەگرانەی کورد، بەلووچ، عەرەب، ئازەری و تەنانەت فارسیش، بە کەڵک وەرگرتن لە کەرەستەی ئەمنی، میدیا و سەربازی بێدەنگ بکات.

بەڵام مێژوو دەریخستووە، کە سەپاندنی ئایدۆلۆژیا لە ڕێگەی سەرکوتکردنەوە، نە بەردەوام بووە و نە کاریگەر. ئاگری تووڕەیی شاراوەی نەتەوەکان بە پریشکێک گڕ دەگرێت.

پریشکەکانی ئەمڕۆ کەم نین: لە ڕاپەڕینی ژن، ژیان، ئازادی لە کوردستان و تاران، تا ڕاپەڕینە پەرشوبڵاوەکانی بەلوچستان و خوزستان. ئەمڕۆ لەگەڵ لەناوچوونی فۆردۆ و نەتەنز، یەکێک لە دوا پایە ڕەمزییەکانی "دەسەڵاتێکی بوکەڵەیی" دارما. ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە، ئەم پێکهاتە ڕزیو و گەنیوە، لە داهاتوویەکی بە تەواوی دارمێت؟

### ئایا ڕۆژئاوا پاڵەوانی ئێمەیە؟ سوپاس بۆیان، بەڵام هەرگیز!

خاڵی گرنگ و بەئازاری چیرۆکەکە ئەمەیە: نەتەوەکانی ئێران هەرگیز نابێت هیوای بە فڕۆکەی بۆمبڕێژکراوی B2 یان پشتیوانیی مەرجدار لە ڕۆژئاوا بخوازن. ئەزمونی مێژووی هاوچەرخ پێوەندیدار بە ئێران و پرسی کوردیش هەموویان پێکەوە دەریانخستوە، کە ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان، پێش هەموو شتێک، لە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانن، نەک ئازادیی نەتەوەکان.

بەو حاڵەش دەبێ واقیعبین بین: ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە باتی عەقڵانیەت و بەرژەوەندیی گشتی، لە پێداگری لەسەر تەماحی ئایدیۆلۆژیکی بەردەوام بێت، تەنیا ڕێگای باقی بۆ گەل، یان دارمانی تەواوەتی ناوخۆییە، یان دەستێوەردانی دەرەکییە، کە دەتوانن تێچووی ترسناکی لە گەڵدا بێت. بەرپرسیارێتی ئەم دۆخە لە ئەستۆی گەل نیە، بەڵکوو لە ئەستۆی ئەو دەسەڵاتدارانەدایە، کە سالانێکە دەنگی ئەم میللەتەیان نەبیستووە.

### پەیڤی کۆتایی

ئەوەی ئەمشەو ڕووی دا - کۆتایی فۆردۆ و نەتەنز - کۆتایی پرۆژەیەکی ئایدیۆلۆژیی شکستخواردوو بوو. بەڵام سەرەتای کاری گەلانی ئێران، هێشتا لە ئارادایە. نابێت بکەوینە داوی وەهمی سەرکەوتنی ڕۆژئاوا، یا ڕزگاری لە دەرەوەرا. سەرکەوتنی ڕاستەقینە، لە وشیاری، لە یەکگرتوویی نەتەوە و چینەکان، لە هاوپشتی ژن و پیاو، لە بنیاتنانەوەی ئێران لەسەر بنەمای دادپەروەری، ئازادی و هەمەجۆرییدایە.

فۆردۆ و نەتەنز کۆتاییە، بەڵام ئازادی هێشتا دەستی پێ نەکردوە. ئێمە هێشتا لە نێوەڕاستی ڕێگادایین.

ای پووشپەڕی ٢٧٢٥

## بێدەنگیی خەڵکی ناوەند و ئێمەی نەتەوەکانی ستەملێکراو



لەگەڵ هێرشە ئاسمانییەکەی ئیسرائیل بۆ سەر خاکی ئێران – بەبێ گوێدانە ڕەهەندە یاسایی، سەربازی و سیاسییەکانی– ئەو کاردانەوەیەی کە دەبوو لە دڵی کۆمەڵگەوە، واتە خەڵک بێتە ئاراوە، هەتا ئێستا ڕووی نەداوە. ئەو کاردانەوەی ئێمە لە لایەن کۆمەڵگەی ناوەندەوە دەیبینین بێدەنگییەکی قورس و کوشندەیە. لە هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە و لە هەلومەرجێکی هاوشێوەدا، و لە هەر شوێنێکی دیکەی جیهاندا، ئەوە دەکرا بە هەوێنی گۆڕەپانی ڕاپەڕین و گۆڕانکاری. ئەگەر ڕووداوێکی لەو شێوەیەی ئێران، لە وڵاتێکی دیکە ڕووی دابا، خەڵکی بەشی ناوەندی ئەو وڵاتە، هەرچەندە ڕێژێمەکەیان ستەمکاریش بووایە، بێگومان دەڕژانە سەر شەقامەکان. بەڵام لە ئێرانی ئەمڕۆدا، بە تایبەت بەشی ناوەند، بەردەوامن لە پاسیڤبوون و کەوتنە نێو خەوێکی قووڵەوە.

لە هەلومەرجێکدا کە گوشارە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان بۆ سەر ڕێژیم بەردەوام لە زیادبووندایە و خەڵکی دەوروبەر، بە تایبەت لە کوردستان و بەلوچستان و ئەهواز و ناوچە چەوساوەکانی دیکە باجی قورسیان بۆ خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم ڕێژیمە داوە، جەماوەری ناوەند هەروا بێدەنگە. ئەم بێدەنگییە بەرێکەوت نیە؛ ئەوە ڕەنگدانەوەی دوودڵییەکی پێکهاتەییە، بۆ بەشداریکردن لە پرۆژەی گۆڕینی بنەڕەتیی سیستەمەکە.

ئێستا ئەو پرسیارە دێتە پێش: ئایا خەڵکی ناوەند چاوەڕێی وڵاتانی دەرەوە، یان گەلانی تری ئێران، وەک کورد و بەلووچ بێن و ئەرکەکەیان بۆ تەواو بکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە ڕوونە: ڕووخاندنی حکومەتێک -تەنانەت ئەگەر تاکڕەو و تاوانکاریش بێت- ناتوانرێت لە دەرەوە بسەپێندرێت. شەرعییەتی ئەو گۆڕانکارییە، پەیوەستە بە چالاکی خەڵکی خۆجێیی. ڕەنگە هێز و لایەنە نێودەوڵەتییەکان بتوانن ڕێگاکە نەرم و خۆش بکەن، بەڵام ناتوانن جێگەی ئیرادەی خەڵکی هەمان وڵات بگرنەوە؛ بەتایبەتی ئەو خەڵک و جەماوەرەی کە لە ناوەنددان، هەم لە ڕووی ژمارەی دانیشتووان و چ لە ڕووی چڕبوونەوەی دەسەڵاتەوە، لە پێگەیەکی سەرەکی و کلیلیدان.

لەم جۆرە هەلومەرجەدا، پاسیڤیەتی و ناکارایی چینی ناوەندگەرا، هەڵگری پەیامی گرینگە بۆ گەلانی چەوساوە. پەیامی یەکەم ئەوەیە کە نابێت چاوەڕوانی بەئاگاهاتنەوەی کتوپڕی ناوەند بکەین. ئەو بێدەنگییەی ئەمڕۆ دەیبینین، تەنیا دەرئەنجامی ترس نیە، بەڵکوو دەرئەنجامی ساڵانێکە لە بەرژەوەندیی پێکهاتەیی، ئیمتیازە کولتوورییەکان و هەستکردن بە سەربەخۆیی بە "نیشتمانێکی یەکگرتوو" کە بەکردەوە ناوەند وەک میحوەر و دەروبەر وەک پەراوێز دەبینێت.

لە بەرامبەر ئەم واقیعەدا، ئەرکی ئێمەی گەلانی ستەملێکراو، نەک هاواری سۆزداری، بەڵکوو دەبێ شیکاریی واقیعی بێت. پێویستە ئەم بۆشاییە کە دروست بووە، بەڵام نەک بۆ هەڵگیرسانی ڕق و کینە، بەڵکوو بۆ ئاوەدانکردنەوە و ئاشتەوایی نەتەوەیی لەنێو خۆماندا بە کار بهێنین. دەبێت لە ململانێ مێژووییەکان بەبێ ئەوەی لە بیریان بکەین، بۆ دووبارە نەبوونەوەیان لەو فێربین، و دەست بە لاپەڕەیەکی نوێ بکەین. لاپەڕەی خۆبەڕێوەبردن، هاوپشتی نێوخۆیی و دوورکەوتنەوە لە پشتبەستن بە ناوەندێکی خەوتوو.

**هەنگاوی یەکەم:** ئامادەکردنی گەلی خۆمانە: چ لە ڕووی دەروونی و چ لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە. دەبێت لە ئەگەری روخانی ڕێژیم، گەلەکەمان فێر و ئامادە کردبێت، کە چۆن پارێزگا، شار، ناوچە و گوندەکانیان بەڕێوە ببەن؛ چۆنیەتیی پاراستنی ئارامی گشتی، و چۆن ڕێگری بکەن لە بۆشایی دەسەڵات کە نەبێتە هۆی، ئاژاوە، هەرج و مەرج، یان هەڵوەشاندنەوەی نەخوازراو. ئێمە پێویستمان بە شێواز گەلێکە بۆ حوکمداری بەشدارانە، نێوخۆیی و دێموکراتیک؛ شێواز گەلێک، کە نەک لەسەر بنەمای ناوەند، بەڵکوو لەسەر بنەمای پێداویستییە ڕاستەقینەکانی هەر ناوچەیەک، دیزاین کراوبن.

**هەنگاوی دووەم:** داڕشتن و بە ڕوونی خستنەڕووی داواکارییەکانمان. دەبێت بزانین چیمان دەوێت، بەڵام دەبێت بە شێوەیەکی واقیعی بیخەینە ڕوو، خۆمان لە سیاسەتی "هەموو یان هیچ" بەدوور بگرین. زۆرترین داواکاری، بەبێ گوێدانە توانا و مەرجە بابەتییەکان، نەک هەر شکست دەهێنێت لە بەدەستهێنانی ئەنجام، بەڵکو نەوەکانی داهاتووش لە ڕێڕەوی داواکارییەکانان دەخاتە تەنگانە و بێهیوایان دەکات. دەبێت پلانێکمان هەبێت بۆ پێشکەوتنی هەنگاو بە هەنگاو؛ لە


خۆبەڕێوەبەریی نێوخۆییەوە هەتا بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین لە چوارچێوەی یاسایی و شەرعیەت پێدراوی نێودەوڵەتیدا.

بەڵام لە هەمووی گرنگتر، نابێ ڕێگە بدەین کوردستان، بەلووچستان و ناوچە بێبەشەکانی تر، باری خەبات بۆ ناوەندێک کە لە خەوی ڕۆئیاییدایە، لە شان بگرن. هەرکات ناوەند، لە تارانەوە تا ئیسفەهان، لە شیرازەوە تا مەشهەد، ئیرادەی جووڵە و گۆڕان نیشان بدات، ئەو کات ئێمە وەک منداڵی گەلانی مێژوویی ئەم خاکە، لە ڕێگای روخانی ڕێژیم، هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ ئەواندا دەڕۆین. بەڵام تا ئەوکاتە، نابێ تاکلایەنە تێچووی قورسی ڕاپەڕین بدەین.

رووخانی ڕێژیم، بەبێ بەشداری کارای ناوەند مومکین نییە. ئەگەر ئەم ڕاستییە پشتگوێ بخەین، وەک زۆرێک لە ڕاپەڕینەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران، هەوڵی نەتەوە چەوساوەکان یان سەرکوت دەکرێن یان دەستیان بەسەردا دەگیرێت. ئێستا نە کاتی خۆشخەیاڵی، نە کاتی هەستی شۆڕشگێڕانەیە، بەڵکوو کات، کاتی شیکاری ستراتیژی و پلاندانانی وردە.

٣ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

## داهاتوو بەدیاری نایەت، دەبێ بنیات بنرێت



لە مێژووی پێچەڵاوپێچی گەلاندا، ساتگەلێک هەن کە جیلەکان بانگ دەکەن، کە بە وەستانێکی قووڵ، بۆ ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوە و بڕیارێکی چارەنووسساز. ئەمڕۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیشتە یەکێک لەو ساتانە؛ ساتێک، کە ناتوانین بە ئینکاری ڕابردوو، یان شاردنەوەی ئێستا، ڕێگایەک بۆ سبەینێ بکەینەوە. بۆ ئەوانەی لە جوگرافیای سیاسی، چەوساوە و پارچەپارچەکراوی کوردستاندا ژیاوین، ئەرکێکی مێژوویی‌مان لە پێشە، ئەویش ئەوەیە، کە کڵاوەکانمان دانێین، بیخەینە بەردەممان، بە ئاشکرا سەیری ڕابردوومان بکەین، ڕاستگۆیانە ئەمڕۆ هەڵسەنگێنین و بە وشیارییەوە بەڵێنێک بۆ سبەینێ بدەین.

ڕابردوومان پڕە لە هەوڵی گەورە و قوربانیدانی بێهاوتا، بەڵام هاوکات پڕە لە جیاوازییەکان، تاکڕەوی، تێنەگەیشتن لە یەکتری، و هەندێکجاریش دەمارگرژی، کە ڕێگەی هاوکاری و دەرفەتە زێڕینەکانی بەبا داوە. حیزب و ڕێکخراوەکان، کە هەریەکەیان بە نیازی خزمەتکردنی گەلەوە سەریان هەڵداوە و بە ئایدیالی بەرزەوە ڕەگ و ڕیشەیان لە خاکی ئەم خاکەدا داکوتاوە، لە هەندێک خاڵی دیاریکراوی مێژوودا لە جیاتی تەواوکەری یەکتر بن، بەرامبەر یەکتر وەستاون. تەنانەت هەندێک جار شیکاریی دوژمن، جێگەی هاوڕێیەتی نێوخۆیی گرتۆتەوە و، هەندێک جاریش گومان لە نیەتی هاوڕێیەتی، سێبەرێکی خستووەتە سەر متمانە بە ڕێگاکەدا.



سەرچاوە
Serchawe

لەگەڵ هەر دید، تێگەیشتن، جیهانبینی و سەلیقەیەک کە هەمانبوو و هەمانە، ئەمڕۆ گەیشتوینەتە خاڵێک، کە دەبێت لانیکەم لەسەر یەک شت ڕێکبکەوین: ڕاستگۆیی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕابردوودا. هیچ هێزێک لە دونیادا، هێندەی ئازایەتی دانپێدانان بە هەڵەکان، ناتوانێت بنەمای شیکارییەکی دروستی ئەمڕۆ و بنیاتنانی سبەینێیەکی گەش بێت. میللەتێک کە لە ڕەخنەگرتن لە ڕابردوو دەترسێت، بەردەوام لە خۆی ڕادەکات؛ و ئەم ڕاکردنەش، بەرەو بێ ناسنامەیی دەیبات.

وەرن با بۆ یەکەمجار، نەک لە بەیاننامەیەکی حزبی، یان لە مێزگردەیەکی ئەکادیمیدا، بەڵکوو لە قووڵایی ناخ و ئەزموونەکانمانەوە، دەست لەنێو دەستی یەک ببەستین و دان بەوەدا بنێین: ئێمەش هەڵەمان کردوە. ئێمەش هەندێک جار دەرگای یەکڕیزیمان بەڕووی یەکتردا داخستوە، ئێمەش گوێمان لە دەنگی کەسێکی دیکە نەبووە و ئێمەش هەندێک جار بەرژەوەندی بەکۆمەڵمان، کردووە بە قوربانی بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆمان. بەڵام ئەمڕۆ، درەنگ نەبووە.

ئەوەی ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستە، یەکڕیزییە؛ یەکیەتییەک نەک تەنها بە وشە، نەک لە پشت دەرگا داخراوەکان و لەسەر بنەمای ئیدیعای پشک، بەڵکو یەکیەتییەکی دڵسۆزانە، کە لە تێگەیشتنێکی قووڵ لە لاوازی و تواناکانمانەوە سەرچاوە دەگرێت. یەکیەتییەک نەک لەسەر نەهێشتنی جیاوازییەکان، بەڵکوو لەسەر قبوڵکردن و بەڕێوەبردنیان بنیات بنرێت.

نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای ستەمی مێژوویی، خاوەنی پاشخانێکی بێهاوتای وشیاری، خۆڕاگری، فەرهەنگ، گەنجانی پڕ لە سۆزە بۆ کوردستان. بەڵام ئەم پاشخانە و ماتەوەزیە کاتێک دەبنە سەرمایەیەکی سیاسی و نەتەوەیی، کاتێک کە هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی، بەبێ گوێدانە ناو و نیشان، بە دیالۆگێکی نیشتمانی، میساقێکی هاوبەش و لانی کەم ڕێککەوتن لەسەر بەرژەوەندیی نەتەوەکەیان، بگەنە ڕێکەوتنێک.

پێویستە ڕوون و ڕاشکاوانە بڵێین: ئەگەر ئەمڕۆ نەتوانین ڕەخنەگرانە پێداچوونەوە بە ڕابردوومانـدا بکەین، ئەگەر نەتوانین لە بەرامبەر هەڵەکانماندا بوەستین و داوای لێبوردن بکەین، ئەگەر نەمانەوێت یان نازانین چۆن لەگەڵ یەکتر دابنیشین و گوێ بگرین، نە لە ئەمڕۆ تێدەگەین و نە سبەیەک بنیات دەنێین. بەم بێتواناییە، نەوەکانی داهاتوو لە دەرفەتی مێژوویی، تۆمار کردنی چارەنووسی خۆیان بێبەش دەکەین.

داهاتوو بەدیاری نایەت؛ داهاتوو دەبێت بنیات بنرێت. بینایەک کە بە شیکارییەکی وردی ئەمڕۆ، تێگەیشتنێکی قووڵ لە دوێنێ و باوەڕێکی هاوبەش بە دەسەڵاتی میللەتەکەمان دەست پێ دەکات. پێویستە ئەمڕۆمان، بە کەرەستەی عەقڵ، بوێری و ویژدان بپێوین. کێ ترسی لە دان بە هەڵەدایە، ئەگەر سبەینێیەکی گەش لە ڕێگادا بێت؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە

لەبەرامبەر میللەتەکەمان و نەک تەنها لەبەردەم مێژوودا بوەستینەوە و بڵێین: هەڵەیەکمان کرد، بەڵام هێشتا ئامادەین ڕێگایەک بدۆزینەوە و بنیات بنێین؟

میللەتی کورد شایەنی سبەینێیەکە، کە هیچ لایەنێک لەودا خۆسەنتەر نەبێت، هیچ دەنگێک بێدەنگ نەکرێت و هیچ هەوڵێکیش بێ پشتیوانی نەمێنێتەوە. ئەوەی پێویستە یەکیەتییە، و تەنها یەکگرییە؛ یەکیەتی و یەکگرییەک لە ڕەگەزی حەقیقەت، نەک مەسلەحەت. یەکیەتییەک کە ئومێد بە دۆست و نائومێدی بە دوژمن دەبەخشێت.

**وەرن با بۆ یەکەمجار، نەک بەتەنیا بخوێنینەوە با یەکگرتوو بین، بەڵکو پێکەوە بنووسین: بە واژۆیەک لەژێر بەڵگەنامەی ئایندەدا، بە ناوی نەتەوەی کوردەوە، بە پشتڕاست بوون بە عەقڵ و ئەزمون، بۆ مێژوو و بۆ هیوا.**

**پەیامەکە ڕوونە: ئەگەر ئەمڕۆ ڕەخنە لە دوێنێ نەگرین و ئەمڕۆ بناغەکانی یەکڕیزی دانەنێین، سبەی هەرگیز نایەت.**

**٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

## بەرەبەیانی حەقیقەت لە ئاوابوونی درۆدا



یەک لە سروشت و تایبەتمەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕێبەرانی، بەتایبەت خومەینی و خامنەیی درۆکردن و خاپاندنی گەلانی ئێران بووە. لە ئێستادا کە تەمی مەرگ و فەنابوون ڕوخساری خامنەیی داپۆشیوە و چۆکی پێ داداوە، حەقیقەتەکانی مێژووی حوکمڕانیی دیکتاتۆریی ئەو پتر لە هەر کاتێک دەردەکەون.

لە ڕاستیدا لە ئاسۆی تاریک و نادیاری کۆماری ئیسلامیدا کە درۆ لە مێژە سێبەرێکی پیرۆز بووە، حەقیقەت وەک ڕووناکییەکی ماندوو، بەڵام زیندوو لە کەمیندایە. کاتێکیش بناغەکانی فێڵکردن دەڕووخێت، ئەوەی شاراوە بووە، بە خێراییەکی بێبەزەییانە و ڕوونییەکی سەرسوڕهێنەر، خۆی ئاشکرا دەکات. ئەو مردنەی کە بۆ عەلی خامنەیی، ڕێبەری سیستەمێکی خۆسەپێن کە لەسەر سەرکوت بنیات نراوە، پێشبینی دەکرێت، کۆتایی جەستەیەک نیە، بەڵکوو ڕووخانی ڕووخسارێکی درۆیینە لە بەردەم ئاوێنە خوێناوییەکەی مێژوودا.

دەکرێ خامنەیی، ڕێبەری ڕژێمی کۆماری ئیسلامی وەکوو هێمای کۆتایی سیستەمێک سەیر بکرێت، سیستەمێکی سیاسی کە هەر لە سەرەتاوە لەسەر درۆ بنیات نراوە؛ درۆیەک بە ناوی کۆمار، درۆیەک بەناوی ئیسلام، درۆیەک بەناوی ڕزگاریی ستەملێکراوان، درۆیەک بە ناوی دادپەروەری. دەیان ساڵە ئەم ئامێرە دەوڵەتییە، بە زمانی ئایین و بە کەرەستەی سەرکوت و تێرۆر و کوشتن و خۆسەپاندن، وەک ڕاستییەکی ڕەها بە سەر خەڵکدا سەپێندراوە. بەڵام هیچ درۆیەک، هەرچەندە قووڵ

و ئاڵۆزیش بێت، بۆ هەمیشە لە تارماییدا نامێنێتەوە. هەر قەوارە و هەیکەلەیەک، کە لەسەر بناغەی شێواندن و سەرکوت گەشەی کردبێت، دواجار لە ساتێکی بێڕەحمانەدا، لە ناوەوە دەپوکێتەوە و دەڕووخێت.

گەیشتنی کاتی مردنی خامنەیی وەک تاکێک، ڕەنگە بۆ زۆر کەس تەنیا ڕووداوێکی بایۆلۆژی بێت؛ بەڵام ئەوەی لە دەرەوەی جەستەی ئەو دەمرێت، گێڕانەوەی بە دامەزراوەکراوی درۆیە. ئەو کەسایەتییە کە لەسەر زەوی، خۆی بە سێبەری خودا ناو دەبات، دواجار وەک هەر دیکتاتۆرێکی تر، لە تاڵاوی حەقیقەتی مێژووییدا دەنێژرێت. لەو شوێنە ڕا کە دەسەڵاتی کۆنترۆڵکردنی گێڕانەوەکە لە دەست چووە و، دەنگی کزکراوی هەزاران قوربانی بووەتە بانگەوازی بەئاگاهاتنەوە.

لەم دەرەنجامەدا، لێکچوونێکی ڕوون لە نێوان خامنەیی و کەسایەتییەکانی وەک موختار سەقەفیدا سەرهەڵدەدات، ئەو کەسایەتییانەی کە ئەمەی دووەمیان لە نێوان ڕزگاربوون و دەسەڵاتدا هەڵبژاردوە، دواجار لە چاوی مێژوودا نەک وەک فریادڕەس، بەڵکوو وەک ئەکتەرە دووڕووەکانی دەسەڵات ناسێنراون. هەرچەندە موختار بۆ تۆڵەسەندنەوەی خوێنی حوسێن هاتبووە مەیدان، بەڵام دواجار گۆڕا بە کەسایەتییەکی پڕ لە ناڕوونی و گومان. بەڵام خامنەیی هەرگیز تەنانەت دەمامکی دادپەروەریشی لێ نەدا؛ ئەو ڕووخساری ڕووتی دەسەڵاتێکی ڕەهای داپڵۆسێنەرە، کە بە ناوی ئایینەوە گەلانی ئەم وڵاتەی بە زنجیر بەستوتەوە.

هەڵهاتنی خۆری بەرەبەیانی حەقیقەت، لە خۆرئاوابوونی درۆدا، ڕووداوێکی لەناکاو نیە. ئەم هەڵهاتنە، لەژێر خۆڵەمێشی شاراوەی پرسیارەکانی نەوەیەک پێکهاتووە، کە چیتر نە بە ناو فریو دەدرێت، نە بە دروشم لە بەند دەکرێت. نەوەی ئابانەکان، نەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"، نەوەی ڕاپەڕینە بێکۆتاکان، ئەوانە نەوەگەلێکن کە هەرگیز نەکوژانەوە، تەنانەت ئەگەر گۆڕەکانیان لە قووقوشم پڕ کرابێت. ئەوان سەرلەنوێ مێژوویەک دەنووسنەوە، بەبێ ئەوەی بۆ پاساو هێنانەوە، درۆیەک بمێنێتەوە.

کەوتنی عەلی خامنەیی، هەرکاتێک ڕوو بدات کە چاوەڕوان دەکرێت بەم زووانەش ڕوو بدات، بە تەنیا کۆتایی ڕێبەرێک نابێت؛ خاڵی کۆتایی سەردەمێک دەبێت کە سانسۆر، گرتن و ئەشکەنجەدان و کوشتن لەودا بە پیرۆز دادەنرا. بە مردنی ئەو، درۆیەک کە قورسایی لەسەر شانی میلیۆنان کەس دەکرد، هێدی هێدی دادەڕوخێت و چینە شاراوەکانی حەقیقەت، بە دیدێکی کراوە و فراوانتر لە دڵی تاریکییەوە وەدردەکەون.

بەڵێ، مردنی سروشتیی خامنەیی تاڵە، نەک لەو سۆنگەیەوە کە کۆتایی ژیانی مرۆڤێکە، بەڵکوو لەو ڕوانگەیەوە کە حەق وا نیە بەبێ ئەوەی دادگایی بکرێ و سزای تاوانەکانی وەربگرێ سەر بنێتەوە. هەروەها لەبەر ئەوەی کە مردنی ئەو



سەرچاوە
Serchawe

نیشانەی ناپاکییەکی قووڵە کە بەسەر نەتەوەکاندا سەپێنرابوو. تاڵیی ئەم مردنە، لە ڕەگەزی تاڵی حاشاکردنە؛ حاشاکردن لە هەزاران هاواری بەندکراو کە ساڵانێکە کوژاونەوە. حاشاکردن لە زیندانیکران، ئەشکەنجەدران، بێدەنگکرانی بە میلیۆن کەس لەم هەرێمەدا. بەڵام ئێستا لەگەڵ ئاوابوونی ئەم ڕووخسارە درۆتینەیە، کاتی ئەوە هاتوە کە حەقیقەت، بە هێمنی بەڵام یەکلاکەرەوە خۆی بەدەربخات.

٩ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

---

## یەکیەتیی نەتەوەیی لە سایەی ناسیۆنالیزمی کورد؛ زەروورەتی ساتەوەختی مێژوویی ئێمە



لە هەلومەرجێکدا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دۆخێکی ئاڵۆزی سیاسی، کولتووری و شوناسی کولتووری‌دایە، ئەوەی زیاتر لە جاران هەستی پێ دەکرێت، پێویستی ڕێبازێکی ڕەسەن و ڕەگداکوتاوە، کە لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی کوردی ڕۆ نرابێت. ئەزموونی مێژوویی دەریخستوە، کە هەر دەستکەوتێک کە نەتەوەی کورد لەم بەشەی کوردستاندا بەدەستی هێناوە، دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی بەرخۆدان، کۆڵنەدان و پابەندبوون بە ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بووە. لە ململانێی بزووتنەوە کلاسیکەکانی حیزبی، تا دەگاتە نارەزایەتییە مەدەنی و کولتوورییەکانی دەیەکانی ڕابردوو، ئەوەی هێزی بزوێنەری بۆ ئەو بزووتنەوانە دابین کردوە، جگە لە "کوردبوون" و "وشیاری نەتەوەیی" هیچی دیکە نەبووە.

لە غیابی ئایدۆلۆژیایەکی گشتگیری ناسیۆنالیستی، کە بتوانێت چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکبخات، گەیشتن بە داخوازییەکانی وەک، پەروەردە بە زمانی دایک، پاراستنی کولتوور، نەهێشتنی هەڵاواردنی سیاسی و ئابووری و دواجار گەیشتن بە سەروەریی سیاسی، بابەتێکی قورس و بگرە مەحالیش دەبێت. چونکە پێکهاتەی دەسەڵات لە ئێراندا، بە شێوەیەکی سیستماتیک لەسەر ئینکاری شوناسی سەربەخۆی غەیرە فارسەکان بنیات نراوە، هەروەها هەر داواکارییەکی کولتووری یان مەدەنی، بەبێ پشتیوانی سیاسی و نیشتمانی، ڕووبەڕووی سەرکوتکردن دەکاتەوە.

لەو مابەینەدا هزری ناسیۆنالیستی کوردی، دروشمێکی توندڕەو نیە، بەڵکوو پێویستییەکی مێژوویی و ئینسانی و

سەردەمیانەیە. نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی بێدەوڵەتە کە دابەش دابەش و جوگرافیا بە جوگرافیا، بەرەوڕووی سیاسەتی زەوتکردنی ناسنامە و خاکی بۆتەوە. لە وەها هەلومەرجێکدا، ناسیۆنالیزمی کوردی، ئامرازێک بۆ هەژموونخوازی نیە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ بەرگریکردن لە بوون، زمان، مێژوو و مافە بنەڕەتییەکانی نەتەوەیەک. ئێمە تەنیا بە دروستکردنی گوتارێکی هەمەلایەنە و یەکگرتوو لە دەوری تەوەرت "کوردبوون"، دەتوانین ژێرخانی بزووتنەوە و ڕاپەڕینێکی سیاسی فراوان، کە پشت بە خەڵک ببەستێت دابین بکەین؛ ڕاپەڕینێک هاوکات کە ڕەگ و ڕیشەی لە مێژوودا هەیە و ڕوو لە ئایندەیە.

ئەم بزووتنەوە و ڕاپەڕینە بەرینە، دەبێت زەمینەسازی بۆ هاودەنگییەکی هەمەلایەنەی نەتەوەیی، لە باشوورترینەوە تا باکووریترین خاڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئیلام و کرماشانەوە تا قوتور و ماکۆ دابنێت؛ هاوپشتییەک کە بتوانێت جیاوازییە سیاسی، چینایەتی، ڕەگەزی و ئایینییەکان بگۆڕێت بۆ یەکگرتوویی لەژێر سایەی شوناسی نەتەوەیی کورددا. لەم ڕێگایەدا بەرپرسیارێتی لە ئەستۆی هەمووماندایە؛ لە پارتە سیاسییەکانەوە، بۆ رووناکبیرانی سەربەخۆ، لە چالاکانی مەدەنی و ژینگەپارێزەوە، تا هونەرمەند و مامۆستا. ڕاپەڕینێکی سیاسی بۆ گۆڕینی دۆخی ئێستا تەنیا کاتێک بەردەوام دەبێت، کە لەسەر بنەمای بەشداریی هەمەچەشنترین هێزەکانی کۆمەڵگەی کوردی، شێوە بگرێت.

جگە لەوەش، کارەساتی تیرۆرکردنی سەرکردە، بیرمەند و پێشەنگەکانی کورد لە دەرەوەی وڵات، نابێت پشتگوێ بخرێت. کۆماری ئیسلامیی ئێران، چەندین جار کەسایەتییە دیارەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی، لە ئۆپەراسیۆنەکانی دەرەوەی وڵات تیرۆر کردوە. هەر لە تێرۆرکردنی دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ڤیەننا و دوکتۆر سادق شەرەفکەندی لە بەرلین، تا دەگاتە هەڕەشە و گۆشەگیریی چالاکانی سیاسی لە سەرانسەری ئورووپا و وڵاتانی ناوچەکەدا، ئەم کوشتنانە تەنیا یەک پەیامیان هەبووە: تەنانەت لە دەربەدەریشدا کورد نابێت نە لە مافی ڕادەربڕین، نە لە مافی ڕێکخستن، نە لە مافی خۆڕێکخستن و مافی داواکاری سیاسی بەهرەمەند بێت. ئەم تێرۆرانە نەک هەر تاوانێکی ئاشکرا، بەڵکوو بەشێکیش لە سیاسەتێکی گەورەتری، لەناوبردنی مێشک و ئیسقانی بزووتنەوەی کوردی بوون. بەڵام ئەوەی بەرخۆدانی ئێمەی مسۆگەر کردوە، پشتبەستنمان بووە بە ڕەگ و ڕیشەی نەتەوەییمان و باوەڕبوونمان بە ئایندەیەکی ئازاد.

لە هەمان کاتدا دەبێت ئاگاداری مەترسییەکانی گوتارە بەدیلەکانیش بین. ئەو ڕەوتانەی کە بە پاساوەکانی وەک "دیموکراسیی فرەنەتەوەیی"، "مافی مرۆڤی بێسنوور"، "مافی هاووڵاتی و شارۆمەندی" یان "سیاسەتی نێوخۆیی بێناسنامەیی"، هەوڵی پەراوێزخستنی ناسیۆنالیزمی کوردی دەدەن و، دواجار یان خزمەت بە دۆخی ئێستا دەکەن؛ یان ڕێگا بۆ گۆڕانکاری لە شوناسی بەکۆمەڵ خۆش دەکەن. ئەزموونی گەلانی ستەملێکراوی دیکە دەریخستوە، کە هیچ بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی، بەبێ پشتبەستن بە ناسنامەی مێژوویی و نەتەوەیی خۆی سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە. لە لایەکی دیکەوە، بە تەنیا بە



سەرچاوە
Serchawe


جەختکردنەوە لەسەر ئامرازە کولتوورییەکان بەبێ ئامانجی سیاسی، هیچ دەستکەوت و کاریگەری نابێت. پەروەردەی زمانی کوردی، پەرەپێدانی ئەدەبیات و میدیای کوردی، پاراستنی میراتی کولتووری و هتد، تەنیا کاتێک مانادار و بەردەوام دەبن، کە لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی نەتەوەیی و سیاسیدا پێناسە بکرێن. بە واتایەکی تر، سەروەریی کولتووری تەنیا کاتێک بەدی دێت، کە بە سەروەری سیاسییەوە ببەسترێتەوە.

ئێمەی کورد تا بە ئەمڕۆش باجێکی بێ هەژمارمان داوە: هەر لە شەهیدانی سەنگەر، تا زیندانییەکانی نێو بەندیخانەی کۆماری ئیسلامی، لە قەدەغەکردنی فێرکردنی زمانی زگماکیمانەوە، تا سانسۆرکردنی ناسنامەمان لە میدیاکان و لە دەربەدەری زۆرەملێ، تا تیرۆرکردنی سەرکردەکانمان لە پایتەختەکانی ئورووپا. ئەم تێچوونانە نابێت بەبێ ئەنجام بمێننەوە. ئێستا کاتی ئەوەیە بە ڕوونی ڕایبگەیەنین: ئەوەی هەمانە دەرئەنجامی ناسیۆنالیزمی ئێمەیە، ئەوەی ئێمە دەمانەوێت، هەر لە ڕێگەی ڕێبازی ناسیۆنالیزمەوە مومکین و دەستەبەر دەبێت.

لە کۆتاییدا، ئەم ڕاپەڕینە گەورەیە دەبێت، ئەخلاقی، بە ڕەگ و ڕیشە و لەسەر بنەمای ئیرادەی گەل بێت؛ هاوردەنەکراو، بەستراوە نەبوو بە زلهێزە دەرەکییەکان و گرێدراو بە کوتلەیەک لە حکوومەتی ئێراندا نەبێت. هێزی ڕاستەقینەی ئێمە لە یەکیەتی نەتەوەییمان‌دایە؛ یەکیەتییەک کە لە فرەچەشنی ئێمەدا مانا دەدۆزێتەوە، بەڵام لەسەر بناغەکانی شوناسی کورد و مافی چارەی خۆنووسین بنیات نراوە.

١٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

## قاسملوو: دەنگی بێگەردی حیکمەت لەنێو جەنجاڵی چەکدا



لە دونیای هاوچەرخدا، کە جەنجاڵی توندوتیژی، توندڕەوی و وەدەرنانی "ئەویتر" بەسەر زۆرێک لە گوتاری سیاسیدا زاڵە، کەسایەتییەکانی وەک دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، نەک هەر دەگمەنن، بەڵکوو بەڕاستی لە لوتکەی بوێری و ڕێچکەشکێنیدا دەردەکەون. ئەو کەسایەتییەک بوو، کە لەنێو دەنگی گولله و دروشمی توندوتیژدا، ئاوازی دیالۆگ، عەقڵانییەت و ئاشتیی ژەنی. کەسایەتییەک کە نەک بە زمانی هێز، بەڵکوو بە زمانی مرۆڤایەتی، بە زمانی بیرکردنەوە و بە لۆژیکی کەرامەتی مرۆڤ قسەی کرد.

قاسملوو لە سەردەمێکدا دەژیا، کە زۆرجار سیاسەت لە ململانێیەکاندا کورت دەکرایەوە، بەڵام ئەو مۆدێلێکی جیاوازی پێشکەش کرد. بە کەلکوەرگرتن لە فێرکارییەکانی ئەکادیمی لە بواری ئابووری، فەلسەفە، زانستە سیاسییەکان و هەروەها فەرمانڕەوایی بەسەر چەند زمانێک، هەوڵی وەرگێڕانی داواکارییەکانی گەلی کورد بە زمانێک دەدا، کە جیهان لێی تێ بگات. ئەو لەبری ئەوەی پەنا بباتە بەر دووبەرەکیی گەل و نەتەوە، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، خۆماڵی و ناخۆماڵی، هەوڵی دا پردێک لە نێوان دابەشبوونە نەتەوەیی، ئایدیۆلۆژی و مێژووییەکاندا هەڵبەستێ.

لە ڕوانگەی قاسملووەوە، کوردستان نەک نەدەبوو خاکێکی خوێناوی بۆ یەکلاکردنەوەی حێساباتە مێژووییەکان بوایە، بەڵکو

دەبوو باخچەیەک با، کە دەتوانرا خاکەکەی بە دیالۆگ ئاو بدرێت. ئەو پێی وابوو لە جیهانی مۆدێرندا، پەیڕەوی سیاسەتی بەرپرسیارانە، پێویستی بە دوورکەوتنەوە هەیە لە ئەفسانەی توندوتیژی. بۆیە لەبری "شەهید ئافراندن" لە تێکۆشەران، لە "دەرفەتە زێڕینەکان بۆ ئاشتی" دووا. ئاشتییەک نەک لەسەر بنەمای تەسلیمبوون، بەڵکوو لەسەر بنەمای کەرامەت، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و مافی یەکسان بۆ هەموو نەتەوەکان و هاووڵاتیان.

ڕەنگە لایەنی هەرە سەرنجڕاکێشی جیهانبینیی قاسملوو، ڕوانینی ئەو بووبێت بۆ "کوردبوون". ئەو ناسنامەی کوردی، نەک تایبەت، داخراو و ڕوو بە ڕابردوو، بەڵکوو بە کراوە، ئینسانی و ئامادە لەسەر بنەمای دیالۆگ دەیبینینی. بۆ ئەو، کوردبوون بە مانای ژیان، گرێدراو بە بەها گەردوونییەکانی وەک ئازادی، یەکسانی و مافی چارەی خۆنووسین بوو. شوناسێک کە بە دژایەتیکردنی ئەوانی تر پێناسە نەدەکرا، بەڵکوو بە لە ئامێزگرتنی فرەچەشنی و جەختکردنەوە لەسەر بەشداریی سیاسی، هەموو نەتەوەکان و چینە کۆمەڵایەتییەکانی لە خۆ کۆ دەکردەوە.

قاسملوو بە ڕوونی دەیزانی کە لە وڵاتێکی وەک ئێراندا، خەبات بۆ مافەکانی کورد، بە تکۆڵی لە ئامادەبوون ڕوو نادات. لەم ڕووانگەیە ڕا بە بەردەوامی جەختی لە سەر، پەیوەندی نێوان خەباتی کورد، داخوازیی نەتەوەکانی تر، چینی هەژار، ژنان و ڕووناکبیران دەکردەوە. ئەو دەیگوت: کورد نابێت بەتەنها بۆ "خۆی" داوای دادپەروەری بخوازێت؛ بەڵکو دەبێت وەک بەشێک لە بزووتنەوەیەکی فراوانتر بۆ دیموکراسی، سێکۆلاریزم و مافەکانی مرۆڤ لە سەرتاسەری وڵاتدا کارا، جێگە و پێگە بگرن و تێبکۆشن.

بەڵام زلهێزە سەرکوتکەرەکان بەرگەی دەنگێکی لەو جۆرەیان نەبوو. لە مانگی پوشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ لە دڵی ئورووپا، لە ڤیەننا، کە بڕیار بوو زایەڵەی دیالۆگ دەنگ بداتەوە، قاسملوو و هاوڕێیانی بە فیشەک بێدەنگ کران. تیرۆرکردنی تەنیا نەهێشتنی سەرکردەیەکی سیاسی نەبوو؛ ئەوە هەوڵی سڕینەوەی هزرێک بوو، کە شەرعییەتی دەسەڵاتی دەخستە ژێر پرسیارەوە و ڕێگەیەکی دیکەی نیشان دەدا. تاوانێک کە ڕەگ و ڕیشەی لە ترسدا هەبوو، لە کاریگەریی بیرۆکەکان، بڵاوبوونەوەی هیوا و کردنەوەی پەنجەرەیەک بەرەو داهاتوویەکی جیاواز.

ئەمڕۆ کە جیهان جارێکی دیکە لە گەردەلولی توندوتیژی، ستەمکاری، ناسیۆنالیزمی بیرتەسک و شەڕدا گرفتار بووە، دووبارە خوێندنەوەی قاسملوو، بە تەنیا ئەرکێکی مێژوویی نیە، بەڵکوو پێویستیەکی ئەخلاقییە. ئەو نەک بەتەنیا هەر هی کوردە، بەڵکوو هی هەموو ئەوانەیە کە لەسەر بنەمای دادپەروەریدا، بەدوای ئاشتییەکدا دەگەڕێن، هی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێت تەنانەت کاتێک مرۆڤایەتی لەژێر گەمارۆشدایە، مرۆڤ بمێننەوە.

قاسملوو فێری کردین، کە بڕوامەندی بە دیالۆگ، لاوازی نیە؛ کە لێبوردەیی، پاسیڤبوون نیە؛ و کە زانایی بەتەنها ئامرازێکی ئەکادیمی نیە، بەڵکوو هێزێکی ڕزگارکەرە. دەنگی ئەو ئێکۆڵێکە، لەم پرسیارە بنەڕەتییانە ڕەنگ دەداتەوە:

**ئایا مرۆڤ دەتوانێت لە جیهانێکی پڕ لە چەوساندنەوە و سڕینەوەدا، مرۆڤ بمێنێتەوە؟ وەڵامەکەی ڕوون بوو: بەڵێ مرۆڤ دەتوانێت و دەبێت.**

**٢١ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

# تاڵان و داگیرکاری



هەواڵێکی شۆکهێنەر، کە لە ماوەی ڕابردوودا، لە لایەن ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بڵاوکرایەوە، جارێکی دیکە ڕەهەندە تاریکەکانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی، لە ناوچە کوردستانییەکانی ئەو وڵاتە ئاشکرا کرد. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە ئێران لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بە شێوەیەکی سیستماتیک، کانە زێڕەکانی، کە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی باژێرڤانی سەقز هەڵکەوتوە، بە تاڵانیان بردوە، ئەوەش بەبێ هیچ سوود و قازانجێک، بۆ دانیشتووانی ڕەسەنی ئەو ناوچەکان. ئەم پرۆسەیە نەک هەر بووەتە هۆی تێکدانی ژینگە و ژێرخانی سروشتی ناوچەکە، بەڵکوو هاوتاش بووە لە سەرکوتکردنی توندوتیژانەی نارەزایەتییە گشتییەکان و، لە گەڵ ئەوەشدا روخسارێکی ئەمنی زۆر جددی بەخۆوە وەرگرتوە.

## ئابووریی بەتاڵانبردن و کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی

دیاردەی دەرهێنانی نارێکخراوی سامانە سروشتییەکان، لە لایەن قەوارەکانی سەر بە سپای پاسداران و کۆمپلێکسە ئابوورییەکانی ژێر کۆنترۆڵی سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوەیەی "ڕێبەر" ساڵانێکە لە ئێران بەردەوامە. ناوچە کوردنشینەکان، بە تایبەت پارێزگای کوردستان و ناوچەکانی سەقز، بوکان، سەردەشت، مەریوان، بە هۆی هەڵکەوتەی جیۆپۆلەتیکییەوە، بە پەراوێزخراوترین ناوچەکانی ئێران دێنە هەژمار. ڕژیم نەک ئەم ناوچانە، وەک بەشێک لە یەک وەڵات، کە شایەنی

گەشەسەندنی هاوسەنگ بن، بەڵکوو وەک کۆلۆنیەکانی نێوخۆ دەیبینێت، کە تا دەتواندرێت، سەرچاوەکانیان بە تەواوی ئیستغلال و خەڵکەکەیان سەرکوت بکات.

کانگاکانی زێڕی "قولقوڵە"، "میرگێ نەخشین" و "کەررویان" لە قەزای گەورکایەتیی سەقز، نموونەی ڕوونی ئەم سیاسەتە تاڵانکارییەن. لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا دەرهێنانی زێڕ لە کانگای کەرەویان دەستی پێکردووە، و لە ساڵی ١٤٠٤دا ئۆپەراسیۆنی ئیستغلالکردن لە کانگای قولقولێ دەستی پێکردوە. لە کاتێکدا هیچ شەفافییەتێکی گشتی سەبارەت بە قازانجەکانی ئەم دەرهێنانانە نەخراوەتە بەرچاو، خەڵکی ناوچەکەش لە سەرەتاییترین مافەکانیان بێبەش کراون، وەک بەشداریکردن لە بڕیاردان، وەرگرتنی قەرەبووی ژینگەیی، یان سوودوەرگرتن لە دەرفەتەکانی دامەزراندن بێبەش کراون.

## بەرخودانی مەدەنی و وەڵامدانەوەی سەربازی

بە پێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان، ڕێژیم بە نیازی گواستنەوەی مەکینە و کەرەستەی قورس بۆ کانیی مێرگەنەخشینە بە چەند گونددا لەوانە: گۆێزێ، شێخ چۆپان، بوبەکتان، کوندەڵان. و قشلاخی وەنەوشە بووە. بەڵام خەڵکی ئەو گوندانە ئاگادار نەبوون. لە دەرئەنجامە وێرانکەرەکانی ئەو جۆرە پرۆژانە، ڕێگای تێپەڕبوونی بارهەڵگرەکانیان گرت. ڕێژیم کە هەرگیز تەحەمولی بچووکترین دژایەتی نەکردوە، ڕێگایەکی بەدیلی لە گوندی وەزمەلە هەڵبژارد و هێزە سەرکوتکەرەکانی خۆی، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک بە گازی فرمێسکڕێژ ڕەوانە کرد.

ڕۆژی ١٧ی پوشپەڕ، نارەزایەتییەکی جەماوەری دژ بە بوونی مەکینە و کەرەستەی قوڕس بۆ بە تاڵانبردنی کانەکانی زێڕ، خەڵکی بێ بەرگری، ڕووبەرووی هێرشی هێزە ئەمنییەکان بوونەوە. ژمارەیەک هاووڵاتی بریندداربوون و هەندێکیشیان بەر لێدان و ئازاری توند کەوتوون. لە کاتێکدا ناسنامەی بریندارەکان لەلایەن سەرچاوەی هەواڵەکەوە پارێزراوە، دەتواندرێت بە دڵنیاییەوە دان بەوەدا بنێین و بڵێین کە سیاسەتی سەرکوتکردن، بەشێکی دانەبڕاوە لە هەر جۆرە بەرنامە و پلانێکی ئابووری لە ناوچە کوردستانییە بێبەشکراوەکاندا.

## ژینگە: قوربانیی بێدەنگ

گەشەسەندنی کانگاکان لە ناوچە سروشتییە هەستیارەکاندا، وەک شاخەکانی دەوروبەری سەقز، لێکەوتەی درێژخایەن و هەندێکجاریش بەبێ توانای گەڕانەوەی لەسەر ئیکۆسیستەم هەیە. ئیستغلالکردن بەبێ هەڵسەنگاندنی ژینگەیی، لەنێوبردنی ڕووەک، پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو، گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووبارەکان و لەدەستدانی لەوەڕگە بۆ مەڕداری خوجێییەکان، بە تەنها هەندێک لەو زیانانەن کە ڕووبەڕووی دەبنەوە. چاوەدێری نەکردنی دامەزراوە سەربەخۆکانی

ژینگەپارێزی لە ئێران و، بەستنی ڕێگا یاساییەکان بۆ نارەزایەتی دەربڕین، ڕێگەی بە حکومەت داوە، کە بۆ هەر پرۆژەیەک بە قازانجی خۆی و هاوپەیمانەکانی، بە ئارامی بە ئەنجامی بگەیێنێت.

## کۆتا ئاماژە

پرسی کانگاکانی زێڕی سەقز، لە سەروی پرسێکی نێوخۆیی یان ئابووری، ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی پڕ لە کەموکوڕی، هەڵاواردن و پاوانخوازانەی کۆماری ئیسلامییە. دەسەڵاتێک کە گەشەسەندن نەک لە چوارچێوەی دادپەروەری و بەشداریی گشتی، بەڵکوو وەک ئامرازێکی پێخۆر بە پێکهاتە گەندەڵەکانی دەسەڵات دەبینێت. خەڵکی ناوچە کوردنشینەکان کە دەیان ساڵە پەراوێزخراون، ئەمڕۆ جگە لە هەژاری، بێکاری و نادادپەروەری، دەبێت بارگرانییەکی دیکەش هەڵبگرن، کە پێی دەوترێت "ئیستغلالکردنی سامانە سروشتییەکان."

ئەوەی لە گەورکایەتی و گوندەکانی دەوروبەری دەگوزەرێت، تەنیا نموونەیەک لە سەدان تاوانە، کە سەرەڕای بێدەنگی میدیای دەوڵەتی ئێران و بێباکیی دامەزراوە چاودێری بەردەوامە. لەبەرامبەر دۆخێکی وادا ئەرکی ڕۆشنبیران، چالاکانی مەدەنی، میدیای سەربەخۆ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەیە: کە بەردەوام ئاشکراکردنی بەبەردەوام، فشار خستنە سەر دامەزراوە بەرپرسیارەکان و پشتیوانیکردنە لە بەرخۆدانی جەماوەری.

٢٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

#ساڵڕۆژی خیانەت



**(یادی تیرۆرکردنی ڕێبەری ناسیۆنالیستی کورد، ئیسماعیل ئاغا شکاک ناسراو بە سمکۆی شکاک)**

**٣٠ی پووشپەڕ ڕۆژێکی تاڵە لە یادەوەری مێژوویی گەلی کورددایە؛ ئەو ڕۆژەیە کە یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی خەباتی ناسیۆنالیستی کورد، ئیسماعیل ئاغا شکاک، بە نازناوی "سمکۆی شکاک"، ترسنۆکانە و خیانەتکارانە لە شاری شنۆ شەهید کرا. ئەم تاوانە بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ڕەزاشا پەهلەوی ئەنجام درا، هەمان ئەو پاشایەی کە بۆ ئاشتی و دانوستان لەگەڵ کورد، سوێندی بە قورئان خواردبوو، بەڵام دواجار لەبری دیپلۆماسی، فێڵ و کوشتاری هەڵبژارد.**

**سمکۆی شکاک، نەک هەر سەرکردەیەکی نەتەوەیی و سەربازی بوو، بەڵکو دەنگی ئازادی و دادپەروەریش بوو، بۆ سەردەمی پڕ لە پشێوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ دەنگێک کە لە چیاکانی کوردستانەوە هەستا و لە دژی ستەمی ناوخۆ و دەستدرێژی دەرەکی ڕاپەڕی. لە کاتێکدا تیرۆر کرا، ئەو خواستی ئازادی کوردستانی لە هزر و دڵدا بوو و لە دژی زۆڵمی هەژموونیخوازەکانی ئێران و بیانی، خەباتی بۆ یەکگرتوویی گەلی کورد دەکرد.**

## وەدرکەوتنی سەرکردەیەک، لە سەردەمی ئاژاوەدا

ئیسماعیل ئاغا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لە سەردەمی داکشانی و دارمانی سەڵتەنەتی عوسمانی و هاتنەکایەی دەوڵەتە نەتەوەییە مۆدێرنەکاندا، ڕێبەرایەتی نەتەوەی کوردی بەدەستەوە گرت. لەم سەردەمەدا کورد وەک گەلانی دیکەی ژێردەستە، لە بەردەم قەیرانی شوناس، بێدەوڵەتی و چەوساندنەوەدا بوو. "سمکۆی شکاک، وەک یەکێک لە سەرکردەکانی هۆزی شکاک، توانی بە حیکمەت و بوێری هێزێک لە هۆزە جۆراوجۆرەکانی کورد ڕێک بخات، و بەرگری لە خاکە داگیرکراوەکانی  کوردستان، لە بەرامبەر هێزەکانی حکومەت و هەڕەشەی دەرەکی بکات.

ئەو لە بەرامبەر سوپای قاجار، هێزەکانی ڕەزا شاە، تەنانەت هەڕەشەکانی ڕووس و تورکیشدا وەستایەوە. بەڵام ڕەنگە لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی سمکۆی شکاک، هەوڵی ئەو بۆ دروستکردنی شوناسێکی سیاسی - نەتەوەیی کوردی، سەربەخۆ لە زلهێزە ناوچەییەکان بووبێت، هەوڵێک کە لە سەردەمی ئەودا لە ڕادەبەدەر قورس و تەنانەت مەترسیدار بوو.

## خیانەت بە ناوی ئاشتی

لە هاوینی ساڵی ١٩٣٠ (١٣٠٩) حکومەتی ڕەزاشا بە نیگەرانی لە پەرەسەندنی خۆشەویستی و کاریگەریە جەماوەرییەکانی سمائیل ئاغا لە ناو گەلی کورددا، بڕیاری دا بە شێوەیەکی فیزیکی لەناویببات. شای ئێران بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، بە فەرمی لە ڕێگەی نوێنەرانی خۆیەوە، پەیوەندی بە سمکۆی شکاکەوە کرد، و بە سوێندخواردنی بە قورئان، بەڵێنی دانوستانێکی ڕێزدارانەی لە شاری شنۆ پێدا. سمکۆ کە خۆی پیاوێکی ڕاستگۆ و بە شەرەف بوو، بانگهێشتنامەکەی قبوڵ کرد. بەڵام ئەوەی لە شنۆ ڕوویدا، دانوستان نەبوو، بەڵکو داوێک بوو بۆ سمایل ئاغا ئامادە کرابوو.

هەر لە یەکەم ساتەکانی هاتنە ناوەوەی سمائیل ئاغای شکاک بۆ ناو شنۆ، سەربازەکانی ڕەزا شا بە پلانێکی پێشوەختە، هێرشیان کردە سەر سمکۆ و تەقەیان لێکرد. ئەم کارە بوو بە پەڵەیەکی ڕەش لەسەر کارنامە و نێوچاوانی حکومەتێک، کە بەڵێنی چاکسازیی دەدا، بەڵام نەیارانی سیاسی و سەرکردە نەتەوەییەکانی، بە فێڵ و کوشتن لەناو دەبرد.

## میراتێک کە بە زیندوویی مایەوە

سەرەڕای تێرۆرکردنی ناجوامێرانەی سمکۆی شکاک، ئەندێشەکانی هەرگیز لەناو نەچوون. بەپێچەوانەوە ئەم خیانەتە



سەرچاوە
Serchawe

مێژووییە، لە یادەوەریی بەکۆمەڵی کورددا، ئەوی وەک ڕێبەرێکی شەهید بۆ ئازادی و کەرامەتی نەتەوەیی بە نەمری هێشتەوە. نەوەکانی دوایی سمکۆی شکاک، ئەویان وەک نموونەی سەرکردەیەکی خۆڕاگر، بوێر و جەماوەری لەیادە، کە لە بەرامبەر کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی و دەرەکی وەستایەوە، و ژیانی خۆی لە پێناو دۆز و ئامانجەکانی کوردستاندا بەخت کرد.
ئەو بزووتنەوەیانەی کە لە دەیەکانی دواتردا، لە ڕۆژهەڵات، باشور، باکور و ڕۆژئاوای کوردستان سەریان هەڵدا، بێ گومان ئیلهامیان لە هەوڵی سەرکردەیەکی وەک سمایل ئاغای شکاک وەرگرتبوو، کە لە یەکەم کەسەکان بوو، کە هەوڵی دا دامەزراوە خێڵەکییە تەقلیدییەکان، بخاتە سەر ڕێڕەوی پڕۆژەیەکی نەتەوەیی، و ڕزگارکردنی سیاسەتی کورد لە پشتبەستن بە حکومەتە دەرەکییەکان.

## گرنگیی بیرهێنانەوە و تۆماری مێژوویی

ساڵیادی شەهیدکرانی سمکۆی شکاک، بەتەنیا ڕێوڕەسمی ماتەمینی نیە، بەڵکو دەرفەتێکە بۆ دووبارە خوێندنەوەی مێژوو، مێژوویەک، کە تا ئێستاش ئاسەوارەکانی لەسەر جەستەی نەتەوەی کورد جێ هێشتوە. خیانەتی حکوومەتی ڕەزا پەهلەوی لە سمایل ئاغا، نموونەیەکی ڕوونی سەرکوتکردنی سیستماتیکی داخوازییە ڕەواکانی نەتەوە غەیرە فارسەکانە لە ئێران؛ سەرکوتکردنێک، کە بەداخەوە تا ئەمڕۆش بە شێواخی جۆراوجۆر بەردەوام بووە، و کۆتا نمونەی کوشتاری هاوشێوەش شەهید کردنی ڕێبەرانی کورد لە ڤیەنا و بەرلین بووە.


لە سەردەمێکدا، کە هەوڵەکان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کولتووری و زمانەوانیی نەتەوەکان لە هەندێک وڵاتدا هێشتا بەردەوامن، زیندوو ڕاگرتنی یادەوەری سەرکردە مێژووییەکانی وەک سمکۆی شکاک، پێویستییەک و بەرپرسیارێتییەکی مێژووییە. ئەم ڕووداوانە دەبێ لە چوارچێوەی نێودەوڵەتیدا بە بەڵگە و وەرگێڕان، لە ناوەندە جیهانیەکان بڵاوبکرێنەوە، بۆ ئەوەی جیهان بزانێت، کە نەتەوەی کورد نەک تەنیا قوربانیی چەوساندنەوە بووە، بەڵکو مێژوویەکی پڕ لە بەرخۆدان، ئازایەتی و خەباتی بۆ ئازادیی.

٣٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# قاسملوو، دەنگی مرۆڤایەتی



لە مێژووی پڕ لە زامی نەتەوەی کورددا، ناوگەلێک هەن کە نەمر دەمێننەوە، نەک هەر بە هۆی خەبات و تێکۆشانیانەوە، بەڵکو بەهۆی سیفەتی مرۆڤایەتی، زانست و ئەخلاقیانەوە. لە دونیایەکدا کە هەندێک جار توندوتیژی و پاوانخوازی بە ڕادەیەک زاڵن، کە دەنگی دادپەروەری و دیالۆگ لە جەنجاڵی چەکدا ون دەبێت، کەسانێک هەن بە دەنگێکی بەرز و لە هەمان کاتدا هێمن و مرۆڤدۆستانە، ڕووبەڕووی ستەم دەبنەوە. د. قاسملوو شۆڕشگێڕێک بوو کە نەک هەر بۆ ئازادی نەتەوەکەی خەباتی کرد، بەڵکوو بۆ کەرامەتی مرۆڤیش، بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە خەباتی کرد.

قاسملوو لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ (١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩) لە کاتی دانوستانەکانی ئاشتی لەگەڵ شاندێکی کۆماری ئیسلامی لە ڤییەنی پایتەختی ئوتریش تیرۆر کرا. هەرچەندە ئەم تیرۆرە یەکێک بوو لە دەیان نموونەی سیاسەتی سەرکوتگەرانەی کۆماری ئیسلامی، بەڵام لەوە زیاتر بوو. ڕێژیم بەو تیرۆرە پەیامی بێدەنگکردنی دەنگی وتووێژ و میانڕەوی نارد. دوکتۆر قاسملوو تەنیا سیاسەتمەدارێکی کورد نەبوو، بەڵکوو بیرمەندێکی ڕاستەقینەی هەموو گەلانی ئێران، گلۆبالیستی و مرۆڤدۆستی بوو کە کۆماری ئیسلامی سێلەی لە دڵ و مێشکی گرت.

## قاسملوو، پێشمەرگەی و دیپلۆمات

دوکتور قاسملوو، بەتەنیا لە بواری بیروڕا و سیاسەتدا چالاک نەبوو؛ لە ساڵانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧دا، جلوبەرگی پێشمەرگەی لەبەرکرد و لە چیاکانی کوردستان لە خەبات و تێکۆشانی بەردەوام بوو. بەڵام هاوکات، لە مەکۆ نێودەوڵەتییەکاندا، نوێنەرێکی بەناوبانگ و قسەخۆش بوو . ئەو توانی، پرسی کوردانی ڕۆژهەڵات، لە مەیدانی دیپلوماسیی جیهانی بوروژێنێت و لە ڕێگەی تۆڕە سیاسییەکانەوە، پشتیوانی زۆرێک لە دامودەزگا و کەسایەتییە نێودەوڵەتییەکانی بۆ دۆزی کورد ڕابکێشێت. ئەم تێکەڵە ناوازەیەی خەبات لە شاخ و دیپلۆماسی لە ئاستی جیهانیدا، دوکتۆر قاسملووی کردە کەسایەتییەکی ناوازە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا.

## تیرۆری ڤییەن و مردنی دیالۆگ

دوکتور قاسملوو تەنیا پیاوی شەڕ و دیپلۆماسی نەبوو، بەڵکو هاوکات پیاوی دیالۆگ بوو. لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، سەرەڕای ئەو هەموو توندوتیژی و خیانەتانەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە کورد کردبووی، پێشنیاری دانوستانی کرد. گوتیشی: ئێمە ئامادەین قسە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەین، تەنانەت ئەگەر سبەینێش بمانکوژن. ئەم قسەیە دواتر بوو بە پێشبینییەکی تاڵ. ئەو پێی وابوو کە دیالۆگ و دێموکراسی، تاکە ڕێگای چارەسەری بەردەوامی کێشەی کوردە لە ئێراندا. قاسملوو نوێنەرایەتیی جۆرێک لە عەقڵانییەتی ئەخلاقی دەکرد لە سیاسەتدا. ئەو لە کاتێکدا لە ساتەوەختی تێرۆرکردنی تەقەی لێ کرا کە هێشتا قەڵەمێکی بەدەستەوە بوو. ئەو تێرۆرە نیشانەی ترسی ڕێژیم بوو لە قەڵەم و لە هێزی نەرم، لۆژیک و جەماوەریی قاسملوو.

## دێموکراتبوون بەپێی گێڕانەوەی ئەخلاق

ئەوەی لە دڵی ئەندامێکی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا دەلڤێتەوە، تەنیا دروشمێکی سیاسی، یان هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژی نیە. بەڵکوو وەک لە ئاماژەیەکی دوکتۆر قاسملوودا هاتووە، باوەڕبوونە بە کەرامەتی مرۆڤ، ڕێزگرتن لە مافی هەموو نەتەوە و گەلان لە ئێراندا: "دێموکرات: ناسیۆنالیستی بیر تەسک نیە، بەها بە دۆستایەتیی نێوان گەلانی ئێران دەدات و ڕێز لە مافی هەموو گەلان دەگرێت."

ئەم ڕستە سادە بەڵام قووڵە، گوزارشت لە ڕۆحی دیموکراتێکی قاسملوو دەکات. بۆ ئەو کوردبوون، هەرگیز بە مانای دوژمنایەتی بەرامبەر گەلانی تر نەبوو؛ بەڵکوو هەنگاوێک بوو، بەرەو گفتوگۆ، پێکەوەژیان و پاراستنت کەرامەتی یەکتر.

ئەو بە پشتبەستن بە بیرۆکەی فیدرالیزمی دێموکراتیک و مافی یەکسان بۆ هەموو گەلانی نیشتەجێی ئێران، هەوڵی دا داهاتوویەکی هاوبەش بۆ هەموو خەڵکی ئەم خاکە بنیات بنێت.

## سەربەخۆیی سیاسی حیزب

قاسملوو پێی وابوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێ: لە هەر جۆرە پشتبەستنێک، بە حکومەت و بزووتنەوە بیانییەکان بەدوور بێت. تەنانەت ئەگەر هەندێک لەو حکوومەتانە، لە هەندێک کاتدا بە هاوپەیمانی ستراتیژی هەژماریش بکرێن . د. قاسملوو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە بڕیاردان لە حیزبەکەیدا دەبێ لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نەتەوەیی و جەماوەریی کوردستانی ئێران بێت، نەک لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی ئایندە، یان فشاری زلهێزەکانی ناوچەیی یان جیهانی. باوەڕی وابوو کە دەبێ پشتبەخۆبەستن و بەشداریی جەماوەری وەک پرەنسیپی سەرکی وەربگیرێت. ئەو پشتبەستنی بە هێزە نێوخۆیی و خۆڕستەکانی وەک هێز و ڕەمزی مانەوە و ئیعتباری سیاسیی حیزب دەزانی. د. قاسملوو سەربەخۆیی سیاسی وەک پێویستی بۆ متمانەی گشتی و دوورکەوتنەوە لە کەوتنە داوی سیاسەتە بەوەکالەتەکانی زلهێزەکان گەورەکان دەزانی. ئەمر قاسملوو چەندین جار جەختی لەوە کردبۆوە کە "ئێمە نە بەکرێگیراوی کەسین، نە ئامرازی بەر دەستی هیچ دەسەڵاتێکین. حیزبی دێموکرات بە تەنیا گەلی خۆی وەڵامدەرە."

## دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی جێندەری

قاسملوو بە ڕوونی پێی وابوو، کە بەبێ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، هیچ خەباتێک ناتوانێت ببێتە هۆی ڕزگاری ڕاستەقینە. ئەم پرەنسیپە، لە هزری حیزبی دێموکراتدا، بەم شێوەیە دەردەبڕدرێت: "دیموکرات داکۆکی لە مافی خەڵکی زەحمەتکێش دەکات، و دژ بە هەر داگیرکاری و چەوسانەوەیەکی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە تێدەکۆشێت." دوکتۆر قاسملوو، لەبری ئەوەی پشت بە دروشمی پووچ ببەستێت، ژیانی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڵاواردنی چینایەتی و چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە تەرخان کرد. لە گوتاری ئەودا ئازادی تەنیا ئازادیی ڕەگەزی یان قەومی نەبوو، بەڵکو ئازادبوون بوو لە هەژاری، نەزانی، نایەکسانی و چەوساندنەوەی ئابووری. لە لایەکی دیکەوە باوەڕبوون بە یەکسانیی ژن و پیاو بەشێکی گرنگی جیهانبینی قاسملوو و حیزبی دێموکرات بوو: "پشتیوانی لە یەکسانی تەواوەتی مافەکانی ژن و پیاو، لە کۆمەڵگە و خێزاندا دەکات."

لە سەردەمێکدا، کە تەنانەت زۆرێک لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن تێگەیشتنێکی ڕوونیان لە پرسی مافەکانی ژنان نەبوو، قاسملوو بەئاشکرا بانگەشەی بۆ یەکسانی تەواوەتی ژنان و پیاوان دەکرد. ئەم تێگەیشتنە قووڵە، لە وشیاری و خێرخوازی

پێپێشەنگانەی ئەوەوە سەرچاوەی گرتوە.

## هێڵێکی ڕوون، لە نێوان مرۆڤدۆستی و فاشیزمدا

لە جیهانێکدا، کە سنوورەکانی نەتەوەیی، ئایینی و زمانەوانی هێشتا سەرچاوەی خوێنڕشتن و دابەشبوونە، دێموکراتی ڕاستەقینە، ئەو کەسەیە کە سنووری دەمارگیری تێدەپەڕێنێت: "دێموکرات مرۆڤدۆستە و بەبێ گوێدانە ڕەگەز و ئایین، بەهایەکی زۆر بە هاوڕێیەتی نێوان مرۆڤەکان دەدات، هەرچەشنە ڕەگەزپەرستی و فاشیزم و باڵادەستییەکیش مەحکووم دەکات." قاسملوو، بە زانیاریی قووڵی خۆی لەسەر کولتووورە جیاوازەکان، بە چەندین زمانی زیندووی جیهان قسەی دەکرد، و بە هەموو شێوەکانیەوە بەرگری لە کەرامەتی مرۆڤ دەکرد. لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراندا، یەکێک لەو کەسایەتییە کەمانە بوو، کە سنووری نێوان بەرخۆدانی نەتەوەیی و دەمارگرژی ڕەگەزیی دەناسی. لە ڕوانگەی ئەوەوە، هەر جۆرە فاشیزمێک و باڵادەستی نەتەوەیی، یان مەزهەبی، دوژمنی ئازادیی مرۆڤ بوو.

## سۆسیالیزمی دێموکراتیک

د. قاسملوو لەو دەگمەن ڕووناکبیر و سەرکردە سیاسییانەی کورد بوو کە ڕوانگەی سۆسیالیزمی دێموکراتیکی لە چوارچێوەی خەباتی نەتەوەیی کوردستاندا خستە ڕوو. لەم ڕووەوە: سۆسیالیزمی دێموکراتیکی، بە ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی، یەکسانی یاسایی، ئابووری، ئازادی تاکەکەسی و سیاسی دەزانی.

ئەو پێی وابوو، کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد نابێت تەنیا گەلی و نەتەوەیی بێت، بەڵکوو لە هەمان کاتدا دەبێت، هەڵگری بەهای دادپەروەری، مافی مرۆڤ، دیموکراسی و گەشەسەندنی بەردەوام بێت. لەبری مارکسیزمی کلاسیک، یان مەیلی چەپگەرایی ڕادیکاڵ، مۆدێلی سۆسیال دیموکراسیی ئەوروپیی (بەتایبەتی سکاندیناڤیایی)ی، بە گونجاوترین مۆدێل بۆ گەشەسەندنی کوردستان و ئێران دەزانی. د. قاسملوو پێی وابوو کە سۆسیالیزمی دێموکراتیک لەگەڵ تایبەتمەندییە فرە نەتەوەییەکانی ئێراندا دەگونجێت، هەروەها دەتوانێت سەکۆیەک بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نەتەوەکان، ئایینەکان و زمانەکان دابین بکات.

یەکێک لە لێدوانە بەناوبانگەکانی لەم بارەوە بریتی بوو لە: "ئێمە کوردین، بەڵام لە هەمان کاتدا کۆمەڵگایەکی مرۆڤدۆستانە و دادپەروەرمان دەوێت کە هیچ کەسێک بەهۆی ڕەگەز، ئایین و ڕەگەزەکەیەوە نەچەوسێندرێتەوە."

دوکتور قاسملوو، بە بەستنەوەی نەتەوەگەرایی دێموکراتیک بە سۆسیالیزمی دێموکراتیکی مۆدێرن، هەوڵی دا ڕێگایەکی مامناوەند و عەقڵانی بۆ بزووتنەوەی کورد لە ئێران دابڕێژێت: ڕێگایەک کە هەم بەرەنگاری ستەمی ناوەندگەرایی بووە، هەم خۆی لە توندڕەویی نەتەوەیی یان ئایدۆلۆژیکی پاراستبوو. قاسملوو، چەندین جار باسی لەوە کردبوو، کە سەربەخۆیی خواستێکی سروشتی و ڕەوایە بۆ هەموو نەتەوەیەکی ستەملێکراو، بەڵام هەلومەرجی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی تایبەتدا، دەبێت بە دوای چارەسەری کردەیی و ئەگەری بگەڕێن. وتە بەناوبانگەکەی "ئێمەی کورد سەربەخۆییمان دەوێت، بەڵام لە جیهانێکدا دەژین کە تەنها بمانەوێت بەس نیە، بەڵام دەبێت بزانین ئایا دەکرێت بەدیبهێنرێت یان نا؟" ئێستاش زیندوویەتیی خۆی لەدەست نەداوە.

## میراتی قاسملوو

شەهیدبوونی قاسملوو، وەک تیرۆرکرانی زۆرێک لە ڕووناکبیرانی دیکەی کورد، خاڵێکی ڕەشی مێژووی هاوچەرخی ئێرانە. بەڵام بیرمەندییەکەی هێشتا دەژی. فێری کردین کە مرۆڤ دەتوانێت لە ناو خەباتدا مرۆڤ بمێنێتەوە؛ مرۆڤ دەتوانێت لە ناوەڕاستی سیاسەتدا ئەخلاق بپارێزێت؛ مرۆڤ دەتوانێت کورد بێت بەڵام دژی هەڵاواردن؛ مرۆڤ دەتوانێت ئێرانی بێت بەڵام داکۆکیکار بێت لە فرەچەشنی.

لە ساڵیادی شەهیدبوونیدا، دەبێ ئەوەمان لەبیر بێت، کە نەمانی جەستەیی قاسملوو، کۆتایی ژیانێک نەبوو؛ بەڵکو سەرەتای میراتێک بوو، کە ئەمڕۆ زیاتر لە جاران پێویستمان پێیەتی. لە سەردەمێکدا کە جارێکی تر دەنگی توندڕەو. ڕق و فاشیست لە ناوچەکە و جیهاندا بەرز بوونەتەوە، بیری قاسملوو، وەک چرایەک وایە بۆ دۆزینەوەی ڕێگاکە.

ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

## شەهیدانی ژینگە و پەیامی خەڵکی کوردستان بە داگیرکەران

## (کوردستان گۆڕستانی فاشیستان)



لەو ڕۆژانە کە ئاگر، نەک هەر بەتەنیا ژینگە، بەڵکو دڵی خەڵکی کوردستانیشی پڕ لە بڵێسە کردوە، دوو بەرگریکاری دیکەی ژینگەپارێز، کە لە هەوڵی کوژاندنەوەی ئاگرە بە ئەنقەستەکانی چیاکانی ئاویەر، گیانی خۆیان لەدەست داوە: خەبات ئەمینی و چیاکۆ یوسف نژاد و لەگەڵ حەمید مورادی کە دوو ڕۆژ پێشتر گیانی لەدەستدا، چونە ناو ریزی شەهیدە ژینگەپارێزە نوێیەکانی کوردستان. بەڵام ئەم شەهیدبوونانە، بەتەنیا دەرئەنجامی کەمتەرخەمی یان ناکارامەیی نەبوون؛ بەڵکوو لە ناخی خۆیدا، هەڵگری پەیامێکی سیاسی و ئەمنیەتییە: ئەو ئاگرەی لە شاخەکانی کوردستان کەوتۆتەوە، جیاواز نیە لەو سووتاندنە سەربازییانەی، کە ساڵانێکە خاکی ئەم کوردستانەی، کردووەتە ئامانج.

### ڕێوڕەسمێکی شایانی بەرخۆدانی مەدەنی

لە حاڵێکدا کە کۆماری ئیسلامی، بە کەڵکوەرگرتن لە هەڕەشە، توندوتیژی، تۆقاندن و پێشگرتن لە ڕێوڕەسمی گشتی، هەوڵی دەدا ڕێگری لە ناشتنی بەشکۆی ئەو شەهیدانە بکات، خەڵک بە خۆڕاگری و وریاییەوە، توانییان بەرخۆدان، بەرەو بەردی قیرتاوەکانی گۆڕستان و بناری شاخ پاڵ بنێن. تەنانەت هێزە ئەمنییەتییەکان پەنایان بۆ ئەوە برد، کە جارێکی

دیکە گۆڕی چیاکۆ یوسف نەژاد پڕ بکەنەوە لە خۆڵ، بۆ ئەوەی نەهێڵن لە تەنیشت یەکێک لە شەهیدانی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" بە خاک بسپێردرێت. بەڵام لە کۆتاییدا بنەماڵە و خەڵکی خۆڕاگر، توانییان تەرمی ئەم شەهیدە لە ئارامگەی حەسەن ئاوای شاری سنە، بە خاکی پیرۆزی کوردستان بسپێرن.

هاوکات خەڵکی کورد لە سەرتاسەری ناوچەکە، بۆ بەشداریکردن لە مەراسیمی ئەسپێردە کردنی تەرمی شەهید خەبات ئەمینی بە خاکی پیرۆزی کوردستان، ڕوویان لە گوندی نەنەڵە کرد. خەڵک بە دەستی بەتاڵ، بەڵام دڵی پڕ لە تووڕەیی و دڵسۆزی، لە ماڵئاوایی شەهیدەکانیاندا بەشدار بوون، کە زۆر زیاتر لە مەراسیمی ناشتنێکی ئاسایی بوون: ئەو ڕێوڕەسمە، لێدوانی شەقامی کوردی و جەماوەری بوو، دژ بە داگیرکاری و توندوتیژی.

**ئەو دروشمانەی کە ڕاستەوخۆ دەهاتنە قسە**

**لە میانەی ڕێوڕەسمە بەشکۆ و گەورەکاندا دروشمی گەل، نیشان لە قووڵایی تورەیی، هۆشیاری و هاوپشتی کۆمەڵایەتی، دژ بە داگیرکەران بو. لەو دروشمە سەرەکیانەی کە بیستران بریتی بوون لە:**

**"داگیرکەری ئێرانی، تۆ بکوژی ڕۆڵەمانی"**
**"شەهید نامرن"**
**"کوردستان گۆڕستانی فاشیستان"**

ئەم دروشمانە بەتەنیا دەربڕینی تووڕەیی و ئازار نەبوون، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ڕوونی بارودۆخی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بەرامبەر سیاسەتە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوو. خەڵکێک کە خۆیان لەبەردەم پرۆژەیەکی ئامانجداردا، بۆ بێدەنگکردنی ناسنامە، زمان، سروشت و لاوانی خۆیان دەبیننەوە، جگە لە بەرەنگاربوونەوە هیچ ڕێگەیەکی تر ناناسنەوە.

**کارەساتی ژینگەیی یان تیرۆری سیستماتیک؟**

زۆرێک لە چالاکوانان و چاودێرانی خۆجێی، ئاگرکەوتنەوە زۆرەکانی شاخ و دارستانەکانی کوردستان، بە ڕێکەوت نازانن. ژمارەیەکی زۆر لە ڕاپۆرتەکان، لە دەستپێکردنی ئەم ئاگرکەوتنەوانەدا، ئاماژە بە ڕۆڵی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی، هێزەکانی سەر بە دامەزراوە ئەمنییەکان دەکەن. ئامانج؟ تێکدانی ژینگەی سروشتی کوردستان، بەتاڵکردنەوەی ناوچە شاخاوییەکان لە خەڵکی ڕەسەن و لەناوبردنی ژێرخانی فەرهەنگی، بایۆلۆژی و بەرخۆدێر.

هاوکات چالاکانی ژینگەپارێزی کورد، کە خۆبەخشانە بۆ کوژاندنەوەی ئەو خۆبەخشانە لە پێشەوەن، نەک هەر قوربانی سوتان، بەڵکو ئامانجی ڕاستەوخۆی پرۆژەیەکی ئەمنیشن. شەهید بوونی خەبات، چیاکۆ و حەمید، بەتەنیا ڕووداوێک نییە؛ بەشێک لە پرۆسەیەکی بەردەوام، بۆ بێدەنگکردنی دەنگی سروشت و مرۆڤەکانە.

## پەیامی ڕوونی گەل: تەسلیم نابین

سەرەڕای هەڕەشە ئاشکراکان، ڕێژەی زۆری بەشداریکردنێکی بوێرانە و بەشکۆ لە مەراسیمی ماڵئاوایی، بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ شکستی پرۆژەی تۆقاندنی کۆماری ئیسلامیە. هەرچەندە خاکی کوردستان جارێکی تر تەرمی شەهیدانی لە باوەش گرت، بەڵام لە دڵی هەمان خاکەوە، هاوارێک سەری هەڵدا کە دەیگوت:

"شەهید نامرن" و "کوردستان دەبێتە گۆڕستانی فاشیستەکان."

ئەم دروشمانە، نەک بەتەنیا تووڕەیی ساتی، بەڵکو دەربڕینێکە لە شوناسێکی مێژوویی؛ ناسنامەیەک کە ساڵانێکە دژی کۆلۆنیالیزم، جیاکاری و ستەم وەستاوە، و بەردەوامیش دەوەستێتەوە.

## بیرخستنەوە و بانگهێشتنامە

لە دونیایەکدا، کە زۆرجار کارەساتی ژینگەیی، لە پشت ئامار و داتاکانەوە دەشاردرێنەوە، کوردستان جارێکی دیکە نیشانی دا، کە ژینگە، ئازادی و خەباتی سیاسی سێ دیوی یەک حەقیقەتن. شەهیدبوونی خەبات ئەمینی، چیاکۆ یوسف نژاد و حەمید موڕادی، زەنگێکی ئاگادار کردنەوەیە، نەک بەتەنیا بۆ ئێرانە، بەڵکو بۆ ویژدانی جیهانیشە.

**ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان، نەک هەر شەهیدەکانیان بە خاک ئەسپاردە کرد، بەڵکو بەڵێنێکی نوێیان، لەسەر خاک و خوێنی خۆیان دا: بەرخۆدان بەردەوامە.**

٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

## زیندووکردنەوەی پڕۆژەی سەرکوتکردن لە دەرەوەی سنوورەکان



(هەنگاوێکی دیکە لە سیاسەتە ئەمنیەتی ئاڕاستەکراوەکانی کۆماری ئیسلامی)

لە هەلومەرجێکدا، کە کۆمەڵگەی ئێران لەگەڵ قەیرانی قووڵی وەک هەڵاوسانی ئابووریی بەربڵاو، هەژاریی سیستماتیکی، گەندەڵی بەربڵاو، وشکەساڵی و بێکاری بەرەوڕوو بووەتەوە، کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە ڕێگای سەرکوت و کۆنترۆڵکردنی گرتووەتەبەر، لەبری ئەوەی سەرنجی لەسەر چارەسەرکردنی ئەو کێشە بنەڕەتییانە بێت. پەسەندکردنی ئەم دوایانەی گەڵاڵەیەک بە ناوی "پشتیوانی لە ئێرانییەکان لە دەرەوەی وڵات" لە مەجلیسی شوڕای ئیسلامیدا، بە ڕوونی مەبەستی ڕاستەقینەی پێکهاتەی دەسەڵات لە ئێران ئاشکرا دەکات؛ واتە نەک پشتگیری، بەڵکوو چاودێری و شوێنپێ هەڵگرتنی ئەو هاووڵاتیانەیە، کە بە هیوای ژیانێکی ئازادتر ڕێگەی هەندەرانیان گرتووەتە بەر.

بە پێی برگەکانی ئەم پڕۆژە یاسایە، وەزارەتی دەرەوە پێویستە لە ماوەی شەش مانگدا، داتابەیسی تۆکمەی ئێرانییەکانی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات ئامادە بکات. هەروەها پێویستە وەزارەت ڕاپۆرتێکی ساڵانە، سەبارەت بە چۆنیەتیی پەیوەندی و هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو کەسانە، پێشکەش بە کۆمیسیۆنی ئەمنییەتی میللی و سیاسەتی دەرەوەی پەرلەمان بکات. هەرچەندە لە رووکەشدا ئەم پرۆژە یاسایە، بە ئیدیعای "پەیوەندییەکی باشتر لەگەڵ ئێرانییەکانی دانیشتووی دەرەوەی

وڵات" دەخرێتە ڕوو، بەڵام چوارچێوە یاسایی و کردارییەکەی، تەنیا بەدوای ئامانجە ئەمنییەتییەکان و هەواڵگرییەکان دەگەڕێن؛ ئامانجەکان کە سروشت و دەرئەنجامەکانیان، لە ڕێگەی ئەزموونی چوار دەیەی ڕابردووەوە بۆ ئێمە ئاشنان.

## لە یادەوەری تاڵەکانی ساڵانی هەشتا و نەوەدەکانی زایینیەوە، بۆ پڕۆژەی چاودێری نوێ

بۆ زۆرێک لە چالاکانی سیاسی و کۆچبەری ئێران، بەتایبەتی کورد و نەتەوە چەوساوەکانی دیکە، پەسەندکردنی گەڵاڵەیەکی لەو شێوەیە، ڕۆژانی ڕەشی ساڵانی هەشتا و نەوەدەکان دەهێنێتەوە یاد. لەو ماوەیەدا کۆماری ئیسلامی، بە کەڵک وەرگرتن لە باڵوێزخانە و ناوەندە فەرهەنگی و کاریگەرەکانی لە وڵاتانی ئورووپایی، پڕۆژەیەکی بەرفراوانی بۆ تیرۆرکردنی نەیارانی ئەنجامدا؛ پڕۆژەیەک کە ژیانی زۆرێک لە چالاکانی ئازادیخوازی کردە قوربانی. تیرۆرکردنی شەهیدان دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندی، تەنها دوو نموونەی ئەم تاوانە دەرەوەی سنورانەن. ئێستا لەگەڵ زیندووبوونەوەی میکانیزمەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هاووڵاتییانی دەرەوەی وڵات، نیگەرانییەکی جددی دهێنێتە پێش، کە کۆماری ئیسلامی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا، بە دوای زیندووکردنەوەی هەمان سیاسەتی سەرکوتگەرانەیە، بەڵام ئەمجارەیان بە بەرگێکی یاسایی، تۆکمە و ڕێکخراوتر.

## سیاسەتێک بە ئامانجی "بەئەمنی کردن"؛ نەک "خاوەندارییەتی"

لێکۆڵینەوە بۆ پێکهاتەی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە هەر کردەوەیەک لە پێوەندی لە گەڵ کۆچبەراندا، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نەتەوەیی نیە، بەڵکوو بە ئامانجی درێژەدان بە کۆنترۆڵی ئایدیۆلۆژی و چەسپاندنی هەژموونی ئەمنیەتییە. دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕێژیم، هەمیشە بچووکترین پەیوەندی خێزانی، دارایی، یان کولتووری ئێرانییەکانیان لە دەرەوەی وڵات، وەک ئامرازێک بۆ هەڕەشەکردن، فشار و ڕاکێشانی هاوکاری بەکارییان هێناوە. بەڵام ئەمجارەیان دەرکردنی یاسایەک بە ڕواڵەتی "خاوەندارییەتی" لە ڕاستیدا بنەمایەکە بۆ بەدامەزراوەییکردنی ئەو جۆرە ڕەفتارانە.

بەکردەوە ئەوەی وەک "کۆکردنەوەی زانیاری" پێشکەش دەکرێت، بە شێوەیەکی ڕستەیی پڕۆژەیەکی "چاودێری سیاسییە". ئەم چاودێریکردنە بە ئاسانی دەتوانێت ببێتە هۆی دەستگیرکردنی ئەندامانی خێزان لە ماڵەوە، هەڕەشەکردن لە سەروەت و سامانی دارایی، یان زەوتکردنی زانیاری لە دژی تاکەکان. پێکهاتەیەکی لەم جۆرە ڕەوەندی ئێرانی، بەرەوڕووی جۆرێک لە بە بارمتەگیرانی نەرم دەکاتەوە.

### لێکەوتەلانی سنووربەزاندن: هەڕەشە لەسەر دیموکراسی و ئاسایش لە وڵاتانی میوانداردا

لە دەرەوەی کاریگەرییە ناوخۆییەکانی ئەم پرۆژە یاسایە، کاریگەرییە نێودەوڵەتییەکانیشی جێگەی نیگەرانییە. وڵاتانی میوانداری کۆچبەرانی ئێران، بە تایبەت لە ئەورووپا و ئەمریکای باکوور، دەبێت لە بەرامبەر چالاکییە هەواڵگرییەکان و کردەوەی تێکدەرانەی باڵیۆزخانەکانی کۆماری ئیسلامی، وریا بن. مێژووی کۆماری ئیسلامی لە پێشێلکردنی سەروەری نەتەوەیی وەڵاتان و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی تیرۆریستی لەسەر خاکی ئەوان، هۆکارێکی بەسە بۆ نیگەرانی و سەپاندنی سنووردارکردنی دیپلۆماسی، بەسەر دەزگا جێبەجێکارییەکانی ئەم پرۆژە یاسایەدا.

ئەگەر دامودەزگا ئەمنییەکان لە ئەورووپا و جیهانی دیموکراسی ئەم بابەتە پشتگوێ بخەن، نەک هەر سەلامەتی چالاکانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسان دەکەوێتە مەترسییەوە، بەڵکو بنەما بنەڕەتییەکانی ئازادی ڕادەربڕین، گردبوونەوە و چالاکیی سیاسیش، بە توندی دەکەونە ژێر مەترسییەوە.

### ڕێوشوێنی بەرپەرچدانەوە: یەکێتی کۆچبەران، ڕۆشنگەری گشتی و فشاری نێودەوڵەتی

لە بەرامبەر هەڕەشەیەکی لەو شێوەیەدا، کۆمەڵگەکانی نەتەوەکانی ئێران لە دەرەوەی وڵات، دەبێت لە حاڵەتی پاسیڤی خۆیان دوور بکەونەوە، و بەرەو کردەی بەکۆمەڵ، بە بەڵگەکردن و ڕۆشنگەری گشتی هەنگاو بنێن. پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەربەخۆی کۆچبەران، بە بەڵگەنامەکردنی هەڕەشە و گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی، هاوکاری لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و مافی مرۆڤ و دواجار دادگاییکردنی قەزایی لە وڵاتانی میواندار، لەو ئامرازانەن، کە دەتوانن ئەم پرۆژە بەناو یاساییەی کۆماری ئیسلامی، بێکاریگەر بکەن.

هەروەها خاوەن گرنگییەکی تایبەتە، کە ڕۆشنبیران، نووسەڕان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نەتەوەکانی ئێران، لە پلاتفۆرمی جۆراوجۆر بۆ ئاشکراکردنی ئامانجە ڕاستەقینەکانی ئەم پرۆژە یاسایە، و دەرخستنی وێنە فریوکارانەکەی ئەو یاسایە، بە کار بهێنن. نابێت ڕێگە بدرێت کە سەرکوتکردن، ئەمجارەیان لەژێر نیقابی دیپلۆماسی دا، بچێتە ناو ماڵی کۆچبەرە ئازادەکانەوە.

### پەیڤی کۆتایی

لە کۆتاییدا دەبێ بگوترێ، کە پەسەند کردنی وەها پرۆژە یاسایەک، نیشانەی دەسەڵات نییە، بەڵکو دانپێدانانی ڕوونە،

بە لاوازی قەوارەی سیاسی کۆماری ئیسلامی. دەسەڵاتێک کە توانای بەڕێوەبردنی وڵاتی لەدەستداوە، بە دەستی لەرزۆکەوە دەستی درێژ دەکات، بۆ بڵاوکردنەوەی سێبەری ترسی خۆی بۆ سەر ئاوارەبووەکان. بەڵام مێژوو فێری کردووین، کە هیچ سیستەمێک ناتوانێ لە ڕێگەی هەڕەشە و سەرکوتەوە، بەرگەی شەپۆلی ئیرادەی نەتەوەکان بگرێت.

**مرۆڤە ئازادەکان لە هەر کوێیەک بن، درەنگ یان زوو، دوواجار ستەمکاری مەجبور دەکەن بکەوێتە سەر ئەژنۆوە.**

**١٢ی گەلاوێژی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# لە دزینی ئاوەوە، بۆ لابردنی ناسنامە



(ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە وشکەساڵی پێکهاتەیی و نادادپەروەریی ژینگەیی)

## پێشەکی

وشکەساڵی دیاردەیەکی جیهانییە، کە زۆرێک لە ناوچەکانی جیهان بە تایبەت ڕۆژهەڵات نێوەڕاست لەگەڵیدا بەرەوڕوون. بەڵام لە ئێرانی ئەمڕۆدا، هۆکارە سروشتییەکان تەنیا بەشێک لە قەیرانی ئاو ڕوون دەکەنەوە. بەشێکی گەورە لەو قەیرانی ئاوییە، دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی سیاسەتە ناوەندگەرایی، هەڵاواردن و ناجێگرەکانی کۆماری ئیسلامییە، لە بواری بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان. لەم وتارەدا بە پشتبەستن بە بەڵگە و شیکاریی پسپۆڕان، دەڵێین: لە کاتێکدا کە یەک لەسەر سێی قەیرانی ئاو، بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا و بارودۆخی جیهانییەوەیە، دوو لەسەر سێی دیکەی لە ئێران بەرهەمی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییە؛ سیاسەتگەلێک، کە نەک هەر بووەتە هۆی وشکەساڵی و لەنێوچوونی ئیکۆسیستەمەکانی ڕۆژئاوا و باشووری وڵات، بەڵکو هاوکات بۆ تێکدانی ناسنامەی کولتووری نەتەوە غەیرە فارسەکان و گۆڕینی دیمۆگرافی، بە هۆشیارییەوە داڕێژراون.

## وشکەساڵیی سروشتی یان ئەندازیاریکراو؟

لە نێوەڕاستی دەهەی ١٣٦٠ی سەدەی ڕابردووەوە، هێندێک بەڵگەی سیاسەتەکانی گواستنەوەی ئاو، لە ناوچە سنوورییەکانەوە بۆ ناوەندی وڵات ئاشکرا بوو. حکومەت لەبری هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی سەرچاوە ئاوییە ڕەسەنەکانی هەر ناوچەیەک، دەستی بە پڕۆژەگەلێک کرد، کە بە شێوەیەکی کاریگەر ئاوی لە پارێزگا کوردییەکان، عەرەبی، لوڕ و پارێزگاکانی دیکەی پەراوێزخراوی وڵاتەوە،بەرەو شارە گەورەکانی وەک تاران، قوم، ئیسفەهان، تەورێز و کەرەج لادا. ئەم پرۆژانە، نەک هەر نەیانتوانیوە قەیرانی ئاوی وڵاتەکە کەم بکەنەوە، بەڵکو قەیرانەکەیان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە گواستووەتەوە، و زیانێکی زۆریان بە ئیکۆسیستەمی ناوچە سەرچاوەییەکان گەیاندوە.

بە ئامانجی دابینکردنی ئاو بۆ شارە گەورەکانی نێوەڕاست، ژمارەیەکی زۆر بەنداو لەسەر ڕووبارەکانی، وەک زێی بچووک، زەرینەرود (جغەتوو)، سیمینەرود (تەتەهوو)، کارون، ئاروەند و، دیکە ڕووبارەکانی ڕۆژئاوا، باکور و باشوری ڕۆژئاوای ئێران، دروستکران. شارەزایانی ژینگە چەندین جار هۆشدارییان داوە، کە ئەم بەنداوانە بەبێ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی گشتگیر لەسەر ژینگە دروست کراون، و بە شێوەیەکی کاریگەر بوونە هۆی "دزینی ئاو"، پێناسەیەک کە بە شێوەیەکی دروست لەلایەن هەندێک لە توێژەرانەوە، بۆ وەسفکردنی ئەم دۆخە بەکارهێنراوە.

## تێچووی دەرفەتی لەدەستچوو: سیاسەتی بەدیل، کە هەرگیز جێبەجێ نەکران

ئەگەر کۆماری ئیسلامی، بە تەنیا بەشێک لە بودجەی گەورەی گواستنەوەی ئاو و دروستکردنی بەنداوەکانی، لە ڕێوشوێنی بەردەوام و زانستیدا خەرج بکردایە، دەکرا ڕێگری لە زۆرێک لە کێشەکانی ئاوی ئەمڕۆ بکرایە. وەک دروستکردنی بەنداوی بچووک و نێوخۆیی کە بە باران پڕ دەبن، ڕاهێنانی جووتیاران لەسەر شێوازەکانی ئاودێریی مۆدێرن و وزەی کارا، ڕیسایکلکردنی ئاوی شارەکان، نۆژەنکردنەوەی ڕوواندن و وەبەرهێنان لە شوێنە سەوزەکاندا، دەیتوانی بەکارهێنانی ئاو لە ناوچەکانی ناوەندا، بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بکاتەوە و پێویستی گواستنەوەی ئاو نەمێنێت. بەڵام ئەم جۆرە ڕێوشوێنە جێگیرانە، هەرگیز بۆ حکومەت یەک لە دووا یەکەکان، لە پێشینەی کاردا نەبوون.

## ئامانجە شاراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە پرۆژەکانی گواستنەوەی ئاودا

**لە پشت ئەم سیاسەتە بەڕواڵەت تەکنیکییانە، ئامانجە سیاسی و ئەمنییەتییەکان هەن.**

**یەکەم**: بە ئاوەڕۆکردنی زەوییە پەراوێزخراوەکان و بێبەشکردنیان لە سەرچاوە گرنگەکانی وەک ئاو، خەڵکی ئەو ناوچانە ناچار دەبن بۆ شارە ناوەندییەکان کۆچ بکەن، لە کۆتاییدا گۆڕانی کولتووری و زمانەوانی. ئەم سیاسەتە ئامرازێکە بۆ "ئەندازیاری دانیشتووان"؛ هەوڵێکە بۆ تواندنەوەی نەتەوە غەیرە فارسەکان، لە کولتووری باڵادەستی ناوەند، نەهێشتنی شوناسە نێوخۆییەکان و لاوازکردنی هێزەکانی بەرخۆدانی کۆمەڵایەتی و کولتووری.

**دووەم**: بە دروستکردنی گرژی لە نێوان نەتەوەکان و ناوچەکاندا، حکومەت ئامانجە دابەشکەرەکانی خۆی بەدەست دەهێنێت. نموونەیەکی ڕوون گۆلی ورمێیە، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ناوچەیەک، کە فرەچەشنی نەتەوەیی و زمانەوانیی تێدایە (تورک، کورد، ئاشوور). بە وشککردنەوەی، نەک هەر ئیکۆسیستەمی ناوچەکە لەنێو چووە، بەڵکوو ململانێ لەسەر سەرچاوە ئاوییەکان چڕتر بووەتەوە و زەمینە بۆ لاوازکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی پێکهاتوە.

**سێیەم**: پاککردنەوەی ناوچەکان لە خەڵکی ڕەسەن و خۆجێی، ڕێگا دەکاتەوە بۆ ئەوەی حکومەت بە ئاسانی دەستی بگات بە کان، دارستان و سەرچاوە ژێرزەمینییەکان. ناوچە کوردنشینەکان، زاگرۆس، لوڕستان و خوزستان، خاوەنی یەدەگی بەرفراوانی نەوت، گاز، زێڕ و سامانی سروشتین، کە لە ئەگەری بوونی دانیشتووانێکی ڕەسەنی ئاگادار و خۆڕاگر، ئیستغلالکردنی لەڕادەبەدەر و وێرانکەرانە ئاستەمتر دەبوو.

## کارەساتێک بە پانتایی ئێران: لێکەوتە ژینگەیی و مرۆییەکان

لە وشکبوونەوەی گۆلی ورمێ تا وێرانبوونی تاڵاوەکانی شادگان، هامون و هورئەلعەزیم، کارەساتی ژینگەیی، کە یەک لە دوای یەک ڕوودەدەن. زریانی خوێ، داکەوتنی زەوی، کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی و لەناوچوونی ڕووەکی زاگرۆس، تەنها چەندێک لە دەرئەنجامەکانی ئەم سیاسەتانەن. ئەم کارەساتانە تەنیا زیان بە نەتەوە غەیرە فارسەکان ناگەیەنن؛ تاران، ئیسفەهان، کەرەج و تەنانەت تەبرێزیش گەیشتوونەتە خاڵێکی قەیراناوی. ئەگەر وردتر قسە بکەین، حکومەتی کۆماری ئیسلامی تەنانەت بە دزینی ئاویش، نەیتوانیوە ئاو بۆ شارە گەورەکانی خۆی دابین بکات.

## دابەزینی دەسەڵاتی ناوەندی و قەیرانی بێکۆتایی: فریودانی نوێ

لە هەلومەرجێکی وادا بەشێک لە سیاسەتمەداران بە پلانی، وەک گواستنەوەی پایتەخت بۆ تەورێز یان دابەشکردنی سەرچاوەکان لە نێوان پارێزگاکاندا، هەوڵ دەدەن خۆیان وەک فریادڕەسی قەیرانەکە نیشان بدەن. بەڵام ئەم پێشنیارانە، زیاتر لە گاڵتەجاڕی سیاسی دەچن، نەک چارەسەرێکی بنەڕەتی. ئایا ئەمڕۆ تەورێز خۆی ڕووبەڕووی کەمیی ئاو و وشکەساڵی نیە؟ ئایا بەنداوەکانی پارێزگای تەورێز بەتاڵ نین؟ ئەم جۆرە پلانانە تەنها جۆرێک لە خۆدزینەوەیە لە

بەرپرسیاریەتی، کە لەبری ئەوەی هەڵەیەکی ٤٠ ساڵە قبوڵ بکات، هەوڵ دەدات دیمەنی شانۆنامەکە بگۆڕێت.

## کۆتا پەیف

ئەگەرچی وشکەساڵی لە ئێران، کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوای جیهانی لەسەرە، بەڵام بەشە سەرەکییەکەی، دەرئەنجامی بڕیارە سیاسی و ئابوورییەکانی دەسەڵاتێکی پاوانخواز، ئەمنییەتی و مەرکەزییە، کە بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی، بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و مافی مرۆڤی کردۆتە قوربانی. سیاسەتەکانی وەک دزینی ئاو لە ناوچە سنوورییەکان، دروستکردنی بەنداو بەبێ پلان، پشتگوێخستنی شێوازە کشتوکاڵییە مۆدێرنەکان، و بێبەشکردنی بەئەنقەست لە نەتەوەکان لە سەرچاوە بایۆلۆژییەکان، هەموویان بەشێکن لە پرۆژەیەکی ڕێکخراو بۆ کۆنترۆڵکردن و نەهێشتنی کولتووڕین.

ئەمڕۆ نەک هەر نەتەوەکانی دانیشتووی ڕۆژئاوا و باشووری وڵات، بەڵکو هەموو ئێران بووەتە قوربانی ئەو سیاسەتانە. وڵاتەکە ڕووبەڕووی وشکەساڵییەکی بەرفراوان، ناسەقامگیری ژینگەیی، کۆچی زۆرەملێ و داڕمانی کولتووری بووەتەوە. ئەگەر گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە سیاسەتی ئاو و ژینگەیی وڵاتدا نەکرێت، نەک تەنیا ئاسایشی نەتەوەیی، بەڵکو مانەوەی خاکی ئێرانیش دەکەوێتە مەترسییەوە.

١٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# لە ئاگری ئاویەرەوە هەتا هاواری گەل



لە ڕۆژانی سەرەتای مانگی خەرمانانی ساڵی ١٤٠٤، ئاگرێکی بەرفراوان لە بەرزاییەکانی چیای ئاویەر لە سنە کەوتەوە؛ ئاگرێک، کە نەک هەر بەشێک لە گرنگترین هێمای ژینگەیی و کولتووری کوردستانی سووتاند، بەڵکو هاوکات گیانی سێ لە ڕۆڵە پێشەنگ و تێکۆشەرەکانی ئەم خاکەشی، کردە قوربانی. ئەو ڕۆڵانەی، کە نەک بە چەک، بەڵکوو بەدەستی بەتاڵ و دڵی پڕ لە خۆشەویستیان بۆ سروشت، بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکە بەزین و لە نێو بڵێسەکاندا گیانیان کردە فیدا.

بەڵام لە دڵی ئەم کارەساتەدا، کاردانەوە و هەڵوێستێک لەدایک بوو: ڕاپەڕینێکی جەماوەری، نەک بە ئاژاوەگێڕی، بەڵکوو بە ئامادەبوون، نەک بە فیشەک، بەڵکوو بە فرمێسک، نەک بە توندوتیژی، بەڵکوو بە هاوار. ئەویش پرسەی ئەم سێ قوربانییە ژینگەییە، کە بوو بە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری؛ کۆبوونەوەی هەزاران کەس لە سێ ڕێوڕەسمی جیاوازدا، کە هەریەکەیان دروشم و داواکاری تایبەتیان هەیە، کە داخواز و دەنگی بەکۆمەڵی کوردستان دەخەنە ڕوو.

ئەو دروشمانەی لەم ڕێوڕەسمانەدا گوترانەوە، لەوانە "داگیرکەری ئێرانی، بکوژی ڕۆڵەکانمانی"، "کوردستان گۆڕستانی فاشیستەکانە"، "شەهیدان نامرن"، "هەتا کوردێ بمێنێت، کوردستان هەر دەمێنێ"؛ دەربڕینێکی ڕوون و ئاشکەرا لە داواکاریگەلێک بوون، کە ساڵانێک بوو لە ژێر چینەکانی سانسۆر، سەرکوت و ترسدا خنکێندرابوون. ئەو سێ ڕێوڕەسمانە،

زیاتر لە ڕێوڕەسمێکی ماتەمینی، هاوکات بە شێوەیەکی کاریگەر و کرداری، بوونە ڕێفراندۆمێکی جەماوەری نافەرمی؛ ڕێفراندۆمێک کە خەڵک بەبێ پێویستی بە سندوقی دەنگدان، بەبێ مۆڵەتی حکومەت، بەبێ نێوەندگیری حیزب و دامەزراوەیەک، بەدەنگی بەرز، دەیانگوت چییان دەوێ و لەچی بێزارن!

لەم ڕێفراندۆمە شەفافەی سەرشەقامی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، خەڵک لە دژی کۆماری ئیسلامی و پێکهاتە ناوەندگەراکان، هاواریان دەکرد. ئەوان نیشانیان دا، کە تووڕەیی ئەوان ئاراستەی "نەتەوەیەکی تایبەت" نەبووە، بەڵکوو ئاراستەی ئەو داخوازانە، ڕوو لە پێکهاتە سیاسی، حکوومەتی و ناوەندگەرایانە بووە، کە بەدرێژایی مێژوویان کوردستانیان بەتەنیا، وەک سەرچاوەیەکی دەرهێنانی سامان و سەرکوتکردنی شوناس بینیوە. ئەوانەی ئەم دروشمانەیان بەدڵ نەبوو، یان بە هەڵەیان زانی -لەوانەش یەک یان دوو کەسایەتی ڕێکخراوێک، کە گۆیا خۆیان بە نوێنەری بزووتنەوەی کوردستان دەزانن- ئەگەر ئەوانە، لەبری ئەوەی لە سەرەوە ڕا حوکم بدەن، لە نێو خەڵکدا بوونایە، ڕەنگە باشتر لە قووڵایی ئەو تووڕەییە و دڵسۆزی، ئەو هاوارانە تێگەیشتبان.

ئەوانە بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە دروشمی "داگیرکەری ئێرانی، بکوژی منداڵەکەمانی" دروشمێکی دابەشکارییە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەمە هاوارێکە بۆ ڕق و کینە، یان بانگەوازێکە بۆ دادپەروەری؟ ئایا ئەو خەڵکەی دەیان ساڵە لە بەرامبەر هەڵاواردن، ئێعدام، لەنێوبردنی زمان، سەرکوتی کولتووری و تێکدانی ژینگەدا بێدەنگ بوون، ئایا کاتێک سێ لە لاوانیان لە بڵێسەی ئاگردا سوتان، مافی ئەوەیان نیە بپرسن کێ بەرپرسیارە؟ گەلی کورد بە جاران سەلماندوویەتی، کە مرۆڤی پێکەوە ژیان، ئاشتی، دیالۆگ و شارستانیەتە. بەڵام پێکەوەژیانی یەکلایەنەش، مومکین نیە. ناکرێ کوردستان وێران بکەیت، لاوەکانی بکوژیت، سامانەکانی تاڵان بکەیت و دواتر چاوەڕێی ئەوە بکەیت، کە خەڵک بە تەنها خوێندنەوەی فاتیحەیەک و سەبر ڕازی بن. خەڵکی کوردستان زۆر باش دەزانن، کە ڕق و کینە لە دژی هەر گەل و نەتەوەیەک، چارەسەر نیە، بەڵام هەر ئەو نەتەوەی کوردەش دەزانێت، کە مافی خۆیانە کە دوژمنی خۆیان، نەک لە نێو گەلان، بەڵکوو لە نێو سیستەمە ستەمکارەکاندا بناسنەوە و تەحەدای خۆیان بکەن و ڕووبەرووی ئاستەنگی و ڕیسواییان بکەنەوە.

ئاگری چیای ئاویەر، بەتەنها کارەساتێکی سروشتی نەبوو، بەڵکو ڕوویەکی دیکەی کەمتەرخەمیی بەئەنقەست و سیستماتیکی حکومەتی ناوەندی بۆ کوردستان بوو. ئەگەر هەمان ئاگر لە شمیرانات یان دەماوەند ڕووی دابا، ئایا کاردانەوە و ئیمکاناتی حکوومەتی، بەو شێوەیە خاو و بە چاوپۆشی بۆ سووتان دەبوون؟ ئایا بۆ ڕزگارکردنی دارستانەکانی باکووری ئێران، بەمشێوەیە بێ کردار و عەمەل دەمان؟ ئایا بۆ ڕزگارکردنی گیانی ژینگەدۆستان لە تاران، کەسێک ڕێگەی بە خەڵک دەدا، بە دەستی بەتاڵەوە بڕۆنە نێو جەرگەی ئاگرەوە، یان ئاگرکوژێنەوەکانیان ئامادە دەبوون؟ یان چونکە تارانە و لە بەرداشتی ناوەند لەسەرووی هەمووانە، هەموو ئیمکاناتیان بۆ بەردەست دەکردن و بگرە بە هاناشیانەوە دەچوون؟!



سەرچاوە
Serchawe

کوردستان ساڵانێکە بە ئاگر گەمارۆ دراوە، کە هەندێک جار لە لوولەی تفەنگەوە، هەندێک جار لە دەمی لۆدێرەوە و ئەمجارەیان وەک زۆر جارانی پێشوو، لە بڵێسەی ئاگری بێمشووری و بەئەنقەست پشتگوێخستنەوە، سەر هەڵدەدات و هاوار دەکات. بەڵام لە دڵی ئەم ئاگرەدا، هێشتا ئۆمێدێک ماوە؛ هیوایەک کە دەنگی خۆی لە چاوی دایکانی خەمگین، لە هاواری هەزاران بەشداری ماتەمینی و لە دروشمەکانی وەک "داگیرکەری ئێرانی، بکوژی ڕۆڵەمانی" دۆزیوەتەوە. ئەم دروشمە دروشمی نەتەوەیەکی بریندارە؛ نەک بۆ نەهێشتنی ئەوانی تر، بەڵکوو بۆ سەلماندنی خۆی.

**ئەوانەی لە توندی ئەم دروشمە دەترسن، پێویستە بەر لەوە و زیاتر، لە بەردەوامی ستەم و بێدەنگی بترسن. چونکە میللەتێک کە هیچی نەماوە لەدەست بدات، تەنها هاوارەکەی دەمێنێتەوە. وە کوردستانیش بەم هاوارە زیندووە.**

**١٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٥**

## ٢٨ی گەلاوێژ لە یادەوەری و مێژووی خەباتی کورد لە ئێران




٢٨ی گەلاوێـژی ١٣٥٨ - ١٩٧٩، ئەو ڕۆژەیە کە کۆمـاری ئیسـلامی تـازە بەدەستەڵاتگەیشـتوو، ڕووی ڕاسـتەقینەی خـۆی بە فەرمـانی جیهـاد لە دژی نەتەوەی کـورد، خـۆی ئاشکرا کـرد. شـەڕێکی سـێ مـانگە دەسـتی پێکـرد، کە هەرچەنـدە خـوێن و وێرانکاری لەگەڵدا بوو، بەڵام بوو بە هێمای بەرخۆدان و تەسلیم نەبوونی کوردستان. ئەمڕۆ لە چل و هەشتەمین ساڵیادی ئەو ڕووداوەدا، یادی شەهیدان دەژی، خەبات بەرەو ئامانجی ئازادی، یەکسانی و دیموکراسی بەردەوامە.

٢٥ی گەلاوێژ بۆ نەتەوەی کورد، تەنها بەروارێک نیە، بەڵکوو وەبیـرهێنەرەوەی برینێکـی کـراوە و یـادەوەرییەکی ئەبەدییە. لە ٢٥ی گەلاوێژێکی وەک ئەمڕۆدا، ساڵی ١٣٥٨ - ١٩٧٨ و تەنیا چەند مانگێک دوای ڕووخـانی ڕژێمی پەهلەوی، ئـایەتوڵڵا خومەینی فەرمـانی "جیهـاد"ی دژ بە نەتـەوەی کـورد دەرکـرد؛ فەرمانێـک، کە بـووە هـۆی شـەڕێکی خوێنـاویی سـێ مـانگە، کە نێوەرۆک و سروشتی ڕاستەقینەی ڕێژێمی تازە دامەزراوی کۆماری ئیسلامیی ئاشکرا کرد. ئەو شـەڕە کە لە ئەدەبیـاتی سیاسـی کوردستـاندا، بە نـاوی "شەڕی سێ مـانگە" تۆمـار کـراوە، ئەمڕۆ هێمـای بەرخۆدانی نەتەوەییەکە، کە تـاکە خواستی؛ ئـازادی، یەکسانی، دیموکراسی و دابڕانی ئایین لە سیاسەت و حوکمڕانییە.

**شۆڕشی ١٣٥٧ بە دروشمی ئازادی، دادپەروەری و مافی گەلان دەستی پێ کرد.**

نەتەوەی کورد یەکێک لە پێشنەگە مێژووییەکان، بە مێژوویەکی دوور و درێژی بەرەنگاربوونەوەی، دژ بە چەوساندنەوەی

پەهلەوی و پێش ئەویش، هاوشانی هەموو نەتەوەکانی ئێران، لەو شۆڕشە مەزنەدا بەشدار بوون، و هیوایان خواست کە دوای دەیان ساڵ لە ستەمکاری پەهلەوی، فەزای نوێ بۆ دیموکراسی و مافە نەتەوەییەکان بهێتەدی. بەڵام زۆری نەخایاند و ئەوە ڕوون بووەوە، کە سەرکردەی تازە خۆسەپێنی شۆڕش، هەر وەک دەستەڵاتە پاشاییەکانی پێش خۆی، هیچ باوەڕێکی بە ئازادی نەتەوەکان نەبووە و نیە. خومەینی بە ناوی ئایینەوە، دەستی بەسەر شۆڕشی گەلاندا گرت و پێگەی دەستەڵاتی کرد، وەک سیستەمی پاشایەتیبە ئامرازێک بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی ستەمی نەتەوەیی، بە لێ زیادکردنی ستەمی مەزهەبی و ئایینی.

خومەینی لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٥٨ - ١٩٧٩دا، فەرمانی "جیهاد"ی، دژ بە نەتەوەی کورد دەرکرد. ئەرتەش و سوپای پاسداران، ڕەوانەی شارەکانی کوردستان کران. سەرکوت و کۆمەڵکوژییەکی بێ وێنەی، نەتەوەی کورد دەستی پێکرد. میدیای دەوڵەتی هەوڵی دا بە ناوی "دژ شۆڕشگێڕ" و "جیاخوازی"، پاساو بۆ ئەم سەرکوتکردنە بهێنێتەوە، بەڵام حەقیقەتەکە ڕوون بوو: نەتەوەی کورد جیابوونەوەی نەدەویست، بەڵکو دیموکراسی، ئازادی و مافی چارەی خۆنووسینی لە چوارچێوەیەکی دادپەروەرانەدا داخواز بوو. لە ٢٨ی مانگی گەلاوێژ هەتا خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨ - ١٩٧٩، بە قوربانیدانی پێشمەرگە و گەل، سێ مانگ خۆڕاگری بەردەوام بوو. هەرچەندە حکومەت توانی بە خوێنڕشتن و وێرانکاری بەشێوەیەکی کاتی کۆنترۆڵ بەدەستەوە بگرێت، بەڵام کوردستان بە خۆڕاگری خۆی، نیشانی دا کە هەرگیز بەچۆکدا ناهێت.

ڕێبەرانی بزووتنەوەی کوردستان لەو سەردەمەدا، بە بەردەوام جەختیان لەوە دەکردەوە کە گەلی کورد، جگە لە ماف، ئازادی و یەکسانی، هیچی دیکەی مەبەست نیە. ئەوان پێشنیاری فیدرالیزم، جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت و مافی یەکسانیان بۆ هەموو نەتەوەکانی ئێران دەکرد. ئەم داواکاریانە نە هەڕەشە بۆ سەر ئەوانی تر، نە لە دەرەوەی پرەنسیپەکانی دیموکراسی بوون، بەڵکو هەوڵێک بوون، بۆ دروستکردنی نەزمێکی نوێ و مرۆڤدۆستانە، لە ئێرانێکی فرەنەتەوەیی دا. بەڵام کۆماری ئیسلامی، لە جیاتی دیالۆگ و قبوڵکردنی واقیع، سەرکوت و کوشتنی هەڵبژارد. ئەم هەڵبژاردنە نەک هەر کوردستانی ئاگر تێبەردا، بەڵکو ئایندەی ئێرانی، خستە ناو ستەم و ڕێڕەوێکی تاریکەوە.

ئەمڕۆ دوای ٤٨ ساڵ، یادەوەری جەنگی سێ مانگە هێشتا زیندووە. جیلە نوێیەکانی کوردستان، هەمان دروشمەکانی ماف، ئازادی، یەکسانی، دیموکراسی دووبارە دەکەنەوە. خوێنی شەهیدانی ئەو ڕۆژگارە، تۆوی بەرخۆدانی لە دڵی مێژوودا چاند، ئەمڕۆش ئەو تۆوە لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکاندا، لە سەرانسەری ئێراندا خۆی دەنوێنێتەوە. شەڕی سێ مانگە فێری کردین، کە ئازادی بەبێ بەرخۆدان بەدەست نایەت و هیچ دەسەڵاتێک، "ئەگەر بە ناوی ئایینیشەوە قسە بکات"، ناتوانێت ئیرادە و داخوازییەکانی گەلان بێدەنگ بکات.

بیرهێنانەوەی ٢٨:ی گەلاوێژ، بەتەنها گێڕانەوەی ڕابردوو نییە؛ هەروەها هەڵگری پەیامێکە بۆ ئەمڕۆ و سبەی. وەک چۆن خومەینی شۆڕشی ١٩٨٩ی ڕفاند، هەروەها ئەمڕۆش لە لایەن هێندێک دەستەوە، مەترسی دەستبەسەرداگرتن و شێواندنی داخوازەکانی خەڵک هەیە. میللەتی کورد بە ئەزمونی تاڵی شەڕی سێ مانگە، لە هەموو کەس باشتر دەزانێت کە تاکە ڕێگای ڕزگاری، پێداگرییە لەسەر بنەماکانی دیموکراسی و فیدرالیزم. ئەم یادکردنەوە دەرفەتێکە، بۆ بەخۆداچونەوەی هەموو هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران، کە جارێکی دیکە بگەڕێنەوە بۆ ئەم ڕاستییە: بەبێ دانان بە مافە نەتەوەییەکان، بەبێ جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت، هیچ دیموکراسییەک مومکین نابێت.

٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ - ١٩٧٩ ئەو ڕۆژەیە کە ڕژێمی تازە بەدەستەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی، ڕووی ڕاستەقینەی خۆی نیشان دا: دوژمنی ئازادی، یەکسانی و مافی نەتەوەکانە. بەڵام لە بەرامبەردا، هەر ئەو ڕۆژە بوو بە دەستپێکی گێڕانەوەیەکی تر: گێڕانەوەی بەرخۆدانی نەتەوەی کورد. ئەمڕۆ بە بۆنەی ساڵیادی ئەو یادەوە، سەری خۆمان لە بەرامبەر گیانی پاکی شەهیدانی شەڕی سێ مانگە دادەنوێنین، و بەڵێن دەدەین درێژە بە ڕێبازەکەیان بدەین. ئەوان بە بەخشینی گیانیان، هاواریان دەکرد; کە کوردستان هەرگیز تەسلیم نابێت. ئەم هاوارە، ئەمڕۆش لە چیا، شار و گوندەکانی کوردستان بەردەوامە لە دەنگدانەوە، هەتا ڕۆژی ڕزگاریش بەردەوام دەبێت.

**پەیامی کۆتایی: کوردستان هەرگیز تەسلیم نابێت؛ خوێنی شەهیدانی شەڕی سێ مانگە، چرای ڕێبازی پیرۆزر مافخوازی، ئازادی و دیموکراسییە.**

**٢٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٥**

# چوار گەوهەری پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانج



## ڕێگایەک کە بە دڵی چیاکاندا تێدەپەڕێت

گەیشتن بە ئامانجێک، وەک گەیشتن بە لوتکەی چیاییەکە، کە لە دوورەوە لە نێو تەمومژی هەور و ڕووناکیدا خۆی دەنووێنێت. هەموو کەسێک دەتوانێت بیبینێت، هەموو کەسێک دەتوانێت ناوی بهێنێتە سەر زمان، بەڵام تەنها ئەوانەی وێرەکی تێپەڕبوون بە ڕێگا پڕ لە شاخ و پێچاوپێچی ئەویان هەیە، لەسەر بەرزایی ئەو لوتکەیە، شایانی وەستان دەبن. ئەم ڕێگایە، ڕێگایەکی ڕاست و ڕێک نیە؛ ڕێگایەکە بە دڵی چیاکاندا تێدەپەڕێت، بە پێچ و پەنا، ڕێگای فریودەر و هەڵدێری بێهەژمار، کە لە کەمیندان بۆ ئەوەی، ڕێگەپێوەر لەنێو ببەن.

لەم ڕێگایەدا هەر پێچێک، هەر دووڕێیانێک، تاقیکردنەوەیەکە بۆ پیوانی بڕوا، ئیرادە و وشیاری. هەر ڕێگا بەلاڕێگابەرەکانی ئەو ڕێگایە، ئەو بژاردەگەلە بریقەدار و سەرنجڕاکێشانەن، کە هەندێک جار کورتتر دێنە بەر هزر و چاو، بەڵام لە کۆتاییدا دەگەنە بنبەست یان هەڵدێرەوە. هەڵدێرگەلێک، کە ئەگەر هەر هەنگاوێک خلیسک ببات، بێبەزەییترین ساتگەلێکن، کە لە ناکاو ساڵانێک لە تێکۆشان و هەوڵدان، بەیەکجار دەخەنە نێو قووڵایی هەڵدێری لەبیرچوونەوەوە.

## نهێنیی تێپەڕین بە سەلامەت

بە سەلامەتی بەزاندنی ڕێگایەکی لەو شێوەیە، هونەرێکە؛ هونەرێک کە بۆ هەموو ڕێبوارێک بەردەست نیە. ئەم هونەرە، تێکەڵەیەکە لە چوار گەوهەر:

دیدگایەک؛ کە ئامانجی مەبەست، وەک ئەستێرەی جەمسەری لە دڵی شەودا گەشاوە دەهێڵێتەوە.
سەبرێک، کە بەرگەی زریانەکان بگرێت.

نەرمی؛ کە وەک لقەکانی دارەبی لە بەرامبەر ڕەشەباکان بچەمێتەوە، بەڵام نەشکێتەوە.

هەروەها توانای، خوێندنەوە؛ پێش ئەوەی بکەویتە داوەوە، لە مەترسی ئاگادار بێتەوە.

## کوردستان: قوتابخانەی تێپەڕین بەڕێگا سەختەکاندا"

ئەگەر بمانهەوێت خاکێک، کە بە سەدەکان لە ڕێگا پڕمەترسیدارەکاندا خەڵکەکەی، فێری هونەری تێپەڕینی بەسەلامەت بوون، بەنموونە بهێنینەوە، ئەو خاکە بێگومان کوردستان دەبێت. لە شاخە سارد و سەختەکانیەوە، ڕێپێوەرانێک سەریان هەڵداوە، کە ڕێگای خۆیان نەک لەسەر ڕێگا قیرتاوکراوەکان، بەڵکو لەسەر لێوارە ئاستەمەکان و تاشە بەردەکانی ئاڵاوتە بە خوێن، بونیات ناوە.

لە مێژووی هاوچەرخدا، تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەبەردەوام نموونەی زیندوو لەو هونەرە بوون. ئەوانەی لە پەنجاکان و شەستەکان و هەفتاکانی سەدەی ڕابردووی خۆریدا، لە بەرامبەر ئەو سوپا و سیاسەتانە، کە دەیانویست دەنگی ئازادی بێدەنگ بکەن وەستانەوە. کەسایەتییەکانی وەک شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، کە بە تێگەیشتنێکی سیاسی قووڵەوە، هەوڵی دا خوێنڕشتن بە دیالۆگ بگۆڕێت، بەڵام هەرگیز تەسلیمی ڕێبازی چەواشەکراوی موزایەدەکردن لەسەر ئامانجەکانی نەبوو. یان ئەو پێشمەرگانەی، کە لە سەرمای زستانە سەختەکانی شاخدا، بە پارچە نانێکی وشک و ئومێدێکی گەورەوە، درێژەیان بە ڕێگاکەیان دا، و هەڵدێرە قوڵەکانی نائومێدییان بەزاند.

ئەم تێکۆشەرانە دەیانزانی کە هەر هەنگاوێک لەسەر ئەم ڕێگایە، دەتوانێت دوا هەنگاویان بێت؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا،

چاویـان هەمیشـە لەسـەر لـوتکە بـوو. ئەوان تێگەیشـتن کە ئامـانجی مەبەسـت، تەنهـا خـاڵێکی جـوگرافی نیـیە، بەڵکوو پێگەیەکە، کە ڕۆحی مرۆڤی تێدا ئازاد دەکرێت.

## بەلاڕێگابەرەکانی ئەمڕۆدا، هەڵدێرەکانی سبەی

لە جیهانی ئەمڕۆدا مەرج نیە بەلاڕێگاداچوونەکان، لە شێوەی خیانەتێکی ئاشکرا یان شکستی سەربازیدا بن. هەنـدێک جـار وەک بەڵێنـی سیاسیی بەدرۆ، پـڕۆژەی ئـابووریی گومانـاوی، یـان تەنـانەت دروشمی گەورە و بـریقەدار، بەڵام لە کـردەوەدا بەتاڵ بەنێوەرۆکی حەقیقەت، خۆیان بەدەردەخەن. هەڵدێرەکانیش بەتەنیا لە بەرەکـانی شـەڕدا نین؛ دەتـوانن لە مەیـدانی بیرکردنەوە، فەرهەنگی، یـان میـدیادا بـن، ئاستێک کە بە شێواندنی مێـژوو و ناسنامە، ڕۆحی نەتەوەیەک بەرەو ڕووخـان دەبات.

ئەزموونی ڕێپێوەرانی کوردستان فێرمان دەکات کە بـۆ گەیشتن بە ئامـانج، دەبێت بەبەردەوامی لە خۆمـان بپرسین: ئایـا ئەم ڕێگایە دەمانباتە لوتکە، یان بۆ داوێنی بێکۆتای لاڕێگا؟ ئایا ئەم بڕیارە، لە هەڵدێر دوورمان دەخـاتەوە، یـان نزیکتر لە لێوارەکەی؟

## پەیڤی کۆتایی پەیڤ

ئامـانج ئەو خۆرەیە کە لە دوورەوە هەڵـدێت، بەڵام بەهـاکەی لە بڕینـی ئەو ڕێگـایەدایە کە بەسـەریدا تێپەڕیـوین. مێـژوو، نـاوی ئەو کەسـانە دەئەسپێرتە یـاد، کە نەک هەر گەیشتوونەتە ئامـانج و مەبەست، بەڵکوو هاوکـات بەبـێ ئەوەی ڕۆح و شەرافەتیان لە لاڕێگەکان و هەڵدێرەکان بەجێ بهێڵن، ڕێگای مەترسیشیان تێپەڕاندوە.

**ئەو کەسانە شۆڕەسوارانی حیزبی دێموکراتن و لە ٨٠ ساڵەی دامەزرانی ئەم حیزبە خۆشەویست و جێگەی هۆمێدی خەڵکی کوردستانا، سڵاو لە ناو بیروباوەڕەکانی.**

**٣١ی گەلاوێژی ٢٧٢٥**

## کۆماری ئیسلامی: ئیمپراتۆرییەتی درۆ و تیرۆر



چوار دەیە دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی، ئیتر کەم کەس گومانی ئەوەی هەیە، کە ئەو سیستمە لەسەر سێ پایە سەرەکی بنیات نراوە: درۆ و فریودانی ئایدیۆلۆژی، تیرۆری ڕێکخراو و دروستکردنی ترس لە کۆمەڵگەدا. ئەم سێ توخمە نەک هەر لە ناوخۆدا بۆ سەرکوتکردنی نەتەوەکانی ئێران بەکارهێنراون، بەڵکو بوونەتە کەرەستەی سیاسەتی دەرەوەش. لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی هەمیشە بە خراپ بەکارهێنانی بیروباوەڕی مەزهەبی و پشتیوانی لە هێزی بە وەکالەت، بەبەردەوام هەوڵی داوە خۆی بگۆڕێت بۆ زلهێزێکی ناوچەیی.

هەر لە سەرەتاوە، دروشمی "سەربەخۆیی، ئازادی، کۆماری ئیسلامی" لە فێڵێک زیاتر نەبوو. کۆماری ئیسلامی، بە کەڵک وەرگرتن لە هەست و سۆزی ئایینی خەڵک، بانگەشەی نوێنەرایەتی کردنی خودای لەسەر زەوی، وەک بیانوویەک بۆ سەرکوتکردنی هەر دەنگێکی دژبەر بەکارهێنا. ئەم درۆ گەورەیە، بوو بە بنەمای دامەزراندنی حکومەتێک کە شەرعیەتی خۆی، نەک لە دەنگی خەڵکەوە، بەڵکو لە سەرکوتکردن و لێکدانەوەی هەڵبەستراو و داخراوی ئایین بەدەستی دەهێنێت. هەروەها فەرمانڕەواکانی ئێران هەر لە سەرەتاوە، تیرۆریان کردووە بە ئامرازێکی هەمیشەیی بۆ حوکمڕانی. لە سێدارەدانی بەکۆمەڵی شەستەکان، تیرۆر و کوشتنی زنجیرەیی ڕەخنەگرانی سیاسی و ڕۆشنبیران، و سەرکوتکردنی خوێناوی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان لەم ساڵانەی دواییدا، هەموویان بەشێکن لە مێژووی سەرکوتی ناوخۆیی. لە گۆڕەپانی

دەرەوەدا، "هەناردەکردنی شۆڕش" بە کردەوە لە هەناردەکردنی تیرۆر و ناسەقامگیری بۆ لوبنان، عێراق، سووریە، یەمەن و غەززە زیاتر نەبووە.

سەرەڕای خەرجکردنی ملیارەها دۆلار بۆ گرووپە بەوەکالەتەکان، کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی ڕابردوودا تووشی شکستی قورسی کردووە. شەڕی ١٢ ڕۆژەی لەگەڵ ئیسرائیل، لاوازییەکانی حزبوڵڵا و حەماسی ئاشکرا کرد. لە سوریا، ڕژێمی ئەسەد سەرەڕای پشتیوانی بەربڵاوی ئێران، لە گۆڕەپان سڕایەوە. لە عێراق و یەمەنیشدا کاریگەری تاران، ڕووبەڕووی تەحەدای جددی بووەتەوە.

ئەم پێشهاتانە وای دەردەخست، کە سیاسەتی هەناردەکردنی تیرۆر و دروستکردنی قەیران شکستی هێناوە. بەڵام بەڵگەکانی ئێستا، پێچەوانەی نیشان دەدەن: کۆماری ئیسلامی هەروا بەردەوامە لە هەوڵدان، بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی تۆڕەکانی بە وەکالەت. سەفەری ئەم دواییەی عەلی لاریجانی بۆ لوبنان نموونەیەکی ڕوونی ئەم هەوڵەیە.

**ئێستا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: بۆچی ڕێژیم سەرەڕای شکستە یەک لە دوای یەکەکانی، پێداگری لەسەر درێژەدان بەو سیاسەتە دەکات؟ وەڵامەکە سادەیە:** کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی، پێویستی بە قەیرانی بەردەوام هەیە. ئەم سیستەمە لە ئاژاوە و دوژمنایەتی دەخوات. بەبێ قەیرانی دەرەکی ناتوانێت، پاساو بۆ سەرکوتکردنی ناوخۆیی بهێنێتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش، وەک پەندەکە دەڵێت: "تەوبەی گورگ مردنە". چاوەڕوانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە دەسەڵاتێک، کە بوونی لەسەر قەیران بنیات نراوە، لە وەهمێک زیاتر نیە.

پێداگری کۆماری ئیسلامی لەسەر سیاسەتی بە وەکالەت، نەتەوەکانی ئێرانی لە ناوخۆدا دووچاری هەژاری، چەوسانەوە و ناسەقامگیری کردووە. لە ڕووی ناوچەییەوە، وڵاتانی وەک لوبنان، سوریا، عێراق و یەمەن کە دەیانتوانی هەنگاو بەرەو گەشەپێدان بنێن، گۆڕاون بە بەرەکانی شەڕی بە وەکالەت. هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئێران وەک "سپۆنسەری دەوڵەتی بۆ تیرۆر" دەناسێت، هەر ئەوەش هۆکاری گۆشەگیرکرانی زیاتری وەڵاتەکە بووە.

ئەزموونی چوار دەیەی ڕابردوو دەریخستووە، سیستەمێک کە لەسەر بنەمای درۆ و تیرۆر و ترس دامەزراوە، نە چاکسازی تێدا دەکرێت و نە بەردەوام دەبێت. ڕەنگە کۆماری ئیسلامی بەڕدەوام بێت لە خۆ پیشاندانی وەک زلهێزێکی ناوچەیی، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە کە ئەم "ئیمپراتۆرییەتەی درۆ و تیرۆر" لە سێبەرێکی لەرزۆک، لە سەرِ جێگەی تیرۆر زیاتر پێناسەیەکی دیکەی بۆ نییە. مێژوو دەریخستووە، کە سێبەری درۆ هەرگیز بەردەوام نابێت و، مەحکوومە بە نەمان.

٢ی خەرمانانی ٢٧٢٥

# قەیرانی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی



پێشهاتەکانی ڕۆژانی ڕابردوو جارێکی دیکە نیشانی دا، کە دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێگای قەیرانسازی دەگرنە بەر، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ناچار بووە، بە ڕێگای یاسایی و سیاسی وەڵام بداتەوە. لە یەک دوو ڕۆژی ڕابردوودا، سێ وڵاتی ئەورووپی، فەرەنسا، بەریتانیا و ئەڵمانیا، هەنگاوە سەرەتاییەکانی چالاککردنەوەی "میکانیزمی ماشە"یان ڕاگەیاند؛ میکانیزمێک کە لە چوارچێوەی بەرجامدا پێناسە کراوە، کە دێتە واتای گەڕانەوەی ئۆتۆماتیکی سزاکانی شوڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی کۆماری ئیسلامی. بەرپرسانی تارانیش هەڕەشەیان کردوە بێتوو بڕیارێکی لەو شێوەیە جێبەجێ بکرێت، ئێران لە پەیمانی قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی (NPT) دەکشێتەوە. لە ژینگەی نێودەوڵەتیدا بە ڕوونی ئەو دوو پێشهاتەیە، بۆ ئایندەی ئێران و ناوچەکە، دێتە واتای چوونە قۆناغێکی نوێیەوە، و ئاسۆیەکی مەترسیدار بۆ ئایندەی ئێران و ناوچەکە وێنا دەکەن.

## شەرعیەتدان بە کردەوەی سەربازی

لە چەند هەفتەی ڕابردوو دا، هەندێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئیسرائیل ڕایانگەیاندبوو; کە بۆ ئەوەی ئیسرائیل "هێرشی دووەم" بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی، پێویستیە کە مکانیزمی ماشە کارا بکرێت، هەتا شەرعیەتی

یاسایی و نێودەوڵەتی بۆ کردەوەیەکی لەو شێوەیە ئەنجام دابین بکرێت. ئێستا بە سەرنجدان بەو ڕەوتە نوێیە وا دەردەکەوێت، کە کۆماری ئیسلامی بە چەقبەستوویی و سیاسەتی نابەرپرسانەی خۆی، زەمینەی بۆ سیناریۆیەکی وا ئامادە کردووە. بە ئەگەری کشانەوەی تاران لە NPT هەڵگری ئەو واتایەیە، کە بە هۆی ئەو پەیماننامەیە کە بەڵگەنامەی سەرەکی نێودەوڵەتیە، بۆ گەرەنتیکردنی سروشتی ئاشتیانەی چالاکییە ئەتۆمییەکانی وڵاتان، دەستی زلهێزەکانی جیهان، بۆ هەر جۆرە هەنگاوێکی ڕەق و توند، کراوە دەکات.

## سیاسەتە قەیران ئافرێنەکانی کۆماری ئیسلامی

لەوەتەی کۆماری ئیسلامی هاتۆتە سەر دەسەڵات، سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەسەر بناغەی میحوەری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جیهان، هەناردەکردنی قەیران و میلیتاریزم لە قاڵب دراوە. دەسەڵاتدارانی تاران لە جیاتی گەشەپێدانی ناوخۆیی، دێموکراسی و خۆشگوزەرانی خەڵک، ملیارەها دۆلاری لە سامانی نەتەوەی ئێرانیان، بۆ گروپە بە وەکالەتەکان لە ناوچەکەدا خەرج کردووە. دەرئەنجامی ئەم ڕێبازەش، هۆکاری زیاتر گۆشەگیریی ئێران لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، سەپاندنی سزای بەربڵاو، زیادبوونی هەژاری و ناڕەزایی لەناو وڵاتدا بەرهەم بووە. لە وەها هەلومەرجێکدا و بە هەڕەشەی کشانەوە لەNPT ، بەردەوامیە بە هەنگاوێکی دیکە، لەسەر ڕێبازی خافڵاندن و بە بارمتەگرتنی چارەنووسی نەتەوەکانی ئێران.

## گەلانی ستەملێکراو قوربانییانی سەرەکی

هەرچەندە تاران بە ئاماژەی "دەسەڵات"ەوە، ئەم جۆرە سیاسەتانە پەیڕەو دەکات، بەڵام بە کردەوە، ئەوە نەتەوەکانی چەوساوەی ئێرانن کە زۆرترین باج دەدەن. گەلی کورد کە هەمیشە لە پێشەنگی خەباتی ئازادی، دادپەروەری و دیموکراسیدا بووە، ئەمڕۆش بەدەست ئەم قەیرانانەوە زەرمەند دەبن. گەمارۆ ئابوورییەکان، گوشارە ئەمنییەتییەکان و ئەگەری بەربڵاوی ململانێی سەربازی، ژیانی خەڵکی کوردستان، زیاتر لەوەی هەیە، قورستر دەکەن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبەردەوامی جەختی لەوە کردووەتەوە، کە ئایندەیەکی گەش، بەتەنیا لە سایەی دیموکراسی، ئاشتی و ڕێزگرتن لە مافی گەلان مومکینە، نەک لە گرەوی خافڵاندنە ناوەکییەکانی ڕێژیم.

## پێویستیی قەبوڵی بەرپرسیارەتیی کۆمەڵگەی جیهانی

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت ئەوە بزانێت، کە قەیرانی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی، تەنیا مەترسییەکی ناوچەیی یان

تەکنیکی نییە، بەڵکو هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی. بەڵام شانبەشانی گوشارە دیپلۆماسییەکان و گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان، پێویستە گرنگی بە چارەنووسی نەتەوەکانی ئێرانیش بدرێت و لەبەرچاو بگیرێت. نابێ ئەوە لەبیر بکرێت، کە ئەم خەڵکە نەک حکومەتی ستەمکار، بەڵکو خوازیاری ئازادی، ئاسایش و پەیوەندی ئاسایی لەگەڵ جیهاندان. هەر سیاسەتێکی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی دەبێت لە یەک کاتدا، زەمینە بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەکانی ئازادیخوازی نێوخۆیی، لەوان بزووتنەوەی دێموکراتی نەتەوەیی کوردستان خۆش بکات.

### ئاسۆی داهاتوو

**لە بارودۆخی ئێستادا، ئەگەری دوو سیناریۆ هەیە:**

**یەکەم**: چڕبوونەوەی فشارە نێودەوڵەتییەکان و گەڕانەوەی گەمارۆکانی ئەنجومەنی ئاسایش، کە دەتوانێت زیاتر ڕژێم لاواز بکات؛

**دووەم**: ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە NPT بکشێتەوە، شەرعیەت دەدات بە هێرشی ئیسرائیل و دیکە زلهێزەکانی دیکە، ئەوکاتیش روخساری قەیرانەکە دەگۆڕدرێت بۆ رووبەرووبوونەوەی سەربازی. دوواجار هەردوو سیناریۆکەش، بەرهەمی سیاسەتەکانی خودی ڕێژیمن، بەڵام نابێت نەتەوەکانی ئێران، ببنە قوربانی بەردەوامی ئەم گەمە مەترسیدارە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبەردەوامی جەختی لەوە کردووەتەوە، کە چارەسەری ڕاستەقینە لە گۆڕینی بنچینەیی سیاسەتی ناوخۆیی، دەرەوەی ئێران، هەڵوەشاندنەوەی دیکتاتۆری ئایینی و جێگرتنەوەی سیستمێکی سێکۆلار، دێموکراتیک و فیدراڵییە؛ سیستەمێک کە ئازادی و یەکسانی و مافی چارەی خۆنووسین بۆ هەموو نەتەوەکانی ئێران دەستەبەر بکات، و پەیوەندیی ئاشتیانە لەگەڵ جیهاندا دابمەزرێنێت.

### کۆتا پەیڤ

چالاکبوونی میکانیزمی ماشە و هەڕەشەی کشانەوەی کۆماری ئیسلامی لە NPT ئەوە نیشان دەدات، کە ڕژیمی دەسەڵاتدار هەرگیز بە دوای ئاشتی و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵک نەبووە. سیاسەتەکانی ئێستاشی، تەنیا پاڵ بە وڵاتەوە دەنێت کە بەرەو گۆشەگیری زیاتر و ئەگەری شەڕێکی وێرانکەر هەنگاو بنێت. بەرپرسیارەتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەم هەلومەرجەدا ئەوەیە، کە جگە لە گوشار خستنە سەر ڕێژیم، گوێ لە دەنگی نەتەوەکانی ئێرانیش بگرێت و، پشتیوانی لە داخوازی

ئازادی، مافی چارەی خۆنوسین و دێموکراسییان بکات. تەنها بەم شێوەیەیە، دەتوانین هیوای ئایندەیەکی دوور لە هەڕەشەی ئەتۆمی و سەربازی بۆ ناوچەکە و جیهان بخوازین.

**١٠ی خەرمانانی ٢٧٢٥**

# قەیرانی ئاو لە بوکان



**(دەرهاویشتەی سیاسەتی ناوەندگەرایی و نادادپەروەری ژینگەیی)**

یەکێک لە مافە بنەڕەتییەکانی هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆیی، بە یەکسانی دەستپێڕاگەیشتنە بە سامانە سروشتییەکان، بە تایبەت ئاو. بەڵام لە زۆرێک لە پارێزگا و دەڤەرە کوردستانیەکانی ئێراندا، بەئاشکرا ئەم مافە سەرەتاییە پشتگوێ دەخرێت. نموونەیەکی ڕوونی ئەم نادادپەروەرییە، قەیرانی ئاوی بوکان و ناوچەکانی دەوروبەرییە؛ قەیرانێک کە لە چەند مانگی ڕابردوودا زیاتر بەرجەستە بووە و لەگەڵیدا، ژیانی هەزاران جووتیار و خێزانی گوندنشینی خستۆتە مەترسییەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتە ناوخۆییەکان، لەم دواییانەدا ئاستی ئاوی بەنداوی بوکان، زیاتر لە دە میتر دابەزیوە، هەروەها قەبارەی ئاوەکەی، نزیکەی دە سانتیمەتر لە ڕۆژێکدا کەم دەبێتەوە. ئەم پرۆسەیە، نەک هەر کشتوکاڵی ناوچەکەی لەنێو بردوە، بەڵکوو گوندەکانی دەوروبەری لە دەڤەری سایینقەڵا و هەوشاریش، ڕووبەرووی کەمئاوی و وشکەساڵی بوونەتەوە. لە کاتێکدا کە زەوییە کشتوکاڵییەکان ڕووبەرووی وشک و بێ بەرهەم بوون دەبنەوە، ڕۆژانە ئاوی ئەم بەنداوە، دەگوازرێتەوە بۆ شاری تەورێز و شارەکانی دیکەی پارێزگای ئازەربایجان.

ئەم ڕاستییە بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە سیاسەتی ناوەندگەرایی و هەڵاواردن، بەردەوامە لە سێبەر خستن بەسەر

ژیانی خەڵکی کوردستاندا. ئەو سەرچاوانەی کە پێویستە بۆ گەشەپێدان و بژێوی خەڵکی ڕەسەن کەڵکیان لێ وەربگیرێن، بۆ بەرژەوەندی پارێزگا و هەرێمەکانی دیکە،دەستیان بەسەردا دەگیرێت. ساڵانێکە ئەو بەڵێنانەی بەرپرسانی حکومەت بە خەڵکی بوکان و گوندەکانی دەوروبەری دابوو، بۆ کەمکردنەوەی گواستنەوەی ئاو لەم بەنداوە بۆ تەورێز، جێبەجێ نەکراون. نەک هەر هەنگاوێکی ئەرێنی نەنراوە، بەڵکو بڕی گواستنەوەی ئاویش بۆ ئەو پارێزگایە زیادی کردووە. سیاسەتێکی لەم شێوەیە، جگە لە پشتگوێخستنی مافی هاووڵاتیان و بێبەشکردنی خەڵک لە سەرەتاییترین پێداویستییەکانی، هیچی تر نییە.

کشتوکاڵ لە کوردستان، بەتایبەتتر لە دەڤەری بوکان، بناغەی سەرەکی ئابووری نێوخۆیی و بژێوی ژیانی هەزاران بنەماڵەیە. وشکبوونەوەی زەوی، بە مانای لەناوبردنی ژیانی جیلگەلێکە، کە پەیوەست بوون بە کشتوکاڵەوە. ئەمەش لێکەوتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری جددی دەبێت: کۆچی زۆرەملێی گوندنشینەکان بۆ شارەکان، زیادبوونی بێکاری و بڵاوبوونەوەی هەژاری. جگە لەم دەرئەنجامانە، قەیرانی ژینگەیی توندتر دەبێت، بەو پێیەی دابەزینی ئاستی ئاوی ژێر زەوی و وشکبوونەوەی زەوی، دەبێتە هۆی خێراترکردنی پرۆسەی بە بیابانبوون.

سیاسەتێکی لەم شێوەیە، لە ڕوانگەی یاسایی و ئەخلاقییەوە، نموونەیەکی ڕوون و حاشاهەڵنەگری هەڵاواردنی ناوچەییە. چۆن قبوڵ بکەین شارێکی وەک بوکان، کە خۆی ڕووبەڕووی قەیرانی ئاو بووەتەوە، ببێتە سەرچاوەی ئاو بۆ شارەکانی تر؟ ئەم سیاسەتەی گواستنەوەی ئاوی بۆکان بۆ تەورێز و دیکە هەرێمەکان، نەک لەسەر بنەمای دادپەروەری کۆمەڵایەتی، بەڵکوو لەسەر بنەمای ئەولەویەتی سیاسی و ناوەندگەرایی پەسەندکراوە. خەڵکی ئەم هەرێمە، چەندین جار داوایان لە دامودەزگاکانی دەسەڵات کردووە، کە گوێ لە دەنگیان بگیرێت و بیرێک لە چارەسەری قەیرانی ئاو بکەنەوە، بەڵام تا ئێستا وەڵامێکیان پێنەدراوەتەوە. ئەم خۆ خافڵاندن و بێباکییەی دەسەڵات، بووەتە هۆکاری ناڕەزایی گشتی و هەستکردن بە بێ متمانەیی زیاتر، بەرامبەر بە قەوارەی دەسەڵات.

کێشەی ئاو لە بوکان تەنیا قەیرانێکی نێوخۆیی نییە؛ بەڵکوو هێمایە بۆ شێوازی مامەڵەی حکومەت، لەگەڵ دەڤەرە کوردستانیەکان. ساڵانێکە سەرچاوەکانی ئەو ناوچانە، لە بەرژەوەندی بەشەکانی دیکەی وڵات، سودیان لێ وەردەگیرێت، ئەوەش لە کاتێکدایە، کە کوردستان خۆی لە گەشەپێدانی ژێرخان و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بێبەش بووە. ئەم سیاسەتە جۆرێکە لە دووبارەبوونەوەی مێژوو، کە تێیدا خەڵکی کوردستان بارگرانی تێچووی گەشەپێدانی ناوچەکانی دیکە هەڵدەگرن، بەبێ ئەوەی پشکێکی دادپەروەرانە لە سامانی نەتەوەیی ببێتە بەشیان.

ڕێگای دەربازبوون لەم قەیرانە، گەڕانەوەیە بۆ پرەنسیپی دادپەروەری و دانان بە مافی خەڵکی خۆجێیی. بەڕێوەبردنی


سەرچاوە ئاوییەکان لەسەر بنەمای پێداویستییە ڕاستەقینەکانی هەرێم، و بە بەشداری ڕاستەوخۆی خەڵکی ناوچەکە دەبێت ببێت، نەک لەسەر ئەو بڕیارانەی کە لەلایەن ناوەندەکانی حکومەتەوە سەپێنراون. هەروەها پێویستە بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە هەڵاوردنانە، میکانیزمێکی شەفاف و لێپرسینەوە بۆ دابەشکردنی سەرچاوەکان دابنرێت. کە ئەوانەش ڕووانگەگەلێکن، چ لە ڕابردوو، چ ئێستا دا، لە گەل بەرداشتی زهنییەتی ناوەندگەرای ئێران، نامۆ و بێگانە بوون.

ئەگەر ڕەوتی ئێستا بەردەوام بێت، دەرئەنجامەکانی تەنیا بە قەیرانی ئاو و کشتوکاڵەوە، سنووردار نابن. ئەم سیاسەتانە دەبێتە هۆی لاوازبوونی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی، زیادکردنی کۆچی مەترسیدار. هەتا دەنگی خەڵک پشتگوێ بخرێت، بێمتمانەیی و ناڕەزایی قووڵتر دەبێتەوە.

خەڵکی کوردستان شایەنی ئەوەیە وەک دیکە هەرێمەکان، لە هەلومەرجێکی دادپەروەرانە و یەکساندا، بژین. ئەوان نەک هەر داوای مافی دەستپێڕاگەیشتن بە ئاو بۆ زەوییە کشتوکاڵییەکانیان دەکەن، بەڵکو هەروەها داوای دانانان بە کەرامەتی ئینسانی، مافە نەتەوییەکانیان و مافە کۆمەڵایەتییەکانیشیان دەکەن. قەیرانی ئاو لە بوکان دەرفەتێکە بۆ دووبارە بیرکردنەوە، لە سیاسەتی جیاکاری و ناوەندگەرایی. ئەگەر ئەم دەرفەتە لەدەست بدرێت، زیانی قەرەبوو نەکراوە لە کۆمەڵگا و ژینگەی ناوچەکە دەدرێت. ئەوەی جێگای سەرنج و لێوردبونەوەیەکی گرینگە، ئەوەیە: کە ڕووبارەکانی "ئەرەسی بچوک، میدان ڕود، مهران ڕود، قوروچای، اسپران چای" بە مەودا بۆ تەورێز، زۆر لە ڕووبار و سەرچاوە ئاوییەکانی بۆکان پڕئاوتر و نزیکترن لە تەورێزەوە، کە تەنانەت مهران چای/رود، بە نێوەڕاستی تەورێزدا تێدەپەڕێت.

١٦ی خەرمانانی ٢٧٢٥

# یادەوەری وەک بەڵێن




**(لە یادی شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی و هەڤاڵانی)**

**١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ (٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ هەتاوی) ڕۆژێکی تری تاریک لە مێژووی نەتەوەی کورد تۆمار کراوە. لەو ڕۆژەدا لە بەرلین، لە ئەمانی ڕێژیمی دەربەدەریدا، دوکتور سادق شەرەفکەندی و سێ لە هاوڕێیانی، بوونە قوربانیی تیرۆری ڕێژیمی ئێران. ئەو چێشتخانەیەی کە کۆبوونەوەکەی تێیدا ئەنجام درا، بوو بە شوێنی فەزیحەی نێودەوڵەتی و خەم و پەژارە، بەڵام هاوکات بوو بە هێمای نەتەوەیەک، کە بە بەردەوامی هەوڵی بێدەنگکرانی دەنگیان دەراوە -و بە هەمان پێوەر بە بەردەوام - هەڵستاوەتەوە.**

**دوکتور شەرەفکەندی دوای تیرۆرکردنی عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ڤییەننا لە ساڵی ١٩٨٩، سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی گرتە ئەستۆ. ئەوەی کە هەردوو ئەم سەرکردەیە لە خاکی ئەورووپادا تیرۆر کران، ئاماژەیە لەسەر ڕادە و ئیرادەی هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران، بۆ نەهێشتنی دەنگی سیاستمەدارانی کورد تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیشدا. بەڵام شەهیدکرانی ئەوان شتێکی دیکەشمان پێ دەڵێت: کە خەبات سەرەڕای لەدەستدانی کەسایەتییە پێشەنگەکانی، هەرگیز ناتواندرێت بێدەنگ بکرێت.**



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێبەر و کەس

یادکردنەوەی دوکتور شەرەفکەندی، بیرهێنانەوەی کاراکتەرێکە، لە دەرەوەی سیاسەتمەداربوون. ئەو پردێک بوو لەنێوان نەوە جیاوازەکانی تێکۆشەرانی کورد، دەنگێک کە وردبینیی ئەکادیمی لەگەڵ نزیکیی جەماوەری تێکەڵ دەکرد. وەک سەرکردەیەکی کورد، بارگرانییەکی تایبەتی هەڵگرتبوو، لە هەمان کاتدا سەرکردایەتیکردنی مشتومڕە فیکرییەکان سەبارەت بە دێموکراسی و دادپەروەری، و وەستان لەگەڵ نەتەوەیەک، کە ژیانی ڕۆژانەیان بە چەوسانەوە، زیندانیکردن و ئاوارەبوون پێناسە بوو.

ئەو وەک کەسایەتییەک دەرکەوت، کە سەرەڕای هەڕەشەکان و مەترسییەکان، دڵسۆزی بۆ نەتەوەکەی، پاک و دوور لە چەواشە بوو. لە دەروونی ئەودا، پرەنسیپەکانی خەباتی سیاسی، ئاڵاوتە و تێکەڵ بە گەرمیی کۆمەڵایەتیی کەسی بوون. ئەو حەقیقەتەی، کە ئەو ڕێک لە کاتێکدا، کە لە دەرەوەی وەڵات هەوڵی گفتگۆ و چالاکیی ئازادانەی دەدا تیرۆر کرا، هەم ئیرادەی ئەو بۆ خەباتی ئاشتییانە، هەم دڕندەیی بێبەزەییانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەخاتە ڕوو.

## هێزی یادەوەری

ناوی شەرەفکەندی نەک تەنیا لە کتێبی مێژوو یان وتارە سیاسییەکان، بەڵکوو لە یادەوەریی بەکۆمەڵدا دەژی. بۆ گەلی کورد، شەهیدبوونی بە تەنیا یادکردنەوەی خەسار نیە، بەڵکوو هاوکات سەرچاوەی هێزیشە. هەر نەوەیەک کە بە چیرۆکی ڤییەننا و بەرلین گەورە دەبێت، ئەو بەڵێنەش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، کە خەبات بەردەوام دەبێت. بۆیە یادکردنەوەی شەهید دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، تەنیا کردەوەیەکی ماتەمینی نیە. کردەوەیەکی نوێبوونەوەیە، دڵنیابوونەوەیە، لەگەڵ ئەوانەی کە شەهید بوون، کە بەبێ هۆکار ئەو بژاردەیەیان هەڵنەبژارد. ژیان و شەهیدبوونیان، بوو بە بەشێک لە ڕێبازێکی گەورەتر، ڕێگایەک کە شەهیدانی کورد پێوایان و تا ئێستاش بەرەو ئاسۆی ئازادی ڕێگا دەپێوێت.

## مانای گەورەتر

چارەنووسی دوکتور سادق شەرەفکەندی، هەروەها حەقیقەتێکی گەورەتر دەخاتە ڕوو: کە خەبات بۆ ئازادی و دادپەروەری، هیچ سنوورێک ناناسێت. شەهیدکرانی لە بەرلین، هەوڵێک بوو بۆ سڕینەوەی ئەم خەباتە، تەنانەت دوور لە کوردستانیش. بەڵام شەهیدکرانی لە ڕاستیدا، کاریگەریی پێچەوانەی هەبوو. بە جیهانی نیشان دا، کە ستەم لە سنوورە نەتەوەییەکان



سەرچاوە
Serchawe

ناوەستێت، و ئەوانەی بۆ ئـازادی خەبـات دەکەن، بـۆ مرۆڤـایەتی بەگشـتی ئەو تێکۆشـانە دەکەن. بە هەمـان شـێوە ڕۆژی یادەوەری، تەنیا بابەتێک پەیوەست بە کورد نیە. هاوکـات وەبیرهێنـانەوەیەکە بـۆ جیهـان، کە نابێت شـەڕی دیموکراسی و مافی مرۆڤ، بۆ ناوچەیەکی جوگرافی سنووردار بکرێت. ئەو بابەتە پەیوەندیی بە هەموومانەوە هەیە.

## بەڵێنێک بۆ داهاتوو

ئەمڕۆ، زیاتر لە سێ دەیە دوای بەرلین، ئەو پەیـامەی کە شـەرەفکەندی بەرجەسـتەی کـرد، بە هەمـان شێوە پەیوەندیدارە. ئازادی بە هەرزان بەدی نایەت، دادپەروەری پێویستی بە کۆڵنەدانە، ئەوەی ژیانی خۆی لە پێناو گەلەکەیـدا بەخت دەکـات، لەدوای خۆیـدا بەرپرسیـارەتییەک بـۆ زیندووەکانـدا بەجێ دەهێڵێت. بـۆیە ڕۆژی یـادکردنەوەش، دەبێتە ڕۆژێک بـۆ بەڵێن. بەڵێنێک بۆ پابەندبوون بە ڕێبازی دادپەروەری و بەرەو پێشەوەبردنی خەونی کوردستانێکی ئازاد، دیموکراتیـک و بێئەنجام نەهێشتنی قوربانییەکانی ئەم ڕێبـازە. ئەوە بەڵێنێکە کە لە لایەن هەمـوو ئەوانەی کە بە بیـر دەهێنـنەوە، هەمـوو ئەوانەی دەیگێڕنەوە، هەموو ئەوانەی ڕەتی دەکەنەوە، کە مێژوو لە لەبیرچوونەوەدا، خۆی دووپاتە بکاتەوە.

## کۆتایی

دکتور سادق شەرەفکەندی بەتەنیا پەیوەست بە ڕابردوو نیە. کارەکانی، دڵسۆزی و قوربانیدانی، وەک سەرچاوەی هێز لە ئێستادا دەژین. ڕۆژی یادکردنەوەی زیاترە لە بۆنەیەکی یادکردنەوە، بەشێکە لە وشیاریی بەکۆمەڵ، وەبیرهێنـانەوەی ئەوەی کە لە مەترسیدا بوو، و هێشتا لە مەترسیدایە.

یادکردنەوە، بریتییە لە بەردەوامبوون. یـادکردنەوە، نوێکردنەوەی بەڵێنە. یـادکردنەوە، واتە بە کردار و بە گوتـار بڵێین: خەبـات بەردەوامە، دادپەروەری دەژی و سەرچاوەی ئازادییش هەرگیز وشک نابێتەوە.

٢٥ی خەرمانانی ٢٧٢٥

## هەڵاواردنی پەروەردەیی لە کوردستان؛ نایەکسانی ڕوون لە خوێندنی باڵای ئێران




خوێندنی باڵا، یەکێکە لە بناغەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووری هەر وڵاتێکە، و دادپەروەری لە تەرخانکردنی سەرچاوە پەروەردەییەکانیش، وەک ڕێکخەری سەرەکی بۆ پێوانەکردنی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیەک دێنە هەژمار. بەڵام ڕاپۆرت و لێدوانەکانی ئەم دواییەی بەرپرسانی زانکۆی کوردستان، نایەکسانییەکی ئاشکرا و هەڵاواردنی سیستماتیک، لە کەرتی خوێندنی باڵای ئەم پارێزگایەدا ئاشکرا کردوە.

لە دوایین کۆبوونەوەی زانکۆکان و ناوەندەکانی خوێندنی باڵا کە لە شاری سنە بەڕێوە چوو، سەرۆکی زانکۆی کوردستان جەختی؛ لە گرنگیدانی تایبەت بە پارێزگا کەم پێشکەوتووەکان کردەوە و ئاماژەی بە کەمترین بودجەی پەروەردەیی بۆ هەر تاکێک، لە بەراوەرد بەو لەنێوان ٣١ پارێزگای وڵاتدا کرد. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە بەپێچەوانەی بانگەشەی فەرمیی دادپەروەری پەروەردەیی، سیاسەتەکانی بودجە و پلاندان، لە پراکتیکدا نایەکسان بووە، و پارێزگای کوردستان وەک هەرێمێکی خاوەن توانای زانستی بەرز، بەردەوام قوربانیی سیاسەتی نادادپەروەرانەیە.

زانکۆی کوردستان بە زیاتر لە ١٢ هەزار و ٤٠٠ خوێندکار، کە ٥٢٠ خوێندکاری بیانی و نزیکەی ٤٠٠ ئەندامی زانستی زانکۆن، یەکێک لە ناوەندە زانستییە پێشەنگەکانی وڵاتە، بە بەردەوامیش لە ڕیزی ١٥ زانکۆی گشتگیر و سەرووتری ئێران،

لە ڕووی توێژینەوە و پێوەرەکانی پەروەردەییەوە ناسراوە. سەرەڕای دەستکەوتە زانستییەکان و پێگەی بەرزی زانکۆکە، بەڵام بەداخەوە لە بودجە و ئاسانکاری دادپەروەرانە بێبەشە. کێشەی وێرانبوونی بەشەناوخۆییەکان، نەبوونی شوێنی وەرزشی، تاقیگە و نەبوونی ئامێری پەروەردەیی ستاندارد، فشارێکی زیاتری بۆ سەر خوێندکاران و ئەندامانی فاکەڵتیەکە بەرهەمهێناوە.

ئەم دۆخە نموونەیەکی ڕوونی هەڵاواردنی سیستماتیک، دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی ڕوانگەی ئەمنیی و سیاسی پارێزگای کوردستانە. بە پێچەوانەی زانکۆ دەوڵەمەندەکانی پارێزگاکانی دیکە، کە سوودمەندن لە بودجەی زۆر، ئەرکگرانییە لەسەر خوێندکارانی کوردستان، هاوکات لەگەڵ کێشەگەلی ئابووری، کۆمەڵایەتییەکان و نەبوونی ئیمکاناتی سەرەتایی پەروەردەیی دا دەست و پەنجە نەرم بکەن. ئەم جۆرە باروودۆخانە، نەک بەتەنیا ڕێگری لە گەشەی زانستی و توێژینەوەی خوێندکاران دەکەن، بەڵکوو پاڵنەرەی بۆ خوێندن و چالاکیی زانستی لای خوێندکاران کەم دەکەنەوە، هاوکات و لە درێژخایەندا، دەتوانن گەشەسەندنی هاوسەنگی نیشتمانیش بخەنە مەترسییەوە.

ناتەواوی بودجە و دامەزراوەی پەروەردەیی، لێکەوتەی دوورمەودای بۆ کۆمەڵگە و ئابووری ناوچەکە هەیە. سنووردارکردنی دەستپێڕاگەیشتنن بە ئامێری تاقیگە و شوێنی پەروەردەیی گونجاو، ڕێگری دەکات لە توێژینەوەی زانستی، دەرئەنجام لە دەرفەتەکانی گەشەپێدان و داهێنان کەم دەکاتەوە. هەروەها دەبێتە هۆی کۆچی نوخبەکان بۆ پارێزگاکانی تر، یان تەنانەت بۆ دەرەوەی وڵات، و پارێزگاکە لە سەرمایەی مرۆیی بێبەش دەکات.

هەڵاواردنی پەروەردەیی لە کوردستان، تەنیا پرسێکی لۆکاڵی نیە، بەڵکوو پرسێکی نیشتمانییە، کە پێویستی بە پێداچوونەوە بە سیاسەتی پەروەردەیی و تەرخانکردنی دادپەروەرانەی سەرچاوەکان هەیە. بۆ ئەوەی هەموو خوێندکاران بەبێ گوێدانە شوێنی نیشتەجێبوون و تایبەتمەندییە ناوچەییەکان، دەرفەتی یەکسانیان هەبێت بۆ خوێندن و توێژینەوە، پێویستە دادپەروەری پەروەردەیی، وەک بنەمایەکی بنەڕەتی وەربگیرێت.

چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، پێویستی بە کردەوەی بەپەلە لە چەند بوارێکی سەرەکیدا هەیە: زیادکردنی بودجەی زانکۆکان لەسەر بنەمای پێوەرە زانستییەکان و پێداویستییە ڕاستەقینەکانی خوێندکاران، ئاوەدانکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی بەشە ناوخۆییەکان، شوێنی وەرزشی و تاقیگە، هەروەها دابینکردنی ئاسانکاری زیاتر بۆ خوێندکاران و توێژەران. هەروەها دانانی میکانیزمی شەفاف، بۆ تەرخانکردنی پارە و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی دادپەروەری پەروەردەیی، دەتوانێت ڕێگری لە سەرهەڵدانی هەڵاواردنی سیستماتیک بکات.

خوێندنی باڵا، بە تەنیا بە زانکۆکانەوە سنوردار نیە؛ هۆکارێکی حەیاتییە، بۆ گەشەسەندنی کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگە. جیاکاری لە تەرخانکردنی سەرچاوەکاندا، نەک تەنیا دادپەروەری کۆمەڵایەتی تێک دەدات، بەڵکوو دەبێتە هۆی نایەکسانی دەرفەتەکان، هەروەها بۆشایی لە نێوان هەرێمە پێشکەوتووەکان و کەم پێشکەوتووەکاندا دروست دەکات. بۆیە نەهێشتنی ئەو هەڵاواردنانە، تەنیا مافی خوێندکارانی کوردستان نیە، بەڵکوو بۆ دەستەبەرکردنی داهاتوویەکی گەش و گەشەسەندنێکی هاوسەنگ بۆ هەموو وڵات، بەرپرسیارەتییەکی نیشتیمانی و ئینسانییە.

لە کۆتاییدا، چارەسەرکردنی کێشە پەروەردەییەکانی پارێزگا بێبەشەکان، بە بەهێزکردنی توانای زانستی و توێژینەوە، و تەرخانکردنی دادپەروەرانەی بودجە، دەرئەنجامی لە سەرووی زانکۆکاندا هەیە، و دەتوانێت بناغەیەکی تۆکمە بۆ پێشکەوتنی بەردەوام و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا بئافرێنێت. پارێزگای کوردستان بە بەهرەی زانستی و توانا مرۆییە فراوانەکانی، شایەنی هەل و پاڵپشتی یەکسان، پاڵپشتی کرداری بۆ گەشەکردن و گەشەپێدانە. پشتگوێخستنی ئەم پێویستییە، نەک تەنیا دادپەروەری پەروەردەیی پێشێل دەکات، بەڵکوو ڕێگری دەکات لەوەی وڵات، بە تەواوی سوود لە توانای زانستی و توێژینەوەی ئەم ناوچەیە وەربگرێت.

**٢٧ی خەرمانانی ٢٧٢٥**

## کۆنفرانسی هاوبەشی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەنگاوێکی نوێ بەرەو یەکگرتنی سیاسی




لە سێهەمین ساڵیادی شەهیدبوونی ژینادا، و هاوتەریب لەگەڵ ئەو دروWشمەی، کە لە کوردستانەوە بۆ جیهان دەنگی، "ژن، ژیان، ئازادی"؛ حەوت لایەنی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا کۆ دەبنەوە بۆ بەڕێوەبردنی کۆنفرانسێکی هاوبەش. ئەم ڕووداوە، لە دەرەوەی دانیشتنێکی ئاسایی حیزبی، سەرەتای لاپەڕەیەکی نوێیە لە پەیوەندییەکانی نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ بابەتێک کە هەم دەتوانێت ببێتە هۆی لێکنزیکبوونەوەیەکی بەردەوام، هەم بەهێزکردنی ڕیزەکانی نەتەوەی کورد، لە بەرامبەر ئالەنگارییە سیاسییەکانی ئێستای ئێراندا.

وەک زۆرێک لە شیکاران جەختیان لەسەر کردووەتەوە، گەورەترین سەرمایەی نەتەوەیەک لە کاتی گوشار و حاشای ئەویدییەکاندا، توانای ئەو لە پاراستنی یەکگرتوویی و ئیرادەی بەکۆمەڵە. نەتەوەی کورد لە ئێران دەیان ساڵە ڕووبەڕووی سیاسەتی ستەم و هەڵاواردنی پێکهاتەیی بۆتەوە. لەم جۆرە هەلومەرجەدا، هاوکاری و یەکدەنگیی لایەنەکان، نەک هەر پێویستییەکی تاکتیکی، بەڵکوو هەروەها خواستێکی ستراتیژی و ئایدیالیستی بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و بەستنی ئەم کۆنفرانسە وەڵامێکی کردەییە، بە ئاراستەی خواستە مێژووییەکان.

کۆڵن بە تایبەتی لەو دیدەوە گرنگە، کە جگە لە نوێنەری پارتە سیاسییەکان، کۆمەڵێک کەسایەتیی ئەکادیمی، چالاکانی مەدەنی و ڕۆشنبیرانی کورد بەشداریی تێدا دەکەن. ئەم پێکهاتە هەمەچەشنە نیشان دەدات، کە لێکنزیکبوونەوە خەریکە دەبێتە پرۆژەیەکی هەمەلایەنە، و بەتەنها لە ئاستی حیزبدا کورت ناکرێتەوە. بەشداریی چالاکانەی نوخبە و کۆمەڵگەی مەدەنی لەم پرۆسەیەدا، دەتوانێت گەرەنتی بەردەوامیی و بەرفراوانتر بوونی ئەو هەنگاوە بێت.

یەکێک لە دەستکەوتە دیارەکانی ئەم دیدارە، جەختکردنەوەی هاوبەش لەسەر پێویستی هەماهەنگییەکی نوێ، بۆ بەرگریکردن لە مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی گەلی کورد دەبێ و ئەمە لە پێداگریی لایەنەکان لەسەر پرەنسیپەکانی وەک دێموکراسی، سێکولاریزم و فیدرالیزم، وەک چوارچێوەی داهاتووی ئێران، ڕەنگ دەداتەوە. ئەم سێ پرەنسیپە نەک هەر داخوازی لەمێژینەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، بەڵکوو لەگەڵ داخوازییەکانی دیموکراسیخوازانی ڕاستەقینە، لە سەرتاسەری ئێرانیشدا یەک دەگرنەوە. بە واتایەکیتر، لێکنزیکبوونەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەتوانێت بەشێک لە پرۆژەیەکی نەتەوەییتر، کە ئامانجی ئەو گواستنەوە بۆ سیستمێکی یەکسانی دیموکراسی، فرەیی و یاساییە.

هەروەها بەستنەوەی ئەم هەوڵە بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" هەڵگری مانای تایبەتە. ئەم دروشمە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمڕۆ بووەتە هێمای بەرخۆدان، لە دژی ستەمکاری و هەڵاواردن، لە سەرتاسەری ناوچەکەدا. بوونی "ژن، ژیان، ئازادی" وەک ناسنامە و میحوەری سیاسیی کۆنفرانس، دەریدەخا کە خەباتی مێژوویی گەلی کورد، بەتەنیا بە سنوورە جوگرافییەکانەوە سنووردار نیە، بەڵکوو بەشێک لە شەپۆلێکی جیهانی دادپەروەری و ئازادییە.

بێ گومان ڕێگای یەکگرتوویی و لێکنزیکبوونەوە، دوور لە ئاستەنگیش نابێت. ئەزموونەکانی ڕابردوو دەریانخستووە، کە جیاوازی ئایدیۆلۆژی و ڕێکخراوەیی دەتوانێت پرۆسەی هاوکاری قورس بکەن. هەروەها گوشارە دەرەکییەکان دەتوانێ هەڕەشە لەسەر ئەو یەکیەتییە تازەپێگەیشتووە بێت. بەڵام جیاوازیی سەرەکی ئەمڕۆ لەگەڵ ڕابردوودا، گۆڕانی ئیرادەی سیاسی و کۆمەڵایەتییە. کۆمەڵگەی کوردی ئیتر وەرگر نیە بۆ دابەشبوون و چاوەڕێی ئەوە دەکات کە لایەنەکان بەرامبەر بەرپرسیارێتی مێژوویی خۆیان بوەستنەوە.

لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت کۆنفرانسی کۆڵن، وەک خاڵی دەستپێکێک سەیر بکرێت، کە ئەگەر بە باشی بەڕێوە ببردرێت، دەتوانێت ببێتە هۆی بەدامەزراوەییکردنی یەکدەنگی و یەکگرتنی سیاسی. دروستکردنی میکانیزمی هاوبەش، پێکهێنانی لیژنە هەماهەنگییەکان و داڕشتنی ستراتیژی یەکگرتوو، هەنگاوەکانی داهاتوو دەبن، کە واتا و گرنگییەکی زۆریان هەیە. تەنیا بە ڕێبازێکی لەو شێوەیە، ئەم لێکنزیکبوونەوەیە لە ئاستی ڕەمزییەوە تێدەپەڕێت، و دەبێتە هێزێکی کردەیی لە گۆڕەپانی سیاسیدا.

خاڵێکی دیکە کە نابێت چاوپۆشی لێ بکرێت، ڕۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە لەم پرۆسەیەدا. بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکە لە ئەڵمانیا، بۆ خۆی نیشانەی گرنگی ڕەوەندی کوردی و توانا نێودەوڵەتییەکانیەتی. بوونی میدیاکان و سەرنجی بازنەکانی مافی مرۆڤ بۆ ئەم دیدارە، دەتوانێ زیاتر دەنگی گەلی کورد لەسەر شانۆی جیهانی بەرز و بەرجەستە بکاتەوە. ئەمەش بە تایبەتی لە بارودۆخێکدایە، کە حکومەتی ئێران هەوڵ دەدات، پرسی کورد وەک پرسێکی ئەمنی و سنووردار بە ناوخۆوە نیشان بدات.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کۆنفرانسی هاوبەشی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری کۆڵن، هەنگاوێکی نوێ و ئومێدبەخشە لەسەر ڕێگای یەکریزی سیاسی. ئەم هەنگاوە نەک هەر وەبیرهێنانەوەی خواستی لەمێژینەی گەل بۆ لێکنزیکبوونەوەیە، بەڵکو هاوکات نیشانەی پێگەیشتنی سیاسی هێزە کوردییەکانە. ئەگەر ئەم ڕەوتە بەردەوام بێت و بگۆڕێت بۆ بەرنامەیەکی کردەیی، دەتوانێت لاپەڕەیەکی نوێ لە خەباتەکانی گەلی کورد لە ئێراندا دیاری بکات؛ لاپەڕەیەک کە تیایدا، یەک دەنگ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەڵدەستێت و دەنگدانەوەکەی بەڵێنی دیموکراسی، ئازادی و دادپەروەری بۆ هەموو نەتەوەکانی ئێران دەدات.

٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٥

## ژن، ژیان، ئازادی؛ مانیفێستێک لە کوردستانەوە بۆ هەموو ئێران




٢٥ی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١ لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا، خاڵی وەرچەرخان بوو. لە ڕۆژێکی وەک ئەم ڕۆژەدا ژینا ئەمینی کچێکی تەمەن ٢٢ساڵ، کچی بنەماڵەیەکی کورد، لە پایتەختی ئێران گیانی لەدەست دا. ئەو قوربانیی توندوتیژیی دەسەڵاتێک بوو کە چوار دەیەیە بە ئامرازەکانی سەرکوتکردن بە سەر ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی خەڵکدا زاڵ بووە. شەهیدبوونی ژینا نەک هەر برینی کۆنی بۆ خەڵکی کوردستان نوێ کردەوە، بەڵکو هاوکات بوو بە بڵێسەی ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری بە دروشمی نوێ و ڕەگداکوتاو.

ڕاپەڕین لە سەقز دەستی پێ کرد، کە خەڵکی کوردستان بە نەریتی خەبات و پاشخانی مێژوویی کە هەیانە، مردنی ژینایان نەک وەک ڕووداوێکی تاکەکەسی، بەڵکوو وەک ڕەمزی چەوساندنەوەی سیستماتیک دەبینی. دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لە شەقامەکانی کوردستاندا دەنگی دایەوە و لە ماوەیەکی کورتدا، لە سنووری ئەم جوگرافیایە دەرچوو و بوو بە زمان و کولتووری خەباتی هەموو ئێران. ئەم دروشمە لە کولتوورێکەوە سەرچاوەی گرتوە، کە جەخت لەسەر ئازادی ژن، یەکسانی کۆمەڵایەتی و مافی ژیانی مرۆڤ دەکاتەوە؛ کولتوورێک کە دەیان ساڵە، ڕەگ و ڕیشەی لە خەباتەکانی گەلی کورددا داکوتاوە، و ئەمڕۆ توانیویەتی بە هێزێکی سەرسوڕهێنەر ڕۆحی ناڕەزایەتی بۆ هەموو ئێران بگوازێتەوە.

ماوەیەکی کورتدا، ئەم ڕاپەڕینە بناغە لەرزۆکەکانی کۆماری ئیسلامیی هلۆڵ کرد. لە شارە گەورە و بچووکەکاندا ژن و پیاو، گەنجان و قوتابییان، کرێکاران و ڕۆشنبیران، هەموویان ڕژانە سەر شەقامەکان. ئەو دیواری ترسەی کە ڕژێم بەدرێژایی ساڵان دروستی کردبوو، دارما و نەوەیەکی نوێ بە دەنگی بەرز ڕایگەیاند، کە چیتر نایەوێت بە دیکتاتۆرییەک حوکمڕانی بکرێت. سەرەڕای هەمووی ئەمانە و وەک مێژوو شاهیدی بۆ داوە و دەریخستووە، هەرکاتێک بزووتنەوەیەکی جەماوەری و ئازادیخواز لە ئێراندا سەری هەڵدابێت، هێزە ناوەندگەرەکان و هەلپەرستەکان، هەوڵی ڕفاندن و لادانی ڕێبازەکەیان داوە. لە سەردەمی ڕاپەڕینی "ژن، ژیان، ئازادی"شدا ئەمە خۆی بەرجەستە کردەوە. هەندێک کەسایەتی پەیوەست بە پێکهاتە کۆن و پاشایەتییەکان، بە ئیدیعای بێ بنەما سەبارەت بە "یەکپارچەیی خاک" و بە کەڵکوەرگرتن لە کورتبینی هەندێک کەسایەتی ئەکادیمی و میدیایی، هەوڵیان دا ئەم ڕاپەڕینە لە ناوەڕۆکی ڕەسەنی خۆی بەتاڵ بکەنەوە، و بیکەن بە ئامرازێک بۆ ئامانجە شەخسی و سیاسییەکانی خۆیان. ئەم ئیدیعایانەش، لە بەرهەمهێنانەوەی هەمان لۆژیکی شێخ و پاشا زیاتر نەبوون و نین؛ لۆژیکێک، کە هەمیشە لەسەر دروشمی یەکگرتوویی، بە کردەوە لەسەر نکۆڵیکردن لە مافی نەتەوەکان، سەرکوتکردنی ژنان و نکۆڵیکردن لە فرەچەشنی کولتووری و زمانەوانی دامەزراو بووە. بەڵام واقیعەکە ئەوەیە، کە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" هەر زوو لە چوارچێوە داخراوەکانی ناوەندگەرایی تێپەڕی و بەبێ جاوازی، بوو بە زمانی هاوبەشی هەموو ستەملێکراوان. لە کوردستانەوە تا بەلوچستان، لە تارانەوە تا ئەهواز، هەمووان ناسنامەی هاوبەشی خۆیان لەگەڵیدا ناسییەوە.

هەرچەندە ئەم ڕاپەڕینە، بە شەهیدبوونی سەدان کەس، هەزاران بریندار و زیندانیی سیاسی، تێچووی زۆری بەسەر خەڵکدا سەپاند، بەڵام دەستکەوتەکانیشی حاشا هەڵنەگرن. یەکەم: ئەم ڕاپەڕینە دەریخست، کە هیچ حکومەتێک ناتوانێت بە تەنها بە توندوتیژی دەنگی خەڵک بێدەنگ بکات. دووەم: لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا، بۆ یەکەمین جار دروشمێک کە لە دڵی فەرهەنگی کوردەوە سەرچاوەی گرتبوو، توانی ببێتە هێمایەکی نەتەوەیی هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکان و تەنانەت نێودەوڵەتی. سێیەم: ئەم بزووتنەوەیە توانی، پەیوەندییەکی ڕاستەقینە لە نێوان ژن و پیاو، نەتەوە جیاوازەکان و نەوەی گەنج، لەگەڵ نەوەکانی پێشوودا دروست بکات.

لەم نێوەندەدا، هەندێک لە بزووتنەوە هەلپەرستەکان، هەوڵیاندا بە ئیدیعای پووچ و بێبنەما، خۆیان وەک "سەرکردە"ی ئەم بزووتنەوەیە بناسێنن. بەڵام گەل زۆر باش لەوە تێگەیشتبوو، کە ئایندەی ئازادی، بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوویەکی پڕ لە ستەمکاری و نکۆڵیکردن لە ناسنامەی نەتەوەیی بنیات نایەت. ئەزموونە تاڵەکانی سەدەی ڕابردوو ئەوە دەخەنە بەر دید، کە هەر جارێک دەنگی ئازادی بەرز بووەتەوە، هێزەکانی دەسەڵات بە دروشمی فریودەرەوە چوونەتە مەیدان، و جگە لە سەرکوتکردن و پاشەکشە هیچ ئەنجامێکیان نەهێناوە.

بۆیە گرنگی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" تەنیا بە ڕەهەندە نارەزایەتییەکانیدا سنووردار ناکرێت. ئەو بزوتنەوەیە مۆدێلێکی نوێی خەباتی خستە نمایشەوە: یەکێکیان لەسەر بنەمای سێ پرەنسیپ - ئازادی ژن وەک هێمایەک بۆ ئازادی کۆمەڵگا، مافی ژیان و کەرامەتی مرۆڤ، و ئازادی لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری، جا چ ئایینی بێت یان شاهانە.

ئەمڕۆ ئەرکی ڕۆشنبیران، چالاکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و هەموو ئەوانەی دڵیان بۆ ئازادی لێدەدات، ئەوەیە کە پارێزڤانی ڕەسەنایەتی ئەم بزووتنەوەیە بن. نابێت هیچ دەرفەتێک بدرێتە هێزە ناوەندگەرا و هەلپەرستەکان، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بە گەمە سیاسییەکانیان، ڕێبازی خەڵک بەلاڕێگادا ببەن. ئەم ڕاپەڕینە هی تاک و گروپێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو سەرمایەیەکی گەلانە، کە بە خوێنی شەهیدان، هاواری ژن و پیاوی ئازادیخواز بنیات نراوە. دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" ئەمڕۆ لە دڵ و مێشکی ملیۆنان مرۆڤدا هەڵکەندراوە. ئەم دروشمە گوزارشت لە ئایدیاڵەکانی نەوەیەک دەکات، کە چیتر ئامادە نییە لە ژێر بارگرانی ستەمکاریدا بمێنێتەوە. ئەمجارە خەڵک فێری ئەوە بوون، کە ڕێگای ئازادی لە کوردستانەوە دەست پێدەکات، بەڵام شوێنی مەبەست هەموو ئێرانە و تەنانەت لە دەرەوەی سنوورەکانیش. ئایندەیەک کە هیچ پاشا و شێخێک، مافی ئەوەی نییە حوکمڕانی چارەنووسی گەلان بکات، بەڵکو ئەوە گەلان خۆیانن، کە بە یەکڕیزی، هۆشیاری و کۆڵنەدان، ئازادی و یەکسانی بنیات دەنێن.

۷ی ڕەزبەری ۲۷۲۵

# شیکارییەک بۆ شکستهێنانی بڕیارنامە ڕووسی و چینییەکەی ئێرانپارێزەکە لە شوڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا



بڕیاری ئەم دواییەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ڕەتکردنەوەی بڕیارنامەیەک کە چین و ڕووسیە، کە بە ئامانجی دواخستنی جێبەجێکردنی میکانیزمی بەناو "ماشە" پێشنیاریان کردبوو، جارێکی دیکە قەیرانی ئەتۆمیی ئێرانی هێنایەوە ڕیزی پێشەوەی، پێشهاتە سیاسی و ئەمنییەکانی ناوچەکە. ئەم شکستە دەریخست، کە سەرەڕای هەوڵە دیپلۆماسییەکانی هێندێک لە زلهێزەکان بۆ کڕینی کات، ئیتر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چیتر ئامادە نیە، چاوی لە هەڵسوکەوتی سەرگەردانبکەرانەی کۆماری ئیسلامی بنوقێنێت.

ڕەتکردنەوەی ئەو بڕیارنامەیە، پەیامێکی ڕوونە بۆ تاران: ئەو بڕیارنامەیەی چین و ڕووسیا پێشنیاریان کردبوو، تەنیا چوار دەنگی بەڵێ، نۆ دەنگی نەخێر و دوو دەنگی بێ لایەنی بەدەستهێنا. ئەم هاوسەنگییەی دەنگەکان ئەوە نیشان دەدات، کە تەنانەت هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی تارانیش، ناتوانن پشتیوانییەکی بەرفراوانی نێودەوڵەتی کۆبکەنەوە. پەیامی ڕوونی ئەم دەنگدانە لەوەدایە، کە زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش، مەترسییەکانی سیاسەتی فراوانخوازانە و ناسەقامگیرکەری کۆماری ئیسلامی، بەجددیتر لە هەر ڕەچاوکردنێکی سیاسی کورتخایەن دەزانن.

لە ماوەی دوو دەیەیی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامی بە بەردەوامی هەوڵی داوە، کە لە ڕێگەی تاکتیکی دانوستاندنەوە، کاتێکی زیاتر بۆ پێشخستنی پرۆژە ئەتۆمی و مووشەکییەکانی خۆی بەدەست بهێنێت. لەم ڕووەوە ناوکی هەوڵەکانی چین و ڕووسیا بۆ دواخستنی گەڕانەوەی سزاکان، دیارە: لە بارودۆخێکی هێورتر، ئافراندنی پەراوێزێکی سەلامەتە بۆ تاران، بۆ بەردەوامبوون لە چەسپاندنی پێگەی خۆی لە ناوچەکەدا. بەڵام دەنگی نەرێنی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش، دەریخست کە جیهان لەوە زیاتر کاتی فریوخوراوی ئەو یارییە چەندبارە بووەوەی نیە.

## دەرئەنجامەکانی بڕیارەکەی شوڕای ئەمنییەت:

شکستی ئەم بڕیارنامەیە بە واتای، نزیکتربوونەوەی کاتی کرداری میکانیزمی ماشەیە، و گەڕانەوەی ئۆتۆماتیکی گەمارۆوەکانی پێشووی ئەنجومەنی ئاسایشە دژی بە ئێران. گەڕانەوەی ئەم گەمارۆیانە، نەک هەر کایەی ئابووری ئێران زیاتر بەرتەسک دەکاتەوە، بەڵکوو پێگەی سیاسی و شەرعییەتی نێودەوڵەتیی ڕێژیمیش، دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بە واتایەکی تر ڕێژیمی تاران دەچێتە قۆناغێکەوە، کە نە دەتوانێت ڕێککەوتنە نیوەچڵەکان بقۆزێتەوە، نەش دەتوانێت پشتیوانییەکی بەربڵاوی نێودەوڵەتی بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

## قەیرانی شەرعییەت لە ناوخۆ و دەرەوە:

خەڵکی ئێران، ساڵانێکە باجی قورسی سیاسەتە گرژی خوڵقێنەکانی حکوومەت دەدەن. لە کاتێکدا زۆرینەی هاووڵاتیان لەگەڵ بێکاری، هەڵاوسان و فشارە ئابوورییەکان دەجەنگن، کەچی دامەزراوەی دەسەڵاتدار لە ئێران، ملیاردها دۆلار بۆ پرۆژە سەربازییەکان و دەستێوەردانەکانی ناوچەیی خەرج دەکات. ئەم بۆشاییە قووڵەی نێوان خەڵک و حکوومەت، هاوکات لەگەڵ گۆشەگیریی نێودەوڵەتی، زیاتر لە هەموو کاتێک تەحەدای شەرعییەتی سیاسی دەسەڵاتی کردوە. بڕیارەکەی ئەم دواییەی ئەنجومەنی ئاسایش، لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی ئەم قەیرانەی شەرعییەت لەسەر ئاستی جیهانییە.

## کاریگەری لەسەر هاوکێشە ناوچەییەکان:

گەڕانەوەی سزاکان و زیادبوونی گوشارەکان بۆ سەر تاران، دەتوانێت ببێتە هۆی کەمبوونەوەی توانای دەستێوەردان لە وڵاتانی دراوسێ. ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو نیشانی داوە، کە هەر کاتێک کۆماری ئیسلامی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا گوشاری لەسەر بێت، توانای دارایی و سەربازیی بۆ پشتیوانی لە گروپە بە وەکالەتەکان لە ناوچەکەدا کەم بووەتەوە. ئەم پێشهاتە دەتوانێت سوود بە سەقامگیری ناوچەکە و ئەو گەلانە بگەیەنێت، کە دەیان ساڵە قوربانی سیاسەتە

فراوانخوازییەکانی تارانن.

## پێویستی چارەسەری بنەڕەتی:

سەرەڕای گرنگی بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش، دەبێت دان بەوەدا بنرێت، کە بەتەنیا گەڕانەوەی سزاکان چارەسەرێکی کاریگەر بۆ قەیرانی ئێران نیە. ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەری قەیرانەکان لە ڕەگ و ڕیشەڕا، بەڕاستی خوازیاری ئاشتی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، دەبێت لە فشارە ئابوورییەکان ئەولاترەوە هەنگاو بنێت. کێشەی سەرەکی تەنیا بەرنامەی ئەتۆمی نیە، بەڵکوو سروشتی پاوانخوازانە و قەیران دروستکەری ئەو سیستمە سیاسییەیە، کە ئێران بەڕێوە دەبات. تا ئەو پێکهاتەیە نەگۆڕێت، گرژی و قەیرانەکان، هەروا بە بەردەوامی دەمێننەوە.

## کۆتا پەیڤ:


بڕیارەکەی ئەم دوایییەی ئەنجومەنی ئاسایش، لە پرۆسەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ ئێران، وەک خاڵی وەرچەرخان دێتە هەژمار. ڕەتکرانەوەی بڕیارنامەی چین و ڕووسیا نیشانی دا، کە سیاسەتی کڕینی کات ئیتر کاریگەری خۆی لەدەست داوە. جیهان گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی، کە پاشەکشەکردن لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامی، نەک گەرەنتی ئاسایش و ئارامی دەستەبەر ناکات، بەڵکوو زەمینە بۆ قەیرانی قووڵتریش خۆش دەکات. ئەم دۆخە دەرفەتێکی مێژوویی بۆ گەلانی ناوچەکە و بەتایبەت گەلی کورد دەڕەخسێنێت، کە زیاتر لە هەموو کاتێک جەخت لەسەر پێویستی دێموکراسی، دادپەروەری و مافی چارەی خۆنووسین بکەنەوە. ئایندەیەکی بەردەوام تەنیا کاتێک مومکین دەبێت، کە ڕێژیمە تاکڕەوەکان جێگە و پێگەی خۆیان، بە حوکمڕانی جەماوەری و بەرپرسیارانە بدەن.

٨ی ڕەزبەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## پەروەردە لەژێر سێبەری قەیرانە پێکهاتەییەکاندا



لەگەڵ دەستپێکی ساڵی خوێندنی خۆریی ١٤٠٤ - ١٤٠٥، بە میلیۆنان خوێندکار لە ئێران و بە تایبەتی لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جارێکی دیکە چوونەتە قوتابخانەکان؛ بەڵام هەر وەک ساڵانی پێشوو، ئەم سەرەتایە لەگەڵ هیوا و حەماسەت بۆ پەروەردە نیە، بەڵکو بیرهێنانەوەی کەڵەکەبوونی کێشەکانە، کە ساڵانێکە قورسایی خستۆتە سەر شانی منداڵان و خێزانەکان. سیستەمی پەروەردە لەم ناوچانە، نەک هەر لە کێشە لە مێژینەکان ڕزگاری نەبووە، بەڵکوو ئەوجارەیان بەستراوەتەوە بە قەیرانی نوێترەوە.

یەکێک لە کێشە هەرە گرنگەکان، بێبەشکردنی بەربڵاوی بەشێک لە منداڵانە لە مافی خوێندن. لە کاتێکدا ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە سەرچاوە سروشتی و ژێرزەمینییەکان، بەڵام خراپ بەڕێوەبردن، گەندەڵی و ناکارامەیی پێکهاتەیی کۆماری ئیسلامی وای کردوە، هەزاران منداڵ لە کوردستان و ناوچە بێبەشەکانی دیکەدا لە خوێندن داببڕێن. بۆ زۆرێک لە خێزانەکان، تێچووی سەرەتایی ناو تۆمارکردن، کڕینی کتێب و کەلوپەلی نووسین هێندە زۆرە، کە منداڵان ناچارن هەر لە سەرەتای ساڵدا، واز لە خوێندن بهێنن. ئەمەش پێشێلکارییەکی ئاشکرای مافی بنەڕەتی پەروەردە، و پێشێلکردنی ئەرکە نێودەوڵەتییەکانی ئێرانە، لە بواری پاراستنی مافەکانی منداڵاندا.

زیادبوونی بەرچاوی هەژاری و بێکاری لە کوردستان خێزانەکانی خستۆتە دۆخێکەوە، کە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، هەندێکجار دەگۆڕدرێت بۆ "ئیمتیازێکی لوکس". زۆرێک لە خوێندکاران بۆ بژێوی خێزانەکانیان، ڕوو لە کارە سەخت و کەم مووچەکان دەکەن، ئەمەش بە شێوەیەکی کاریگەر لە چوونە پۆل بێبەشیان دەکات. ئەم دیاردەیەش، نەک هەر ئایندەی تاکەکەسی منداڵان لەنێو دەبات، بەڵکوو پاشەکشە بە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و کولتووری لەو ناوچانەشدا دەکات.

کێشەیەکی جددیی دیکە نەبوونی ژێرخانی پەروەردەیی دروستە. زۆرێک لە قوتابخانەکان، بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکانی کوردستان، وێران، ناستاندارد و تەنانەت ناپارێزراون. چڕیی زۆری قوتابیان لە هۆڵەکانی خوێندن، نەبوونی کەرەستەی پەروەردەیی مۆدێرن، نەبوونی ئیمکاناتی وەرزشی و ڕۆشنبیری، بە شێوەیەکی بەرچاو، هۆکارێکە بۆ دابەزینی کوالیتی خوێندن. لە هەندێک قوتابخانەدا ژمارەی خوێندکاران لە پۆلێکدا، چەند هێندە زیاترە لە ستانداردی جیهانی؛ بارودۆخێک کە بەکردەوە پرۆسەی پەروردە و فێربوون لاواز و تێک دەدات.

جگە لە کێشەی خوێندکاران، دۆخی مامۆستایانیش مەترسیدارە. نزمیی مووچە و نەدانی حەقدەست لە کاتی خۆیدا، وای کردوە بەشێکی زۆر لە مامۆستایان، خۆیان لە ئاستەنگی داراییدا ببیننەوە. هەندێکیان ناچار دەبن بۆ دابینکردنی خەرجییەکیانی ژیان، چەند کارێکی دیکە بگرنە ئەستۆ، ئەمەش لە بەرامبەردا لە کوالیتی وانەوتنەوە کەم دەکاتەوە. دووبارەبوونەوەی نارەزایەتی سەندیکاکان و مامۆستاکان لە ساڵانی ڕابردوودا، نیشانی دەدات کە قەیرانی بژێوی ژیانیان، بووەتە کێشەیەکی جددی نیشتمانیی. لە نەبوونی ئەمنییەتی کار و خۆشبژێوتی ڕێژەییدا، چۆن چاوەڕێی ئەوە بین، کە مامۆستایان بە پاڵنەر و وزەی تەواوەوە، بەشداری پۆلەکان بکەن؟

لە زۆرێک لە پارێزگاکان، تەحەدایەکی دیکەی نوێ; نەبونی بەردەوامی کارەبایە. لە کاتێکدا بەشێکی بەرچاوی پەروەردەی جیهانی ئەمڕۆ، پشت بە کەرەستەی دیجیتاڵی دەبەستێت، خوێندکاران لە کوردستان تەنانەت لە ئاسانکارییە سەرەتاییەکانی، وەک کارەبای جێگیر بێبەش دەمێننەوە. هەروەها نەبوونی سیستەمێکی ستانداردی گەرمکردنەوە و ساردکردنەوە، بارودۆخێکی سەختتر بۆ منداڵان لە وەرزی سەرما و گەرمادا دروست دەکات.

سیستەمی پەروەردەی ئێران، بە تایبەت لە ناوچە پەراوێزخراوەکانی وەک کوردستان، سووتەمەنی و هۆکاری دابەشبوونی قووڵی چینایەتییە. منداڵانی خێزانە دەوڵەمەندەکان، دەتوانن سوود لە پۆلە تایبەتەکان، قوتابخانە ناحکومییەکان و ئاسانکاریی باشتر وەربگرن، لە کاتێکدا منداڵانی خێزانی چینە هەژارەکان، لە قوتابخانە کوالیتی نزم، بەبێ ئاسانکاری بەجێدەهێڵرێن. ئەم نایەکسانی پەروەردەییە، دەبێتە هۆی نایەکسانییەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری فراوانتر، کە سووڕی هەژاری و بێبەشی، دووبارە بە بەرهەم دەهێنێتەوە.

سەرەتای ساڵی خوێندنی ١٤٠٤ - ١٤٠٥ دەرفەتێکە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بیر لەم پرسیارە بنەڕەتییە بکەینەوە: ئایندەی پەروەردە لە ئێران و کوردستان، بەرەو کوێ ڕێگا دەگرێت؟ ئەگەر سیاسەتی ناکاریگەر و گەندەڵی پێکهاتەیی بەردەوام بێت، مەترسی "نەوەیەکی نەخوێندەوار" لە بۆسەدایە. نەوەیەک کە لەبری قەڵەم و کتێب، بەناچاری ناچار دەکرێت، کەرەستەی کار و سەختییەکانی بژێوی ژیان هەڵبژێرن و هەڵبگرنە سەر شان.

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆڵی بەرخۆدانی خێزانانە، هەوڵی مامۆستایانی خەمخۆر و پاڵنەری ئەو خوێندکارانەی، کە سەرەڕای هەموو سەختییەکان دەچنە قوتابخانە، ناتوانرێت پشتگوێ بخرێن. هیواش بۆ داهاتوو، لەم خۆڕاگرییەدایە. بەڵام تا ئەو پێکهاتەیەی کە پەروەردە بەڕێوە دەبات، چاکسازی نەکرێت و دادپەروەری پەروەردەیی دانەمزرێت، ساڵانی نوێی خوێندن، جگە لە دووبارەبوونەوەی قەیرانەکانی ڕابردوو بە قەیرانی نوێترەوە، هیچی زیاتری لە هەگبەدا پێ نابێت.

ساڵی خوێندنی ١٤٠٤ - ١٤٠٥، جارێکی دیکە واقعی تاڵی پەروەردە لە ئێران و کوردستان ئاشکرا دەکات: واقیعێک تێکەڵ بە هەژاری، نایەکسانی، ناکارامەیی و بێبایەخکردنی مافی منداڵان و مامۆستایان. مافی پەروەردە مافێکی بنەڕەتییە، و ناکرێت ببێتە قوربانیی گەندەڵی و ناکارامەیی پێکهاتەیی. ئایندەی ئەم خاکە بەندە بە پەروەردەی نەوەی نوێ؛ نەوەیەک کە ئەگەر ئەمڕۆ لە قوتابخانە و کتێب بێبەش بکرێن، سبەی لە بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد، یەکسان و پێشکەوتوودا بێبەش دەبن.

٢٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## دەستە شاراوەکان لە ورمێ: هاندانی پانتورکیزم و سیاسەتەکانی ئێران و تورکیە



لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە ورمێ، شاهیدی بزاڤ، ئاڵۆزی و هاندان بە ڕەهەندێکی نەتەوەیی ڕەگەزپەرەستانە و هاندەرانە بووین، کە بێگومان پێویستیان بە شیکردنەوەی ورد هەیە. لەم وتارەدا بەبێ ئاماژەدان بە ناوی هیچ لایەنێکی دیاریکراو، هەوڵ دەدەین لە دوو ڕوانگەی گرینگەوە هەڵسەنگاندن بۆ ڕەوتی ئەم دۆخە بکەین. یەکەم: ڕۆڵی وشیارانە یان خۆ نائاگایانەی حکوومەتی ناوەندییە لە ئاسانکاری بۆ بەستێنی ئەو بزووتنەوە و بزاڤە ڕەگەزپەرەستانەیە؛ دووەم: کاریگەری و دەستێوەردانی ئەکتەرە بیانییەکان، بەتایبەتی کۆماری تورکیە لە دروستکردن و هەوڵدان بۆ بەرەو ئاڵۆزتربردنی ئەم دۆخە.

### ١- ڕەخساندنی بوار و زەمینەسازیی حکومەتی ناوەندی

سەرەتا دەبێ دان بەوەدا بنێین کە بە درێژایی دەیان ساڵ، حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران سیاسەتگەلێکی جێبەجێ کردوە کە لە زۆر حاڵەتدا پێکەوەژیانی نەتەوەکان و نەتەوەیی تێکداوە. یەکێک لەو شێوازانەی کە حکوومەت هەندێک جار بەکاری هێناوە، "ڕێگەپێدان" بە گرووپێکی تایبەت لە چالاکە نەتەوەییە ڕەگەزپەرستەکانی سەر بە نەتەوەیەکی تایبەتە، کە گۆیا داواکاریی خاک و ناسنامەیان لەگەڵ نەتەوەیەکی دیکەدا هەیە؛ بەڵام لە حەقیقەتدا کۆماری ئیسلامی

تەنها بە هاندانی ڕەگەزپەرەستانەی ئەو بزوتنەوە ڕەگەزپەرەستییە ڕێگە پێدراوانە، ئەوان وەک ئامرازێک لە هاوکێشەکانی دەسەلاتدا دەکار دەکا. لە ڕووداوی ئەم دواییەی ورمێدا،

**چەندین نیشانەی ئاگادارکردنەوەی جیددی دەبینرێن:**

- بێباکی و بێدەنگییەکی واتادار و مەبەستدار لە قۆناغە سەرەتاییەکانی هاندانەکاندا؛ کاتێک ڕیزەکانی پانتورکی یان گرووپە هاندەر و شێوێنەرەکان کە لە فەزای میدیایی دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی پەیام و پۆستەر، دەبوو دەزگا ئەمنییەکان و هەواڵگری، پێشوەختە دەستبەکار ببان تا کۆنترۆڵی کەشە ئاڵۆزەکە بکەن. بەڵام ئەوەی بینرا دواکەوتنی کاردانەوەی فەرمی یان پێنەدانی وەڵامێکی ڕوون بۆ ڕای گشتی بوو.

- کەلکوەرگرتن لە کەسایەتییە نێوخۆییەکان و دامودەزگا فەرمییەکان؛ لە ورمێ وا دیارە کە بانگەوازی گردبوونەوە لەژێر ناوی "کۆبوونەوەی عەلەوییەکان" لە لایەن بەرپرسێکی شارەوە دەرچووە کە مەبەست و ئەرکەکەی لە بەرنامەیەکی سادەی ئایینی تێپەڕیوە. میدیاکان باسیان لەوە کردوە کە ئەم بانگەوازە بواری بۆ دزەکردنی هێزی تێکدەر خۆش کردوە!

- سیاسەتی ناڕوونی و ڕووبەڕووبوونەوەی زارەکی لە میدیای فەرمیدا؛ لەکاتێکدا هەندێک لە میدیاکانی دەوڵەت بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە گردبوونەوەکە ناسیاسییە و تەنیا لایەنێکی ئایینی هەیە، چالاکانی مەدەنی و میدیای سەربەخۆ، بە بەشێک لە پرۆژەی "ئاکۆکی بئافرێنە و حوکمڕانی بکە"یان لێکدایەوە.

- وەڵامدانەوەی ئەمنیی درەنگ و سنووردار؛ هەندێک لە ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هێزەکانی جێبەجێکاری یاسا، دوای توندبوونەوەی نائارامییەکان چوونە شوێنی ڕووداوەکە و چەندین بەناو هاندەریان دەستگیرکردوە. بەڵام پرسیار ئەوەیە، بۆچی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی بڵاوبوونەوەی دروشمی ڕەگەزپەرەستانە و ئینکاری ناسنامەی کوردیدا، وەڵامدانەوەی خێراتر نەبوو یان وا ڕاستترە بڵێین کە هەر وەڵامدانەوەیەک بوونی نەبوو؟

بۆیە دەکرێ بگوترێ کە حکوومەتی ناوەندی لە ڕێگەی سیاسەتی "کۆنترۆڵی جێگرەوە"، ڕێگەی داوە تۆوی گرژیی نەتەوەیی بئاوسێن و دواجار لە قۆناغێکی دواتردا، بێتە نێوەوە بۆ کۆنترۆڵی سەحنەکە؛ شێوازێک کە هێزە وروژێنەر و هاندەرەکان، دەتوانن خێراتر پێشڕەوی بکەن و کاریگەریی زیاتریان هەبێت.

## ٢- دەستی شاراوەی تورکیە، لە شەڕی ناسنامەی نێوخۆی ئێراندا

یەکێک لە بەڵگە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم پێشهاتانە، ڕۆڵی کۆماری تورکیەیە لە یارییە نەتەوەییەکان لە نێوخۆی ئێراندا. لە دەیان ساڵی ڕابردوودا تورکیە هەوڵی داوە لە نەتەوەکانی تورکزمان لە سنوورە دراوسێکانیدا، وەک ئامرازێکی ژێئۆپۆلۆتیکی بۆ فشار یان کاریگەری کەلکیان لێ وەربگرێت. لە ڕووداوی ئەم دواییەی ورمێدا،

## چەند خاڵێک شایانی ڕەچاوکردن و سەرنج هەن:

- دەسبەکاربوونی هاوکاتی جووڵەی ڕاگەیاندنی تورکمێحوەر لەگەڵ ڕوودانی کۆبوونەوە ڕەگەزپەرەستەکان؛ دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی گردبوونەوەکانی ورمێ، میدیا تورکی و ئازەرییەکان، یەکسەر بە مانشێتەکانی وەک "ورمێ تورکییە و بە تورکی دەمێنێتەوە"، هاتنە مەیدان و جەختیان لە شوناسی تورکی و ئەویش بە شێوازێکی ڕەگەزپەرەستانە کردۆتەوە.

- ئاشکرابوونی پاڵپشتی میدیایی سنووربەزێن؛ ڕاستەوخۆ دوای ڕووداوەکان، میدیای تورکیە و ئازەربایجان، زیادەڕەوییان لە ڕووداوەکان کرد و بانگەشەی هاندەرانەیان بۆ دانیشتوانی تورک کرد. هەندێک لە ڕاپۆرتەکان ئاماژەیان بە "فەزیحەی میدیای تورکیە لەدوای گردبوونەوەی ورمێ" کردوە.

- کەلکوەرگرتن لە ناسنامەی نەتەوەیی وەکوو هێز؛ تورکیە لە پارێزگاکانی هاوسنووری خۆی، بە تیشکخستنە سەر هەستی نەتەوەیی تورک، هەوڵ دەدات کۆماری ئیسلامی قەناعەت پێبکات، کە تورکەکان لە ئێران "لەژێر گوشار و زەلیلدان" و پێویستە پشتیوانییان لێبکرێت. ئەم تاکتیکە دەتوانێت پێشەکییەک بێت بۆ دەستێوەردانەکانی سیاسی یان نەرم. بە واتایەکی تر ڕۆڵی تورکیە لەم شانۆیەدا دەتوانێت بە زیادکردنی هەستیاریی نەتەوەیی، هاندانی ژینگەی ڕاگەیاندن لەسەر سنوورە هاوبەشەکانی، بە فشارخستنەسەر کۆماری ئیسلامی لەسەر سنوور، ڕۆڵی "ئەکتەرێکی سنووربەزێن" بگێڕێت.

## ٣- هاوتەریبی نوخبە نێوخۆییەکان لەگەڵ پرۆژەی هاندەرانەدا

هەرچەندە لەم بابەتەدا، خۆمان لە ناوهێنانی هەر لایەنێکی دیاریکراو بەدوور گرتوە، بەڵام ناکرێ ئاماژە بەوە نەکەین کە لەم ڕووداوەدا هەندێک نوخبەی نێوخۆیی، لەوانەش "ئەندامانی ئەنجومەنی شار و پارێزگا، یان کەسایەتییە سیاسییەکان" کە بە جۆرێک لە جۆرەکان، هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتی هاندەرانەی ئیستفزازیدا هەڵسوکەوتیان کردوە. بۆ

نموونە شوڕای شار داوای گردبوونەوە دەکات و هەندێک کەسی دیار لە پێشەوە ئامادە بوون کە میدیاکان ئەو کردەیەیان وەک دەرفەتێک بۆ هاندان و وروژاندن بینی و لێکدایەوە.

ئەم پشتیوانییە نێوخۆییەش هۆکار بووە کە پڕۆژەی ئاژاوەگێڕیی نەتەوەیی، نەک تەنیا لە دەرەوە، بەڵکوو لە نێوەوەی پێکهاتەی شاریشەوە هێز و شەرعیەت بەدەست بهێنێت.

## ٤- دەرئەنجام و هۆشدارییەکان

ئەوەی لە ورمێ ڕوویدا، زۆر زیاترە لە پێکدادانێکی وەرزشی، یان ڕووداوێکی یەکجارە؛ دەکرێت خاڵێک بێت کە هەڵە نەتەوەییە شاراوەکان سەرهەڵبدەن، و بگۆڕدرێن بۆ قەیرانی ئەمنی و ناسنامەیی.

### چەند کاریگەری و هۆشدارییەک کە شایەنی باسە:

١- لاوازکردنی هاوپشتیی نیشتمانی و متمانەی نێوان نەتەوەکان؛ ئەگەر خەڵکی ناوچەکە هەست بکەن، کە ئەمنییەت و ناسنامەیان لەژێر هەڕەشەدایە و نوکی تیژی قسەی ناشیرینی دژەنەتەوەیی بەرامبەریان بەکار دەهێندرێت، متمانەی نێوان نەتەوەکان کەم دەبێتەوە.

٢- دروستکردنی دووجەمسەریی میدیایی و گوتاری توندی نەتەوەیی؛ کاتێک میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەچنە نێو گەمەی "تورک بەرامبەر کورد"، کەشوهەواکە خێرا دەگۆڕدرێت بۆ جەمسەرگیرییەکی بەرز و مەترسیدار، کە زەمینە دەخوڵقێنێت چینی ماناوەندی کۆمەڵگە خۆی بخاتە حاڵەتی بەرگرییەوە.

٣- ئاشکرا بوونی ڕۆڵی ئەکتەرە بیانییەکان لە کاروباری نێوخۆدا؛ دەستێوەردانی میدیایی و ناسنامەی تورکیە نیشان دەدات کە قەیرانە نەتەوەییەکان لە ئێراندا دەتوانن ببنە دەرفەتێک بۆ دەستێوەردانەکانی جیۆپۆلەتیکی.

٤- پێویستیی وریایی گشتی و نوخبەیی؛ تەنها مرۆڤە ئاساییەکان نین کە پێویستیان بە هۆشیارییە، دەبێت نوخبەکان، بەرپرسانی نێوخۆیی و میدیاکان، لە بەرامبەر پڕۆژە وروژێنەرەکاندا وریا بن و خۆیان لە کەوتنە نێو ئەو تەڵەی ئەو هاندانە قێزەونە بەدوور بگرن.

٥- ئەنجام و بانگهێشتکردن بۆ پێشبینیکردنی چارەسەرەکان؛ ئەوەی لەم شیکارییەی سەرەوەدا دەردەکەوێت ئەوەیە کە ڕووداوی ئەم دواییەی ورمێ ڕووداوێکی هەڕەمەکی نیە، بەڵکوو بەشێکە لە دیزاینێکی مۆدێرن لە بواری شوناسی نەتەوەیی کە هەم لە نێوەوە بەڕێوە دەبرێت و هەم لە دەرەوە پشتیوانی لێ دەکرێت. هەم کۆماری ئیسلامی لە ڕۆڵی خۆیدا وەک ئاسانکاری دۆخەکە، بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو و جێگرەوە هەڵسوکەوتی کردوە و، هەم تورکیە لە ڕۆڵی سنووربەزاندنیدا هەوڵی داوە سود لەم کەشە وەربگرێت.

**ئەگەر بمانەوێت ئەم دۆخە بەڕێوە ببەین و ڕێگری لە داڕمانی سامانی شوناس و متمانەی کۆمەڵایەتی بکەین، پێویستە:**

- وەک هەنگاوی یەکەم، فشار بخرێتە سەر هەموو بەرپرسانی ئەمنییەتی، ڕۆشنبیری و نێوخۆیی تا ڕوونکردنەوە بدەن کە چ کەسانێک بانگەشەی نارەزایەتییەکان داوە و چ کەسانێک لە پشت پەردەوە ڕۆڵیان گێڕاوە؛

- دووەم: ڕێگری لە ڕوودانی گردبوونەوەی ڕەگەزپەرەستانە و بێمۆڵەت بکرێ، و لە هەمانکاتدا مافی مرۆڤە "بە کورد و تورک و نەتەوەکانی دیکەشەوە" بۆ دەربڕینی کولتوور و ناسنامەی خۆیان مسۆگەر بکرێت؛

- سێیەم: پێویستە میدیای نێوخۆیی پارێزگا و سەرتاسەری، هەڵوێستی ورد و بێلایەنانە بگرێتەبەر، هەروەها ڕێگە نەدات گێڕانەوەگەلێکی نەتەوەیی هەڵگری بانگەشەی ڕەگەزپەرەستانە زاڵ بێت؛
- چوارەم: لە نێو نەوەی گەنجدا، پەروەردە لە هاودەنگیی نیشتمانی، گفتوگۆی نێوان نەتەوەکان و هۆشیاری مەدەنی زیاد بکرێت؛

لە کۆتاییشدا پێویستە ڕێوشوێنەکان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی ئەکتەرە بیانییەکان لە هاوکێشە نەتەوەییەکانی ئێراندا بگیرێتەبەر، لەوانەش چاودێریکردنی میدیا و ڕێگریکردن لە کەلکوەرگرتن لە فەزای میدیایی وڵات بۆ قازانجی بیانییەکان.

**سەرچاوەکان**


**Anadolu Agency. (2025, October 10). Tajamoe gostarde mardom-e Orumiyeh: Orumiyeh Turk ast va Turk khahad mand . Anadolu Agency. https://www.aa.com.tr/fa/3517205/ایران/تجمع-گسترده-مردم-ارومیه-ارومیه-تُرک-است-و-تُرک-خواهد-ماند**

**Hengaw Organization for Human Rights. (2025, October 11). Raporta taybetî derbareya tehrîkatên etnîkî li Urmiyê. Hengaw.net. https://hengaw.net**




سەرچاوە Serchawe

Iran International. (2025, October 10). Tashannoj-e qowmi dar bāzī-ye futbāl-e Orumiyeh. Iran International. https://www.iranintl.com

Kurdpa News Agency. (2025, October 11). Wekhevîyên civakî ya Kurdan di ber tehrîkatên dawi de li Urmiyê. Kurdpa.net. https://kurdpa.net

Radio Farda. (2025, October 9). Tashannoj-e qowmi dar Orumiyeh va barkhord-e nirouhā-ye amniyati. Radio Farda. https://www.radiofarda.com

Rudaw Media Network. (2025, October 10). Tevgera pan-tirkî di leyîza fûtbalê de li Urmiyê û nîqaşên etnîkî. Rudaw.net (Kurmancî edition). https://www.rudaw.net/kurmanci


Tabnak News Agency. (2025a, October 9). Dar Orumiyeh che khabar shod? Baztab-e tajamo’at dar fazā-ye majāzī-ye Irān. Tabnak.ir. https://www.tabnak.ir/fa/news/1295850

Tabnak News Agency. (2025b, October 10). Janjāl-e resāneh-hā-ye Torkiye pas az yek tajamo’ dar Orumiyeh. Tabnak.ir. https://www.tabnak.ir/fa/news/1295679

X (formerly Twitter). (2025, October 8–12). Posts and commentaries by Kurdish and Azeri civil activists on Urmia incidents. Retrieved from https://twitter.com

ی١ خەزەڵوەری ٢٧٢٥

## ریسوایی بەردەوامیی هەڵواردن (دەستبەسەرکرانی جەهانگیر ڕۆستەمی، و ڕووخساری ڕاستەقینەی ڕەگەزپەرستی حکوومەت، بەرامبەر بە پەروەردەکارانی کورد)



دەستگیرکردنی توندوتیژانەی جەهانگیر ڕۆستەمی، مامۆستای خانەنشینکراو و ئەندامی کۆمەڵەی مامۆستایانی هەرسین، لە کۆتاییەکانی ڕەزبەری ١٤٠٤، بۆ جارێکی دیکە ڕووی ریسوا و نامرۆڤانەی سیستەمێکی ئاشکرا کرد کە زیاتر لە چوار دەیە دادپەروەری لە گوتار و جیاکاری لە کرداردا بە دامەزراوەیی کردووە. بەپێی ڕاگەیەندراوێکی کۆمەڵەی مامۆستایانی ئیسلامئاوای رۆژئاوا، هێزە ئەمنییەتییەکان شەو هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکەی و ئەو مامۆستایەیان دەستگیر کردووە، بە لێدان گواستراوەتەوە بۆ زیندانی ئەڤین، هەروەها ڕێگری لێ کراوە نە پەیوەندی بە بنەماڵەکەیەوە بکات، نە دەستی بە پارێزەر بگات. ڕاپۆرتە جێی متمانەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دەستگیرکردنەکە، هەوڵێکە بۆ فشارخستنە سەر کوڕەکەی، "ئیحسان ڕۆستەمی"، بۆ دانپێدانانی زۆرەملێ؛ شێوازێک لە ئامێری ئەمنی کۆماری ئیسلامیدا، کە وەک ئامرازێک بۆ تۆقاندن و سوکایەتییپێکردنی نەیاران بەدامەزراوەیی کراوە.

بەڵام ئەم ڕووداوە تەنیا دەستبەسەرکران نییە، بەڵکووو هێمای سیاسەتێکی درێژخایەن و ڕێکخراوە، بۆ سەرکوتکردنی پەروەردەکارانی کورد. لە کۆماری ئیسلامیدا زۆر جار کوردبوون بۆخۆی وەک پێناسەیەکی ئەمنییەتی دێتە هەژمار. مامۆستایانی کورد نەک هەر ناچارن لە بەرامبەر کۆت و بەندییە دارایی و پێکهاتەکان تێبکۆشن، بەڵکوو لەگەڵ ترسی

بەردەوامدا لە گرتن، دەرکردن، یان تۆمەتبارکردن بە "پڕوپاگەندە دژی سیستەمدا" دەژین.

ڕێکەوتی ئەم دەستگیرکردنە، لەگەڵ شەپۆلێکی نوێی سەرکوتی چالاکانی سەندیکاکان لە کوردستان، بەرێکەوت نییە. لە چەند مانگی ڕابردوودا دەیان مامۆستای کورد بە تۆمەتی هەڵبەستراو وەک "پەیوەندیکردن لەگەڵ گرووپە دژبەرەکان" یان "هاندانی قوتابیان" دەستبەسەر کراون؛ تۆمەتگەلێک کە هیچ بنەمایەکی یاساییان نییە و تەنیا بۆ بێدەنگکردنی دەنگی ناڕەزایەتی لە بەرامبەر نادادپەروەرییە پەروەردەییەکان و هەڵاواردنی نەتەوەیی بەکار دەهێنرێن. بۆیە دەتوانین ناوی "ئەندازیاری بێدەنگی نەتەوەیی" لەو سیاسەتە بنێین، هەوڵێک بۆ بێدەنگکردنی دەنگی هۆشیاری لە قوتابخانەکاندا، بۆ ئەوەی نەوەیەکی نوێی کورد، بێدەنگ و بەبێ مێژوو پێ بگەن. گرتنی پەروەردەکارانی وەک ڕۆستەمییەکان، لە حەقیقەتدا هێرشێکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر دامەزراوەی پەروەردە و هزری سەربەخۆ لە کوردستاندا.

لە ڕوانگەی یاساییەوە، شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ جەهانگیر ڕۆستەمی، پێشێلکردنی ڕوونی بنەما دەستوورییەکانی خودی ئێران و پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکانە. بەپێی مادەی ٣٥ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی لە هەموو دادگاکاندا لایەنەکانی دۆسیەکە، مافی خۆیانە پارێزەری خۆیان هەڵبژێرن. هەروەها ئێران بە ئیمزاکردنی پەیمانی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان بەڵێنی داوە، کە هیچ هاووڵاتییەک بەبێ دەستڕاگەیشتن بە پارێزەر و بەبێ دادگاییکردنی دادپەروەرانە دەستبەسەر نەکرێت. بەڵام حکوومەت ساڵانێکە ئەم پابەندبوونانە پێشێل دەکات، دڵسۆزیی نەتەوەیی و ئایینی وەک پێوەرێکی ئەمنی بەکاردەهێنێت، نەک یاسا.

لەم نێوەندەدا بێدەنگیی زۆرێک لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ناوەندگەرا، خۆی جۆرێکە لە بەشداریکردن لەم سەرکوتکردنەدا. وەک سەندیکای مامۆستایانی ئیسلامئاوای ڕۆژئاوا جەختی لەسەر کردووەتەوە، بێدەنگی لە بەرامبەر نادادپەروەریدا، بە واتای هاوبەشیکردنە لەگەڵ ئامێری سەرکوتکردن. هەر جارێک دەنگی مامۆستایەک بێدەنگ دەکرێت، خۆڵەمێشی هەڵاواردن فراوانتر بڵاو دەبێتەوە، ڕەگ و ڕیشەی ڕەگەزپەرستیی دەوڵەتیش قووڵتر.

لێدان و ئازاردانی مامۆستایەکی خانەنشین، کە ژیانی خۆی بۆ پەروەردەکردنی جیلەکان تەرخان کردووە، تەنها پێشێلکردنی جەستەی نییە، سووکایەتیکردنە بە پیرۆزیی زانست و مرۆڤایەتی. ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە ئەوە دەردەخەن، کە حکوومەت نەک تەنیا دژی ناڕەزایەتیی سیاسییە، بەڵکوو لە خوێندنی ئازاد و بیری سەربەخۆش وەهمی هەیە. لە ژینگەیەکی ئاوادا، هەموو مامۆستایەکی ئاگادار و بەرپرسیار بە "دوژمنی ئاسایشی نیشتمانی" دێتە هەژمار.

کوردستان ساڵانێکە، مەیدانی تاقیکردنەوەی سیاسەتە ئەمنی و ڕەگەزییەکانی کۆماری ئیسلامی بووە. نکۆڵیکردن لە

خوێندنی زمانی دایکی، هەڵاواردن لە دامەزراندن، سانسۆری فەرهەنگی و گرتنی چالاکانی سەندیکاکان، هەموویان بازنەیەکن لە پرۆژەیەکی گەورەتردا؛ وردە وردە نەهێشتنی ناسنامەی کوردە، لە کایە و فەزای گشتیی ئێراندا. دەستگیرکردنی جەهانگیر ڕۆستەمی نیشانەی بەردەوامبوونی ئەم پرۆژەیەیە؛ پرۆژەیەک کە لەگەڵ هەر دەستگیرکردنێکی نوێدا، ڕووخساری ڕاستەقینەی زیاتر لە پێشوو ئاشکرا دەبێت.

ڕیسوایی ئەمڕۆ لەوەدا نییە، کە حکوومەت لە مامۆستایەکی داوە و زیندانی کردووە؛ ڕیسواییەکە لەوەدایە کە جیهان لە سەدەی بیست و یەکەمدا هێشتا شاهیدی ئەو جۆرە کارەساتانەیە، دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیش لە بەرامبەر ئەودا بێدەنگ ماون. ئەگەر بڕیار بێت کە دادپەروەری مانایەکی هەبێت، دەبێت هەر لێرەوە دەست پێ بکات، بە بەرگریکردن لە مامۆستایەک، کە لە بێدەنگیی زیندانی ئەڤین، هێشتا باوەڕی بە ئازادی هەیە.

سەندیکای مامۆستایانی ئیسلام ئاوای ڕۆژئاوا، بە بوێرییەکی ئەخلاقییەوە ڕایگەیاندووە: بێدەنگی لە بەرامبەر نادادپەروەریدا هاوبەشی ستەمکارییە. ئێستا نۆرەی ویژدانی بەکۆمەڵی کۆمەڵگەیە، کە لە تاقیکردنەوەی هاودەنگی و کەرامەتی مرۆڤایەتی بە سەرکەوتوویی دەربچێت، چونکە ئازادی، بڕیارە مانایەکی هەبێت، دەبێت لە پۆلی خوێندنەوە دەست پێ بکات.

١١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## چارەنووسی ناڕوونی ٥٢ میلیارد دۆلار، وێنەیەک لە پێکهاتەی تاڵان و وەڵامنەدانەوە لە ئێران



دیارنەمانی دەیان میلیارد دۆلار لە دراوی هەناردەیی، هێمای دارمانی ئەخلاقی و پێکهاتەیی سیستەمێکی ئابوورییە، کە لەسەر بنەمای جیاکاری، قۆرخکاری و نادادپەروەری بنیات نراوە.

لە کاتێکدا هەڵاوسان و هەژاری و گرانیی نرخەکان هەناسەی خەڵکیان بڕیوە، دیارنەمانی ٥٢ میلیارد دۆلار لە دراوەکانی هەناردەکردنی وڵات، جارێکی دیکە سروشتی ڕانتگەرانە و ناشەفافی ئابووری ئێرانی ئاشکرا کردووە. لە ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوییە تا ئێستا، نزیکەی ٩٥ میلیارد دۆلار دراوی هەناردەکردن نەگەڕاوەتەوە بۆ وڵات، هەروەها زیاتر لە نیوەی تەنیا لە دەستی ٥٠٠ کۆمپانیادایە. ئەم ژمارانە ئەوە دەردەخەن، کە قەیرانی ئەمڕۆ لە کەمیی سەرچاوەکانەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکوو لە نەبوونی ئیرادەی سیاسی بۆ شەفافیەت و دادپەروەرییەوە سەرچاوە دەگرێت.

لە وڵاتێکدا کە ملیۆنان کەس لەژێر گوشاری هەڵاوسان و پاشەکشەدا چەقێنراون، لە هەمان کاتدا کرێکاران و مامۆستایان لە پێناو کەمترین بژێوی ژیاندا خەبات دەکەن، دەیان میلیارد دۆلار لە سامانی نیشتمانی، لە هەژماری نهێنی ئەو کۆمپانیایانەدا دەمێننەوە کە لە ئیمتیازاتی تایبەت بەهرەمەندن. پێکهاتەیەک کە پێویستە بەرژەوەندی گشتی بپارێزێت، بووەتە ئامرازێک بۆ تاڵانکردن و چڕکردنەوەی سامان لە دەستی بازنەیەکی سنووردارردا.

گەندەڵی لە ئێران ئیتر ئیستیسنا و دەگمەن نیە، بەڵکوو سەرەڕای هەڵبەزینەوەی توندی خامنەیی کە ڕایگەیاند سیستماتیک نیە، ڕێک یاسای نەنووسراوی دەستەڵاتە و بەسەر پێکهاتەی ئابووری و ئیداری وڵاتدا زاڵە.

کاتێک یاسا لە خزمەتی دەسەڵات دابندرێت، دادپەروەری دەبێتە مۆڵەتێک بۆ جیاکاری. لە مۆڵەتی هەناردەکردنەوە، تا ئیمتیازاتی هاوردەکردن و تەرخانکردنی زەوی، هەمو قۆرخکراو بەدەست تۆڕەکانەوەوەیە، کە نە وەڵامی خەڵک دەدەنەوە و نە لە ژێر چاودێری دامەزراوەیەکی سەربەخۆدان.

لەوەها جۆرە هەلومەرجێکدا، کارئافرێنیی ڕاستەقینە دەسڕێتەوە، و جێگەی ئەو ڕانتگەرانە دەیگرنەوە، کە نە بەرهەم دەهێنن و نە بەها دەئافرێنن، بەڵکوو تەنها بە نزیکبوون لە ناوەندەکانی دەسەڵات، سامانە نیشتمانییەکان بەتاڵان دەبەن.

گەندەڵیی ئابووری لە ئێران دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی دوورخستنەوەی خەڵکە، لە چاودێری چارەنووسی خۆی. لە هەر شوێنێک خەڵک پەراوێز بخرێت، تاڵان و جیاکاری دەبێتە یاسا.

لە ئێراندا غیابی وەڵامدانەوە و دارمانی ئەخلاقی لە سیستەمی کارگێڕیدا تۆخترین توخمی دەسەڵاتە. بۆیە هیچ کام لە دامودەزگا بەرپرسەکان، لە بانکی ناوەندییەوە هەتا وەزارەتی ئابووری، چارەنووسی ئەو میلیاردەها دۆلارەیان ڕوون نەکردۆتەوە.

ئەم بێدەنگییەش بەڕێکەوت نیە؛ نیشانەیە بۆ ئەوەی کە دەسەڵات و سامان لەیەکتردا تێکەڵ بوون. کاتێک سیاسەت و ئابووری لە خاڵێکدا کۆبکرێنەوە، دەزگای چاودێری، دەگۆڕێت بە بەرگێک بۆ گەندەڵی. دەرئەنجامەکەش ڕوونە: هەژارتربوونی خەڵک، لەنێوچوونی متمانەی گشتی و لەنێوچوونی هەستکردن بە دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا.

بێگومان هیچ وڵاتێک بەبێ دادپەروەری ئابووری ئازاد نامێنێتەوە. میللەتێک کە سامانەکەی بۆ ئیستغلالی نایاسایی لە پۆست و گەندەڵی خەرج بکرێت، سەربەخۆیی ڕاستەقینەی نیە.

هەرێمە بێبەش و پەراوێزخراوەکان بە کوردستانیشەوە، ساڵانێکە باجی ئەم نادادپەروەرییە دەدەن. چڕبوونەوەی سەرمایە لە دەستی چەند کەسێکدا، نەبوونی دەرفەتی یەکسان و پشتگوێخستنی گەشەسەندنی مرۆڤی، کۆمەڵگای لە بازنەیەکی هەژاری، کۆچ و نارەزایەتی دا هێشتووەتەوە. چڕبوونەوەی دەسەڵات دوژمنی ئازادییە، چڕبوونەوەی سەروەت و سامانیش

دوژمنی دادپەروەرییە.

ساختەکاریی ئەرزی ٥٢ میلیارد دۆلار، تەنها کارەساتێکی دارایی نییە؛ نیشانەی قەیرانێکی سیاسی و ئەخلاقی قووڵترە. خەڵک بە حەق دەپرسن: چۆنە لە وڵاتێکدا کە سەرچاوەی سروشتی و مرۆیی ئەوەندە زۆرە، زۆرینەی کۆمەڵگا لە هەژاریدا دەژین؟ وەڵامەکەی ڕوونە: کاتێک خەڵک لە مافی چاودێری و بڕیاردان لادەبردرێت، سامان تاڵان دەکرێت و دادپەروەری دەنێژرێت. کۆمەڵگایەک کە میدیای ئازاد، دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ و حزبە جەماوەرییەکانی نەبێت، مەحکومە بە دووبارەکردنەوەی ئەو کارەساتانە.

گەندەڵی دراویی ئەم دواییە، تەنها یەکێک لە نیشانەکانی قەیرانێکی قووڵترە: قەیرانێک کە تێیدا خەڵک لە مافی بەشداریکردن لە چارەنووسی خۆیان بێبەشن. تا ئەو کاتەی پێکهاتەکانی ئێستا نەگۆڕدرێن، و شەفافیەت و دادپەروەری، جێگەی نهێنی هێشتنەوە و هەڵاواردن نەگرێتەوە، سامانی نیشتمانی بەردەوام دەبێت لە بەتاڵانبران.

ڕزگاری ئابووریی ئێران، نەک لە دروشمگەلێکی پووچ و چاپکردنی پارەی زیاتردایە، بەڵکو لە گەڕانەوەی دەسەڵات بۆ خەڵک، چەسپاندنی دادپەروەری و چەسپاندنی ئازادیی ئابوری ڕاستەقینەدایە.

لەم ڕێگایە دا، هەر دەنگێک ئازادیخواز و دادپەروەر، هەر ئەندێشەیەک کە بڕوای بە کەرامەتی مرۆڤ و سەربەخۆیی خەڵک هەیە، هەنگاوێکە بەرەو سبەینێیەکی گەشاوەتر.

١٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## لێکەوتە ئابووری و ئەمنییەتییەکانی پشتیوانیی ئێران لە گرووپە نیابەتییەکانی لە ناوچە



لەم دواییانەدا هەواڵەکان دەریانخستووە کە کۆماری ئیسلامی ئێران، نزیکەی یەک ملیار دۆلاری بۆ گرووپە بەوەکالەتەکانی لە لوبنان گواستۆتەوە. ئەو سیاسەتە لێکەوتەی ئابووری و ئەمنییەتیی بەرفرەوانی لەسەر وڵاتانی ناوچەکە و ژیانی خەڵک دەبێت، و دەرخەری سەرنجی سەرچاوەکانە بۆ ئامانجەکانی کاریگەری ناوچەیی، نەک خۆشگوزەرانیی گشتی.

### یەکەم، بابەتی دارایی ملیار دۆلاری و ئامانجەکانی

پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەم ساڵانەی دواییدا دەریانخستووە، کە ڕۆڵی گرووپە بەوەکالەتەکان لە سیاسەت و ئاسایشی ناوچەکەدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرچاوتر بووە. یەکێک لە ڕوونترین دەرکەوتەکانی ئەم ڕەوتە، گواستنەوەی ملیارەها دۆلارە لە هەندێک وڵاتەوە، بۆ گرووپە چەکدارەکان و ڕێکخراوە بەوەکالەتەکان.

بەگوێرەی زانیارییەکان، کۆماری ئیسلامی ئێران نزیکەی یەک ملیار دۆلاری، بۆ گرووپێکی چەکداری لە لوبنان گواستۆتەوە. بە شێوەیەکی سەرەکی ئەو سەرچاوانە، بۆ چالاکییە سەربازییەکان، بەهێزکردنی کاریگەریی سیاسی و ناوچەیی ئەم گرووپانە خەرج دەکرێن و هەرگیز بۆ دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی و ئاسایشی خەڵکی ئەو وڵاتانەی لەئامانجدا نەبووە.

## دووهەم، لێکەوتە ئابوورییەکانی بۆ وڵاتانی ناوچەکە

دەرئەنجامە ئابوورییەکانی ئەم سیاسەتانە، بەبێ گوێدانە ئامانجە سیاسییەکان، زۆرتر کاریگەری لەسەر خەڵکی ئاسایی هەیە. لە لوبنان کە ڕووبەڕووی قەیرانێکی سەختی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆتەوە، ئەم جۆرە گواستنەوە داراییانە، دەتوانێت نایەکسانیی ئابووری گەورەتر بکات و فشار لەسەر گرووپە لاوازەکان زیاتر بکات. دابەزینی بەهای دراوی نیشتمانی، بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان و سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە خەڵک بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان، تەنیا بەشێکن لە کاریگەرییەکانی ئەم سیاسەتانە.

## سێهەم، کاریگەرییە ئەمنی و سیاسییەکان

لە ڕوانگەی ئەمنییەوە، پاڵپشتیی دارایی و چەکی بیانی بۆ گرووپە چەکدارەکان، هەڕەشە لە سەقامگیری نێوخۆی وڵاتان دەکات، توندوتیژی و گرژییە سیاسییەکانیش زیاتر دەکات. کاتێک گرووپە بەوەکالەتەکان، بە سەرچاوەی دارایی دەرەکی بەهێز دەکرێن، ئەگەری دەستوەردانی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە پێشهاتە نێوخۆییەکانی وڵاتان زیاتر دەبێت. ئەم ڕەوتە بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە مێژوویەکی پڕلە ململانێی نەتەوەیی و ئایینییان هەیە، بنەمای قەیرانی ئاڵۆز و درێژخایەن دروست دەکات.

## چوارەم، ڕێگا نافەرمییەکانی گواستنەوەی سەرچاوەکان

تەحەددایەکی تر، ڕێگا ئاڵۆز و نافەرمییەکان بۆ گواستنەوەی سەرچاوەکانە؛ لە بازرگانی کاڵا و نەوتەوە، بۆ بەکارهێنانی تۆڕی ئاڵوگۆڕی فەرمی و نافەرمیی دراو. ئەمەش شەفافیەتی ئابووری کەم دەکاتەوە، هاوکات چاودێریکردنی سووڕی دارایی قورس دەکات. لەم جۆرە بارودۆخانەدا مرۆڤی ئاسایی زۆرترین زیانی پێدەگات، چونکە قەیرانی ئابووری و کەمیی سەرچاوەکان ڕاستەوخۆ ژیانیان دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە.

## پێنجەم، کەلێنی نێوان سیاسەت و ژیانی خەڵک

یەکێک لە لێکەوتە گرنگەکانی ئەم سیاسەتانە، پێکهێنانی بۆشاییە لە نێوان ئامانجە دەسەڵاتسەپێنەکان و واقیعە ئابوورییەکانی خەڵکدا. لە لایەکەوە، ئەکتەرە ناوچەییەکان سەرنجیان لەسەر کاریگەری و کۆنترۆڵیان هەیە، لە لایەکی دیکەوە خەڵک ڕووبەڕووی دابەزینی توانای کڕین و زیادبوونی هەژاری دەبنەوە. ئەم دژایەتییە، متمانەی گشتی کەم دەکاتەوە و نارەزایی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات، ئەمەش مەترسی لەسەر سەقامگیری ڕاستەقینە دروست دەکات.



سەرچاوە
Serchawe

## شەشەم، پێویستیی گۆڕینی شێواز

ئەزموونی مێژوویی و ڕاپۆرتەکانی ئەم دواییە نیشان دەدەن، کە وەبەرهێنان لە ئاسایشی نێوخۆیی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی، زۆر کاریگەرتر و بەردەوامترە، لە خەرجکردنی سەرچاوەکان بۆ پشتگیریکردنی گرووپە بەوەکالەتەکان. داڕێژەرانی سیاسەتی ناوچەیی، دەبێت ڕێڕەوی خۆیان بەرەو بەهێزکردنی ئابووریی نێوخۆیی، شەفافیەتی دارایی و پاراستنی خەڵک ڕێنمایی بکەن. تەنیا لە ڕێگەی ڕێبازێکی لەو شێوەیە، دەتوانرێت بناغەکانی گەشەی بەردەوام، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئاسایشی ڕاستەقینە بەرهەم بهێندرێت.

## ئاکامگیری:

پشتیوانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گرووپە بەوەکالەتەکان لە ناوچەکە، تەنیا سیاسەتێکە کە ئامانج لێی نفوزی ناوچەییە، کە لێکەوتەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی دوورمەودای، بۆ وڵاتانی دراوسێ و ژیانی گەلەکەیان هەیە. گرنگیدان بە گەشە پێدانی بەردەوامی نێوخۆ و خۆشگوزەرانیی گشتی، کلیلی دروستکردنی ئاسایش و سەقامگیری ڕاستەقینەیە لە ناوچەکەدا.

٢٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

# نەتەوە بەرانبەر قەوم/خێڵ (دووپاتە خوێندنەوەی پێگەی نەتەوەی کورد لە ویژمانی ناوەندگەرادا)




ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی زانستی و جیاوازیی نێوان دوو چەمکی "قەوم" و "نەتەوە" لە چوارچێوەی گوتاری سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، و دووپاتە لێکدانەوەی پێگەی نەتەوەی کورد لەو چوارچێوە تێئۆرییە. بابەتی سەرەکی ئەوەیە، کە زۆرێک لە بزووتنەوە ناوەندگەراکان، بە تایبەت لە دەوڵەتە فرەنەتەوەکانی ناوچەکەدا، وشیارانە خۆیان لە بەکارهێنانی وشەی "نەتەوە" بۆ گەلانی بێدەوڵەت -بە نەتەوەی کوردیشەوە- بەدوور دەگرن، و تەنیا بە "قەوم" ناویان دەبەن. ئامانجی ئەم نووسینە، نیشاندانی ئەو حەقیقەتەیە کە نەتەوەبوون، پێش ئەوەی دیاردەیەکی سیاسی بێت، چەمکێکی مێژوویی و کولتووری و زمانەوانییە.

یەکێک لە پرسە بنەڕەتییەکانی گوتاری سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، جیاکردنەوەی دوو چەمکی "قەوم" و "نەتەوە"یە; جیاکارییەک کە لە ڕواڵەتدا زمانەوانییە، بەڵام لە قووڵاییدا، سروشتێکی ئایدیۆلۆژی و دەسەڵات میحوەری هەیە. زۆرێک لە بزووتنەوە ناوەندگەراکان، بە تایبەت لە دەوڵەتە فرەنەتەوەییەکانی ناوچەکە، بە ئاگادارییەوە خۆیان لە بەکارهێنانی دەستەواژەی "نەتەوە" بۆ گەلانی نادەوڵەتی «لەوانەش نەتەوەی کورد» بەدوور دەگرن و لەبری ئەوە، بە دەستەواژەی "قەوم" پێناسەیان دەکەن. ئەم جێگرەوەیە هەڵبژاردنێکی ئامانجدارە، نەک ڕێککەوتێکی زمانەوانی، بەڵکوو


سەرچاوە
Serchawe

بەشێک لە سیاسەتی گوتاریی نکۆڵی لێکردنە، بۆ هەوڵدان بە پێناسەکردنی شوناسی نەتەوەکان لە شێوەی "قەومە ملکەچەکان"دا، ئەوەشیان بۆ ئەوەی شەرعییەتی سیاسی و مێژووییان سنووردار بکات.

لە ڕوانگەی داڕێژەرانی تیئۆریی ئێتنۆگرافییەوە، چەمکی نەتەوە لە سنووره سیاسییەکانی دەوڵەت تێدەپەڕێت. Benedict Andersson بێنێدکت ئەندەرسۆن (١٩٨٣) لە کارە سەرەکییەکەیدا، نەتەوە وەک "کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی" پێناسە دەکات، کە ئەندامەکانی سەرەڕای نائاشنابوونی تاکەکەسییان، خۆیان هەست بە پەیوەندییەکی قووڵ و مێژوویی بەرانبەر یەکتر دەکەن. ئەم پەیوەندییە لەسەر بنەمای زمان، یادەوەری بەکۆمەڵ و خاکی هاوبەش فۆرم دەگرێت. بە هەمان شێوە Eric Hobsbawm ئێریک هابسباوم (١٩٨٣) لە کتێبی (داهێنانی نەریت)دا نیشان دەدات: کە نەتەوەکان دیاردەی مێژوویی و کولتوورین، کە لە پرۆسەی درێژخایەنی کۆمەڵایەتی و کولتووریدا بنیات دەنرێن و بەرهەم دەهێنرێنەوە. لەم چوارچێوەیەدا، میللەت نەک تەنیا چەمکێکی سیاسی، بەڵکوو هەروەها چەمکێکی مێژوویی و کولتوورییە.

لە لایەکی دیکەوە Anthony D. Smith ئەنتۆنی دی ئێسمیت (١٩٩١) لە تیئۆری "ئێتنۆ-سیمبۆلیزم"دا، جەخت لەسەر ڕۆڵی توخمەکانی پێش مۆدێرنیتە/سەردەمی کۆن وەک ئەفسانە، هێما و یادەوەری مێژوویی دەکاتەوە و پێی وایە، کە شوناسی نەتەوەیی لەسەر بنەمای بەردەوامیی کولتووری و مێژوویی پێکدێت. بە پێی ئەم بەرداشتە نەتەوەکان تەنیا بەرهەمی مۆدێرنیتە نین، بەڵکوو لە زۆر حاڵەتدا، ڕەگ و ڕیشەیان لە نەریتە نەتەوەیی و زمانەوانییە درێژخایەنەکاندا داکوتاوە. بە وتەی Smith، نەتەوە بریتییە لە: "بەردەوامی مێژوویی کۆمەڵگەیەکی کولتووری، کە یادەوەرییەکی بەکۆمەڵ و خاکێکی دیاریکراوی هەیە(Smith ١٩٩١) لەسەر بنەمای ئەم داڕشتنە تیئۆرییە،

**نەتەوە دەتواندرێ لەسەر بناغەی سێ ستوونی بنەڕەتی دەستنیشان بکرێ:**

١- زمانی جیاواز، وەک هەڵگری یادەوەری و بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ.
٢- مێژوو و یادەوەریی بەکۆمەڵ و هاوبەش، کە هەوێنی شوناس و بەردەوامی کولتوورین.
٣- جوگرافیای مێژوویی و ژینگەی ئێتنیکی، کە بنەمای ماددی و شارستانی نەتەوە پێکدەهێنێت.

نەتەوەی کورد بە دارابوونی لەهەر سێ پێناسەی سەرەوە، خاوەنی هەموو پێکهاتەکانی نەتەوەبوونە. زمانی کوردی لە لقە جۆراوجۆرەکانیدا (سۆرانی، کرمانجی، هەورامی، زازاکی و...) سیستەمێکی زمانەوانی سەربەخۆ و دەوڵەمەندە، کە هەڵگری میراتێکی ئەدەبی و فەرهەنگی چەند هەزار ساڵەیە. مێژووی نەتەوەی کورد لە سەردەمی مادەکانەوە، تا میرنشینەکانی ئەردەڵان، بابان، سوران، بۆتان، و... هتد، و بزووتنەوە هاوچەرخەکانی سەردەم، بەردەوامی مێژوویی ئەو نەتەوەیە

نیشان دەدات. جگە لەوەش جوگرافیای کوردستان «وەک خاکێکی مێژوویی و بەردەوام» بناغەی جوگرافی و کولتووری ئەم نەتەوەیە پێکدەهێنێت.

بەکارهێنانی دەستەواژەی "گرووپی قەومی" بۆ ئاماژەدان بە نەتەوەیەکی لەو جۆرە، و لە ڕووی سیاسییەوە هۆشیارانە و بە مەبەستە. لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، قەوم بە گرووپێک دەگوترێ، کە لە قاڵبی نەتەوەیەکی گەورەتردا دەژین، و خاوەنی زمان، مێژوو، یان خاکێکی سەربەخۆ نیە. لە بەرانبەر ئەوەدا، نەتەوە، زمان و یادەوەری مێژوویی تایبەتی خۆی هەیە. (Anderson 1983) دەرەنجام کەلکوەرگرتن لە دەستەواژەی «قەومی کورد» نەوعێک لە شێواندنێکی چەمکییە، کە خزمەت بە سیاسەتی ناوەندگەرایی و تواندنەوەی نەتەوەکانی بێدەوڵەت، لە ناو نەتەوەی سەردەست دەکات.

ئەم شێواندنە چەمکییە نموونەی ئەوەیە کە پییێر بۆردیۆ (١٩٩١) ناوی دەبات "توندوتیژی هێمادار". بۆردیۆ لەسەر ئەو بڕوایەیە، کە دەسەڵاتە باڵادەستەکان، بە سەپاندنی زمان و چەمکەکانیان بەسەر ئەوانی دیکەدا، پێکهاتەی هێژموون و زاڵبوونی خۆیان بەرهەم دەهێننەوە. کاتێک دەوڵەتە ناوەندگەراکان وشەی "قەوم" وەک جێگرەوەی "نەتەوە" دادەنێن، لە ڕاستیدا بە ڕێگەی ئەو شێوازە لە زمانەوە، خەریکی چەسپاندنی باڵادەستی سیاسی و کولتووریی خۆیانن.

لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە، نەتەوەی کورد بەر لە پێکهێنانی دەوڵەتە مۆدێرنەکان لە ناوچەکەدا، پێکهاتەی سیاسی، ڕۆشنبیری و پەروەردەیی خۆی هەبووە. میرنشینە کوردییەکانی وەک ئەردەڵان، بابان، سۆران، بۆتان و... هتد، لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا فۆرمێک لە خودموختاریی سیاسی بەهرەمەند بوون، سیستەمێکی پەروەردەیی و ئەدەبی تایبەتیان هەبوو. بەرهەمە کلاسیکییەکانی شاعیرانی کورد وەک نالی، سالم، مەولەوی تاوەگۆز، بناغەی فەرهەنگی و زمانەوانی نەتەوەی کوردیان پتەوتر کرد. جگە لەوەش، سەفەرنامەنووسانی ڕۆژاوایی سەدەی نۆزدەهەم وەک James Rich جەیمس ڕیچ (١٨٢٠) و Isabella Bird ئیزابێلا بێرد (١٨٩١) بە ڕوونی باسیان لە "نەتەوەی کورد" کردوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە چەمکی نەتەوەی کورد، لەمێژە لە گوتاری جیهانیدا دانپێدانراوە.

لەو مابەینەدا، بابەتی سەرەکی نەک لە سەلماندنی نەتەوە بوونی کوردە، بەڵکوو لە پێویستی پێداچوونەوە بە گوتاری سیاسی و زانستییە. نەتەوەبوون بابەتێکی کولتووری و مێژووییە، نەک ئیمتیازێک کە حکوومەتەکان بیبەخشن. بەردەوامیی نکۆڵیکردن لە نەتەوەی کورد، سەرچاوەی لە تێگەیشتنێکی ناتەواو لە واتەی نەتەوە و وابەستەیی ئەو بە پێکهاتەی دەوڵەتە. جیاوازیی نێوان نەتەوەبوون و هەبوونی دەوڵەت، دەبێت وەک پرەنسیپێکی شیکاری قبووڵ بکرێت؛ چونکە میللەت دەتوانێت پێش دەوڵەت، بەبێ دەوڵەت و تەنانەت دژی دەوڵەتیش بوونی هەبێت.



سەرچاوە
Serchawe

بە دەربڕینێکی تر، نەتەوەی کورد پێویستی بە ڕەزامەندی ناوەند نیە. نەتەوەی کورد، وەک گەلانی دیکەی بێدەوڵەتی جیهان، واقیعێکی مێژوویی، زمانەوانی، جوگرافی و کولتوورییە، کە نکۆڵیکردنەکەی، لەسەر بنەمای زانست نیە، بەڵکوو لەسەر خواستی هەڵوێستی سیاسییە. بیرکردنەوە لەم چەمکانە دەتوانێت ڕێگا خۆش بکات بۆ، گفتوگۆیەکی زانستیتر، یەکسانتر و مرۆڤدۆستانەتر لە نێوان گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. میللەتبوون حەقیقەتێکی مێژووییە، و هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت بە گۆڕینی وشەکان حەقیقەتی ئەو بگۆڕێت.

## سەرچاوەکان:


1-Anderson, Benedict. Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism. London: Verso, 1983.
2-Bourdieu, Pierre. Language and Symbolic Power. Cambridge: Polity Press, 1991.
3-Hobsbawm, Eric, and Ranger, Terence (eds.). The Invention of Tradition. Cambridge: Cambridge University Press, 1983.
4-Smith, Anthony D. National Identity. London: Penguin Books, 1991.


٢٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

## پیسبوونی هەوا، ئاوێنەیەک لە خراپ بەڕێوەبردنی پێکهاتەیی کۆماری ئیسلامی



لەم ڕۆژانەی کە هەناسەدان لە زۆربەی شارەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەکرداری ڕوخسارێکی مەترسیدار و هەندێک جاریش مەحاڵیان بەخۆوە گرتووە، لە زۆرێک لە شارەکانی ئێران تیمەکانی بەڕێوەبردنی فریاگوزاریی پیسبوونی هەوا، ناچار بوون قوتابخانەکانی چەند پارێزگایەک دابخەن. لە پارێزگای نێوەڕاستەوە تا تاران، لە یەزدەوە تا ورمێ و ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، تەماشای هەر کوێیەک بکەین، خەڵک لەنێو تەم، دڵەڕاوکێ و بێدەسەڵاتیدا هێڵدراونەتەوە. بڕیاری داخستنی قوتابخانەکان لە شارەکانی وەک ئەراک، ساوە، شازەند، ورمێ، بۆکان، شنۆ و...، نەک ڕێکارێکی خۆپارێزی نییە، بەڵکوو دانپێدانانێکی ڕوونە، بە دارمانی بەڕێوەبردنی ژینگە لە کۆماری ئیسلامیدا.

ئەم داخستن و هۆشدارییانە، چیتر بۆ خەڵک تازە نین؛ بەڵام ئەوەی لە پشت ئەم خولە دووبارەبووەوەیەدایە، قەیرانێکی بنەڕەتی و ڕەگداکوتاوە: لە ڕێگەی بڕیاری کاتی و رووکەشەوە، خراپ بەڕێوەبردنی پێکهاتەیی، بێبایەخکردنی مافەکانی هاووڵاتیان و هەوڵێکی بەردەوام بۆ شاردنەوەی حەقیقەتە تاڵەکانە. کێشەکە تەنیا پیسبوونی هەوا نییە؛ بەڵکووو سیستەمێکی حکومییە، کە ئیرادە و توانای کۆنترۆڵکردنی قەیرانەکەی نییە، و خۆی گەورەترین سەرچاوەی ئالودەبوونەکەیە.

## قەیرانی ئەمڕۆ: بەرهەمی دەیان ساڵەی پشتگوێخستن و بێتوانایی

لە یەکەم نیگادا، ڕەنگە تۆز و دووکەڵی هاتوچۆ، سووتەمەنیی کوالێتی نزم، یان پیشەسازییە بەسەرچووەکان، وەک هۆکاری سەرەکیی پیسبوونی هەوا ببیندرێن؛ بەڵام سەیرکردنێکی وردتر دەریدەخات، کە هیچ کام لەم هۆکارانە ناتوانرێت بە جیا لە سیاسەتی هەڵە، ناکارایی دامەزراوەیی و نەبوونی شەفافییەتی حکوومەت شی بکرێتەوە. لە وڵاتێکدا کە ساڵانێکە ژێرخانی وزەکەی باشتر نەکراوە، ستاندارده پیشەسازییەکان جێبەجێ نەکراون، قاچاخی سووتەمەنی شتێکی باوە، و پیشەسازییە پیسکەرەکان بەبێ چاودێری گەشە دەکەن، چۆن دەتوانین چاوەڕێی ئەوە بین، هەوا پاک و خاوێن بێت؟

ئەم قەیرانە دەرئەنجامی سروشتیی حکوومەتێکە، کە بۆ مانەوەی سیاسیی خۆی، بەرژەوەندیی گەل دەکاتە قوربانی. لەم جۆرە هەلومەرجەدا، هیچ هەوڵێکی بەرنامەی نیشتمانی بۆ کەمکردنەوەی پیسبوون، دیزاینکردنەوەی پێکهاتەی گواستنەوەی گشتی، ستانداردکردنی سووتەمەنی و سەرپەرشتییکردنی پیشەسازییە وێرانکەرەکان لە بەرنامەی کاردا نییە.

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارێزگاکانی ڕۆژئاوا: قوربانییانی دووهێندە

خەڵکی پارێزگاکانی ڕۆژئاوا و کوردستان، بە ڕۆژانە زیاتر لە ناوچەکانی دیکە، ڕووبەڕووی لێکەوتەکانی ئاڵودەبوون و پیسبوونی هەوا دەبنەوە. ئەم ناوچانە نەک تەنیا لە کاریگەریی قەیرانی گشتی زیانمەند بوون، بەڵکوو دووهێندە قوربانیی نادادپەروەری لە تەرخانکردنی سەرچاوەکان، گەشەنەکردنی بەئەنقەست و بێئەولەوییەتکردنی سیاسین.

ساڵانێکە پارێزگا کوردستانییەکان، لە ژێرخانی پاک، تۆڕی گواستنەوەی گشتیی کارامە و تەنانەت کەرەستەی چاودێریکردنی کوالێتیی هەوا بێبەشن. جگە لەوەش وشکبوونەوەی گۆلی ورمێ – لە ئەنجامی تێکەڵەیەک لە گۆڕانی کەشوهەوا، زیادەڕۆیی لە دروستکردنی بەنداو و سیاسەتی نازانستییە – بووەتە یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی تۆزی ژەهراوی لە ناوچەکەدا. ئەم کارەساتە ژینگەییە، تەنیا بەشێک لە دەرئەنجامەکانی سیاسەتی جیاکاری و نابەرپرسانەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە.

## پیسبوونی هەوا: هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ژیانی خەڵک

لە هەلومەرجی ئێستادا، هەموو ڕۆژێک کە پێوەرەکانی پیسبوون لە دۆخێکی ناتەندروست، یان زۆر ناتەندروستدان،

هەزاران کەس مەترسیی تووشبوونیان بە نەخۆشییەکانی دڵ، نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسە و تەنانەت شێرپەنجەیان لەسەرە. ئەم قەیرانە کاریگەریی وێرانکەری ڕاستەوخۆی، لەسەر منداڵان، بەساڵاچووان و ئەوانەی هەڵگری نەخۆشیی بنەڕەتین هەیە. داخستنی قوتابخانەکان ئامرازێک نییە بۆ پاراستن، بەڵکوو نیشانەیە بۆ بێتوانایی سیستەم، لە دابینکردنی مافێکی سەرەتاییی مرۆڤ – واتە مافی هەناسەدانە.

ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان بە جاران جەختیان لەوە کردووەتەوە، کە پیسبوونی هەوا ساڵانە دەبێتە هۆی گیانلەدەستدانی پێشوەختەی دەیان هەزار کەس لە ئێران. بەڵام بۆ حکوومەتێک کە تەنانەت لە بەرانبەر ئەو مردنانەی لە زیندانەکان، شەقامەکان و شەڕی بەوەکالەت، کە دەتوانرێت ڕێگریی لێ بکرێت وەڵامدەر نییە، مردنی بێدەنگی هاوڵاتیان بەهۆی پیسبوونی هەواش، هیچ گرنگییەکی نییە.

## سیاسەتی ئینکار: ئامرازی هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی

کۆماری ئیسلامی لەبری پلاندانانی زانستی، هەڵسەنگاندنی واقیعبینانە و بەشدارییپێکردنی شارەزایانی سەربەخۆ، هەمیشە سیاسەتی ئینکاری و خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی هەڵدەبژێرێت. لەبارەی پیسبوونی هەواوە، بەرپرسانی حکوومەتی چەندین جار هەوڵیان داوە، کە ڕێگەی کێشەکە بۆ هۆکاری دەرەکی وەک تۆز و خۆڵ لە وڵاتانی دراوسێ بگەڕێننەوە، لە کاتێکدا بەشێکی سەرەکیی قەیرانەکە بەهۆی سووتەمەنیی قورس، پیشەسازییە ژینگە پیسکەرەکانی حکوومەت، پاڵاوگەکان، کارگەکانی ئۆتۆمبێلی سەر بە حکوومەت و نەبوونی چاودێریی سەربەخۆیە.

سیاسەتی نکۆڵیکردن، بەتەنیا بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتییە، و هیچ کاریگەرییەکی لەسەر کەمکردنەوەی قەیران نییە؛ بەڵکوو دەبێتە هۆکاری ئاڵۆزتربوونی ئەو. دەرئەنجامەکەی ئەوەیە، کە ئەمڕۆ نەک بە تەنیا خەڵک، بەڵکوو نەوەکانی داهاتووش ناچارن باجی قورسی ئەم خراپ بەڕێوەبردنە بدەن.

## قەیرانێک کە لە هەواوە دەست پێ دەکات و دەخزێتە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی

پیسبوونی هەوا، بەتەنیا کێشەیەکی ژینگەیی نییە؛ پرسێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیشە. کاتێک قوتابخانەکان دادەخرێن، خێزانەکان ناچار دەبن خشتەی کارکردنیان بگۆڕن؛ منداڵان لە خوێندنی کەسی بێبەش دەکرێن؛ خەڵک ناچارن چالاکییەکانی ڕۆژانە کەم بکەنەوە؛ تێچووی پزیشکی زیاد دەکات، و فشاری دەروونی و ئابووری زیاتر بەسەر کۆمەڵگادا دەسە پێنرێت.

لە ڕاستیدا قەیرانی پیسبوونی هەوا، بەشێکە لە زنجیرە قەیرانێکی فراوانتر، کە بریتییە لە هەڵاوسان، هەژاری، بێکاری، لەنێوچوونی سامانە سروشتییەکان، بڵاوبوونەوەی کۆچ و دابەزینی کوالێتیی ژیان. وەها دۆخێک تەنیا لە حکوومەتێکدا ڕوودەدات، کە لەبری چاکسازیی پێکهاتەیی، دەسەڵات بە تێچووی لەنێوبردنی وڵات پارێزگاریی لێ دەکرێت.

## دەرەنجام: پێویستیی گۆڕانکاری، لە سەرووی بڕیارە بەپەلەکان

داخستنی قوتابخانە، هۆشداریی ژینگەیی و ئامۆژگاریی پزیشکی، هەموویان ڕێوشوێنی کاتین. ئەم قەیرانە تەنیا کاتێک کۆنترۆڵ دەکرێت، کە پێکهاتەی حوکمڕانی بگۆڕێت و ئیرادەیەکی ڕاستەقینە بۆ باشترکردنی کوالێتیی ژیانی خەڵک، شکڵ بگرێت. بەڵام لە بارودۆخی ئێستادا، لەگەڵ حکوومەتێک کە ئەولەوییەتەکانی لەسەر بنەمای سەرکوتکردن، ئایدۆلۆژیا و بەرژەوەندییە تاقمییەکان بێت، ناتوانرێت چاوەڕوانیی باشتربوونی دۆخەکە بکرێت.

**خەڵکی ئێران – و بە تایبەتی خەڵکی کوردستان – ساڵانێکە باجی ناکارامەیی و سیاسەتە چەواشەکارەکانی کۆماری ئیسلامی دەدەن. قەیرانی پیسبوونی هەوا، یەکێکە لە دیارترین نیشانەکانی ئەم ڕاستییە تاڵەیە: حکوومەتێک کە نەتوانێت هەوا بۆ گەلەکەی پاک بکاتەوە، ناتوانێت هیچ داهاتوویەکیان بۆ بنیات بنێت.**

٣ی سەرماوەزی ٢٠٢٥

## سیاسەتە شەڕخوازەکانی تاران لە دەرەوە و داڕمانی ئابووری لە نێوخۆدا



پێشهاتەکانی ئەم دواییە لە هەڵسەنگاندنی ئەمنیی ناوچە، جارێکی دیکە سەرنجی بیروڕای گشتی و دامەزراوە شیکارییەکانی، بەرەو سیاسەتی دەرەوە و ڕەفتاری ناوچەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕاکێشاوە؛ ڕەفتارێک کە لە ساڵانی ڕابردوودا، نەک هەر بارگرانییەکی قورسی خستووەتە سەر خەڵکی ئێران، بەڵکوو هاوسەنگیی ناسکی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشی خستووەتە مەترسییەوە. ڕاپۆرتێکی نوێی گۆڤاری ئیکۆنۆمیست نیشان دەدات، کە بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگەی ئەمنی و سیاسیی ئیسرائیل گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی، کە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی نوێ لە نێوان تاران و تەلئەبیب لە هەڵکشاندایە؛ هەڵسەنگاندنێک کە هەرچەندە لە ڕوانگەی ئیسرائیلەوە دەربڕدراوە، بەڵام ڕەگ و ڕیشەی لە واقیعی ڕەفتار و سیاسەتەکانی تاراندا شاراوەیە.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، شرۆڤەکارانی ئەمنیی تەلاڤیڤ پێیان وایە، کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، ڕووبەڕووی زنجیرەیەک شکستی ستراتیژی و "زەلیلی" لە گۆڕەپانی ناوچەییدا بووەتەوە، کە ڕەنگە بە هیوای بەدەستهێنانەوەی پێگە لەدەستچووەکەی، دەست بۆ هەنگاوێکی لەناکاو دژ بە ئیسرائیل بهاوێژێت. ئەگەرێکی لەو شێوەیە، لە ناخی هەمان شێوازی ڕەفتاری تارانەوە سەرهەڵدەدات، کە تێیدا سیاسەتی دەرەوە، نەک لە خزمەتی خۆشگوزەرانی، گەشەسەندن و سەقامگیریی وڵاتدا، بەڵکوو لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی ئایدیۆلۆژی و دەرەوەسنووریدا پێناسە دەکرێت؛



سەرچاوە Serchawe

پـڕۆژەیەک کە تێچوونەکـانی نەک لە ئەسـتۆی بڕیاردەرەکـانییەتی، بەڵکـوو لە ئەسـتۆی خەڵکـێکە، کە سـاڵانێکە لەگەڵ هەڵاوسان، هەژاری، بێکاری و دابەزینی بەرچاوی کوالێتیی ژیاندا ململانێ دەکەن.

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا، "ڕاز زیمت"، لێکۆڵەر لە ئینستیتیوتی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشی نیشتمانی لە تەلئەبیب، جەخـت لەوە دەکـاتەوە کە ئێـران سـەرلەنوێ پرۆسـەی چەکـدارکردنی حزبـوڵای دەسـت پـێ کـردووەتەوە. ئەمەش نەک هەر ئاماژەیە بۆ بەردەوامبوونی سیاسەتی درێژخایەنی تـاران بۆ بەهێزکردنی هێزە بریکارەکـانی، بەڵکـوو هاوکـات ئاماژەشە بـۆ ئەوەی کە ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکەی ئێران، لە هەوڵی مـانەوەی خۆیـدا، بەردەوام بەدوای "قـووڵایی سـتراتیژی"دا دەگەڕێت لە دەرەوەی سنوورەکانی؛ قـووڵاییییەک، کە خەڵکی نـاوچەکە لە لوبنـانەوە تـا عێـراق، سووریە و بێگومـان خەڵکی ئێـرانیش، باجەکەیان بە شەڕ و ناسەقامگیری و داڕمانی ئابووری داوە.

جگە لەوەش، سوپای ئیسرائیل هۆشداریی داوە، لە ئەگەری ئەوەی کە تـاران گـروپە بریکارەکـانی لە عێـراق، بـۆ هەڵـدانی مووشەک بەرەو ئیسرائیل چـالاک بکـات، مۆدێلێک کە سـاڵانێکە لەگەڵ حزبـوڵای لوبنـان تـاقی کـراوەتەوە، ئێسـتا نەخشە و شێوازی دووبـارەبوونەوەی، بە ڕوونی دیـارە. تەنـانەت ئەگەر هەڵسـەنگاندنەکانی تەلئەبیب بە وریـاییەوەش شی بکرێنەوە، حەقـیقەت ئەوەیە، کە هەر لە سـەرەتای دامەزرانـدنییەوە پێکهـاتەی سیاسـەتی دەرەوەی کۆمـاری ئیسلامی، لەسـەر هەمـان لۆژیکی "ئامادەبوونی بریکارانە" دامەزراوە؛ لۆژیکێک کە لە مـاوەی چـوار دەیەی ڕابـردوودا، نەک تەنیـا ئاسایشی نـاوچەکەی تێک داوە، بەڵکوو بووەتە هۆی زیادبوونی گۆشەگیریی نێودەوڵەتی و گوشاری ئابووریی توند لەسەر خەڵکی ئێران.

زۆرێک لە شرۆڤەکارانی سەربەخۆیش پێیان وایە کە لە هەلومەرجی ئێستادا، کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرەورووی قەیرانێکی جیـدیی بێهێزیـی سـەربازی بـووەتەوە؛ قەیرانێـک کە دەرئەنجـامی سـاڵانێک خەرجکردنـی سـەرچاوەکانی وڵاتە لە شـەڕی بریکـارانە و سیاسـەتی پڕتێچووی ناوچەییـدا. هەرچەنـدە هەنـدێک لە هەڵسـەنگاندنەکان دەریـدەخەن کە سـەرنجی گرنگـی بڕیاردەرانی ئەمڕۆ "پاراستنی مانەوە"یە، تەنانەت لەم چوارچێوەیەشدا، ئەگەری کـردەوەی تۆڵەسـەندنەوە لە لایەن کۆمـاری ئیسلامییەوە، وەک ئەگەرێکی بەهێز هەڵدەسەنگێنرێت. جیاوازیی سەرەکی، تەنیا لەسەر کـاتی کردارێکی لەو جۆرەیە، نەک جەوهەرەکەی. ئەم دۆخە ئەوە نیشـان دەدات، کە پێکهـاتەی بڕیـاردان لە تـاران، نەک هەر بە شێوەیەکی پێویست سوود لە لۆژیکی ڕێگریکردن یان حیساباتی ستراتیژی وەرناگرێت، بەڵکوو لە چوارچێوەی نەریت و ڕێبازێکی سۆزدارانە، ئایدیۆلۆژی و پڕتێچوودا دەجووڵێتەوە.

لە وەهـا هەلـومەرجێکدا، کـۆمەڵگەی ئێران بەرەوڕووی گوشـاری ئـابووریی بێـوێنە دەبێتەوە. هەڵاوسـانی بەربڵاو، دابەزینـی خۆشگوزەرانیی گشـتی، داڕمـانی دراوی نیشـتمانی و بڵاوبـوونەوەی هەژاریـی پێکهـاتەیی، خەڵکی خسـتووەتە نـاو قەیرانێکـی

قووڵەوە. لە بەرامبەردا سیاسەتی دەرەکی و ناوچەیی کۆماری ئیسلامی، بەردەوامە لەسەر "بووژاندنەوەی تۆڕە بریکارەکان" و "بەردەوامیدان بە کردەوە شەڕانگێزییەکان"؛ وەک ئەوەی کە سەرچاوەکانی وڵات نەک بۆ گەشەپێدانی نێوخۆیی، بەڵکوو بۆ پاراستنی بلۆکە چەکدارەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی پێناسە کرابن.

ئەم ناتەباییە ڕواڵەتییە لە نێوان پێداویستییە ڕاستەقینەکانی خەڵک و کارە لەپێشینەکانی دەسەڵات، یەکێکە لە ڕەگ و ڕیشە بنەڕەتییەکانی قەیرانی ئێستای ئێران. لە کاتێکدا خەڵکی نێوخۆ بەدوای ئاسایشی ئابووری، ئازادییە مەدەنییەکان و سەقامگیریی کۆمەڵایەتیدا دەگەڕێن، ئامێری سیاسەتی دەرەوەی وڵات، بەرەو سەرکێشیی سەربازیی زیاتر دەڕوات، ڕێگایەک کە نەک هەر هیچ کام لە کێشە نێوخۆییەکانی وڵات چارەسەر ناکات، بەڵکوو وڵات دەخاتە بەردەم مەترسیی زیاتر و ئەگەری پێشبینینەکراو.

لە کۆتاییدا، ڕاپۆرتی ئیکۆنۆمیست جارێکی دیکە وێنەیەکی ڕوون لە دژایەتییە بنەڕەتییەکانی سیاسەتەکانی تاران دەخاتە ڕوو. حکوومەتێک کە لە نێوخۆدا ڕووبەڕووی قەیرانی شەرعییەت، نادڕەزایەتیی کۆمەڵایەتی و فشاری ئابوورییە، لەبری چاکسازیی پێکهاتەیی و وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی جەماوەر، هەروا بەردەوامە لە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی پڕتێچوو و بێئەنجامی دەرەکی. ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە، نەک هەر خەڵکی ئێرانی لە گەیشتن بە سەقامگیری و خۆشگوزەرانی بێبەش کردووە، بەڵکوو وڵاتی گەیاندووەتە ئاستێک کە هەر پریشکێک دەتوانێت، گرژییە ناوچەییەکان بلێسەدارتر بکات.

ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر، پێویستە داهاتووی وڵات لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی ڕاستەقینەی خەڵک، ڕێزگرتن لە ویستی نەتەوەکان و دوورکەوتنەوە لە شەڕی بریکارانە پێناسە بکرێت؛ ڕێگایەک کە بتوانێت ئێران لە بازنە داخراوەکەی قەیرانە یەک لەدوای یەکەکانی ڕزگار بکات و ڕێگە بۆ ئاشتی، سەقامگیری و گەشەسەندنی بەردەوام خۆش بکات.

١٠ی سەرماوەزی ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی "سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان"




کتێبی "سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان" نوێترین بەرهەمی زانستیی هێژا دوکتور قادر وریایە، کە لە ساڵی ٢٠٢٥لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان (تیشک) لە ئەڵمانیا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەم کتێبە بە یەکێک لە گشتگیرترین لێکۆڵینەوەکان دادەنرێت، کە لەسەر سیاسەتی زمان لە ئێران و بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجام دراوە. زۆر هێژا دوکتور قادر وریا، بە ڕوانگەیەکی زانستی و ڕەخنەگرانە، هەوڵی داوە لە ژێر ڕۆشنایی تیئۆرییە نوێیەکانی سیاسەتی زماندا، پەروەردەی زمانی دایکی وەک مافێکی بنەڕەتی ئینسانی و پەروەردەیی بپشکنێت.

نووسەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا نیشان دەدات، کە چۆن پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی و ئایدئۆلۆژی لە ئێراندا، کە بە هۆی فۆکوسی زمانەوانی، چۆن پەروەردەی گۆڕیوە بۆ ئامرازێکی هێژموونی کولتووری. بە کەلکوەرگرتن لە تێئۆریی "هێژموونیی زمانەوانی" (فیلیپسۆن، ١٩٩٢) و دیدگاکانی "داد‌پەروەری زمانەوانی" (سکوتناب-کانگاس، ٢٠٠٠) ڕوونی دەکاتەوە، کە قۆرخکاریی زمانی فارسی لە سیستەمی پەروەردەیی ئێراندا، تەنیا پرسێکی پەروەردەیی نیە، بەڵکوو دیاردەیەکی سیاسی و ئایدئۆلۆژیشە، کە بە میکانیزمی سازوکارەکانی دەستەڵات بەستراوتەوە. لە ڕوانگەی نووسەرەوە، سیاسەتی تاک زمانی،

نەک هەر بووەتە هۆی نایەکسانی پەروەردەیی، بەڵکوو وردە وردە ناسنامەی کولتووری نەتەوە غەیرە فارسەکانیشی لاواز کردوە (وریا، ٢٠٢٥: ٥-٧).

پێکهاتەی کتێبەکە لە شەش بەشدا ڕێک خراوە. بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆ بناغە تیئۆرییەکان، کە لە چەمکەکانی وەک زمان، شوناس، دەسەڵات و ئایدئۆلۆژیا لە پێوەندی لەگەڵ پەروەردەدا دەکۆڵێتەوە. نووسەر لە بەشی دووەمدا شیکاری بۆ زمان، دەوڵەت و نەتەوە دەکات، و لە ڕوانگەی مێژوویشەوە، بەدوواداچوون بۆ پرۆسەی پێکهاتنی سیاسەتی زمانەوانی، لە سەردەمی قاجارەوە تا ئێستای ئێران دەکات. لە بەشی سێهەمدا ڕەخنە لە سیاسەتە فەرمییەکان و گوتارە کولتوورییەکانی حکوومەتی ناوەندی سەبارەت بە زمانی فارسی، میحوەری سەرەکی باسەکەیە؛ نووسەر بە شیکاری بۆ بەرهەمەکانی توێژەرانی ئێرانی نیشان دەدات، کە زمانی فارسی چۆن لە گوتاری فەرمیدا وەک زمانێکی نەتەوەیی و ئایینی، پێگەیەکی باڵای بەدەست هێناوە، و زمانەکانی دیکەش پەراوێز خراون.

لە بەشی چوارەم و پێنجەمدا هێژا دوکتور قادر وریا ئەنجامی توێژینەوە مەیدانییەکەی، لە نێوان مامۆستایان، زمانزانان و ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەخاتە ڕوو. داتاکانی کۆکراوە لە دەیان کەس لە وڵامدەرەوەکان (لە شارە جیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە باکووری ڕۆژهەڵات تا ئەوپەڕی باشووری ڕۆژهەڵات) ئەوە نیشان دەدەن کە زۆرینەی بەشداربووان، پەروەردەی زمانی دایکی بە مەرجێکی بنەڕەتی بۆ پێشکەوتنی ئەکادیمی و پاراستنی شوناسی کولتووری دەبینن. بە گوتەی نووسەر، ئەم ئامارانە، بەڵگەن لەسەر بەئاگاهاتنەوەی زمانەوانیی کۆمەڵگەی کورد لە ئێران، و داواکاری گشتی بۆ چاکسازی لە پێکهاتەی پەروەردەیی وڵات.

لە بەشی کۆتاییدا نووسەر، کۆمەڵێک پێشنیاری پراکتیکی بۆ پلاندانانی زمان لە سیستەمی پەروەردەی ئێراندا دەخاتە ڕوو. لەوانە: پەرەپێدانی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ پەروەردەی زمانی دایک، ڕاهێنانی مامۆستایانی دوو زمان، بەرهەمهێنانی سەرچاوەی پەروەردەیی کوردی، هەروەها هێنانە ناوەوەی پرەنسیپی هەمەجۆریی زمانەوانی لە سیاسەتی پەروەردەی نیشتمانیدا. ئەم پێشنیارانە لەسەر بنەمای مۆدێلەکانی یۆنیسکۆ (یۆنیسکۆ، ٢٠١٩) سەبارەت بە پەروەردەی فرە زمانی و مافە زمانییەکانی کەمینەکان دامەزراوە، کە لە ڕووی زانستییەوە دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت و دەتوانرێت بپێورێت. لە ڕووی میتۆدۆلۆژییەوە، لێکۆڵینەوەکە لەسەر بنەمای ڕێبازێکی چۆنایەتی و شیکاریی بابەتی دارێژراوە. نووسەر بە وردبینییەکی بێهاوتای گێڕانەوە لە ئەزموونی زمانەوانیی، چالاکانی پەروەردەیی لە کوردستاندا تاوتوێ کردوە، هاوکات لە ڕێگەی شیکاریی وتووێژەوە، وێنەیەکی زیندوو لە پەیوەندی زمان و دەسەڵات لە سیستەمی پەروەردەی ئێراندا بەرجەستە کردوە. ئەم پێکەوەگرتنی داتای مەیدانی و چوارچێوەی تیئۆری، لایەنێکی زانستی و لە هەمان کاتدا مرۆیی بە کتێبەکە بەخشیوە؛ ڕێکارێک کە ئەو لە زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکانی تەنیا تیئۆریک جیای دەکاتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

لە ڕوانگەی مرۆیی و کولتوورییەوە، کار و توێژینەوەی زۆر بەڕێز دوکتور قادر وریا، لە سەروی توێژینەوە ئەکادیمییەکانە؛ بەڵگەنامەی بەرخۆدانی زمانەوانی و کولتووری نەتەوەیەکە، کە دەیان ساڵە ڕووبەڕووی سیاسەتی ئینکاری و ئاسمیلەکردن بووەتەوە. بە زمانێکی زانستی بەڵام زیندوو، باس لە مافی سروشتی هەر منداڵێک دەکات بۆ فێربوون بە زمانی دایک، و نیشان دەدات، کە پەروەردەی زمانی دایک هەڕەشە نیە بۆ سەر یەکیەتیی نیشتیمانی، بەڵکوو بناغەیە بۆ دادپەروەری پەروەردەیی و گەشەسەندنی بەردەوام. بە وتەی نووسەر، "قبوولکردنی فرەچەشنی زمانەوانی، هەنگاوی یەکەمە بەرەو ئاشتەوایی نیشتیمانی و پێکەوەژیانی کولتووری لە ئێراندا" (هەمان سەرچاوە: ٣٨٤).

بەگشتی "سیاسەتی زمان و پلاندانان بۆ پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان"، دەکرێت بە یەکێک لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی لێکۆڵینەوە، لە سیاسەتی زمان لە ئێراندا هەژمار بکرێت. ئەم توژێنەوەیە وێڕای ئاشکراکردنی کەموکۆڕییەکانی پێکهاتەی پەروەردەیی ئێستا، تێڕوانینێک لەسەر بنەمای دادپەروەری زمانەوانی، هەروەها ڕێزگرتن لە فرەچەشنی کولتووری پێشکەش دەکات. خوێندنەوەی ئەو بۆ توێژەرانی زماناسی کۆمەڵایەتی، پسپۆڕانی پەروەردە، و هەموو ئەوانەی ئارەزووی کولتوور و زمانی کوردی دەکەن، جەوهەرییە.

لە کۆتاییدا هەست بە ئەرک دەکەم، کە سپاس و پێزانینی خۆم پێشکەش بە هەوڵە ماندوو نەناسەکانی زۆر هێژا دوکتور قادر وریا، بیرمەندێک کە توانیویەتی پەیوەندییەکی قووڵ لە نێوان زانست و پابەندبوونی کۆمەڵایەتیدا دابمەزرێنێت بکەم. کارەکانی تەنیا لە خزمەتی مەعریفەدا نیە، بەڵکوو لە خزمەتی کەرامەتی مرۆڤایەتی و پاراستنی میراتی زمانەوانی گەلاندایە. هیوادارم ئەم کتێبە ببێتە ئیلهامبەخشی وتووێژی نوێ لە نێوان ئەکادیمیستەکان و داڕێژەرانی سیاسەت، سەبارەت بە داهاتووی پەروەردەی فرە زمانی لە ئێراندا.

١٩ی سەرماوەزی ٢٠٢٥

## بنبەستی داماڵینی چەک لە حیزبوڵڵا؛ لوبنان لە دیلیی ستراتیژیی بەوەکالەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا




پرسی چەکداماڵینی حیزبوڵڵای لوبنان، جارێکی دیکە بووەتە یەکێک لە سەرەکیترین قەیرانە سیاسی و ئەمنییەتییەکانی ئەو وڵاتە؛ قەیرانێک کە نەک تەنیا داهاتووی سەقامگیریی لوبنان، بەڵکوو خودی چەمکی سەروەریی نیشتمانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا، ڕووبەڕووی تەحەدا دەکاتەوە.

لێدوانەکانی ئەم دواییەی سکرتێری گشتیی حیزبوڵڵا، کە بە توندی هەر جۆرە چەکداماڵینێکی ڕەت کردەوە، تەنانەت لە بەرانبەر کۆدەنگییەکی جیهانیشدا، ئەوەی خستەڕوو کە گرووپەکە خۆی نەک وەک بەشێک لە پێکهاتەی دەوڵەتی لوبنان، بەڵکوو لە دەرەوەی ئەو پێکهاتەیەدا پێناسە دەکات و دەبینێتەوە. هەڵوێستێکی لەم جۆرە زیاتر لە هەموو شتێک، سروشتی ڕاستەقینەی حیزبوڵڵا ئاشکرا دەکات: هێزێکی بەوەکالەت کە بڕیارە ستراتیژییەکانی، نەک لە بەیروت، بەڵکوو لە چوارچێوەی سیاسەتە ناوچەییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا وەردەگیرێن. لە ڕوانگەی سیاسی و یاساییەوە، سنووردارکردنی هەبوونی چەک بەتەنیا بەدەست دەوڵەتەوە، یەکێکە لە بناغە بنەڕەتییەکانی هەر دەوڵەتێکی سەربەخۆ. لە کاتێکدا لە وڵاتێک گرووپێکی چەکدار لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دامەزراوە فەرمییەکاندا، دەسەڵاتی شەڕ و ئاشتیی بەدەستەوە بێت، چیتر دەسەڵاتی ئەو وڵاتە ناتوانێت ئیدیعای سەروەری بکات.

لوبنان ساڵانێکە لەگەڵ ئەم دژایەتییەدا ژیاوە، باجی ئەو دژایەتییەشی، بە لاوازکرانی دامەزراوەکانی دەوڵەت، دارمانی ئابووری، کۆچی بەربڵاو و دارمانی قووڵی متمانەی گشتیدا بژاردووە. حیزبوڵڵا، بەبێ پشتیوانیی هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، نە ئەو توانا سەربازییەی ئەمڕۆی و نە ئەو پێگە سیاسییەی ئەمڕۆی دەبوو. تاران لە ماوەی چەندین دەیەدا، بە خەرجکردنی سەرچاوەی دارایی زەبەلاح، گواستنەوەی چەکی پێشکەوتوو، مەشقپێکردنی هێزەکانی و پێشکەشکردنی پشتیوانیی هەواڵگری، ئەو گرووپەی وەک یەکێک لە قۆڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی خۆی جێگیر کردوە. لەم چوارچێوەیەدا حیزبوڵڵا نەک ئەکتەرێکی سەربەخۆی لوبنانی نیە، بەڵکوو بازنەیەکە لە تۆڕێکی هێزی بەوەکالەتی نێودەوڵەتی، کە ئەرکی سەرەکیی، فراوانکردنی کاریگەریی کۆماری ئیسلامی و پاراستنی هێڵی کاریگەرییە لە هاوکێشە ناوچەییەکاندا. ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، لەسەر بنەمای ناسەقامگیرکردنی سیستماتیکی دەوڵەتە نەتەوەییەکان دامەزراوە. لە عێراق و سوریاوە تا یەمەن و لوبنان، نەخشێکی هاوشێوە دووپاتە بووەتەوە: لاوازکردنی سپای فەرمی، هاوتەریبکردنی پێکهاتە ئەمنییەکان و جێگۆڕکێی ئەوان لەگەڵ ئەو هێزانەی کە نەک دڵسۆزییان بۆ نەتەوەکان، بەڵکوو بۆ ناوەندی ئایدیۆلۆژیی دەسەڵات لە تارانە.

حیزبوڵڵای لوبنان کۆنترین و ڕێکخراوترین نموونەی ئەم ستراتیژییەیە؛ ستراتیژییەک کە گەلی لوبنان تێچووی مرۆیی، ئابووری و سیاسیی بۆ بژاردوە. پێداگریی سەرکردەکانی حیزبوڵڵا لەسەر پاراستن و ڕادەستنەکردنی چەکەکانیان، تەنانەت بە تێچووی گۆشەگیریی تەواوەتیی لوبنان، نیشانی دەدات کە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی وڵاتەکە، لە پێشەنگی بڕیاردانی ئەو گرووپەدا نین. ئەمڕۆ بە ئابوورییەکی دارماو، سیستەمی بانکیی لێکترازاو و کۆمەڵگەیەکی بێزار لە قەیرانەکان، لوبنان لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە سەقامگیری و ئاوەدانکردنەوە هەیە. بەڵام بەردەوامیی بوونی هێزی بەوەکالەت، لوبنان لە لێواری ململانێی ناوچەییدا دەهێڵێتەوە و هەر ئاسۆیەکی وەبەرهێنان، یارمەتیی نێودەوڵەتی و ئاوەدانکردنەوەش ناڕوون دەکات. لەم جۆرە هەلومەرجەدا، هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی لوبنان بۆ پشتیوانیکردن لە چەکداماڵینی گرووپە چەکدارەکان، نیشانەیەکی گرنگە لە هۆشیاریی پەرەسەندوو لەبارەی مەترسییەکانی دۆخی ئێستایە. پەسەندکردنی هێڵکارییە گشتییەکانی پلانی داماڵینی چەک لەلایەن حکوومەتی لوبنانەوە، هەرچەندە ڕووبەڕووی ئاستەنگی جیددی بووەتەوە، بەڵام نوێنەرایەتیی هەوڵێک دەکات بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و کۆتاییهێنان بە پێگەی دووانەیی «دەوڵەت - پارادەوڵەت». هەروەها ئەم هەوڵانە لەگەڵ خواستی زۆرینەی کۆمەڵگەی لوبناندا هاوتایە، کۆمەڵگەیەک کە بەڕاستی تێدەگات کە ئاسایشی بەردەوام، بەتەنیا لەژێر سایەی سپای نیشتمانی و دامەزراوە بەرپرسیار و وڵامدەرەکاندا مومکینە. ئیدیعای ئامادەییی حیزبوڵڵا بۆ "هاوکاریی بەرگری" لەگەڵ سپای لوبناندا، ئەویش لە کاتێکدا هەر میکانیزمێکی پابەندکەری یاسایی ڕەتدەکاتەوە، نەک نیشانەی نەرمینواندن، بەڵکوو زیاتر تاکتیکێکە بۆ پاراستنی دۆخی ئێستای. ئەزموونی ئەو وڵاتانەی لە هەلومەرجی هاوشێوەدا ئاڵاون، دەریخستووە کە پێکەوەبوونی چەکی دەوڵەت و بەوەکالەت، نەک هەر لەبار نیە بۆ ئاسایش، بەڵکوو زەمینەیە بۆ ململانێ نێوخۆییەکان و دارمانی وردەوردەی دامودەزگاکانی



سەرچاوە
Serchawe

حوکمڕانیشە. ڕۆڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم هاوکێشەیەدا، یەکلاکەرەوە و وێرانکەرە.

تاران لەبری ئەوەی وەبەرهێنان لە گەشەپێدان و خۆشگوزەرانیی گەلەکەی و ناوچەکەدا بکات، بەشێکی گەورەی لە سەرچاوە داراییی، سەربازی و مرۆییەکانی، لە ڕێگەی هێزی بەوەکالەت لە ئاژاوەدا خەرج کردوە. حیزبوڵڵای لوبنان لەگەڵ دیکە گرووپە وابەستەکاندا، ئامرازێک بووە بۆ پێشخستنی ئەم سیاسەتە؛ سیاسەتێک کە بۆ زیادبوونی گرژیی تایفی، ناسەقامگیریی درێژخایەن و دواکەوتوویی ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هۆکار و ڕێگەخۆشکەر بووە. لەبەرچی چەکداماڵینی حیزبوڵڵا، بۆ ئێمەی کورد جێگای سەرنج و گرنگییە؟ بۆ ئێمەی کورد، پرسی حیزبوڵڵای لوبنان تەنیا ناکۆکییەکی سیاسیی وڵاتێکی دیکە نیە. حیزبوڵڵا بەشێکە لە هەمان میکانیزمی سیاسەتی بەوەکالەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە دەیان ساڵە دژی بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی کورد بەکار هێنراوە. هەمان ئەو لۆژیکەی کە ئەمڕۆ لوبنانی بە بارمتە گرتووە، پێشتر لە دژی سەرکردە سیاسییەکان و چالاکانی کورد، لەنێوخۆ و دەرەوەی ئێران بەکار هێنراوە: لۆژیکی لەناوبردنی فیزیکیی نەیاران لە ڕێگەی تیرۆری دەوڵەتی و بەوەکالەتەوە.

مێژووی هاوچەرخی کورد بە ڕوونی نیشان دەدات، کە کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتکردنی نەیارەکانی، هەرگیز پابەند نەبووە بە سنوورە جوگرافییەکانییەوە. لە دەیەی یەکەمی دوای دامەزراندنی ئەم ڕێژیمەوە، سەرکردە و کادرە سیاسییەکانی کورد، لە وڵاتانی جۆراوجۆری ئەورووپیدا بوونەتە ئامانجی ئۆپەراسیۆنە تیرۆریستییە ڕێکخراوەکان؛ ئەو ئۆپەراسیۆنانەی کە نەک سەربەخۆ و خۆڕسک، بەڵکوو بە پشتبەستن بە بڕیارەکانی بەرزترین ئاستەکانی دەسەڵات لە تاراندا داڕێژراون و جێبەجێ کراون. لەو چوارچێوەیەشدا تۆڕ و هێزەکانی گرێدراو بە کۆماری ئیسلامی، لەوانەش حیزبوڵڵا لە لوبنان، ڕۆڵی سەرەکیی جێبەجێکاری ئەم سیاسەتەیان بینیوە. میکۆنووس: پەیوەندیی مێژووی تیرۆر و خوێنی حیزبوڵڵا و چارەنووسی کورد تیرۆر و کۆمەڵکوژیی ڕێستۆرانتی میکۆنووس لە بەرلین لە ساڵی ١٩٩٢دا، یەکتربڕینێکی ڕوونی سیاسەتی بەوەکالەتی کۆماری ئیسلامییە دژ بە مێژووی خەباتی کورد. لە تاوانی میکۆنۆسدا، شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ هاوکارەکانی، لە دڵی ئەورووپادا تیرۆر کران. دادگای ئەڵمانیا لە حوکمێکی مێژوویی و بێ وێنەدا، ئەو تیرۆرەی بە کردەوەیەکی دەوڵەتی ناساند، کە بە فەرمانی ڕاستەوخۆی بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامی ئەنجام درابوو. ئەو حوکمە دەریخست کە سیاسەتی تیرۆر، بەشێکی دانەبڕاو لە ستراتیژیی کۆماری ئیسلامییە، کە هێزگەلی بەوەکالەت و هاوتەریب لەگەڵ تاران، لە جێبەجێکردنیدا ڕۆڵی سەرەکییان هەیە.

بۆ ئێمەی کورد، میکۆنووس تەنیا دۆسیەیەکی یاسایی، یان ڕووداوێکی مێژوویی نیە؛ هێمای ئەو واقیعە تاڵەیە کە هەمان ئەو سیاسەتەی کە ئەمڕۆ ڕێگری لە چەکداماڵینی حیزبوڵڵا دەکات، دوێنێ بە فیشەک وڵامی هەر دیالۆگێکی سیاسی و چارەسەری دێموکراتیکی پرسی کوردی دایەوە. چەکێک کە لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەت و یاسا شەرعییەت دەدۆزێتەوە،

بە بەردەوامیش یەکەمین قوربانییەکانی، هێزە دێموکراتیکەکان و نەتەوە بێدەوڵەتەکان دەبن. لەو ڕووەوە، داوای داماڵینی چەک لە حیزبوڵڵای لوبنان، بۆ ئێمەی کورد بەتەنیا پشتیوانییەک نیە بۆ سەروەریی لوبنان، بەڵکوو هاوکات لە بەرانبەر لۆژیکی چەک، تیرۆر و سیاسەتی بەوەکالەت، بەرگرییەکی بەبنەمایە لە لۆژیکی دەوڵەت، یاسا و سیاسەتی مەدەنی. چارەنووسی حیزبوڵڵا تاقیکردنەوەیەکە زۆر واوەتر و لە سەرووی چوارچێوەی سنووری لوبنانەوە؛ تاقیکردنەوەیەک کە ئەنجامەکانی، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر داهاتووی خەباتی دێموکراتیکی نەتەوەی کورد و دیکە نەتەوە ستەملێکراوەکانی ناوچەکە دەبێت.

لە کۆتاییدا ئەوەی ئەمڕۆ لوبنان لەگەڵی ڕووبەڕوویە، بەسادەیی و بەتەنیا قەیرانی چەکداماڵینی گرووپێکی چەکدار نیە، بەڵکوو هێمای دیاری شکستی مۆدێلی "سیاسەتی بەوەکالەت"ی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەکەدایە. لایەنێک کە چەکی خۆی لە سەرووی ئیرادەی نەتەوە و حکوومەتی لوبنان دەبینێت، بەکردەوە ئەو وڵاتەی بە بارمتە گرتووە و پەلکێشی هێڵی پێشەوەی پرۆژەیەکی کردوە، کە هیچ پەیوەندییەکی لەتەک بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی لوبناندا نیە. چەکداماڵینی حیزبوڵڵای لوبنان داواکارییەکی سەپێنراو لە دەرەوەڕا نیە، بەڵکوو پێویستییەکی نەتەوەیی و مێژووییە بۆ ڕزگارکردنی لوبنان و لە هەمان کاتدا وانەیەکی یەکلاکەرەوەیە بۆ هەموو ناوچەکەش. لوبنان ناتوانێت لە یەک کاتدا هەم دەوڵەت و هەم مەیدانی شەڕی بەوەکالەت بێت. تا چەکی بەوەکالەت شەرعییەتی هەبێت، نە لوبنان سەقامگیری دەبینێت و نە نەتەوەکانی وەک کورد لە بازنەی سڕینەوە، تیرۆر و چەوساندنەوە ڕزگاریان دەبێت.

١ی بەفرانباری ٢٧٢٥

## یەکگرتوویی کورد، زەمانەتێک بۆ داهاتوو



بەیاننامە هاوبەشەکەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، لەنێو گێژاوی ئەو هەموو هەواڵە دڵتەزێن و ناخۆشانەی لە ئێلام، کرماشان و لوڕستانەوە، هەواڵێکی دڵخۆشکەر و هیوابەخش بوو بۆ ئەم ساتەوەختە ناسکە، کە ئاڵوگۆڕەکانی بەیانی سەختن بۆ پێشبینی و پێوان. ئەم نووسینەش هەر لەو پەیوەندییەدایە و تیشک دەخاتە سەر گرنگیی یەکدەنگیی نێوماڵی ئێمەی کورد.
یەکگرتوویی کورد: مەرجە بۆ بوون بە یاریزانێکی چارەنووسساز، لە پێشهات و ئاڵوگۆڕەکانی ئێراندا

لە ساتەوەختە گرنگەکانی مێژوودا، نەتەوەکان لەگەڵ تاقیکردنەوەگەلێک ڕووبەڕوو دەبنەوە، کە چارەنووسی بەکۆمەڵیان بۆ ساڵانێک و تەنانەت دەیان ساڵ دیاری دەکرێت. ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، لە وەها وەرچەرخانێکی مێژووییدایە؛ خاڵی وەرچەرخانێک کە تێیدا، بەرپرسیارانەترین، پیرۆزترین و ژیرانەترین هەنگاو، بەدیهێنانی هاوئاهەنگی و تەبایی نێوماڵی کوردە.

ئەزموونی مێژوویی کورد لە ئێران و ناوچەکەدا، بە ڕوونی ئەوە دەخاتە ڕوو کە هەرکاتێک دابەشبوونە نێوخۆییەکان، بەسەر لۆژیک و عەقڵانییەتی بەکۆمەڵدا زاڵ بوون، هێزە دەرەکییەکان – چ لەسەر ئاستی حکوومەتی ناوەندی بێت، یان لەسەر ئاستی ئەکتەرە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان – توانیویانە چارەنووسی کورد، بەبێ لەبەرچاوگرتنی کورد دیاری

بکەن. لەبەرامبەر ئەوەشدا، هەرکاتێک جۆرێک لە کۆدەنگی و هەماهەنگی لەنێوان هێزە کوردییەکان دروست بووبێت، سەنگی سیاسیی کورد زیادی کردووە و کوردی گۆڕیوە بۆ فاکتەرێکی دیاریکەر لە هاوکێشەکاندا.

ئێرانی ئەمڕۆ، لە دۆخێکی ناسەقامگیری و گۆڕانی خێرادایە. قەیرانە پێکهاتەیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، ئەگەری گۆڕانێکی بنەڕەتییان کردووەتە ئەگەرێکی واقعی. لەم جۆرە هەلومەرجەدا پرسیاری سەرەکی ئەوە نییە، کە ئایا گۆڕانکاری ڕوودەدات یان نا، بەڵکوو پرسیارەکە ئەوەیە، کە کورد بە چ توانایەک دەچێتە نێو ئەم پێشهاتانەوە: وەک ئەکتەرێکی یەکگرتوو و ئاگادار و خاوەن ئیرادە، یان وەک گرووپێکی پەرشوبڵاو، کە کەسانی دیکە بڕیاریان لەسەر چارەنووسی دەدەن.

لۆژیکی عەقڵانی و ئەزموونی سیاسی وا حوکم دەکات، کە لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەک لە ئێران، یەکگرتوویی و یەکڕیزیی حیزبە کوردستانییەکان، گرنگترین سەرمایەی سیاسیی کورد دەبێت. یەکڕیزییەکی لەو شێوەیە، نەک هەر لە ئاستی نێوخۆدا هێزی گوتاری کورد زیاد و بەهێز دەکات، بەڵکوو هەموو ئەکتەرە دەرەکییەکانیش ناچار دەکات، تا دان بە واقیعی کوردیدا بنێن و خۆیان لەگەڵ ئەو واقیعەدا بگونجێنن.

ئەو یەکدەنگییە خوازراوە، بە واتای نکۆڵیکردن لە فرەیی، سڕینەوەی جیاوازییەکان یان یەکسانکردنی بیروبۆچوونەکان نییە. کۆمەڵگەی کوردی وەک هەر کۆمەڵگەیەکی زیندوو و دینامیک، هەمەچەشن و فرەدەنگە، بەڵام جیاوازییەکان کاتێک مەترسیدار دەبن، کە چوارچێوەیەکی هاوبەش و ئامانجێکی بەکۆمەڵ بوونی نەبێت. ئەوەی ئەمڕۆ پێویستە، بەدەستهێنانی لانیکەمی کۆدەنگیی نەتەوەیی کوردییە، لە دەوری داخوازە بنەڕەتییەکانی وەک مافی نەتەوەیی، دادپەروەریی سیاسی، کەرامەتی مرۆڤ، و بەشداریی یەکسان لە دیاریکردنی داهاتوودا.

لە نەبوونی وەها کۆدەنگییەکدا، مەترسی ئەوە دێتە ئاراوە، کە جارێکی دیکە پێشهات و ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو، بەبێ ڕەچاوکردنی ئیرادە و خواستی کورد ئاراستە بکرێن، وەک ئەوەی لە ڕابردوودا، لە زۆر وەرچەرخانی مێژووییدا ڕوویداوە و مێژووش شاهیدی بۆ دەدات. مێژووی هاوچەرخی ئێران پڕە لەو نموونانەی، کە کورد یان پشتگوێ خراوە، یان تەنیا وەک ئامرازێکی کاتی لە هاوکێشەکانی هێزدا بینراوە و دواتر کەمڕەنگ کراوەتەوە..

لەبەرامبەردا، یەکگرتوویی کورد، دەتوانێت ئەم هاوکێشەیە بگۆڕێت. یەکگرتوویی هێزە سیاسی، مەدەنی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی کورد، پەیامێکی ڕوون بۆ ناوەوە و دەرەوە دەنێرێت: کوردستان هێزێکی پێگەیشتوو، هۆشیار و ڕێکخراوە؛ هێزێک کە نە دەتوانرێت پشتگوێ بخرێت، نە دەتوانرێت بەبێ بەشدارییکردنی بڕیاری لەسەر بدرێت.



سەرچاوە
Serchawe

جگە لەوەش، یەکگرتوویی نێومالّی کوردی، بۆ پەیوەندیی تەندروست و یەکسان، لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە و هێزە دێموکراتییەکان لە ئێراندا، مەرجێکی پێویستە. بەبێ یەکگرتوویی نێوخۆیی، هەر هاوپەیمانییەکی سەرتاسەری هەستیار و ناسەقامگیر دەبێت. کورد تەنیا کاتێک دەتوانێت هاوبەشی ڕاستەقینە لە بنیاتنانی ئایندەیەکی دیموکراتیک بۆ ئێران بێت، ئەگەر سەرەتا مالّی خۆی لەسەر بنەمای متمانە، دیالۆگ و کۆدەنگی ڕێکخستبێت.

لە کۆتاییدا پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە، کە ئەم ساتەوەختە ناسک و مێژووییە، ساتەوەختی دوودڵی و دابەشبوون نییە. داهاتوو لە چاوەڕوانیی هێزی پەرشوبڵاو نامێنێتەوە. یەکگرتوویی و یەکدەنگیی کورد، دروشمێکی سۆزداری نییە، بەڵکوو پێویستییەکی عەقڵانی، ئەخلاقی و مێژووییە؛ پێویستییەک کە ئەگەر ئەمڕۆ وەڵامی نەدرێتەوە، بەیانی ڕەنگە باجێکی زۆری بۆ بژێردرێت.

١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٥

## نەتەوەی کورد زیندووە، دەرکەوتنی هۆشیاریی بەکۆمەڵ و ئیرادەی پتەو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



لەگەڵ ئەوپەڕی سوپاس و پێزانین بۆ هەموو لایەنەکان، چالاکانی مەدەنی، ڕۆشنبیران و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە «ناوەندی دیالۆگ بۆ هاوکاری»، دەبێت دان بەوەدا بنرێت کە ئەوەی لە وەڵامی بانگەوازی ئەم دامەزراوەیە هاتە ئارا، تەنیا کاردانەوەیەکی ساتەوەختی یان سۆزداری نەبوو، بەڵکوو دەرکەوتنی هۆشیاریی مێژوویی، پێگەیشتنی سیاسی و هەستێکی قووڵی بەرپرسیارێتیی ئەو خەڵکە بوو کە بە دەیان ساڵە بەرخۆدان دەکات و قوربانی دەدات. پێشوازیی هۆشمەندانە و وەڵامی شایستەی خەڵکی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەریخست کە کۆمەڵگەی کوردی، سەرەڕای هەموو گوشار، سنووردارکردن و هەڕەشەکان، خاوەنی هێزێکی ناوەکی و ئیرادەیەکی بەکۆمەڵە کە ناتوانرێت پشتگوێ و پەراوێز بخرێت.

ئەم ئامادەبوونە و ئەم وەڵامە هەڵگری ئەو پەیامە ڕوونە بوو: خەڵکی کوردستان جەماوەرێکی پاسیڤ نین، بەڵکوو ئەکتەری هۆشیارن کە جیاوازی لە نێوان ورووژاندنی زووتێپەڕ و بەرپرسیارێتیی مێژووییدا دەکەن. ئەوان جارێکی دیکە سەلماندوویانە کە لە ساتەوەختە گرنگەکاندا، عەقڵانییەتی بەکۆمەڵیان پێ باشترە لە کاردانەوەی بەپەلە و سەرمایەی کۆمەڵایەتیی خۆیان بە تێڕوانینێک بۆ داهاتوو دەپارێزن. ئەم جۆرە ڕەفتارانە دەرئەنجامی ساڵانێک ئەزموون و وانەی

مێژووییە؛ ئەزموونگەلێک کە خەڵکیان فێر کردووە کە هەموو جووڵەیەک و هەموو هەڵبژاردنێک، دەرئەنجامی درێژخایەنی بۆ چارەنووسی بەکۆمەڵ هەیە.

ئەم ڕەفتارەی کۆمەڵگەی کوردستان بەتایبەت لە ژینگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی پڕ لە فشار و نائەمنیدا، پێویستی بە بوێرییەکی لەو دیوی بوێریی تاکەکەسی هەیە؛ ئەم بوێرییە، ڕەگ و ڕیشەی لە هەستی وابەستەبوونێکی قووڵ بە «ئێمە»یەکی مێژووییدا هەیە. ئەو کەسانەی بەم شێوەیە لە هەمبەر زوڵم و بێدادیدا ڕادەوەستن، نەک بە تەنیا بەرگری لە خۆیان دەکەن، بەڵکوو یادەوەری، ناسنامە و داهاتووی نەوەکانیان دەپارێزن. بەم واتایە کردەی بەکۆمەڵی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەرخۆدانێکی مەدەنیی هۆشیارانەیە؛ بەرخۆدانێک کە نەک لەسەر بنەمای نکۆڵیکردنی ئەویتر، بەڵکوو لەسەر سەلماندنی خۆ جێی گرتووە و دامەزراوە.

ئەوەی ئەم ڕووداوە دوو هێندە گرنگ دەکات، ڕۆڵی دامەزراوەگەلێکی وەک ناوەندی دیالۆگی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، کە هەوڵیان داوە زمانی وتووێژ، حیکمەتی بەکۆمەڵ و بەرپرسیارێتیی هاوبەش بکەن بە جێگرەوەی لۆژیکی سڕینەوە، توندوتیژی و جەمسەربەندییەکان. ئەم جۆرە هەوڵانە، لە ژینگەی کۆمەڵگەیەک کە ساڵانێکە لە هەلی گفتوگۆی ئازاد و بەدامەزراوەیی بێبەش بووە، بەها و بایەخی دوو هێندەی هەیە. ئەم دامەزراوانە، بە پشتبەستن بە متمانەی گشتی و سەرمایەی شۆڕشگێڕیی خۆیان، توانیویانە پردێک لە نێوان هۆشیاریی نوخبە و خواستی جەماوەر پێک بهێنن؛ پردێک کە بەبێ پشتیوانی و پێگەیشتنی خەڵک هەرگیز بە پتەوی نامێنێتەوە.

وەڵامی خەڵک، لە ڕاستیدا وەڵامێک بوو بۆ ئەم متمانەیە؛ وەڵامێک کە دەریخست کۆمەڵگە بڕوای بە گفتوگۆ، هاودەنگی و کردەی هاوبەش هەیە. ئەمەش وێنەیەکی جیاواز لەو تێڕوانینە کۆنەپەرستانەیە دەخاتە ڕوو کە ساڵانێکە هەوڵی ئەوە دەدەن نەتەوەی کورد یان وەک قوربانییەکی بێدەنگ یان تەنیا یاریکەرێکی کاردانەوەیی نیشان بدەن. بەڵام واقیعەکە ئەوەیە کە نەتەوەی کورد، وەک چۆن ئەمجارەشیان ئاشکرا بوو، زیندووە؛ زیندوو نەک تەنیا بە مانای بایۆلۆژی، بەڵکوو بە مانای خاوەنداریێتی لە ئیرادەیەکی پیرۆز، هۆشیار و چەسپاو.

ئەم ئیرادە پیرۆزە، بەرهەمی ئازارە کەڵەکەبووەکان، خەباتی بەردەوام و ئومێدێکە کە هەرگیز نەکوژاوەتەوە. ئیرادەیەکی لەو شێوەیە بە فشارە ئەمنییەکان، شێواندنی میدیایی، یان پشتگوێخستنی سیاسی لەنێو ناچێت؛ چونکە ڕەگ و ڕیشەی لە خەڵکدا هەیە و لە دڵی ئەزموونە ژیاوەکان هێز وەردەگرێت.

لە کۆتاییدا مرۆڤ دەبێت بە خۆنەویستییەوە، لە بەرامبەر ئەم ئاستە لە هۆشیاری و بەرپرسیارێتی کڕنۆش بەرێت. ئەوەی

ڕوویدا کۆتایی ڕێگاکە نەبوو، بەڵکوو وەبیرهێنەرەوەی ئەگەرێک بوو: ئەگەری بنیاتنانی داهاتوویەک لەسەر بنەمای دیالۆگ، هاودەنگی و کەرامەتی مرۆڤایەتی. ئەگەر ئەم سەرمایە کۆمەڵایەتییە بپارێزرێت، ئەگەر دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکانی ڕۆشنبیریش بتوانن لە تەنیشت خەڵک و لەگەڵ خەڵکدا بوەستن، مرۆڤ دەتوانێت هیوای ئەوە بخوازێت کە ئەم ئیرادە چەسپاوە ڕێگای نوێ بۆ بەدیهێنانی ماف، ئازادی و دادپەروەری لە کوردستاندا بکاتەوە.

١٩ی بەفرانباری ٢٧٢٥

## شەڕی خامنەیی؛ لە وەهمی سەرکوتەوە بۆ داڕمانی دەسەڵات



ڕاگەیاندنی شەڕی کردەیی و ئاشکرای عەلی خامنەیی و دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی دژی گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران، نەک نیشانەی هێز نییە، بەڵکوو گەواهیدەری نائومێدی، ترس و هەرەسی حکوومەتێکە کە دەیان ساڵە بە زەبری هێز، سەرکوت و درۆ، چارەنووسی نەتەوەکانی بە بارمتە گرتووە. کاتێک سیستمێکی سیاسی لەبری وەڵامدانەوەی داخوازییە ڕەواکانی هاووڵاتییانی، زمانی فیشەک، زیندان و سێدارە هەڵدەبژێرێت، لە ڕاستیدا دان بەوەدا دەنێت کە هیچ ئاسۆیەکی سیاسی، ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی بۆ مانەوەی نەماوە و نییە.

ئەم بزووتنەوەیە تەنیا کاردانەوەیەکی کاتی نییە، بەڵکوو قۆناغێکی پێشکەوتووتر و درێژەی ئەو خەباتە مێژوویییەی گەلانی ئێرانە، کە لە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"دا وەرچەرخانێکی جەوهەریی بەخۆیەوە بینی. ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین، ڕەوتێکی گەشەسەندووی تووڕەیی، هۆشیاری و خۆڕاگرییە؛ بەرخۆدانێک کە ڕەگێکی قووڵی لەنێو مێژوو و کۆمەڵگەدا هەیە و ئێستا وەک ئیرادەیەکی یەکگرتوو، دژی تەواوی دەزگای سەرکوت وەستاوەتەوە.

کوردستان بەردەوام یەکێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی خەبات بۆ ئازادی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافە نەتەوەییەکان بووە. حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای جیاوازیی تاکتیکی و تەشکیلاتییان، بنەمایەکی هاوبەشیان

هەیە: دژایەتییەکی پتەوی دیکتاتۆرییەتی ئایینی، بەرگریکردن لە مافی چارەی خۆنووسین و باوەڕبوون بە پێکەوەژیانی دێموکراتیکی نەتەوەکان لە چوارچێوەیەکی ئازاد و یەکساندا. لەم ڕوانگەیەوە، سەرکوتکردنی خوێناویی نارەزایەتییەکان لە کوردستان، لەسێدارەدانی چالاکانی سیاسی و میلیتاریزەکردنی شارەکان، تەنیا ڕێوشوێنێکی ئەمنی نین، بەڵکوو بەشێک لە شەڕی سیستماتیکی ڕێژیمن دژی بوونی سیاسی و ناسنامەیی نەتەوەی کورد.

خامنەیی و نیزامی "ویلایەتی فەقیهـ" بەباشی لەوە ئاگادارن کە کوردستان تەنیا ناوچەیەکی جوگرافی نییە، بەڵکوو قەڵایەکی سیاسی-فەرهەنگییە کە دەتوانێت ببێتە ئیلهامبەخش بۆ نەتەوە و چینە چەوساوەکانی دیکە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش، چڕیی توندوتیژیی دەوڵەتی لەم هەرێمەدا هەمیشە لە سەرووی تێکڕای ئێرانەوە بووە. بەڵام ئەزموونی مێژوویی نیشانی داوە کە ئەم سیاسەتە نەک هەر بەرخۆدانی بێدەنگ نەکردووە، بەڵکوو شەرعییەتی خەباتی بەهێزتر کردووە.

ئەمڕۆ ئەم ڕەوتە شۆڕشگێڕییە، پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی لە نێوان خەباتی چین و توێژە جیاوازەکان و نەتەوە چەوساوەکاندا -لە کورد و بەلووچەوە تا عەرەب و تورک- دروست کردووە. ئەم ڕاپەڕینە، گێڕانەوەی فەرمیی ڕێژیمی لەبارەی "ئاسایش" و "یەکگرتوویی" پووچەڵ کردەوە و بەڕوونی نیشانی دا کە هیچ یەکێتییەکی بەردەوام بەبێ ئازادی، کەرامەتی مرۆڤ و دادپەروەری سەر ناگرێت. ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت، ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵگەیەکی وەزاڵەهاتوو و هۆشیارە لە دژی تەواوی بناغە ئایدۆلۆژی و سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی.

حیزبە کوردستانییەکان چەندین جار جەختیان کردووەتەوە کە ڕێگای چارەسەری قەیرانی ئێستا، نە لە چاکسازیی نمایشی و نە لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ستەمکاری لە قاڵبێکی دیکەدا، بەڵکوو تەنیا لە گواستنەوەی ڕاستەقینە بۆ سیستمێکی دێموکراتیک، سێکۆلار و فیدراڵ دایە، کە تێیدا مافی نەتەوەیی، زمانی و کولتووریی هەموو نەتەوەکان دانی پێدا نرابێت. ئەم دیدە تەواو پێچەوانەی پرۆژەی ناوەندگەرایانە، ئەمنیەتی و شیعەسەنتەری کۆماری ئیسلامییە.

ڕاگەیاندنی شەڕی خامنەیی دژی جەماوەر، دوا هەوڵی ڕێژیمێکی ڕزیوە بۆ پاراستنی دۆخی ئێستا. بەڵام مێژوو نیشانی داوە کە هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت لە بەرامبەر ئیرادەی هۆشیارانەی گەلان بوەستێتەوە. هەر فیشەکێک کە دەتەقێندرێت و هەر گیانێک کە دەستێندرێت، تۆوی هۆشیاری و خۆڕاگریی زیاتر لە کۆمەڵگەدا دەچێنێت.

لەم کاتە مێژووییەدا، یەکگرتوویی و دروستکردنی هاوپەیمانییەکی پتەو لە نێوان هێزە دیموکراتیکەکاندا، نەک هەر پێویستییەکە، بەڵکوو تاکە زامنی سەرکەوتنە. یەکگرتوویی و هاودەنگیی هەموو پێکهاتە و نەتەوەکان لە دژی ستەمکاری، ئەو هێزە بێوێنەیەیە کە دەتوانێت کۆتایی بە تەمەنی دیکتاتۆرییەت بهێنێت. ئایندەی ئێران لە درێژەی ستەمکاری لە

قالبێکی دیکەدا نییە، بەڵکوو لە یەکدەنگییەکدا چەکەرە دەکات کە بنەماکەی لەسەر ئازادی، یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بۆ هەمووان بونیات نرابێت.

**٢١ی بەفرانباری ٢٧٢٥**

## کۆمەڵکوژیی خۆپیشاندەران و قەیرانی بەدیل؛ پێویستیی گوتارێکی بەرپرسیارانە لە ئێراندا



کۆمەڵکوژیی خۆپیشاندەران لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە ئێران، ناتوانرێت بەتەنیا لە چوارچێوەی "سەرکوتکردنی ئەمنی" یان "کۆنترۆڵکردنی نائارامییەکان" شیکاری بۆ بکرێت. ئەوەی ڕوویداوە، نموونەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لە پێشێلکردنی بەربڵاو و سیستەماتیکی مافەکانی مرۆڤ، کە لەسەر ئاستی یاساییش، هاوتا و گونجاوە لەگەڵ چەمکی "تاوان دژی مرۆڤایەتی". کەڵک وەرگرتن لە توندوتیژی بەرامبەر بە هاووڵاتییانی ناڕازی، جارێکی دیکە ئەوەی نیشاندا کە حوکمڕانیی سیاسی لە ئێراندا، نەک هەر توانای چاکسازیی نێوخۆیی نییە، بەڵکوو لە ڕووی پێکهاتەوە بۆ مانەوەی خۆی پشتی بە سەرکوتکردنی فیزیکیی جەماوەر بەستووەتەوە.

بەرپرسیارێتیی ڕاستەوخۆی ئەم کۆمەڵکوژییە (کە بەپێی داتاکانی ڕاگەیاندنی خودی کۆماری ئیسلامی، تاوەکوو ئێستا هەزاران کەس لە خەڵکی ناڕازی و لەژێر ناو و تەعبیری بێبنەمادا کۆمەڵکوژ کراون) لە ئەستۆی پێکهاتەی دەسەڵاتدایە، کە ناڕەزایەتیی مەدەنی وەک هەڕەشەیەک لەسەر مانەوەی خۆی سەیر دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، بەتەنیا سەرنج خستنەسەر بەرپرسیارێتیی دەسەڵات، وێنەیەکی تەواوکەر لە قەیرانی ئێستا ناخاتە بەردەست. ئەم ڕووداوانە هاوکات قەیرانێکی قووڵتر لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا، خوازیاران و ڕکابەرانی سەرکردایەتیی سیاسی لە ناوەند دەخەنەڕوو؛ قەیرانێک کە لە نەبوونی لێپرسینەوە، هەڵپەرستیی سیاسی و بێتوانایی لە پێشکەشکردنی بەدیلێکی پێکهاتەیی، خۆی دەنوێنێ.

ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییە، بەتایبەتی دەریانخستووە کە بەشێکی زۆر لە ئارەزوومەندانی کورسیی دەسەڵات، زیاتر لەوەی بەدوای نوێنەرایەتیی بەرپرسانەی داخوازە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە بن، بەدوای دروستکردنی ڕەمزیی خۆیان لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکاندا، ئەویش بەبێ ئەوەی تێچووی مرۆیی و سیاسیی ئەو کردەوانە قەبووڵ بکەن و بەشی خۆیان وەئەستۆ بگرن. لەم نێوەندەدا، هەڵوێست و کردارەکانی ڕەزا پەهلەوی، (بۆ نموونە لەگەڵ کەناڵی ئینگلیزیزمانی CBS News کە دەڵێت: "من بە خەڵکم نەوتووە بێنە سەر شەقام") نموونەیەکی بەرچاوی ئەم شێوازە لە سیاسەتی نابەرپرسانەی خەونبینەری دەسەڵاتی پاشایەتییە. بانگەشەی نوێنەرایەتیکردنی "دەنگی گەل" لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، لەپاڵ ڕەتکردنەوەی هەر ڕۆڵێک لە بانگەوازکردن یان هاندانی خەڵک بۆ هاتنە سەر شەقام، کەلێنێکی ڕوون لە نێوان قسەکردن و بەرپرسیارێتیی سیاسیدا پێکدەهێنێت. ئەم کەلێنە، نە پرسێکی شەخسییە، بەڵکوو نیشانەی قەیرانی هەیکەلی و پێکهاتەییە لە سیاسەتی ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرادا.

## تێزی بانگەشەکەرانی سەرکردایەتیی سیاسیی ناوەندگەرا

تێزی زاڵ لەنێو بانگەشەکەرانی سەرکردایەتیی سیاسیی ناوەندگەرادا، لەسەر ئەو گریمانەیە داڕێژراوە، کە کێشەی ئێران لە بنەڕەتدا قەیرانی بەڕێوەبردنی سیاسییە، نەک پێکهاتەی دەسەڵات. بەپێی ئەم بۆچوونە، گۆڕانی سیاسی لە جێگۆڕکێی نوخبەکان لە ناوەنددا و چەمکەکانی وەک چڕبوونەوەی دەسەڵات کورت دەبێتەوە؛ هاوکات نکۆڵیکردن لە مافی بەکۆمەڵ، جیاکاریی ناوچەیی و پرسی نەتەوەیی، دەخرێنە پەراوێزەوە. ئەم تێزە، چ لە شێوەی گوتاری پاشایەتیدا بێت، یان لە فۆرمەکانی تری ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرادا، خۆی لە گرنگیدان بە پرسیارە بنەڕەتییەکانی پەیوەست بە دابەشکردنی دەسەڵات و بەشداریی یەکسانی نەتەوەکان لە پێکهاتەی داهاتوودا دەدزێتەوە.

ناوەندگەرایی سیاسی، تەنانەت کاتێک لە بەرگی ئۆپۆزیسیۆنیشدا دەردەکەوێت، درێژەپێدەری هەمان لۆژیکە کە لە چوار دەیەی ڕابردوودا، بۆ نەهێشتنی سیستەماتیکی ناوچە پەراوێزخراوەکان و سەرکوتی فرەچەشنیی نەتەوەیی پەیڕەو کراوە. لەم چوارچێوەیەدا، کۆمەڵگە نەک وەک بابەتی سیاسیی خاوەن مافە بەکۆمەڵەکان، بەڵکوو وەک جەماوەرێکی کۆکراوە لە ساتە قەیرانییەکاندا، لێکدانەوەی بۆ کراوە. دەرئەنجامی ئەم جۆرە بەرداشتە، سیاسەتێکە کە خەڵک تێچووەکەی دەبژێرن، بەڵام بڕیاردان و لێپرسینەوە لە ئاستێکی ئەبستراکت و بێ لێپرسینەوەدا دەمێنێتەوە. ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییە، بە ڕوونی بێکاریگەریی ئەم تێزەی دەرخستووە. بانگەشەکەرانی ڕێبەریی ناوەندگەرا، لە بەرەورووبوونەوەی توندوتیژیی ئاشکرادا، نە توانای پێشکەشکردنی ستراتیژییان هەبووە، نە ئامادەی قەبووڵکردنی بەرپرسیارێتیی سیاسی بوون. ئەم دۆخە زیاتر لە هەموو شتێک، بۆشایی سیاسەتێکی هەیکەل-میحوەر و لامەرکەزی بەرجەستە دەکات.

## جیاکردنەوەی سیاسەتی بەرپرسیارانە: ئەزموونی حیزبە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە بەرامبەر ئەم نەخشە باڵادەستەدا، بڕیار و کردەی حیزبە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جیاوازییەکی مانادار هەیە. ئەم هێزانە، بە پێچەوانەی زۆرێک لە ڕکابەرەکانی ڕێبەرایەتی، خۆیان لە هاندانی بەجۆشهێنەرانە و بانگەوازی بێ پشتیوانیی کردەیی بەدوور گرتووە، و جەختیان لەسەر بنەماکانی وەک پاراستنی ژیانی خەڵک، هۆشیاریی سیاسی و بەردەوامی بە خەبات لە چوارچێوەیەکی بەرپرسیارانەدا کردووەتەوە. ئەم ڕێبازە، نەک خۆپاراستن و موحافیزەکارییە، بەڵکوو بەرهەمی ئەزموونی مێژوویی و تێگەیشتنێکی قووڵە لە تێچووی کردەوەی سیاسیی نارێکخراو.

گرنگیی ئەم جیاوازییە، بەتەنیا لە ئاستی تاکتیکیدا نییە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی دوو تێگەیشتنی جیاوازە لە سیاسەت: سیاسەت وەک شانۆ و وەبەرهێنانی ڕەمزی بۆ خود، لە بەرامبەر سیاسەت وەک بەرپرسیارێتیی بەکۆمەڵ و پرۆسەی درێژخایەن. ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییە دەریانخستووە کە ئەم ڕێبازەی دوایی، لە کاتی قەیرانەکاندا توانای پشوودرێژانە و بەردەوامتری هەیە.

### ساتەوەختی ئەگەر و لۆژیکی ئامادەیی سیاسی

گۆڕانکارییە بنەڕەتییە سیاسییەکان، بە دەگمەن لە خشتەی پێشوەختە ڕاگەیەندراودا ڕوودەدەن. گۆڕانکارییە گەورەکان، بەرهەمی کەڵەکەبوونی ڕووداوەکان و گۆڕانی هاوسەنگیی هێزن. کۆمەڵکوژیی ئەم دواییە و ڕاپەڕینی جەماوەری، نیشانەی بەهێزتربوونی ئەگەری گۆڕانی سیاسی لە ئێرانن. لە ڕوانگەی شیکارییەوە، گریمانەی گۆڕانکاری نەک لەسەر بنەمای دڵنیایی، بەڵکوو لەسەر بنەمای تەتەڵەی ئەگەرەکان دەکرێت؛ ڕووداوەکانی ئەم دواییەش ئەم ئەگەرەیان، بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد کردووە.

لە وەها هەلومەرجێکدا، سیاسەتی بەرپرسیارانە لەسەر بنەمای ئامادەکارییە، نەک چاوەڕوانی. دواخستنی بڕیاردان و هیوا بەستن بە ئایندەیەکی نادیار، خۆی کارێکی نەرێنییە، کە دەتوانێت دەرفەتە مێژووییەکان لەناو ببات. ئایندە نەک لە سبەینێدا، بەڵکوو لە بڕیارەکانی ئەمڕۆدا بنیات دەنرێت.

### پێویستیی بەرەوپێشبردنی یەکگرتن: لە گفتوگۆوە بۆ بەرەی یەکگرتوو

بەم پێیە، ئەوەی کە دەبێت لە بەرنامەی دەستبەجێی کاری حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا جێگیر و

بەرجەستە بکرێت، پێناسەکردنەوەی ئاست و فۆرمی یەکگرتوویی سیاسییە. هەرچەندە "ناوەندی دیالۆگی حیزبەکانی کوردستانی ئێران" چوارچێوەیەکی گرنگ بووە بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا و هەماهەنگی، بەڵام هەلومەرجی ئێستا وا دەخوازێت، کە ئەم میکانیزمە بەرەو ئاستی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرز بکرێتەوە.

بەرەیەکی لەم شێوەیە بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی کارا و بەرپرسیارانەیە، لە ئەگەری هەر سیناریۆیەکی چاوەڕوانکراودا، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. لە ئەگەری نەبوونی یەکگرتوویی دامەزراوەیی، مەترسی ئەوە هەیە کە پێشهاتە خێراکان ببنە هۆی ناسەقامگیری، یان دووبارە سڕانەوەی داواکارییە نیشتمانییەکان. بەرەیەکی یەکگرتوو، دەتوانێت گەرەنتیی بەشداریی ڕێکخراوانەی نەتەوەی کورد بێت، لە پرۆسەی گۆڕان و داکۆکیکردن لە مافە بەکۆمەڵەکانی لە قەوارەی داهاتوودا.

## کۆتا پەیڤ

کۆمەڵکوژیی ناڕازییان، هەم تواوانی پێکهاتەیی ڕێژیم، هەم بێتوانایی سیاسەتی ناوەندگەرای لە دابینکردنی ئەڵتەرناتیڤێکی بەرپرسیارانە ئاشکرا کردەوە. ئایندەی ئێران، پێویستی بە تێپەڕین لە مۆدێلە ناوەندگەراکان، هەروەها قووڵبوونەوە لە بیرکردنەوەیەکی بنەڕەتی لە چەمک و تێگەیشتنی سەرکردایەتیی سیاسیدا هەیە. لەم پەیوەندییەدا، ئەزموون و ڕێبازی حیزبە کوردستانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوە نیشان دەدات کە سیاسەتی بەرپرسیارانە - کە لەسەر بنەمای ئامادەکاری، یەکگرتوویی و دوورکەوتنەوە لە تەنها پێشبینیکردن دارێژراوە - دەتوانێت ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە بەڕێوەبردنی قۆناغی گۆڕاندا بگێڕێت.

**٢٩ی بەفرانباری ٢٧٢٥**

## ئایین لە خزمەت سڕینەوەدا (لە خومەینی و سەدامەوە تا ئەردۆغان و جۆلانی)



لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، زۆرجار توندوتیژی دژ بە کورد بە زمانی سیاسەت، ئاسایش یان یەکپارچەیی خاک پاساوی بۆ هێنراوەتەوە. بەڵام لە پشت ئەم گوتارانەدا، شێوازێکی قووڵتر و کەمتر ئاشکرا هەیە: بەکارهێنانی سیستماتیکی ئایین بۆ ڕەواییدان بە سڕینەوە و سەرکوت. ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ لێکدانەوەی بەردەوامیی ئەم شێوازە، لە خومەینی و سەدامەوە تا ئەردۆغان و جۆلانی (ئەبوو محەمەد ئەلجۆلانی).

توندوتیژی دژ بە کۆمەڵگەی کوردی ناتوانرێت تەنیا بۆ ململانێی کاتی یان جیاوازییە سیاسییەکان کورت بکرێتەوە. یەکێک لە بنەڕەتە سەرەکییەکانی ئەم توندوتیژییە، پەیوەندیی پێکهاتەیی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و دووبارە لێکدانەوەی ئایین وەک ئامرازە؛ پەیوەندییەک کە سڕینەوەی «ئەوی تر» لە قاڵبی زمانی پیرۆزدا، کردارێکی سروشتی و تەنانەت پێویست نیشان دەدات. لەم چوارچێوەیەدا، ئایین لە کایەی ئیمانی تاکەکەسی دوور دەخرێتەوە و دەگۆڕێت بۆ ئامرازێکی سیمبۆلیک لە خزمەت دەسەڵاتدا.

لەم پرۆسەیەدا، دەقە ئایینییەکان نەک وەک سەرچاوەی ئەخلاقی، بەڵکوو وەک میکانیزمی ڕەواییدان بە دەسەڵات بەکار دەهێنرێن. هەڵبژاردنی بەئەنقەستی ناو و چەمکە قورئانییەکان بۆ وەسفکردنی کردە سیاسی و سەربازییەکان، توندوتیژی

لە ئاستی بڕیاری مرۆڤییەوە بۆ ئاستی ئەرکی ئیلاهی بەرز دەکاتەوە و لە هەمان کاتدا سنووری ڕەخنەی ئەخلاقی و یاسایی بەتەواوی سنووردار دەکات.

لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، گەڕانەوەی بەردەوام بۆ چەمکەکانی وەک «نوسرەتی ئیلاهی» و بەتایبەتی مانای سوورەی «النصر»، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ڕێژیمەکەوە، ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پیرۆزکردنی سەرکوتی سیاسیدا. لەم گوتارەدا، سەرکەوتنی سیاسی وەک دەرکەوتنی ئیرادەی خودایی نیشان درا و هەر جۆرە دژایەتییەک، وەک وەستانەوە لە دژی «خودا» لێکدرایەوە. دیارترین نموونەی ئەم کەڵکاژۆوەرگرتنە لە ئایین، دەرکردنی فەرمانی «جیهاد» بوو لەلایەن خومەینییەوە لە دژی نەتەوەی کورد؛ فەرمانێک کە توندوتیژیی دەوڵەتی لە یاساوە گواستەوە بۆ ئەرکێکی ئایینی و بووە پاساوێک بۆ قەڵاچۆکردن و سەرکوتی خوێناویی کوردستان. ئەم لۆژیکە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردیدا، دەرئەنجامی کارەساتبار و وێرانکەری لێکەوتەوە.

لە عێراقی بەعسدا، ئەم پەیوەندییەی نێوان ئایین و توندوتیژی، بە شێوەیەکی ئاشکراتر و کارەساتبارتر نوێ کرایەوە. ناونانی هەڵمەتە سەربازییە بەرفراوانەکان لە ساڵانی ١٩٨٦ تا ١٩٨٨ دژ بە کورد بە ناوی سوورەی «ئەنفال» هەڵبژاردنێکی ڕێکەوت نەبوو. چەمکەکانی ئەم سوورەیە، وەک غەنیمەت و دوژمن، یارمەتیی ڕێژیمی سەدام حوسێنی دا بۆ ڕەواییدان بە لەنێوبردنی گوندەکان، زیندەچاڵکردنی بەکۆمەڵ و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژ بە نەتەوەی کورد؛ پرۆسەیەک کە بووە یەکێک لە دیارترین نموونەکانی ژینۆسایدی کورد لە سەدەی بیستەمدا.

لە تورکیەی هاوچەرخدا، هەرچەند پێکهاتەی سیاسی جیاوازە، بەڵام لۆژیکێکی هاوشێوە بەکار هێنرا. لە کاتی داگیرکردنی عەفرین لە ساڵی ٢٠١٨دا، بەکارهێنانی ئاشکرای سوورەی «الفتح» لەلایەن ڕەجەب تەیب ئەردۆغانەوە، نموونەیەکی ڕوونی تێکەڵبوونی ئیسلامی سیاسی، ناسیۆنالیزم و پرۆژەی سەربازی بوو. لەم گوتارەدا، داگیرکاری نەک وەک دەستدرێژی، بەڵکوو وەک «فەتح» نیشان درا و توندوتیژی دژ بە هاووڵاتیانی مەدەنیی کورد ئاسایی و ڕەوا کرا.

ئەوەی ئەم نەخشەیە لە ئاستی مێژووییەوە بۆ ئاستی پێکهاتەیی بەرز دەکاتەوە، بەردەوامبوونیەتی لە فۆرمە نوێیەکاندا. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە سووریە، دووبارە بەکارهێنانی سوورەی «ئەنفال»، ئەمجارە لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی جۆلانی (تەحریر ئەلشام) دژ بە کورد، ئەوە دەردەخات کە ئەم ئیلاهیاتی سڕینەوەیە، بە تێپەڕبوون لە سنوورە نەتەوەییەکان و جیاوازییە فکرییەکان، لە نێوان ڕژێمەکاندا وەک خۆی ماوەتەوە.

لە ڕوانگەی تیۆری دروستکردنی «ئەوی تر»، کۆمەڵگەی کوردی بە شێوەیەکی سیستماتیک لە بازنەی گشتگیریی ئەخلاقی

دوور دەخرێتەوە. کاتێک «ئەوی تر» نەک تەنیا وەک دوژمنێکی سیاسی، بەڵکوو وەک بەربەستێک لەبەردەم جێبەجێکردنی ئیرادەی خودایی پێناسە دەکرێت، توندوتیژی دژ بەو، وەک پێویست و شەرعی لێک دەدرێتەوە. لەم هەلومەرجەدا، چەمکەکانی وەک «برایەتیی گەلان» یان «برایەتیی دینی»، بە کردەیی بێمانا دەبن.

ئەزموونی مێژوویی کورد نیشانی دەدات کە بەبێ ڕەخنەیەکی بنەڕەتی لە پەیوەندیی نێوان ئایین و دەسەڵات، هەر پشتبەستنێک بەم گوتارانە تەنیا بازنەی توندوتیژی دووبارە بەرهەم دەهێنێتەوە. ئەم باسە نە بانگەشەی نەفیکردنی باوەڕی ئایینییە، بەڵکوو داوای جیاکردنەوەی ڕوونی ئیمانی تاکەکەسییە لە پڕۆژەکانی هێژموونی سیاسی. تەنیا لە چوارچێوەی یاسا، یەکسانیی پێکهاتەیی و سێکولاریزەکردنی دەسەڵاتدا دەتوانرێت ڕێگری لەم دووبارەبوونەوانەی مێژوو بکرێت؛ ئەگینا «النصر، ئەنفال، الفتح» هەر بەردەوام ناوەکانی سڕینەوەمان دەبن، کە هەر جارە و بە بەرگێکی نوێوە دژ بە کورد دەگەڕێندرێنەوە.

١٠ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

## پێویستیی گۆڕینی پێکهاتەی دەسەڵات لە ئێراندا



مێـژووی هـاوچەرخی ئێـران، زیـاتر لەوەی مێـژووی گۆڕانکـارییە بنەڕەتییەکـان بێـت، مێـژووی «گواسـتنەوەی فۆرمەکـانی دەسـەڵات» و «مـانەوەی لـۆژیکی سـەرکوتە». ئەگەرچـی لە سـەدەی ڕابـردوودا دوو شۆڕشـی گەورە و چەنـدین بـزووتنەوەی جەماوەری ڕوویان داوە، بەڵام نەخشەی بنەڕەتیی حوکمڕانی کە لەسەر دوو کۆڵەکەی «چڕکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەنـد» و «ئینکاری فرەچەشنیی نەتەوەیی» بونیاد نراوە، وەک میراتێکی پیرۆز لە ڕێژیمێکەوە بۆ ڕێژیمێکی تـر دەستاودەست کراوە. ئەم بەردەوامییە پێکهـاتەییە، نەک هەر نەبـووەتە هـۆی دروسـتکردنی دەوڵەتێکـی گشـتگیری سـەقامگیر، بەڵکـوو ئێرانـی کردووەتە کارگەی بەرهەمهێنانەوەی قەیرانە سیاسییەکان و قووڵکردنەوەی درزە کۆمەڵایەتییەکان.

### قەیرانی دەوڵەت – نەتەوە و ژینۆسایدی فەرهەنگی

ئێـران لە ڕاسـتیدا جوغرافیـایەکی فـرەنەتەوە، فرەزمـان و فرەکولتـوورە؛ ئەمە واقیعێکـی مێـژووییە کە پـێش دروسـتبوونی دەوڵەتـی مـۆدێرنیش بـوونی هەبـووە. بەڵام پـرۆژەی دەوڵەت-نەتەوەسازی لە سـەدەی بیسـتەمدا، بەتـایبەت لە سـەردەمی ڕەزاشـای پەهلەویـدا، لەسـەر بنەمـای فەلسـەفەی «یەک نەتەوە، یەک زمـان، یەک ئـاڵا» داڕێـژرا. ئەم بیـرۆکەیە لە پراکتیکدا بووە هۆی دەستپێکردنی پرۆسەیەکی توندی ئاسمیلەکردنی کولتووری و زمانی.



سەرچاوە
Serchawe

لەم چوارچێوەیەدا، نەتەوەی کورد وەک یەکێک لە ڕەسەنترین پێکهاتەکانی ئەم جوغرافیایە، قوربانیی یەکەمی ئەم سیاسەتە بووە. ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان تەنیا لە قەدەغەکردنی زمان و جلوبەرگدا کورت نەبووەوە، بەڵکوو بووە سیاسەتێکی سیستماتیک بۆ پەراوێزخستنی ئابووری و «ئەمنیەتیکردنی» هەموو چالاکی و جموجۆڵێکی مافخوازانە. ناوەندگەرایی ئیداری و سەرکوتکردنی بزووتنەوە هەرێمییەکان لە کوردستان، لوڕستان، خوزستان و بەلووچستان، برینێکی قووڵی لە بیرەوەریی بەکۆمەڵی ئەم نەتەوانەدا دروست کردووە کە بە مۆدێرنیزاسیۆنی ڕواڵەتی سارێژ نابێت.

## شۆڕشی ١٣٥٧: گۆڕینی دەموچاوەکان و پاراستنی پێکهاتە

شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا، تەقینەوەی ئەو ئومێدە بوو کە دەمێک بوو نەتەوە غەیرە فارسەکان بۆ یەکسانیی نەتەوەیی هەیانبوو. کورد و نەتەوەکانی تر بەو هیوایە هاتنە مەیدان کە ئێرانی داهاتوو لەسەر بنەمای یەکسانی و بەشداریکردنی ڕاستەقینە بونیاد بنرێت. بەڵام کۆماری ئیسلامی، نەک هەر ئەم نەخشە مێژووییەی نەگۆڕی، بەڵکوو چڕبوونەوەی دەسەڵاتی لە قاڵبێکی ئیدیۆلۆژیدا پیرۆز کرد.

داواکارییە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی و فیدرالیزم، بە چەک و فەرمانی «جیهاد» و پەلاماری سەربازی وەڵام درانەوە. ڕژێمی نوێ، بە هەمان لۆژیکی پێشوو، هەر جۆرە فرەچەشنییەکی وەک «هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی خاک» وێنا کرد. لێرەدا دەردەکەوێت کە کێشەی بنەڕەتیی ئێران تەنیا لە جۆری ڕێژیمەکەدا نییە، بەڵکوو لەو «تێڕوانینە ناوەندگەرایە»دایە کە ناتوانێت نەتەوەکانی تر وەک هاوبەشی یەکسان لە دەسەڵاتدا ببینێت.

## ئێرانی سبەی: هەڵوەشاندنەوەی چەق و بنیاتنانی پەیوەندیی ئاسۆیی

ئەمڕۆ کە جارێکی دیکە پرسی تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی بووەتە ڕۆژەڤی گشتی، پرسیارە جەوهەرییەکە ئەوەیە: ئایا هێزە سیاسییەکان دەیانەوێت تەنیا «دەموچاوەکان» بگۆڕن، یان ئیرادەی گۆڕینی بنەڕەتیی «پێکهاتەی دەسەڵاتیان» هەیە؟ ئەگەر ئامانج پاراستنی یەکپارچەیی ئێران بێت، دەبێ بزانرێت کە یەکپارچەیی بە زۆرەملێ ناپارێزرێت.

تەنیا ڕێگە بۆ مانەوەی ئێران وەک وڵاتێک، هەڵوەشاندنەوەی ئەو پێکهاتە ستوونییەیە کە تێیدا «چەق» بڕیاردەرە و ئەوانی تر «پەراوێزن». ئێرانی سبەی دەبێ لەسەر بنەمای «گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێ» **دابڕێژرێتەوە کە ئەم خاڵانە زامن بکات:**

**یەکسانی نەتەوەکان:** ئێران دەبێ وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە بناسرێت کە تێیدا هەموو نەتەوەکان (کورد، بەلووچ، عەرەب،

تورک و فارس) وەک یەک سەیر بکرێن و بە یەکسانی لە هەموو ئاستەکانی دەسەڵاتدا بەشدار بن.

**پەیوەندیی ئاسۆیی نەک ستوونی:** پێکهاتەی دەسەڵات دەبێ لە مۆدێلێکی ناوەندگەراوە بگۆڕدرێت بۆ مۆدێلێکی ئاسۆیی. ئەمە بەو مانایەیە کە هیچ نەتەوەیەک نابێ خۆی بە چەق و نەتەوەکانی تر بە پەراوێز بزانێت. چەمکی «ناوەندی پیرۆز» دەبێ هەڵوەشێتەوە و جێگەی خۆی بۆ هاوبەشیی دادپەروەرانە چۆڵ بکات.

**فیدرالیزم و دابەشکردنی دەسەڵات:** کۆتاییهێنان بە ناوەندگەرایی لە ڕێگەی سیستمێکی فیدراڵیی دێموکراتیکەوە، تاکە زامنی ڕێگریکردنە لە سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆری. دەبێ دەسەڵاتە سیاسی و ئابوورییەکان بە یەکسانی دابەش بکرێن تاوەکوو نەتەوەکان هەست بە خاوەندارێتیی ئەو جوغرافیایە بکەن.

دێموکراتیزەکردنی ڕاستەقینە: دێموکراسی بە تەنیا لە سندووقی دەنگداندا کورت نابێتەوە، بەڵکوو پێویستی بە گۆڕینی ئەو ڕوانگە ئەمنیەتییە هەیە کە ساڵانێکی درێژە مافە نەتەوەییەکانی پێ سەرکوت دەکرێت.

## ئەنجامگیری

ئەزموونی سەدەی ڕابردوو فێری کردووین کە نکوڵیکردن لە فرەیی، نە سەقامگیری دەهێنێت و نە یەکڕیزی. ئێرانی سبەی یان دەبێ ببێتەماڵێکی هاوبەش بۆ هەموو نەتەوەکان لەسەر بنەمای یەکسانیی ڕەها و پەیوەندیی ئاسۆیی، یان لەژێر باری قورسی ستەمی ناوەندگەراییدا هەرەس دەهێنێت. چارەسەری پرسی کورد و نەتەوەکانی تر، کلیلی سەرەکیی هەر گۆڕانکارییەکی دێموکراتیکە. کاتی ئەوە هاتووە کە لۆژیکی «سەرکوت بۆ مانەوە» جێگەی خۆی بۆ «دادپەروەری، یەکسانی و پێکەوەژیانی ئاسۆیی» چۆڵ بکات.

**٢٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

---

## هاوپەیمانیی پێنج حیزبی کوردستانی و گۆڕانی هاوکێشەکانی دەسەڵات لە ئێران




پێشهاتەکانی ئەم دواییە لە کایەی سیاسیی ئێراندا، بەتایبەتی پێکهێنانی هاوپەیمانی لە پێنج حیزبی کوردستانی، واوەتر لە هاوپەیمانییەکی کاتیی حیزبی، کاریگەریی ستراتیژیکی هەیە. ئەم هاوپەیمانییە نەک تەنیا لە هەرێمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا لەرزی دروست کردووە، بەڵکوو کاردانەوەی ئاشکرا و هەندێک جار توندیشی لەنێو بەناو بزووتنەوە ئۆپۆزسیۆنە ناوەندگەراکان، هێز و کەسایەتیی لایەنگر و هاوپەیمانییەکانیان لەگەڵدا بووە. کاردانەوەگەلێک کە ناوەڕۆکیان، وەک داتای سیاسی، دەربڕی گرنگی و توانای کاریگەریی ئەم هاوپەیمانییە داهێنەرانەیەن.

سەرەتا پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە هاوپەیمانیی نێوان لایەنە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە چوارچێوەیەکی مێژوویی، بە دەیان ساڵ ململانێ، سەرکوت، پارچەپارچەبوون و کێبڕکێی نێوان لایەنەکاندا شێوەی گرتووە و پێک هاتووە. لەم ڕوانگەیەوە، خودی وەدیهاتنی ئەو شێوازە لە یەکگرتن، بە هەنگاوێکی چۆنایەتی لە پێناسەکردنەوەی پەیوەندییە نێوخۆییە نەتەوەییەکانی کورد دادەنرێت. ئەم گۆڕانکارییە، ئەگەر بە ئاراستەی قووڵبوونەوە و فراوانکردن هەنگاو بنێت، دەتوانێت ببێتە هۆی زەمینێکی یەکگرتووی سیاسی، کە لە دانوستانە نێوخۆییەکان یان نێودەوڵەتییەکانی داهاتوودا، پێگەی نوێنەرایەتیی نەتەوەیی کورد جێگیر و قایم بکات.



سەرچاوە
Serchawe

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە لە ئەگەری لەباربوونی هەلومەرج و پەرەپێدانی چوارچێوەی ئەم هاوپەیمانییە، نەیارانی مافە نەتەوەییەکانی کورد، ڕووبەڕووی چ ئاستێک لە ئالەنگاری و گرژیی دەروونی دەبنەوە؟ ئەزموونی مێژوویی ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە هەر کاتێک هێزێکی سیاسیی پێشتر پەرشوبڵاو، بە یەکگرتوویی بەرهەم بهێنرێتەوە، هاوسەنگیی هێز گۆڕاوە. لە وەها دۆخێکدا، دژبەران نەک تەنیا ڕووبەڕووی بزووتنەوەیەک، بەڵکوو لەگەڵ ئیرادەیەکی بەکۆمەڵ و هاوئاهەنگ ڕووبەڕوو دەبنەوە؛ ئیرادەیەک کە توانای دانوستاندن و هاندانی ڕێکخراوەیی کۆمەڵایەتی و ڕەوایی سیاسیی زیاتری هەیە.

لە ڕوانگەی گوتاری و ئەمنییەوە، کاردانەوەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بەم هاوپەیمانییە، پێشبینیکراو بوون. پێکهاتەی دەسەڵات لە ئێران بەردەوام ترسی لە هەر لێکتێگەیشتنێکی سەربەخۆی نێوان هێزە نیشتمانییەکان هەبووە، چونکە لێکنزیکبوونەوەیەکی لەم چەشنە، دەتوانێت توانایەکی بەهێز و پێشبینیکراو بۆ بەرزکردنەوەی داواکارییە یاسایی، کولتووری و سیاسییەکان لە ئاستێکی یەکگرتوودا دابین بکات. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، کۆدەنگیی هەندێک لە بزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆنی ناوەندگەرایە، لە پێوەندی لەگەڵ ئەم نزیکبوونەوەیەدا ڕەخنەگرانە؛ بزووتنەوەگەلێک کە لە گوتاری خۆیاندا بانگەشەی دێموکراسی دەکەن، بەڵام لە کردەدا، بەرامبەر بە ڕێکخراوبوونی نەتەوەی کورد، هەڵوێستی بەرگریکارانە یان تەنانەت شەڕخوازانە دەگرنە بەر.

لەم چوارچێوەیەشدا، لێدوان و هەڵوێستەکانی ئەم دواییەی ڕەزا پەهلەوی هەڵگری شیکردنەوەن. هەرچەندە ئەو خۆی وەک داکۆکیکاری یەکگرتوویی ئێران بناسێنێت، بەڵام شێواز و چوارچێوەی دەربڕینی ئەو سەبارەت بە هەر پێکهاتەیەکی نەتەوەییی کوردی، ئاماژەی نیگەرانیی ئەون لە پێکهێنانی دەسەڵاتێکی ڕێکخراو لە دەوروبەردا. ئەم نیگەرانییەی، لەبری ئەوەی تەنیا لە خەمی "یەکپارچەیی خاک"دا بێت، کاردانەوەی ترسە لە دووبارە دابەشکردنەوەی دەسەڵات لە پێکهاتەی سیاسیی داهاتووی ئێراندایە. چونکە هەر ئاستێک لە یەکگرتوویی نەتەوەیی لە کوردستان، بە هەمان پێوانە، توانای کاریگەری دانانی لەسەر پرۆسەکانی گواستنەوەی دەسەڵات جا چ لە سیناریۆی داڕمانی کۆماری ئیسلامیدا بێت، یان لە سیناریۆی ڕێککەوتنە کاتییە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ حکوومەتی ئێستادا بەرز دەکاتەوە.

لە ڕوانگەی تیۆرییەوە، یەکڕیزیی نەتەوەیی و یەکگرتوویی، پێشمەرجی گەیشتن بە مافە جێگیرکراوەکانە لە پێکهاتەی فرەنەتەوەییدا. لە غیابی وەها یەکگرتووییەک، داواکارییەکان بە پارچە پارچەکراوی دەمێننەوە و تەنانەت لە گفتوگۆ و دانوستاندنە سیاسییەکانیشدا، گرنگییان پێ نادرێت و پشتگوێ دەخرێن. بەڵام کاتێک نەتەوەیەک بتوانێت بە دەنگێکی تا ڕادەیەک یەکگرتوو داوای مافەکانی بکات، ئەگەری جێگیرکرانی مافە مێژوویی و هاوچەرخەکانی بەرز دەبێتەوە. لێرەدا چەمکی "فرەبوون لە یەکڕیزیدا" گرنگییەکی دووهێندە لەخۆ دەگرێت؛ هیچ حیزب و بزووتنەوەیەک بە تەنیا نوێنەری تەواو

و کاملی نەتەوەیەک نییە، هەروەها هیچ کامێکیان لە لایەنی دیکە بە "نەتەوەیی"تر نایەتە هەژمار. مەرجێک بۆ سەرکەوتن لە هاوکێشە ئاڵۆزەکانی هێزدا، قبووڵکردنی تەواوکەری یەکتر بوونە لە چوارچێوەیەکی هاوبەشدا.

بەم پێیە، کاردانەوە ڕەخنەئامێزەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو -چ لە لایەن پێکهاتەی دەسەڵاتی فەرمیی ئێران، یان چ لە لایەن هەندێک گرووپی ئۆپۆزسیۆنی ناوەندگەرای دەرەوەی وڵاتەوە- لە حەقیقەتدا تیشک و بەرچاوڕوونی دەخاتە سەر پێویستیی فراوانکردنی ئەو هاوپەیمانییە. ئەگەر ئەم هاوپەیمانییە بتوانێت حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، کە بە هۆکاری جیاجیا تا ئێستا بەشداری ئەو هاوپەیمانییەتییە نەبوون، لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، ئەوا ئاستی نوێنەرایەتیی نەتەوەیی ئەو هاوپەیمانییەتییە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزتر دەبێتەوە. وەها گشتگیرییەک، نەک هەر دەسەڵاتی چانێلێدان و دانوستاندن زیاد دەکات، بەڵکوو هاوکات، پەیامێکی ڕوون بۆ ئەکتەرە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان دەنێرێت: نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبری پارچەپارچەبوون، بەدوای گواستنەوە بە ئاراستەی بە ڕێکخراوبوونی جێگیر و بەردەوامدایە.

بێگومان شێوەگرتن و بەرجەستەبوونی ئەم ئامانجە، پێویستیی بە تێپەڕین لە هەندێک ڕکابەریی مێژوویی و ئەولەوییەتدانە بە بەرژەوەندیی بەکۆمەڵ بەسەر ڕەچاوکردنە حیزبییەکاندا. ئەزموونە جیهانییەکان دەریانخستووە کە یەکیەتییەکی بەردەوام نەک بە سڕینەوەی جیاوازییەکان، بەڵکوو لە بەڕێوەبردنی داهێنەرانەوە شێوە دەگرێت. لەم ڕووەوە کولتووری لێبوردەیی، گفتوگۆی نێوخۆیی نەتەوەیی و قبووڵکردنی فرەچەشنیی فیکری، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان هەیە. گەیاندنی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ "کەنارێکی ئارام" -تەعبیرێکی مێتافۆریک بۆ سەقامگیری و ئاسایشی نێوخۆیی- لە گرەوی فراوانکردنی هاوسۆزی، هاوئاهەنگی و هاوپەیمانیدایە.

لە کۆتاییدا، هاوپەیمانیی پێنج حیزبی کوردستانی، نەک تەنیا وەک ڕووداوێکی ڕێکخراوەیی، بەڵکوو دەبێت وەک نیشانەی هێدی هێدی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە ئێراندا سەیر بکرێت. ئەگەر ئەم پرۆسەیە لەگەڵ عەقڵانییەتی سیاسی، شەفافییەتی گوتاری و بەشداری ڕێک بخرێت، لە هەر سیناریۆیەکی سیاسیی داهاتووی ئێراندا دەتوانێت چەسپاندنی مافە نەتەوەییەکانی کوردی لەگەڵدا بێت. یەکگرتوویی نەتەوەیی، لە وەها ڕوانگەیەکدا، نەک نابێتە هەڕەشەیەک بۆ سەر سەقامگیری، بەڵکوو دەبێتە مەرجێک بۆ ئاشتیی بەردەوام و بەشداریی یەکسان لە پێکهاتەی سیاسیی داهاتوودا.

٩ی ڕەشەمە ٢٧٢٥

## تێپەڕین لە ناوەندگەرایی؛ کلیلی دێموکراسیی ئێران




لە قۆناغێکی گواستنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کە زۆرێک لە گەلان هەوڵ دەدەن ڕۆڵی خۆیان لە پێکهاتەکانی حکوومەتدا پێناسە بکەنەوە، گەلی کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پشتبەستن بە مێژووی خەبات، وشیاری و ئیرادەی بەکۆمەڵی خۆی، بە دوای جێگەیەکی شایستە لە سیستەمێکی دێموکراتیک، سێکۆلار و فیدراڵی لە ئێرانی داهاتوودا دەگەڕێت.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیان ساڵە داوای بەدیهێنانی مافە سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی دەکات و بە ڕێبازێکی ئاشتیخوازانە و دێموکراسیانە بەدوای ئەو داخوازییانەدا دەگەڕێت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەمیشە پێداگریی لەسەر بەشداریی یەکسانی گەلی کوردی، لە پێکهاتەی سیاسی ئێران و گواستنەوە لە سیستەمی ناوەندگەراییەوە بۆ سیستەمی فیدراڵی دێموکراتیک داگرتووە. گۆڕانکارییە سیاسی و فکرییەکان لە کوردستان دەبێت خزمەت بە پێناسەکردنەوەی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و نەتەوەکان بکات؛ پەیوەندییەک کە لەسەر بەڕێوەبردنی سیاسی و کولتووری و ئابووری ناوچەیی بنیات نرابێت.

## ناوەندگەرایی، بەربەستێک لەبەردەم گۆڕانی دیموکراسی

یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ناڕازیبوون لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چڕبوونەوەی دەسەڵات و سەرچاوەکان لە ناوەند و پشتگوێخستنی جوغرافیا و ژینگەی نەتەوە بندەستەکانە. ئەم دۆخە خەڵکی کوردستانی لە بەشداری ڕاستەقینە لە بڕیاردانی گەورە بێبەش کردووە. تێپەڕین لە ناوەندگەرایی و بەدیهێنانی فیدرالیزمی فرە ئاست، مەرجی پێشوەختە بۆ مانەوە و بەردەوامیی مانادارە لە کوردستاندا. تەنیا بە گواستنەوەی دەسەڵات بۆ دامەزراوە هەڵبژێردراوەکانی ناوخۆ و بەهێزکردنی سەروەریی جەماوەری لەسەر ئاستی هەرێمە نەتەوەییەکانە دەتوانرێت متمانەی لەدەستچوو بنیات بنرێتەوە.

## فیدراڵیزم، زامنی پێکەوەژیانی دادپەروەرانە

فیدرالیزم لە گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، ئامرازێک نییە بۆ دابڕان، بەڵکوو چارەسەرێکە بۆ بەشداری چالاکانەی گەلی کورد لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا. ئەم مۆدێلە بە دانانی بە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران، دەتوانێ بناغەیەکی دادپەروەر و بەردەوام، بۆ پێکەوەژیانی دێموکراتیکی گەلان و ناوچە جیاوازەکان دابین بکات. سیستەمێکی فیدراڵی سێکولار و دێموکراتیک، نەک هەر زامنی ئازادیی کورد دەکات، بەڵکوو زەمینە بۆ مافی یەکسان بۆ گەلانی دیکەی وەک عەرەب، بەلوچی، تورکمان و... خۆش دەکات.

## گەشەپێدانی یەکسان و کۆتاییهاتنی بێبەشی پێکهاتەیی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووبەڕووی ئاستەنگی قووڵی ئابووریی، وەک بێکاریی بەربڵاو، کۆچی نەخوازراو و ژێرخانی گەشەنەکردوو دەبێتەوە. ئەم دۆخە دەرئەنجامی نەبوونی دادپەروەری ئابوورییە، لە دابەشکردنی سەرچاوە نیشتمانییەکان. بنیاتنانەوەی هەرێمە نەتەوەییەکان دەبێت بە پشتبەستن لەسەر بنەمای پلاندانانی ناوچەیی و پشت بە سەرچاوە مرۆیی، سروشتی و کولتوورییە نێوخۆییەکان بن. پێویستە گەلی کورد دەسەڵاتی پلاندانان و سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی گەشەپێدانی ناوچەکەی خۆی هەبێت؛ نەک تەنها وەرگری ئەو پلانانەی سەپێنراون لە ناوەندەوە.

## زمان و کولتوور و پەروەردە لە چوارچێوەی مافە یەکسانەکاندا

یەکێک لە گرنگترین دەرکەوتەکانی هەڵاواردنی پێکهاتەیی، قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی دایک و سنووردارکردنەکانی کولتوورییە. فیدرالیزمی دێموکراتیک، زەمینە خۆش دەکات بۆ بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی لە دامەزراوە پەروەردەیی،

میدیاکان و ئیدارە نێوخۆییەکان. مافی خوێندن بە زمانی دایک، بەرهەمهێنانی ئازادانەی بەرهەمی فەرهەنگی و پشتیوانی لە دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردی، بەشێکی دانەبڕاون لە پرۆژەی دیموکراتیزەکردن. بەبێ ئازادی کولتووری، دیموکراسی هیچ مانایەکی ڕاستەقینەی نابێت.

### هێزی بزوێنەر: کۆمەڵگەی مەدەنی و نەوەی نوێ

ئەو هەنگاوەی دەتوانێت گۆڕانکارییە بنەڕەتی و پێویستەکان لە ئاستی بەڵێنەوە بەرەو کرداری ڕاستەقینە ببات، ڕۆڵی کارای کۆمەڵگەی مەدەنی، ژنان، گەنجان و ڕۆشنبیرانە لە کوردستاندا. ئەم هێزانە سەرمایەی ڕاستەقینەی گۆڕانکارین، کە بە وشیاری، سەقامگیری و ئومێد بۆ گۆڕان، ڕێگە خۆشدەکەن بۆ پێکهێنانی سیستمێکی نوێ. چاکسازییەکان تەنیا کاتێک سەرکەوتوو دەبن کە لە ناو کۆمەڵگەوە سەرهەڵبدەن، نەک لە سەرەوە بەبێ بەشداری گشتی بسەپێنرێن.

### شیکاری و دوا قسە:

دووبارە ئاواکردنەوەی، پێکهاتەی دەسەڵات بۆ ئێرانی نوێ و بووژانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بە ئاراستەی گواستنەوە بۆ سیستەمێکی فیدراڵی، دێموکرات و سێکولار دابڕێژرێت؛ سیستەمێک کە گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران، مافی بەڕێوەبردنی سیاسی، فەرهەنگی و ئابووری، لە ناوچەکانی خۆیاندا هەبێت. ئەم گۆڕانکارییانە نەک تەنها دادپەروەری مێژوویی دەگەڕێنێتەوە، بەڵکو ئێران دەگۆڕێت بۆ وڵاتێکی مۆدێرن، سەقامگیر و فرەنەتەوەیی، ڕێگای ڕزگاری ئێران لە ڕێگەی ئەم گۆڕانکارییەوەیە. گۆڕانکارییەک، کە بە هاوبەشی و یەکسانیی نێوان گەلان و کۆتایی هاتنی هەژموونی ناوەندگەراییدا مومکین دەبێت.

١٣ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## پێویستیی فیدرالیزمی دێموکراتیک و دادپەروەری لە ئێرانی فرەنەتەوەدا



لە قۆناغێکی گواستنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کە زۆرێک لە گەلان هەوڵ دەدەن ڕۆڵی خۆیان لە پێکهاتەکانی حکوومەتدا پێناسە بکەنەوە، گەلی کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پشتبەستن بە مێژووی خەبات، وشیاری و ئیرادەی بەکۆمەڵی خۆی، بە دوای جێگەیەکی شایستە لە سیستەمێکی دێموکراتیک، سێکۆلار و فیدراڵی لە ئێرانی داهاتوودا دەگەڕێت.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیان ساڵە داوای بەدیهێنانی مافە سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی دەکات و بە ڕێبازێکی ئاشتیخوازانە و دێموکراسیانە بەدوای ئەو داخوازییانەدا دەگەڕێت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەمیشە پێداگریی لەسەر بەشداریی یەکسانی گەلی کوردی، لە پێکهاتەی سیاسی ئێران و گواستنەوە لە سیستەمی ناوەندگەراییەوە بۆ سیستەمی فیدراڵی دێموکراتیک داگرتووە. گۆڕانکارییە سیاسی و فکرییەکان لە کوردستان دەبێت خزمەت بە پێناسەکردنەوەی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و نەتەوەکان بکات؛ پەیوەندییەک کە لەسەر بەڕێوەبردنی سیاسی و کولتووری و ئابووری ناوچەیی بنیات نرابێت.

### ناوەندگەرایی، بەربەستێک لەبەردەم گۆڕانی دیموکراسی

یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی نارازیبوون لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چڕبوونەوەی دەسەڵات و سەرچاوەکان لە ناوەند و

پشتگوێخستنی جوغرافیا و ژینگەی نەتەوە بندەستەکانە. ئەم دۆخە خەڵکی کوردستانی لە بەشداری ڕاستەقینە لە بڕیاردانی گەورە بێبەش کردووە. تێپەڕین لە ناوەندگەرایی و بەدیهێنانی فیدرالیزمی فرە ئاست، مەرجی پێشوەختە بۆ مانەوە و بەردەوامیی مانادارە لە کوردستاندا. تەنیا بە گواستنەوەی دەسەڵات بۆ دامەزراوە هەڵبژێردراوەکانی ناوخۆ و بەهێزکردنی سەروەریی جەماوەری لەسەر ئاستی هەرێمە نەتەوەییەکانە دەتوانرێت متمانەی لەدەستچوو بنیات بنرێتەوە.

## فیدراڵیزم، زامنی پێکەوەژیانی دادپەروەرانە

فیدرالیزم لە گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، ئامرازێک نییە بۆ دابڕان، بەڵکوو چارەسەرێکە بۆ بەشداری چالاکانەی گەلی کورد لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا. ئەم مۆدێلە بە دانان بە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران، دەتوانێ بناغەیەکی دادپەروەر و بەردەوام، بۆ پێکەوەژیانی دێموکراتیکی گەلان و ناوچە جیاوازەکان دابین بکات. سیستەمێکی فیدراڵی سێکولار و دێموکراتیک، نەک هەر زامنی ئازادیی کورد دەکات، بەڵکوو زەمینە بۆ مافی یەکسان بۆ گەلانی دیکەی وەک عەرەب، بەلوچی، تورکمان و... خۆش دەکات.

## گەشەپێدانی یەکسان و کۆتاییهاتنی بێبەشی پێکهاتەیی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووبەڕووی ئاستەنگی قووڵی ئابووریی، وەک بێکاریی بەربڵاو، کۆچی نەخوازراو و ژێرخانی گەشەنەکردوو دەبێتەوە. ئەم دۆخە دەرئەنجامی نەبوونی دادپەروەری ئابوورییە، لە دابەشکردنی سەرچاوە نیشتمانییەکان. بنیاتنانەوەی هەرێمە نەتەوەییەکان دەبێت بە پشتبەستن لەسەر بنەمای پلاندانانی ناوچەیی و پشت بە سەرچاوە مرۆیی، سروشتی و کولتوورییە نێوخۆییەکان بن. پێویستە گەلی کورد دەسەڵاتی پلاندانان و سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی گەشەپێدانی ناوچەکەی خۆی هەبێت؛ نەک تەنها وەرگری ئەو پلانانەی سەپێنراون لە ناوەندەوە.

## زمان و کولتوور و پەروەردە لە چوارچێوەی مافە یەکسانەکاندا

یەکێک لە گرنگترین دەرکەوتەکانی هەڵاواردنی پێکهاتەیی، قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی دایک و سنووردارکردنەکانی کولتوورییە. فیدرالیزمی دێموکراتیک، زەمینە خۆش دەکات بۆ بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی لە دامەزراوە پەروەردەیی، میدیاکان و ئیدارە نێوخۆییەکان. مافی خوێندن بە زمانی دایک، بەرهەمهێنانی ئازادانەی بەرهەمی فەرهەنگی و پشتیوانی لە دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردی، بەشێکی دانەبڕاون لە پرۆژەی دیموکراتیزەکردن. بەبێ ئازادی کولتووری، دیموکراسی هیچ مانایەکی ڕاستەقینەی نابێت.



سەرچاوە
Serchawe

## هێزی بزوێنەر: کۆمەڵگەی مەدەنی و نەوەی نوێ

ئەو هەنگاوەی دەتوانێت گۆڕانکارییە بنەڕەتی و پێویستەکان لە ئاستی بەڵێنەوە بەرەو کرداری ڕاستەقینە ببات، ڕۆڵی کارای کۆمەڵگەی مەدەنی، ژنان، گەنجان و ڕۆشنبیرانە لە کوردستاندا. ئەم هێزانە سەرمایەی ڕاستەقینەی گۆڕانکارین، کە بە وشیاری، سەقامگیری و ئومێد بۆ گۆڕان، ڕێگە خۆشدەکەن بۆ پێکهێنانی سیستمێکی نوێ. چاکسازییەکان تەنیا کاتێک سەرکەوتوو دەبن کە لە ناو کۆمەڵگەوە سەرهەڵبدەن، نەک لە سەرەوە بەبێ بەشداری گشتی بسەپێنرێن.

## شیکاری و دوا قسە:

دووبارە ئاواکردنەوەی، پێکهاتەی دەسەڵات بۆ ئێرانی نوێ و بووژانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بە ئاراستەی گواستنەوە بۆ سیستەمێکی فیدراڵی، دیموکرات و سێکولار دابڕێژرێت؛ سیستەمێک کە گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران، مافی بەڕێوەبردنی سیاسی، فەرهەنگی و ئابووری، لە ناوچەکانی خۆیاندا هەبێت. ئەم گۆڕانکارییانە نەک تەنها دادپەروەری مێژوویی دەگەڕێنێتەوە، بەڵکو ئێران دەگۆڕێت بۆ وڵاتێکی مۆدێرن، سەقامگیر و فرەنەتەوەیی، ڕێگای ڕزگاری ئێران لە ڕێگەی ئەم گۆڕانکارییەوەیە. گۆڕانکارییەک، کە بە هاوبەشی و یەکسانیی نێوان گەلان و کۆتایی هاتنی هەژموونی ناوەندگەراییدا مومکین دەبێت.

١٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

## لە فرمێسکی نەتەوە بۆ ئاواتی ئازادی (ڕەنگدانەوەیەک لە ڕەنجی مێژوویی، هۆشیاری کۆمەڵایەتی و گەڕان بەدوای ئازادی)



لە پێداچوونەوە بە مێژووی نەتەوەکاندا دەتوانین درک بکەین کە ئاواتی ئازادی، یەکێک لە خواستە هەرە بنەڕەتییەکانی مرۆڤایەتییە. ئازادی نەک تەنیا چەمکێکی سیاسییە، بەڵکوو بەهایەکی قووڵی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییە، کە بەستراوەتەوە بە کەرامەتی مرۆڤ، دادپەروەری و مافی چارەی خۆنووسینەوە. لە زۆرێک لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان، کە بەدرێژایی چەندین سەدە ڕووبەڕووی جۆرەها شێوەی دەسەڵات، ستەمکاری و نادادپەروەری بوونەتەوە، ئەم ئاواتە بووە بە یەکێک لە هێزە بزوێنەرە گرنگەکانی پێکهێنانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. لەم ڕوانگەیەوە، دەکرێ ڕۆژهەڵاتی تینووی ئازادی وەک ڕەمزێک بۆ خەباتی مێژوویی نەتەوەکان بۆ گەیشتن بە دادپەروەری و ڕزگاری سەیر بکرێت.

ئەزموونی مێژوویی دەریدەخات کە ڕێگای ئازادی، بەگشتی، پرۆسەیەکی درێژ و ئاڵۆزە و تێچووی زۆری هەبووە. لەم ڕێبازەدا، لە زۆر حاڵەتدا، تێکەڵ بە ڕەنجی قووڵی کۆمەڵایەتی، سەرکوتی سیاسی و قوربانیدانی مرۆیی بووە. بیرەوەری قوربانیان، زیندانیانی سیاسی و تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی، بەشێکی دانەبڕاو لە یادەوەریی بەکۆمەڵی ئەو نەتەوانەدایە کە بۆ دەستەبەرکردنی ڕزگاری تێکۆشاون. ئەم یادەوەرییە مێژووییە، جگە لە تۆمارکردنی ئازارەکان، ڕۆڵێکی بنەڕەتیش لە دروستبوونی شوناسی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی ئیرادەی بەکۆمەڵ بۆ درێژەدان بە خەبات دەگێڕێ.

لەم پەیوەندییەدا، دەتوانرێ ئازار و خەم و پەژارەی بەکۆمەڵ بە یەکێک لە توخمە گرنگەکانی پێکهاتنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی هەژمار بکرێ. کۆمەڵناسان و توێژەرانی زانستە مرۆییەکان چەندین جار ئاماژەیان بەو خاڵە کردووە کە ئەزموونی هاوبەشی ئازارەکان دەتوانێت ببێتە هۆکار بۆ دروستبوونی شێوازێک لە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی. کاتێک تاکەکانی کۆمەڵگایەک درک بەوە دەکەن کە ئازار و بێبەشبوونیان، نەک ئەزموونێکی تاکەکەسی، بەڵکوو چارەنووسێکی هاوبەشە، زەمینەش بۆ دروستبوونی هۆشیاری بەکۆمەڵ ئامادە دەبێت. ئەم هۆشیارییەش دەتوانێت وردە وردە ببێتە هێزێکی کۆمەڵایەتی کە بەرەنگاری پێکهاتە ناڕەوا و نادادپەروەرەکان دەبێتەوە.

لەو چوارچێوەیەدا، هێماسازی ئەدەبییش دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر لە ڕەنگدانەوە و شرۆڤەکردنی ئەم ئەزموونە بەکۆمەڵە بگێڕێ. بۆ نموونە، وێناکردنی ئەو فرمێسکانەی کە دڵۆپ دڵۆپ دەڕژێن و پاشان لەگەڵ چەم و ڕووبارەکان یەکدەگرنەوە، دەتوانێت مێتافۆرێک بۆ گرێدانی ئازاری تاک بە ئەزموونی بەکۆمەڵی نەتەوەیەک بێت. وێناکردنێکی لەم شێوەیە نیشان دەدات کە چۆن هەستی پەرش و بڵاوی تاکەکەسی، لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا، دەبێتە هێزێکی گشتگیر و فراوانتر.

ئەدەب و هونەر لەو نێوەندەدا ڕۆڵی نێوەندگیری گرنگ لە نێوان ئەزموونی تاکەکەسی و یادەوەری بەکۆمەڵدا دەگێڕن. بەرهەمە ئەدەبییەکان، بە تایبەت شیعر، لە توانایاندایە ئەزموونە هەستەکی و مێژووییەکانی کۆمەڵگایەک بە زمانی هێما و وێنە دەرببڕن و لە یادەوەری کولتووری نەتەوەیەکدا جێگیر بکەن. لەو ڕوانگەیەوە، ئەدەبیات نەک تەنیا ڕەنگدانەوەی ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکانە، بەڵکوو دەتوانێت لە داڕشتن و بەهێزکردنی گوتارەکانی ئازادیخوازی کاریگەری هەبێ.

لە ڕوانگەی تیۆرییەوە، زۆرێک لە زانایانی کۆمەڵناسی لەو بڕوایەدان کە شێوەگرتنی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان، بەگشتی،

**لە ئەنجامی تێکەڵەی سێ فاکتەری بنەڕەتی ڕوودەدات:**

**یەکەم:** ئەزموونی بەربڵاوی نادادپەروەری.
**دووەم:** شێوەگرتنی هۆشیاری بەکۆمەڵ بەرامبەر بەو نادادپەروەرییە.
**سێیەم:** سەرهەڵدانی ئیرادەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕانکاری.

کاتێک ئەم سێ فاکتەرە لە کۆمەڵگایەکدا پێکەوە یەکدەگرنەوە، زەمینە بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەڕخسێت. لە وەها هەلومەرجێکدا، خواستی ئازادی لە ئاستی داواکاری تاک تێدەپەڕێت و دەگۆڕدرێ بۆ ئامانجێکی

بەکۆمەڵ.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئازادی تەنیا بە مانای کۆتایی هاتنی سیستەمێکی ستەمکار نییە. لە تێگەیشتنێکی فراوانتر، ئازادی ئاماژەیە بۆ پێکهێنانی پێکهاتەیەک کە لەودا مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ گەرەنتی بکرێن، هاووڵاتیان بتوانن لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیاندا بەشداربن. بە واتایەکی تر، ئازادی تەنیا خاڵی کۆتایی خەبات نییە؛ بەڵکوو سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەکدایە، قۆناغێک کە لەودا گەشەسەندنی کولتووری، فیکری و مرۆیی دابین دەبێ.

لەم ڕێبازەدا، یادەوەری ئەو کەسانەی لە پێناو ئازادیدا قوربانییان داوە، ڕۆڵێکی گرنگ لە پاراستنی بەردەوامی مێژوویی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگێڕێ. ئەم وەبیرهێنانەوانە نەک هەر ڕێزگرتن لە ڕابردوون، بەڵکوو دەتوانن ببنە سەرچاوەی ئیلهام بۆ نەوەکانی داهاتوو. کۆمەڵگایەک کە بتوانێ یادەوەری مێژوویی خۆی بپارێزێ، لە ڕاستیدا سەرمایەیەکی ئەخلاقی و کولتووری بۆ درێژەدان بە ڕێگای ئازادی بەردەست دەبێت.

سەرئەنجام، دەتوانرێت ئامانجی ئازادی بە یەکێک لە بەها بنەڕەتییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی هەژمار بکرێ. هەرچەندە بارودۆخی مێژوویی و کولتووری کۆمەڵگا جیاوازەکان لە یەک جیاوازن، بەڵام خواستی کەرامەتی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە نێو هەموو نەتەوەکاندا وەک یەک هاوبەشە. بۆیە پێویستە خەبات بۆ ئازادی بە بەشێک لە پرۆسەیەکی بەرفراوانتری مرۆڤایەتی هەژمار بکرێت کە بە درێژایی مێژوو لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا ڕوویان داوە.

ڕۆژهەڵاتی تینووی ئازادیش بەشێک لە ئەم گێڕانەوە مێژووییەیە؛ گێڕانەوەیەک کە لەودا ئازار، هۆشیاری و هیوا پێکەوە دەبەسترێنەوە. لەم گێڕانەوەیەدا، فرمێسکەکان دەتوانن ببنە هێمای بەئاگابوونەوە و ئازارە پەرشوبڵاوەکان دەتوانن ببنە هێزێک بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی. دەرئەنجام، ئەوەی مانا بەم ڕێگایە دەبەخشێت بریتییە لە باوەڕبوون بەو ڕاستییەی کە ئازادی، هەرچەندە سەخت و درەنگ بێت، دواجار دەتوانێت ئاسۆیەکی نوێ بۆ نەتەوەکان بکاتەوە.

٢٥ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## توندوتیژیی سیستەماتیک و سیاسەتە کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە ئەمنییەکانی کورد



لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و کۆمەڵگەی کورد، لە ساڵانی یەکەمی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ تا ئێستا، نیشاندەری نەخشەیەکی تاڕادەیەک جێگیر لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمنی، بێمتمانەیی سیاسی و کەڵک وەرگرتن لە ئامرازی توندڕەوانەیە. ئەم شێوازە، کە لە ئاستە جیاجیاکانی ناوخۆ و تەنانەت دەرەوەی سنوورەکان دەبینرێت، ڕەگ و ڕیشەی لە پێکهێنانی سەرەتایی سیستەمی سیاسی و چۆنیەتیی پێناسەکردنی "پرسی کورد" وەک بەرهەڵستکارێکی ئەمنی هەیە. لەو چوارچێوەیەدا، بۆ باشتر تێگەیشتن لەم پرۆسەیە، شیکاریی مێژوویی و سیاسیی هەندێک ڕووداوی سەرەکی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت.

یەک لە خاڵە وەرچەرخێنەرەکانی ئەم ڕێگایە، فەرمانی بەناو "جیهاد" بوو کە لە ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینی دژ بە کورد و بزووتنەوە کوردییەکان دەرچوو. ئەم فەرمانە، کە لە کەشێکی ئایدیۆلۆژی و بە ئاماژەیەکی ئایینی - لەوانەش بە پشتبەستن بە سوورەتی "النصر"- درابوو، وەک یەکەم چوارچێوەی فەرمی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توند لەگەڵ داواکارییە سیاسییەکانی کورد دێتە ئەژمار. لە کردەوەدا، ئەم پرسە بووە هۆی بەهێزبوونی بەستێنی ئەمنیی بۆ پارێزگاکانی کوردستان. هەروەها ڕێگای خۆش کرد بۆ ململانێی بەربڵاو، سەرکوتی سەربازی و بەرتەسککردنەوەی کەشوهەوای مەدەنی و سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.



سەرچاوە
Serchawe

لە دەیەکانی دواتردا، ئەم نەخشەیە تەنیا بە جوگرافیای ناوخۆی ئێرانەوە سنووردار نەبوو، بەڵکوو ڕەهەندی سنووربەزاندنیشی تێپەڕاند. یەکێک لە نموونە دیارەکان، تیرۆرکردنی چالاکانی کورد لە کاتی دانوستانەکانی ڤیەننا لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٩٨٩ کە بوو بە هۆی شەهیدکردنی کەسایەتییەکانی وەک دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو - سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - و هاوڕێیانی. ئەم کارەساتە کە لە چوارچێوەی گفتوگۆ سیاسییەکاندا ڕوویدا، لەلایەن زۆرێک لە شیکەرەوان وەک نموونەیەک لە بەکارهێنانی توندوتیژیی لە ژێر پەردەی دیپلۆماسیدا لێکدراوەتەوە.

چەند ساڵ دواتر، بە ڕووداوی تیرۆری میکۆنۆس لە ساڵی ١٩٩٢ لە بەرلین، جارێکی دیکە سەرنجی بیروڕای گشتی و دامەزراوە دادوەرییەکانی ئورووپا بۆ سەر ئەم شێوە کردەوە تیرۆریستییانە ڕاکێشرا. لەم تیرۆرە ناجوانمێرانەدا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، شەهید دکتۆر سادق شەرەفکەندی، لەگەڵ چەندین سەرکردە و تێکۆشەری کورد شەهید کران. دەرەنجامە یاساییەکانی ئەم ڕووداوە، بەتایبەتی لە دەزگای قەزایی و دادوەریی ئەڵمانیا، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی لێکەوتەوە؛ بەجۆرێک کە هەوڵ و ئەنجامی ئۆپەراسیۆنە دەرەکییەکانی ڕژێم، سەروەری و بواری ئەمنیی وڵاتانی ئورووپایی خستە ژێر پرسیارێکی بێ وڵام!

جگە لەوانەش، چەندین ڕاپۆرت لەسەر سەدان کردەوەی تیرۆریستی یان هەوڵە تیرۆریستییەکان لە دژی چالاکوانانی کورد لە وڵاتانی ئورووپا، هەرێمی کوردستان و باقی وڵاتانی ناوچەکە بڵاوکراونەتەوە. ئەم حاڵەتانە، چ ڕاستەوخۆ لەلایەن مۆرەکانی خودی ڕژێم و چ لە ڕێگەی هێزە «نیابەتییەکان» وەک بەشێک لە کردەوە و هەوڵە ستراتیژییەکان بۆ ملکەچکردن و کۆنترۆڵی ئۆپۆزسیۆنی کورد لێکدراونەتەوە. ئەم دیاردەیە، جگە لە پێشێلکارییە سیاسی و یاسا نێودەوڵەتییەکان، لە بواری مافەکانی مرۆڤ و تێکدانی ئاسایش و ئارامی، بووەتە باس و بابەتی گرنگ لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و وڵاتانی پەیوەندیدار بەو کێشە و گرفتانەوە.

لە ساڵانی دواییدا، سەبارەت بە ڕەهەندی سەربازیی ئەم سیاسەتانە لە شێوازی هێرشە مووشەکییە بالیستییەکان و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بۆ سەر ناوچە سنوورییەکان، بەتایبەتی بۆ سەر کەمپی پەنابەران و چالاکانی کوردی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان، تێبینی لەسەر کراوە. ئەم هێرشانە کە زۆرجار قوربانیی مەدەنی و زیانی مرۆیی لێکەوتووەتەوە، لەلایەن ئێرانەوە وەک دابینکردنی بەشێک لە "ئەمنییەت و ئاسایشی نەتەوەیی" پاساوی بۆ هێنراوەتەوە! کەچی ئەو هێرشانە، پێشێلکاریی ئاشکرای سەروەریی ئەو وڵاتانە و سەرەڕۆیی ئەو ڕژێمە دەسەلمێنێت!

جگە لەوەش، هەندێک لە شیکارییەکان ئاماژە بە ڕۆڵی هێزی هاوپەیمان و نیابەتییەکانی ئێران لە ناوخۆی عێراق دەکەن



سەرچاوە
Serchawe

کە دەستیان لە هێرشکردنە سەر ژێرخانی ئابووری و شوێنی نیشتەجێی خەڵکی سڤیل و مەدەنی لە هەرێمی کوردستاندا هەبووە و هەیە! ئەم دۆخە بووەتە هۆی گرژی و ئاڵۆزیی زیاتری بواری ئەمنیی و تەنانەت ناسەقامگیریی پەیوەندییە سیاسییەکان و هەروەها نەریتی هاوسێیەتیی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی ناوچەکە.

لە ناوخۆی عێراقیش، پرسی ناوچە جێناکۆکەکان، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقیدا پێناسە کراون، گرنگییەکی تایبەتییان هەیە. هەندێک ڕاپۆرت و بۆچوونەکان ئاماژە بە هەوڵدان بۆ گۆڕینی پێکهاتەی دیمۆگرافیی ئەو ناوچانە، کە بە "تەعریب" ناسراوە، بە زیانی کورد دەکەن. هەرچەندە ئەم پرسە ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی هەیە، بەڵام لە چوارچێوەی کێبڕکێی ئێستادا هەروا وەک بابەتی جێی مشتومڕ ماوەتەوە.

لە کۆتاییدا، دەکرێت بگوترێت کە پەیوەندیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ پرسی کورد، زیاتر لە چوار دەیە، بە شێوەیەکی سەرەکی وەک ڕەوتێکی ئەمنییەتتەوەر پێناسە کراوە. ئەم بۆچوونە، لە سەرکوتی ناوخۆییەوە تا ئۆپەراسیۆنە دەرەکییەکان، و هەروەها هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەکتەرە هەرێمییەکان دەگرێتەخۆ. لەگەڵ ئەوەشدا، بەردەوامبوونی ئەم دۆخە نەک تەنیا بۆ چارەسەری بنەڕەتیی کێشەکە یارمەتیدەر نەبوو، بەڵکوو لە زۆر حاڵەتدا هۆکاری دروستبوونەوەی گرژی و بێمتمانەییش بووە. لەو ڕوانگەیەوە، هەندێک لە شارەزایان جەخت لەسەر پێویستیی گواستنەوە لە ڕەوتە ئەمنییەتتەوەرەکان بۆ چارەسەری سیاسی و وتووێژتەوەر دەکەن کە لەسەر بنەمای دانپێدانان بە مافە نەتەوەییەکانی کورد (بە جەختکردنەوە لەسەر جوگرافیا، مێژوو و شوناسی نەتەوەیی) وەک ڕێگەیەک بۆ سەقامگیری، پێکەوەژیان و گەشەسەندنی بەردەوام لە کوردستان و تەواوی ناوچەکە دەبێت دروست بکرێت.

١٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦

---

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان و ماڵپەڕی کوردستان میدیا**

---

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی = جوونی ٢٠٢٦ی زایینی**



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ ڕەحیم نزهتزادە بۆ وتارو نووسراوەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

